# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٧٥، ساڵی حەوتەم، گوڵان ٢٧١٢ی کوردی، ئەپریل ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.hanar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هنار

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆتیف:

ناهیدە سدیق

تیراژ

٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی لە... | ئەحمەدی مەلا | ٧ |
| لەتەک ئیمانویل کانتدا؛ خەونبینین بە... | ئومێد حەمە عەلی | ٣٢ |
| قامچی، لەژێر قامچی خوێندنەوەدا... | سەنگەر زراری | ٥١ |
| لەنێوان دەقی کراوە و چیرۆکی کراوەدا... | ئارام سدیق | ٦٣ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| ئەستێلکە روونەکانی تەنیایی... | بەرزان هەستیار | ٧٧ |
| کاتژمێری بێدەنگی... | ناڵە حەسەن | ٨١ |
| شاعیرانە... | ئیدریس عەلی | ٨٥ |
| ئەی دۆست بووینە تۆزی سەرپووچی... | هیمداد شاهین | ٨٨ |
| تا تاریکی خەو دەیباتەوە... وەسێتێک... | بێستون حەسەن | ٩٢ |
| دەستەکان... | دیار لەتیف | ٩٨ |
| نووسینەوەی درۆ... | ئارام کاکەی فەلاح | ١٠١ |
| چوار تیرۆژە چیرۆک... | ئەحمەد حەقناس | ١٠٧ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ لەیلا سیمایی | سازدانی: گۆڤاری هەنار | ١٠٩ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| مەرگی ئیبراهیم یونسی | حەمە قادر | ١١٩ |
| ئەدۆنیس: پێموایە بە ژیانم درۆم نەکردووە | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا | ١٢٧ |
| دیالکتیکی تەنیایی | محەمەد ئەحمەدی | ١٣٨ |
| لەبارەی کتێبەوە | بڕیار عوسمان | ١٥٦ |
| تێرکردنی برسییەکان | جەواد حەیدەری | ١٥٢ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| پیانۆ هێلانەی پڕ ئەفسوونی جریوە... | سازدانی: سیروان رەحیم | ١٦٣ |
| سەرەتای رێبازە نوێخوازەکان لە هونەردا... | و. تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٧٢ |
| مۆلێر و تەنزی رەش... | و. ئازاد بەهین | ١٨٢ |
| فرێد شێپیزی: خۆم بە فیلمسازێکی جیهانی... | و. سۆران خدری پوور | ١٨٦ |
| پۆل گووگێن دەربارەی جیهانە... | و. سەعیدە سائێب | ١٩٠ |

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە

ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی لە شیعری شێرکۆ... **ئەحمەدی مەلا**

لەتەک ئیمانویل کانتدا؛ خەونبینین بە ئاشتییەوە! **ئومێد حەمە عەلی**

قامچی، لەژێر قامچی خوێندنەوەدا **سەنگەر زراری**

لەنێوان دەقی کراوە و چیرۆکی کراوەدا **ئارام سدیق**

# ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی
# لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا



ئەحمەدی مەلا

(١-٢)

**دەسپێک**

پەیوەندی نێوان ئینسان و گیانلەبەرانی دیکە، خودی مێژووی ئینسان لێکدەداتەوە. بەواتایەکی دی، هەر باسکردنێکی ئاژەڵان و پەلەوەران، باسکردنی ئینسانە لە خود و ماهییەتی خۆی. ئەم پەیوەندییەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکان؛ دەسنیشانکردن و گەڕانەوە بۆ ئەو ساتەوەختانەش هەروا ئاسان نییە. ئەوەی ئێمە لەم بابەتە خەریکی دەبین، هەوڵدانێکە بۆدەسنیشانکردنی بەشێکی ئەو پەیوەندییانە کە شێرکۆ بێکەس لەسەری ئیشی کردووەوە. هەوڵدانیکیشە بۆ دۆزینەوەی ئەو سیستەمەی کە شاعیر لەئافراندنی بەرهەمی ئەدەبیدا دەرهاوێشتەی کردووە. هەڵبەتە، ئەم دەرهاویشەیەش، هەندەی ئاگایی و هۆشیاریی لەپشتەوەیە، هەندەش رۆ دەچێتەژێر خانەدەروونییەکان و ناهۆشیاریش رۆڵی گەورەی لەبەرجەستەکردنیدا بینیووە. چونکە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی زادەی جیهانبینییەکە و هەموو جیهانبینییەکیش خاوەن پێکهاتەکانی خۆیەتی. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیش، هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی،

بەتایبەتی دەقی شیعریی لە دوو دیوەدا خۆی ڕێکخدەخات. وێنەی شیعریی ئاماژە بۆ جیهانێکی پەنهان دەکات و تا دیوە شاراوەکەی دی واقیعمان بۆ بخوێنێتەوە.

دیوی یەکەم عەقڵ و هۆشیاریی و باگراوندی کلتووری و ژینگە و زیهنییەتی باو ڕۆڵی تیا دەبینێت، دیوەکەی دووەمیش دەکەوێتەبەر شەپۆلی سەرجەم ئەو تەوژمانەی کەزاکیرەی ئینسان دەیەوێت لەنێو دەقی شیعریی دا بیبووژێنێتەوە. سەرجەم ئەم ڕەگەزانەن کەدەبنە پێکهاتەی ئەو جیهانبینییەی کە لەدوا پێناسەدا، ئاراستەی جیهانی دەرەوە دەکرێن و وەکو ماددەیەکی مێژوویی دەکرێن بخوێنرێنەوە، چونکە هەموو دەقێک خاوەن مێژووی خۆیەتی و لەنێو مێژوویەکی دیارکراودا بەرجەستە دەبێت.

ئەو ماددەیەی کە لەژێر دەستی ئێمەدایە، دەقی شیعریی شێرکۆ بێکەس-ن، واتە ماددەیەکی تێروتەسەلی ئەزموونی نیو سەدە؛ لەڕێگەی ئەم ماددەیەوە دەتوانین، دەسنیشانی ئەم پەیوەندییانە بکەین و بزانین لەچ سەرچاوەیەکەوە سەریانهەڵداوەو چین ئەو فاکتەرانەی کە بوونەتە لایتمۆتیڤی ئەو دەقانە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لەخوێندنەوەوە بەرەو پێناسەی دەچین، نەک بەپێچەوانەوە. واتە لەسەرجەم ئەو پەیوەندییانە دەگەڕێین کە شاعیر لەگەڵ دونیای ئاژەڵ دا دروستی کردوون، ڕوونی دەکەینەوەو پاشان ئەگەر بەپێویستمان زانی چەند بۆ چوونێک لەمەر وەزیفەکانی شیعریش دەستنیشان بکەین.

## کورتەباسێکی مێژوویی

"شۆڕشی ئـاژەڵ" ناونیشانی بەشی حەوتەمی کتێبی "زەردەشـت و لەدایکبوونەوەی جیهان"ە[1]؛ کتێبی ناوبراو ئاماژە بۆ ئەو ساتە وەختە مێژووییانە دەکات کە گۆڕانکاریی بەسەر جیهانبینی ئینسان دا، لەمەڕ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاژەڵ دا هاتووە. پێش سەرهەڵدانی سێ ئاینە تەوحیدییەکە، ئەرستۆ دەڵێت:" ئاژەڵ لەپێناو ئینسان دا دروست بووە. ئەگەر سروشت شتی ناتەواو و بێسوودی دروست کردبێت، ئـــەوە تەنهـا لەپێناو ئینساندا دروستی کـردوون".[2] مەسیحییەت لەسەر ئەم هێڵی بیرکردنەوەدا دەڕوات. دێکارت جەغت لەسەر ئەوەدەکات کەئاژەڵ نەک تەنها عەقڵی لەئینسان کەمترە، بەڵکو هەر نییەتی. کەواتە ئاژەڵ بێ هەست و بێ شعوورە و بەڵکو هەست بەئازاریش ناکات.

پێش ئەوەی باس لەو شۆڕشە مەزنە بکەین کەزەردەشت لەم رووەوە کردی، با سەرنجی ئاینی جوولەکە بدەین کەوەکو دایکی ئاینە تەوحیدییەکان دەژمێردرێت و بزانین چ خوێندنەوەیەکی بۆ دونیای ئاژەڵان هەیە؟

تەورات بەشێوەیەکی رەها ئاژەڵی پاک لەئاژەڵی گڵاو جیاکردۆتەوە؛ لەتەورات ئەمەی لای خوارەوە دەخوێنینەوە: " خودا لەگەڵ موسا و هاروون قسەی کرد و وتی: ئەمانە ئەو ئاژەڵانەن کە لەسەر زەوی دەخورێن " ئەو ئاژەڵانە بخۆن کەشاخیان شەقبووەو پێیان دوو تیلەو کاوێژ دەکەن. بەڵام تەنها ئاژەڵی کاوێژکار بەس نییەو ئاژەڵی شاخ شەقبووش بەس نییە. کەواتە حوشتر و دامان (ئاژەڵێکە بەکەروێشک دەکات) و کەروێشکی کێوی و بەراز و.... بەگڵاو سەیریان بکەن". ئەمە سەبارەت بەئاژەڵی سەر زەوی، هەروەها بۆ زیندەوەرانی ناو زێ و رووبار و زەریا و خشۆکەکانیش نۆرم و یاساو رێسای خۆی دادەرێژێت.

هەموو حەکایەتی نێوان مار و ئادەم و حەوا شارەزاین، کەواتە مار لەپاڵ مشک و مارمێلکەو ژیژک و بۆق و کیسەڵ و حەربا بەخشۆکی پیس دەناسرێنەوە. (تەورات: لێڤێتیک، ١١، ٣/١).

بێگومان لەپاڵ ئەم ئاژەڵ و خشۆکانەش، حەشەراتی رۆحانیش هەن، وەکو پەپوولە کە سەرجەم ئەدەبیاتی سۆفی و رۆمانسی سوودی لێبینیوە بۆ تەعبیرکردن لەو دۆناودۆنانەی کە ئەم زیندەوەرە بچووکەو کەمتەنە دووچاریی دەبێت. لەلای یۆنانییەکان، تێرمی پسیشێ واتە دەروون، لەهەمان کات دا تەعبیر لەرۆحی ئینسان دەکات و لەهەمان کاتیشدا تەعبیر لە پەپوولە دەکات. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی کۆن، پرۆمێتێ جەستەی ئینسان لەقورەسوور دروست دەکات و ئەتێنا فوو لەپەپوولەیەک دەکات و ئیتر دەیکاتە رۆحلەبەر.

لەئاینی جوولەکەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەگیانلەبەران دەکرێنە دوو بەشەوەو ئینسان لەو نێوەندە لە بیچمی خودا دروستدەکرێت و هەموو ئەم گیانلەبەرانە دەچنە ژێر رکێفی ئینسانەوە.

ئاینی ئیسلامیش، سوود لەو کەلەپوورە ئاینیانەی پێشخۆی بینیوەو هەمان جیهانبینی تەبەنی دەکات. نەک تەنها بەراز و سەگ کە پیس و گڵاون و بەڵکو فریشتەی یەزدانیش سەر ناکاتە هیچ ماڵێک ئەگەر بێت و سەگێکی تیا بێت. کۆچ بەسەرهاتەکانی پێغەمبەری ئیسلام دا، بەرەکەت و پیرۆزیی دەبەخشێتە کۆتر و جاڵجاڵۆکە.

هەروەها مێژووی ئاژەڵ و چەمکی قوربانیش هاوتەریب لەنێوان پیرۆز و

گلاّودا لەرەوت دایە. لەئاینی جوولەکە هەموو ئاژەڵێک شایانی ئەوەنین بکرێنە قوربانی. لێرەوە ئینسان وەکو رەگەزی بالاّ مامەڵەی لەگەڵ ئاژەڵدا کردووە.

هەر لەچاخەکانی ناوەندەوە تا سەردەمی رۆشنگەریی، حوکمدانی ئاژەڵان دادگا ئاینیی و مەدەنییەکانی دا داگیردەکەن.

ئەمە سەبارەت بەئاینی و جوولەکەو ئیسلام، بەلاّم دەبینین لەئاینە هیندی و ئیرانییەکاندا ئەم جودابوونەوەیە هەرگیز بەو شێوەیە رووی نەداوە، چونکە جیهانبینی خالیق و مەخلووق هەمیشە هاوجووت بوونە[٣]. لێرە جیهانبینی زەردەشت لەم رووەوە بایەخی خۆی دەسگیردەکات. بەواتایەکی دی، هاوپەیمانییەتی بنەڕەتی وەبیر ئینسان، لەم بوارەدا دەهێنێتەوە.

هەر وەکو پۆل دو برۆی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت ئاینی جوولەکە بیرۆکەو کۆسمۆگۆنییەکانی (چیرۆکەکانی خەلق) لەئاینی بابیلی و سۆمەرییەکانەوە دەقۆزێتەوەو بەم پێیە ئینسان وەکو بوونەوەرێکی بالاّ و خاوەن ئیمتیاز دێتەسەر شانۆ. بڕوانە داستانی گەلگامش کە ئینسانی نیمچەخودا دەهێنێتەسەر شانۆی بوون و بەدوای هەرمان و ئەبەدییەت دا وێڵە. ئەم ئاڕاستەیە لە میعمار و شێکلی پەرستگاکانیش دا رەنگیان داوەتەوەو بورجی بابیل نموونەی یەکەمێتی.

ئەم کۆسمۆگۆنییە دەبێتە کەلەپووری بەشێکی پانوپۆڕی رۆژهەلاّتی کۆن. چونکە کاتێک خودا ئاژەڵ و گیانلەبەران دروست دەکات، ئینجا دەیەوێت ئینسان لەسەر بیچمی خۆی بئافرێنێت هەروەکو لەزاری تەوراتەوە گوێمان لێدەبێت. بەم پێیە جۆرەزاڵبوونێکی پێ دبەخشرێت بەرامبەر بەئاژەڵی سەرزەمین و



پەلەوەرەانی ئاسمان و زیندەوەرانی نێو زەریاکان. کەواتە ئینسان خاوەن لێپرسراوییە بەرامبەر بەخودا و سروش و هەموو ئەوانەی لەسروشت دا پێشکەش بەئینسان دەکرێن.

بەڵام ئەو شۆڕشەی کە زەردەشت لەم بوارەدا ئەنجامی دەدا، دوای دوو هەزار و شەش سەد ساڵ، ئینسانی ڕۆژئاوا ئاوڕی لێدەداتەوەو لەپاڵ مافی مرۆڤ و مافی منداڵ، چەمک و تێگەیشتنیکی نوێش لەپێناو مافی ئاژەڵان وەبیرمان دەهێنێت. چونکە مافەکانی مرۆڤ بەبێ مافی زیندەوەرانی دی، ئینسان دەکاتە نیمچەخوایەک کەزاڵبوونی خۆی بەسەر سروشت و زیندەوەرانی دی فەرز بکات.

ئەو خاڵەی کە دەبێت لێرەجەختی لەسەربکرێت، ئەویش ئەوەیە کە زەردەشت پەیوەندیی ئینسان و گیانلەبەرانی دی، بەتەواوی قڵبودیو دەکاتەو سەر لەنوێ ئەی پەیوەندییە دادەڕێژێتەوە: ئاژەڵ وەکو قوربانی لەسەر ئوتێل و قوربانیگە ڕزگاردەکات و بانگاشەی ئینسان دەکات بیری چاک و قسەی چاک و کرداری خاوێن پەیڕەو بکات و "یەزدانی حەکیم"یش دەبێت مێگەل بەجوانی بلەوەڕێندرێن و نەرم و نیان بن[٤] لەگەڵ ئاژەڵ گەلێ لەو قوربانییە بێسوودانە خێری زیاترە[٥].

### پەیوەندی نێوان ئەفسانەو گیانلەبەران

شیعریش وەکو زۆر دەقی بنەڕەتی دیکە، پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ جیهانی ئاژەڵان و پەلەوەراندا دروست دەکات. ئەم پەیوەندییەش لەئاست و ئاراستەی جوداوازدا خۆی دەرخستووە. چونکە ئەم پەیوەندییە قووڵ و هەمەلایەنە و لە ئەفسانەکانی سەرجەم کەلتوورەکانی دونیادا ئەم دیاردەیە دەبینرێت. ئەم پەیوەندییانە جێگیر و وەستاو نین؛ بەپێی تێپەڕینی کات گۆڕانکاریی مەزن بەسەر ئەم پەیوەندییانە هاتووە. لەسەرجەم ئەفسانە بنیاتنەرەکاندا، ڕۆڵی ئاژەڵ و پەلەوەر بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی ڕێکخستووە. بەشێوەیەکی زۆر زەق و ئاشکراش وەکو "قوربانی" لە کەلتوورەکانی دونیادا وجوودی هەیە. هەڵبەتە ئەم قوربانی بەخشینە دەکەوێتە پاش قوربانی ئینسان، واتە لە چاخەبەردینەکاندا، ئینسان وەکو قوربانی پێشکەشی خوداوەنداکان کراوە. بۆ یەکەمجار لەتەوارت دا، کۆتایی بەقوربانی ئینسان دەهێنرێت و ئاژەڵیان لەجیاتی دادەنرێن. وەکو لەحەکایەتی ئیبراهیم و ئیسحاق، هەروەک لەزمانی تەوراتەوە دەگاتە لامان و

حەکایەتی ئیبراهیم و ئیسماعیلیش لەزمانی قورئانەوە ؛ ئەم حەکایەتە وەکو وانەیەکی ئاینی، لەلایەک گرینگیی خەون لەو سەردەمانەدا ئاشکرا دەکات ، لەلایەکی دیش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لە کەشە قوربانییەکاندا، قوربانیدان بە ئینسان لەپێناو خوداوەندەکاندا وجوودی هەبووە.

لەسەردەمی باوکسالارییی دا، باوک مافی بەسەر رۆڵەکانی خۆی تا ئەو ئاستە هەبووە کە راست و رەوان بیبەخشێتە خودا. بەخشینی رۆڵە بەرێباز و ئاین تا رۆژی ئیمرۆشمان لەزۆربەی کۆمەڵگاکان وجوودی ماوە. تا سەدەی نۆزدەهەمیش، لەفەرەنسا، دایک و باوکان کچانی خۆیان ناردۆتە کۆڤان و دێرەکان، لەپێناو ئەوەی یا ببنە کچی خودا یا شوو بەیەکێک بکەن. ئەگەریش شوویان نەکردایە، ئەوە رێی و شوێنی ئاینیان دەگرتەبەر و خۆیان دەبەخشییە خودا. لەناو کوردەواریش دا، ناردنی منداڵ بۆ حوجرەکان جۆرە بەخشینێکی رۆڵەبوو لەرێی خودادا و ئەنجامی نزرێک بووە کە خێزان کردوویەتی.

ئەم کەشانە، لەقۆناغە بەردینەکاندا، تەنانەت دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئینسان ئینسانی دیکەی کردۆتە قوربانی، ئەمە لەکاتێک دا هەستی بەشڵەژانێکی مەزن کردبێت ؛ چ لەئاستی دەورووبەرەکەی چ لەئاستی ئەو بیروباوڕانەی کەباوەڕی پێی هەبووە. ئەم قوربانییە لە پێناو بەرجەستەکردنی ئارامیی و سەقامگیریی بووە، واتە هەموو قوربانییەک پێش تێکچوونی نیزام و ئاژاوەو کارەساتی تایبەت رووی داوە. کەواتە قوربانی بەخشین لە پێناو گەڕانەوەی ئاشتی دا بووە.

هەروەها هەموو قوربانییەکیش هەمان بەهای نەبووە، بێگومان بەهای خوێنی کوێلەیەک بە بەراورد لەگەڵ خوێنی کورەپاشایەک وەک یەک نەبوونە. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە کاتێک کۆمەڵگا هەستی بەهێز و قودرەت کردبێت، ئیتر بەشێوەیەکی کاتیی و زیان لەبەخشینی قوربانی هێناوە. بەواتەیەکی دی و هەروەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆی کرد، قوربانی بەخشین لەکاتێک دا بووە کە نیزام تووشی تێکچوون و گەندەڵیی بەمانا گشتییەکەی هاتبێت، ئینجا بەخشینی قوربانی واتای خۆی پێکاوە لە پێناو هێنانەدی نیزام و گەڕاندنەوەی رەوڕەوی سروشتی کۆمەڵگاکە. دەبێت سەرنجی خوێنەریش بۆ ئەوە راکێشین کە کەشی قوربانیبەخشینیش بەشێکی فەزای زیهنییەتی ئینسانی کۆنی پێکهێناوەو تا سەردەمانێکی دوورودرێژیش کاروکاردانەوەکانی بەسەر ئینسانی هاوچەرخدا ماون و لە ئەدەبییاتی کوردیشدا، بە کلاسیک و نوێیەوە، بێبەش نەبووە لەم ئاماژەکردنانە جا چ لەشێوەی ئیستیعارەو مەجازدا، یا وەک

چەمکی قوربانی بەمانا هەرە ماددییەکەی. گواستنەوەی دەلالەتەکانی پیرۆز بۆ پانتایی دونیەوی و هەروەها و گەڕانەوەش بۆ چەمکە پیرۆزییەکان هەر کاتێک عەقڵ تووشی شکست هاتبێت لەراڤەکردن و شیکردنەوەی راسیۆنال! یا ئەوەتا بۆ ختووکەدانی سۆز و ویژدان ئەم زاکیرە دێرینەی پێ بوژێندراوەتەوە.

## رەگەزەکانی ئاژەڵ و گیانلەبەران لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا

شیعری شێرکۆ بێکەس تا بڵێی بەرەگەزەکانی ئاژەڵ و باڵندەو تا دەگاتە ئاژەڵی ئەفسانەیی و خەیاڵیی دەوڵەمەندە. لە پاڵ پەلەوەر و باڵندەو حەشەرات، گیانلەبەرانی ئاوییش پانتاییەک دیاری دەکەن. لەم نێوەندەش دا، ئاژەڵی کێویی و ئاژەڵی ماڵی وجوودیان هەیە. بۆ ئەوەی دونیای باڵا بەدونیا خاکیی گرێ بدرێت، فریشتەو پەری و مەلائیکەش ئەم دوو دونیایە پێکەوەگرێ دەدەن. هەموو ئاژەڵێکی کێویش وەکو یەک تەماشا نەکراون. بەواتایەکی دی، ئاژەڵ و گیانلەبەران بەگشتی بەشێوەیەکی پلەیی لە جیهانبینیی شاعیردا دەردەکەون و ئەم دەرکەوتنەش دەبێت خاوەن دەلالات واتاگەلی خۆیان بن.

هەروەها رەنگیش، لەتەنیشت ئاوەڵناوی دیکە، دێت و ئەستووریی دەبەخشێتە ناوی ئەو ئاژەڵانە. رەنگ وەکو سەمبوڵ، وەکو توێژێکی دیکەدێت و لەسەر پێستی ئەو گیانلەبەرانە بەرجەستەدەکەن و لە واتای دیکە دەگەڕێت. "بەرازی رەش"(گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٧٣) و "سەگی رەش"(گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل. ٧٥)، "دوپشکی گەورە" "(گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٧٦) بیرمان بۆ دوپشکی بچووک رادەکێشێت، هەروەها " گورگی رەسەن""(گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٧٧)یش بانگەشەی "گورگی نارەسەن دەکات. هەروەها لا پاڵ "سەگی رەش"، "سەگەلی رەش"یش "(گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٧٩) واتای دیکەی لێمان دەوێ.

لەتەنیشت رەنگیش، ئاوەڵناویی دیکە شک دەبەین کە بارستایی دەلالی دەبەخشنە ناوەکان و دەیانەوێت ئاژەڵ واتادارتر بکەن و وەکو ئامرازی نرخاندن بەکاردێن ؛ بۆیە"بەرازی شفرەدار" "(گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.١٠٩)بەرامبەر بە"بەرازی رەش" لەکێبرکێ دان.

نابێت ئاماژە بۆ ئەوەش نەکەین، کە شاعیر بۆ ئەوەی بەراورد لەگەڵ ئاژەڵدا بکات، باس " ئادەمی"(گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.١٠٩) دەکات نەک

ئینسان، ئەمەش هەڵبەتە واتای تایبەتی خۆی هەیە.

"پڵنگ" "(مەرگی کانییەکی سپی، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٢٢٣) بەرامبەر بە"مامز" دێت و "داڵ"یش بەرامبەر بە"نەورس".

هەروەها ئاوەڵناوی "رەش" بەرامبەر بەئاوەڵناوی "سپی" رادەوستێت. ئەگەر وردتریش بڕوانین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەشاعیر دونیای ئاژەڵان دەکاتە دوو بەشەوە. لایەنی خێرخواز و لایەنی شەڕخواز. ئەم سەپاندنە زیهنییە، بەرەو ئاقاری دیکە وەرمان دەچەرخێنێت و بیرمان بۆ زیهنییەتی ئاینیی شاعیر دەبات.

دونیا لەلای شاعیر بەگوێزانێک شەق دەبێت و سەرجەم ئاڵۆزکاریی و تێلهەڵکێشبوونی دونیا لەبۆچوونی سادەدا جێگیر دەبن. لێرەوە هەندەی فیکرەی تەسلیمبوومان پێشکەش دەکات، هەندە تەعبیر لە وردەکاریی و جەدەلییەتی نێوان رەگەزەکان ناکات.

## شیکردنەوەی شیعرەکان

شیعری کوردی لەدوای گۆران-ەوە پێ دەنێتە نێو وەرچەرخانێکی نوێیەوە، ئەویش بەتێکهەڵکیشکردنی بیری نەتەوایەتی و چینایەتی. ئەو تێگەیشتن و چەمکانە بۆ نێو شیعر دەگوازێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە تێماتیکانە و ئەم گۆڕانکارییە شیکلییانە لەیەک بۆتەدا ئەنجامدەدرێن. گۆڕانکارین موژدەی دوارۆژێکی مەزنی بۆ شیعر و کاری خولقاندنی ئەدەبی پێیە. بەڵام لەم دیدە نیگایەوە، شیعر لەهەمان کاتدا تەعبیر لە گۆڕانکارییە شیکلییەکان و وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات و هاوتەریب لەگەڵ کێشەکانی کوردستانیش دا، لەبرەودایە. هونەر ئاوێنەی واقیعە بۆ چەندین دەیە لاپەڕەکانی ئەدەبیمانی کوردیی پێ دەڕازێندرێتەوە.

شێرکۆ بێکەس، یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیارانەی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی، سەرەرای ئەوەی هەمیشە ویستوێتی خۆی لەم ئیشکالییەتانە بدزێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیش دا، هەر لە"تریفەی هەڵبەست"ەوە هەمان ئەم ئیشکالییەتانە دەکاتە یەکێک لە جوغزە هەرە دیارییەکانی شیعری خۆی و مێژووی نووسینی شیعرەکانیشی دەتوانن مێژووی فیکریی و هەوادارێتی و لایەنگیرییە هەمەچەشنەکانی، بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆ خوێنەری ئاشنا، روون بکەنەوە. هەروەها ناشکرێت شیعری شێرکۆ بێکەس لەوە بێبەریی بکرێت کە لە توانای دا نەبووبێت لە بەسەرکردنەوەی هەموو هەڤاڵ و یاوەرێکیدا، بۆچوونێکی

کۆمەڵایەتی بەشیعر نەبەخشییّت. شیعر لەم سۆنگەیەوە وەکو ئاوێنەیەک واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ خۆینەران گواستۆتەوە.

بەواتایەکی دی، شیعری دڵداری و شیعری سیاسی یا نەتەوایەتی لەنێو چەمکی تێمەدا خۆیان رێکخستووە. ئەمە ئیشکالییەتێکی زۆر گرینگە و دەبێت لێکۆڵەرەوانی ئەدەب و مێژوونووسانی ئەدەب بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی، بەجەختە بڕواننە ئەم خاڵە. چونکە هەر لەتریفەی هەڵبەستەوە تا دوا دەقە شیعرییەکانی شاعیر کە نێوی "ڕۆمانە شیعر" و چیرۆکە شیعر" و "پەخشانە شیعر"ی پێ بەخشیوە، تێم وەکو ناوەرۆکی شیعر خۆی بەشێوەیەکی یەکجارەکی دەسەپێنێت. ئەم کێشەیەمان لە لێکۆڵینەوەیەکی دی باس کردووەو ڕەنگیشە لە پێناو خزمەتی ئەم بابەتە جارێکی دی بیانهێنینەوە سەر خوانی باسکردن.

کەواتە، تێمە هەرە لە بەرچاوەکانی شاعیر لەدوو خاڵدا دەکرێت کۆ بکرێنەوە:

- زۆرانبازیی نێوان چاکە و خراپە؛
- عەقڵی ئاینیی لە لای شاعیر.

لەدوا پەنجا ساڵەی سەدەی بیستەم، شۆڕشی کورد پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێیەوە. خەباتی کورد لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی بەچەند قۆناغێکی دژوار و بگرە هەستیار و مەترسیداردا تێدەپەڕێ. شەڕی مان و نەمان دەبێتە یەکێک لە دروشمە هەرە لە بەرچاوەکانی ئەم خەباتە. ئەدەب و هونەر، هەر یەکەو بە کەرەسەکانی خۆی تەعبیریان لەم مێژووە کردووە. شیعر لەنێو کوردان، هەر لەسەردەمی خانییەوە، فیکرەی نەتەوایەتی تیا ترنجاوە، بەقووڵبوونی ئەم هەستە، ئەدەبیش، وێڕای تایبەتمەندییەکانی هەر نووسەرێک و لەقۆناغە جیاوازەکاندا، تەعبیری لێکردووە.

کێشەی کورد لەم مەیدانەدا، کێشەی خاک و کێشەی مافەو لەدوا پێناسەش دا کێشەیەکی سیاسییە کە ئەویش بەو گرفتانە لێکبدرێتەوە کە پاشماوەی جەنگی یەکەمی جیهانین. سەرجەم ئەم کێشانە لە ئەدەبی کوردی دا لەشێکل و شێوازی جیاوازدا ڕەنگیان داوەتەوە.

لەبنەڕەتیش دا کێشەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتییە بەرامبەر بەو حکومەتانەی کەعێراقیان لەم پەنجا ساڵەی دوایدا حوکم کردووەو رژێمی پێشووش هەڵبەتە، لەم بوارەدا، بەشی شێری بەردەکەوێت. واتە لەبنەڕەت دا

کێشەیەکی سیاسیی رووتە. لەم رووەوە شێرکۆ بێکەس، ئەویش بەشی شێری لەم تەعبیرە ئەدەبییە بەرکەوتووە و کە لە کۆتایی شەستەکانەوە تا ئێستا بە شیعر تەعبیرێکی ئەدەبی لەم خەباتە کردووە.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە: تەعبیریی شیعریی بەرامبەر بە گشت ئەم ئاڵۆزکاریی و وردەکاریی و بگرە و بەردە سیاسییانەی کە لەو ماوەیەدا روویان داوە، کورت دەهێنێت. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە شێرکۆبێکەس هەمیشە لە ناولێنانی دیکە گەڕاوە بۆ ئەوەی فەزای شیعریی خۆی پێ فراوان بکات و بتوانێت بۆتەی شیعر گەورەتر بکات بۆ ئەوەی جێی گشت ئەو ئاڵۆزکارییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد، بکاتەوە. ئەمەش مۆفارەقەیەکی ئەدەبی یا هۆنەریی شیعری لەگەڵ خۆی دەهێنێت. چونکە هەموو دەسکاریکردنێکی شیکلی بەبێ گۆڕانکاریی کە جیهانبینی و دیدەنیگا تیایدا بەشداربێت، کورت دەهێنێت! چونکە هەموو گۆڕانکارییەکی شیکلی لەکۆتاییدا دەبێت گۆڕانکاریی بن لەجەوهەردا.

چونکە شیعر ئەگەر لەزمانی ئاماژەو سەمبۆل و توخمی برووسکەئاسا پێکهاتبێت بۆ ئەوەی بتوانێت دڵەراوکێی و ئەو بارە تایبەتییانەی ئینسانی کوردمان بۆ بگوازێتەوە، ئەوە خەباتی کورد بە کەرەسە و بەخیتابی دیکە، جا چ تیۆری بووبێتن، چ مەیدانیی، ئیدامەی بە خۆی داوە. واتە شیعری شێرکۆ بێکەس، سەرەڕای گۆڕانکارییە شیکلییەکان، لەدەوری یەک ناوەڕۆک خۆی رێکخستووە، "چیرۆکەشیعر" و "شیعرێکی رووت" لەناوەرۆک دا، خاوەن تاک بەپەیام بوونە. ئەم جێگیربوونە لە ناوەرۆکدا، یا وردتر ئەم تاکرەهەندی ناورۆکییە کە ناواخنەکەی زۆرانبازییەکی سیاسییە، بەرەو ئاقارێکی دی فەزای شیعرەکانی پەلکێشکردووەو کردوێتییە بەرەورووبوونەوەی نێوان هێزی چاکە و هێزی خراپە ؛ ئەم دوو چەمکە لەناوەرۆکیشدا دوو چەمکی ئاینین. دواجار وەکو بارستاییان لێدێت. چونکە، بابەتی رووت، بارستاییەکی هەند قورسە، نایابترین شیعر لەژێریدا هەرەس دەهێنێت و بەرەو ئاقارە تاکرەهەندەکان دەبیات.

ئەمەش بەویستی شاعیر بووبێت یا بەبێ ویستی ئەو.

جا لێرەوە، نەک تەنها رەگەزی شیعر خۆی، بەڵکو ئەو ناولێنانەی کە بە"رۆمانەشیعر" و "چیرۆکەشیعر" و " دەقی واڵا" شتێکمان بەبن گوێدا دەدرکێنن، ئەویش دروستبوونی لاسەنگییەکە کە لە جەوهەری شیعریی خۆی دووردەخاتەوەو بانگەشە بۆ زمانی گێڕانەوەو حەکایەت دەکات.

ئەگەر بێت و "پەخشانەشیعر" و "شیعری رووت" گوزارش لەهەمان دڵەراوکێ بکەن و هەمان تێماتیکیان هەبێت، پرسیاری گرینگ ئەوەیە : ئەی باشە بۆچی لەپاڵ گۆڕانکاریی شیکلییەکاندا، گۆڕانکاریی ناواوخن لەئارادا نییە؟

بۆ نموونە لەدەقی "گۆڕستانی چراکان" کە بە ڕۆمانە شیعر نێوزەدکراوە، سەرجەم ئەو ئیشکالییەتانە تەرح دەکات کە لە شیعرێکی کورت دا هەن. لەلایەک هزری شاعیر لەسەر زەمینەیەکی خز خۆی ڕێکخستووەو لەلایەکی دیش زمانی شیعر بەرەو فەزایەکی دیکە رادەپێچی دەکات کە فەزای خۆی نییە. دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە ناوەرۆک لە شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، هەندەی ناوەرۆکی ڕۆمان و چیرۆکن هەندە خاوەن ئاماژی شیعریی نوێ نین!

کە دەڵێین ناوەرۆکی ڕۆمانیش، مەبەستمان لەهێڵی کرۆنۆلۆژیا و درامی و کەسایەتی و هەڵکشانی کەسایەتییەکان و سایکلۆژییەتیان و سەرەتا و کۆتایی کە سەرجەم ئەم رەگەز و توخمانە بەشێکی ئۆرگانیکین لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا. ئەمە لە پاڵ رەگەزی گێڕانەوە کە یەکێکە لەو رەگەزانەی کە ئەگەر هات و زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، ئەوە شیعر بەرەو فەزای پەخشان دەگوازێتەوە. گواستنەوەی کەسایەتی بۆ سەر شانۆی ڕووداوەکان، لەرێگای





شیعرەوە، وڕکگرەو داوای چوارچێوەیەک دەکات ئەویش کۆنتێکست –سیاق- زەمەن، ڕووداو و کردەکانن. مەبەست لەرەگەزەکانی گێڕانەوەیە.

ئەم هاوتەریببوونەیە کەشیعری شێرکۆ بێکەس دەبەستێتەوە بەواقیع، ئەو واقیعەی سەرجەم توخمەکانی بانگەشەمان دەکەن بۆ شیکردنەوەی زیاتر و لێکۆڵینەوەی وردتر و تێگەیشتن لێیان؛ بگرە پەنابردن بۆ تیۆرییەکانی سەردەم و تەتبیقکردنیان لەبوارە جیاجیاکانی زانستەمرۆییەکان. ئایا تێگەیشتن لەو واقیعە ئاڵۆزە جێگۆڕە، ئەرک و وەزیفەی شیعرە؟

کەواتە بۆ خوێندنەوەی واقیعی کوردستان، ئێمە پێویستیمان بەدەقی دیکە هەیە؛ دەق لەبوارە جیاجیاکانی زانستە جیاجیاکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکانمانی پێ بخوێنیەوە. شیعریش لەم ڕووەوە هەروەکو جان کۆکتۆ دەیوت: "ئای کەگرینگە، بەڵام نازانم بۆچی"؟ مەلوول بەرامبەر بەخوێندنەوەی واقیع رادەوەستێت. ئەگەریش ئەم خوێندنەوەی ئەنجامدا، ئەوە بەنوقسانی ئەنجامی دەدات و شەڕێکی کەشندەش ئاراستەی خودی خۆی دەکات. چونکە لەپاڵ شیعر، نووسینی دیکە، دوو هەندەی شیعر بۆ کۆمەڵگای ئێمە گرنگیی خۆی هەیە. ئەگەر تا سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمی کوردی، تەنها ئەدەب لەگۆڕەپاندا لەشەڕدا بووبێت، سەدەی بیست و یەکەم دەبێت ببێتە سەدەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەئامێزی مێژوو و کەلەپووری کوردی. ئەمە هیچ لەبایەخی ئەدەب کەمناکاتەوە، بەڵکو شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ فەزا سروشتییەکەی خۆی.

لەبەرئەوەی تەوەرێکی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئاژەڵاندی ئینسانە و با لە بابەتەکەش زۆر دوور نەکەوینەوە ؛ سەرەتا دەمانەوێت بزانین بۆچی شاعیر کەسایەتی بۆ دەقی شیعری هەڵدەبژێرێت و چین ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر یەکێک لەو کەسایەتییانە دێن؟ چۆن و بۆچی شاعیر دەیەوێت ئەو کەسانە بئاژەڵێنیت؟ بۆ نموونە، لە دەقی " گۆرستانی چرا" یەکێک لەو کەسایەتییانە ناوی "رائید حەمدان"ە. ئەوەی شارەزای واقیعی کوردیش بووبێت، دەزانێت ئەم رائیدە بەعسییەو یەکێکە لە داروردەستەکانی رژێمی پێشووی عێراق و بۆ سەرکوتکردن بەکارهێنراوە. واتە کرسیتالە کردن و بەرجەستەکردنی هێزیی عەسکەریی رژێمی ناوبراوە. بەڵام ئەوەی سەرنجی دەدەین، فەزای ئیشکردن بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت. بەرەی خراپە کە"رائید حەمدان" تەعبیری لێدەکات، بەرەی چاکەش کە کوردن؛ هەموو کوردێکیش دەگرێتەوە. بەڵام چەمکی خەون، واتە خەیاڵی شاعیر ئەم کەسایەتییە دەکاتە ئاژەڵ. لەو

دەقە"رائیر حەمدان" دەبێتە "بەرازێکی رەش":

**هەر لەبیرمە**
**من جارێکیان خەونم بینی**
**خەونێکی سەیرا!**
**لەو خەوەدا رائید "حەمدان"**
**بووبوو بە بەرازێکی رەش.** (گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٧٣)

"رائید حەمدان" یەکێک لەو کەسایەتییانەی کە لە نێو لەشکری رژێم دا چالاکی سەربازیی دەنوێنێت؛ شاعیر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی دەیخاتە بەرگی ئاژەڵەوە. واتە لە بەرگی سروشتیی خۆی دادەماڵرێنرێت، واتە بە ئینسانبوونی لێدەسێنێتەوە. ئەمە پرۆسەیە لە نێو لۆچە پەنهانەکانیدا، خۆفەرزکردن و خۆزاڵکردن بەسەر ئەویتر ئاشکرا دەکات. لەلایەک، ئەم پرۆسەیەش تەنها لەڕێگای خەون و خەیاڵەوە دێتەدی؛ لەهەمان کاتیش دا، ئەم بەئاژەڵکردنە لە یادەوەرەیی و زیهنییەتی باوی ئینسانی موسڵمان دا جێگایەکی دیاریی خۆی هەیە. (بوون بەبەراز). ئایا یەکێک لەدەلالاتەکانی ئەم بەئاژەڵکردنە ئەوە ناگرێتەوە کە کوشتنی ئەم بوونەوەرە رەوایەو پێویستی بەهیچ دادگاییکردنێک نییەو حوکمێکی سروشتی بەسەردا دەسپێنرێت. هەروەها ئەم کوشتن و لەناوبردنی ئەوی دیکەیە، موفارەقەیەکیشی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە: ئەویش رەوایی کوشتن و سەندنەوەی لێپرسراوێتیە لەوەی دیکەی ئاژەڵ!!

بۆ ئەوەی شاعیر ئەم وێنەیە تەواو بکات، دەبێت سەرجەم رەگەزەکانی دی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی هەماهەنگی بداتە دەقەکەی.

**لەپڕێکدا لەناو بەرایی**
**تەماشای خۆلاویدا...**
**قەلایەک و چەند قوولەیەک**
**هەڵتۆقین و**
**لەناو ئێوارەی ژەن**
**لەناو وەڕەی سەگی رەش و**
**لەبەردەم زەمانێکی مرومۆچدا**
**ماشین وەستا!** (گۆڕستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٧٥)

لەتەنیشت "رائید حەمدان = بەرازێکی ڕەش"، دامودەستەکەی رائیدیش دەبنە"سەگی ڕەش". هەڵبەتە لەم خوێندنەوەیەدا، ڕەنگی "ڕەش" یش سەمبۆلی بەپاینکردنی ئەوی دیکەیە. واتە پلە بەخشین بەئینسان و ئاژەڵان. ئینسانی سپی بەرامبەر بەئینسانی ڕەش، ئاژەڵی سپی بەرامبەر بەئاژەڵی سپی. ئاژەڵێ گڵاو بەرامبەر بەئاژەڵی "پاک".

"سەگ" و "بەراز" هەڵگری گەلێک واتان. چونکە سەمبۆلی "بەراز"، بە یەکێک لە سەمبۆلە هەرەکۆنەکان دەناسرێتەوەو پانتاییەکی فراوانیش لەجیهانبینی هیندیی و ئەورووپییەکان داگیردەکات. بەڵام ئەم دوو ئاژەڵە لە زیهنییەتی ئیسلام دا، بەدوو ئاژەڵی گڵاو دەناسرێنەوە. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە گڵاو هەمان واتای پیس و چڵکنی نییە، بەڵکو واتایەکی پیرۆز و ئاینیی هەیە. هەر کەسێک دەستی بەر دەم و لمۆزی سەگ بکەوێت، دەبێت ئەو دەستە بە "گڵ و ئاو" حەوت جاران بشوات بۆ ئەوەی پاقژ بێتەوە؛ ئەم پاقژبوونەوەیە پاقژبوونەوەیەکی میکرۆبی و ڤایرۆسی نییە، بەڵکو پاقژبوونەوەیەکی دەروونی و ڕۆحانییە.

لێرەدا بەرەی خەسم یا دوژمن بەگڵاو لە قەڵەم دەدرێن، ئەمە لەهەمان کاتیش تەزمینی ئەوەی دەکات کەنزیکبوونەوە لەم دوو ئاژەڵە، کە مەبەست لەکوردە (بەرەی خێر) گڵاو دەکات. دەبێت ئەوەش بەبیری خوێنەر بهێنێنەوە کە لە زیهنیەتی ئاینیی دا، پیس و پاک بەرامبەر بەخراپ و باشە رادەوەستن. هەر ئینسانی پاکە کە ئیشی خێر دەکات و بەپێچەوانەشەوە، ئینسانی پیس، کاری خێریشی بۆ حسێب ناکرێت!

ئەم سەمبۆلیسمە لە نێو موسڵمانان، هەڵگری کەلتوورێکە و بارگراوییە پێی. واتە ڕەهەندێکی گەردوونی نییە، لەسیاقی مێژوویی خۆی دا بووەتە واتا هەڵگر؛ هەروەها مەرجیش نییە لەنێو هەموو کەلتوورێک دا هەمان بۆچوون قبووڵ بێت و بەهەند وەرگیرێت. ئەم جیهانبینییە، خۆماڵییە و ڕەگوریشەی لەزەمان و مەکانێکی دیاریکراودا ڕەگهاژووە.

ئەمە تەواو بە پێچەوانەوەی ئەو دیدگەلەیە کە بەراز، بە تایبەت بەرازی کێوی بەجۆرێکی دی دەنرخێنێت، هەر بۆ نموونە لەمیتۆلۆژیای تەقلیدەکانی دانیشتوانی باکووردا، هەروەکو ژان شوڤالییە(٦) لە فەرهەنگە بە ناوبانگەکەی باسی لێوەدەکات. نووسەر ئاماژە بۆ ئەوەی دەکات کە لە لای دانیشتوانی ئەم ناوچانە دەسەڵاتی ڕۆحانی بەخشراوەتە بەراز، بەتایبەت بەرازی کێوی، چونکە

وەکو درویدا( پیاوی ئاینی لای دانیشتوانی سەلت و برۆتۆنەکان کۆن-فەرەنسا) و براهمانەکان، خۆی لەقووڵایی جەنگەڵەکاندا حەشار دەدات. هەروەها هەر لە رێگەی ئەم ئاژەڵەشەوە، دومەڵان دەدۆزرێتەوە، ئەم بەرهەمە خاکییە، حەشاردراوەی ژێر خاکە، بە بەرهەمی برووسکەو بلاّچە دەناسرێتەوە. بۆیە دوای بلاّچەو هەورەتریشقە دومەڵان دەیەوێت لەژێر زەوییەوە بەرەو دەرەوە بێت. واتە بەرهەمێکی شاراوەو نهێنییەو لەرێگای وزەی ئاسمانییەوە دێتەبەرهەم. هەر بەم پێیەش خەسڵەتی رۆحانیی دەبەخشرێتە بەرازی کێوی. چونکە هەر ئەو لە توانای دایە شوێنی دومەڵان بدۆزێتەوە؛ ئەم هەستە لە ئاستێکی بالاّوە دێتەدی. وێڕای ئەمەش، ئەم ئاژەڵە بە بەرِوو بەخێو دەکرێت و داربەرِووش بەدرەختێکی پیرۆز دەناسرێتەوە.

یەکەم خاڵ، ئەو عەقڵییەتی شێرکۆ بێکەس ئیشی لەسەر کردووە خۆماڵییە و رەگهاژووی عەقڵییەتێکی ئاینییە. هەر بۆیە دەبینین هاوکێشەی پاک و بێگەرد و سپی، بەرامبەر بە پیس و گلاّو و رەش لەزۆر شوێنی دیکەشدا لە ژێر پەرِەمووچی شێرکۆ بێکەس دا رەنگدەدەنەوە. هەر بۆ نموونە، "داڵ" رەش" و " نەورەسی سپی" لەشیعری "تیرۆریست" بەرِوونی فیکرەی دوانەیی خۆی رووت دەکاتەوە:

تیرۆریست

**لەئاسۆیەکی تەڵخەوە، داڵێکی رەش**
**بەدیارکەوت و هاتەپێشی و**
**یەکدووجارێ بەسەر کۆرِی زەماوەندا**
**خولیخواردە**
**لەپرِێکدا**
**لەژێر پەرِی چرِی سنگدا**
**دەمانچەیەکی دەرهێناو**
**لەبەر خوار، کەوتە تەقەو**
**ئاهەنگەکەی**
**لەنەورەسی دڵدارانی و**
**دوورگە تێکدا!** (گۆرِستانی چراکان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، ل.٢٥٧)

ئەم ڕووداوە، چەندین جار لەڕێگەی ماسمیدیاوە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەغدا لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆن و لەسەر رووپەلی رۆژنامەکاندا بینیمان و خوێندمانەوە. شێواندنی زەماوەند لەلایەن تیرۆریستێکەوە، لەم چەند ساڵەی دوایی بە ڕووداوێکی دڵتەزێن و دووپاتبووە خۆیمان پێ دەناسێنێت. پرۆسەی هونەراندنی ئەم ڕووداوە، لەلای شێرکۆ بێکەس، تەنها بەجێگۆرکێی ناوەکان ئەنجام دراوە. تیرۆریست دەبێتە"داڵێکی رەش" و بێگوناهیش دەبێتە" نەورەس". ئەوی جێی ئاماژەپێکردنە ئەمەی لای خوارەوەیە: چۆن و بۆچی بوار بەخۆمان بدەین خەسلەتی چاکەو خراپە ببەخشینە ئاژەڵ و پەلەوەر؟ ئایا ئەمە خۆی لەخۆی دا، بێبەزییەک نییە کە دەرهەق بە ئاژەڵان دەکرێت؟ ئەم لکاندنە هەندەی عەقڵییەتی شاراوەی شاعیر روون دەکاتەوە، هەندە خەسڵەتی پەلەوەر و ئاژەڵمان بۆ ناخوێنێتەوە!

لەجێگایەکی دیکە، کاتێک شاعیر دەقێکی خۆی پێشکەشی ئیسماعیل بێشکچی دەکات، شاعیر باس لە"گورگی بۆر" دەکات. "گورگی بۆر" بەتورکی "بۆزقورتالەر"ی پێ دەڵێن ؛ ناوی بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی تورکانە کە لەلایەن نیهال ئاتسیز و ئەلئەسلان تورکەش- دامەزراوە، بڕوایان بەپانتورکیسم هەیە و لەهەمان کاتیشدا بزووتنەوەیەکی عەلمانییە، هەر ئەم نازناوەش کاتی خۆی لەئەتاتورک نرا و وەکو رزگارکەر و باوکی تورکان خۆی لەمێژووی نوێی تورک ناساند. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەم بزووتنەوە دژایەتی خۆی بۆ کورد و کۆمۆنیزم ناشارێتەوە.

بەڵام بنچ و بناغەی ئەم ڕەمـزە زۆر لەمێژووی ئەتاتورک کۆنترە، دەشگەڕێتەوە بۆ پێش زەمانی جەنگیزخان کە لە کەلتووری دەشتاییەکانی مەنغۆل گورگی شین یا شینەگورگیش ڕەمزێکە و دەچێتە نێو ڕەمزییەتی ڕووناکی ئورانی (شەڤالیێ: ل. ٢٥٨) واتە بەکەسایەتی کردنی ئاسمان و بەخشینی خەسڵەتی پیتاندن و ئاوسکردنی خاک، تەماشا دەکرێت. بەم پێیە، برووسکە و تێکەڵبوونی لەگەڵ بەچکە مامزێکی سپی دووانەیی ئاسمان و خاک لە یەکتر مارەدەکات. هێزیی نێرینەی ئاسمان و هێزی مێینەی زەمین. هەر لێرەوەشە، خاک لە زۆر کەلتووردا، دەبێتە دایکی بەخشندە! ئەدەبی کوردیش بێبەش نەبووە لەم نازناو پێبەخشینە.

زۆرجار ڕەمزییەتی ئاژەڵ و باڵندە زۆر دێرینن، ( کەلیلەو دیمنە لە ئەدەبی هێندی دا بۆ نموونە) ڕۆدەچنە نێو زیهنییەت میللەتان و لەکەش و ئاو و هەوا ئاینییەکانیان دا وجوودێکی زیندووشیان هەبووە. بەڵام هەموو دەزانین،"گورگ"

لەلای كـوردان و لە لای زۆربـەی كۆمەڵگایانەی كە مەڕ و ماڵات بەخێو دەكەن، ئاژەڵێكی زۆر خۆشەویست نییە، چونكە ئەو كۆمەڵگایانەی كەخۆیان بە ئاژەڵدارییەوە خەریك كردووە، هەڵبەت ئەم دوژمنداریيە كۆنە. بەڵام لە ئەورووپا، بەتایبەت لەم سی ساڵەی دواییدا، گرینگی و بایەخێكی زۆر بەگورگ دەدرێت، بۆ ئەوەی جارێكی دی، هەروەكو جاران چیا و بنارەكانی بەو ئاژەڵە ببوژێتەوە، چونكە گورگیش وەكو هەموو ئاژەڵێكی دی مافی ژیانی هەیەو بەشداره لە دروستكردنی هاوسەنگیی لەبواری ژینگەدا. بەتایبەت لە راگرتنی ئێكۆسیستەمدا، هەموو بوونەوەرێك بوارێكی دەبێ هەبێت.

بەڵام بۆچی شێركۆ بێكەس، لە "دارئەرخەوانی بەسوار ئەسپێكی سپییەوە" دەنووسێت:

”دیسانەوە بۆ ئیسماعیل بێشكچی“

**توركێ بەڵێ توركێ**
**لە رەحمی چرەدووكەڵی و مێژووی چەكمەوە**
**زمانێكی لەخۆبایی ژەنەراڵێكی مۆنەوە،**
**لەكونەگورگی بۆرەوە دێتەدەرێ و بەلام**
**لەسەر ئەو بنجەقەت ناڕوێ!** (گۆڕستانی چراكان، ٢٠٠٤، بەرگی ٦، لا.٤٥٢)

ئەم بەگشتیكردنە نە لە خزمەت مەسەلەی كـورد دایـە، نە وەزیفەی شیعریش بەم زەقییە گوزارش لەكێشەیەكی هەند ئاڵۆز دەكات. خەباتی كورد لە پێناو لە ناوبردنی ئەوی دیكە دا نییە، لە پێناو ناشرینكردن و بەئاژەڵكردن و كاریكاتۆراندن نییە، بەڵكو كێشەیەكی زۆر قووڵتر و ئاڵۆزترە. ئەوەی گرینگە بكرێت، گۆڕینی سیستەمەكانی بیركردنەوەو مامەڵەكردنە، واتە لەناوەرۆك دا كێشەیەكی رۆشنبیریشە. لەچەندین جێگەی دیكە دەبینین شاعیر بەخۆزاڵكردنێكی خەیاڵیی دەیەوێت كۆتایی بەم كێشەیە بهێنێت. ئەم ئیستیسنا بەخشینە بە ئیسماعیل بێشكچی، نەبینێنێكی رەوایە، نەدەشكرێت ئێمەی كورد، سەرەڕای هەموو میحەنتییەكانمان، میللەتێك كە توركە لەم سیاقە، هەمووی بە" گورگی بۆر" بزانین و بێشكچی لەم باخچەی ئاژەڵانە دەرهێنین. لێرە هاوكێشەكە بە پێچەوانەوە خۆی دووپات دەكاتەوە. "گورگەبۆر" لەرەمزێكەوە بۆ ئاژەڵاندنی ئەوی دیكە بەكارهاتووە.

هەروەها لەقەسیدەی "دالْ" یش، کە بە"چیرۆکەشیعر" ناوی هاتووە، دووچاریی هەمان گرفتی مەنهەجی دەبێتەوە. " رائید حەمدان" دەبێتە"عاشوور" و "عاشوور"یش دەچێتە نێو دۆناودۆنی ئاژەڵ و دەعجانەوە. بەڵام با بزانین لە پێناو چی؟

تیبینی ئەوە دەکرێت کە رەگەزەکانی بەرەی خەسم یا دوژمن دەبنە" دالاْش" بەرامبەر بە"هەڵۆ" دەوەستن. شێرکۆ بێکەس لەجێگەی دیکە، بۆ ئەوەی نەبرەو نەغمەیەکی عەرەبی بداتە بەرگوێی خوێنەر، موفرەدەی عەرەبی دەبەخشێتە هەندێ سیغە، بەکارهێنانی ئەم موفرەدە عەرەبییانە لە فەرهەنگی سروشتی شاعیردا نین. بەڵام بەکارهێنانەکانی مەبەستی لەپشتەوەیە: "مەقەر" لەجیاتی "بارەگا" دادەنێت، چونکە"بارەگا" لەزیهنی خوێنەردا، واتایەکی پۆزەتیفی هەیەو هەروەها بەنیسبەت "نەجمە" و "ئەستێرە" هەڵدەبژێرێت. ئەمە هەڵبژاردنە زمانەوانییەش قۆرتێک لەپێش هەنگاوەکانی شاعیر دروست دەکات. چونکە گرینگ لەناوەکان نین، بەڵکو لەناوەرۆکەکانن.

**لەمەقەڕی دالاْشێکی نێو شارەوە.** (دالْ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٤٥.)

دالاْش بەو باڵندەیە دەناسرێتەوە کە راو ناکات، بەڵکو کەلاک و ئاژەڵی مردارەوەبوو دەخوات، واتە وەکو هەڵۆ لە بەرزاییەکانەوە، بەغروورەوە، نێچیری خۆی دەسنیشان ناکات و لەقووڵایی ئاسمانەکانەوە بەخێراییەکی لە رادەبەدەریش خۆی ئامادەناکات و چڕنۆکە تیژەکانی لە نێچیرەکەی گیرناکات بۆ ئەوەی رامی دەکات. ئەم لەجیاتی دانانە، وەکو پرۆسەیەکی باوی لێدێت لای شاعیر، هەر هەمان سیستەمی بیرکردنەوە بەکاردەهێنێت و هەمان سیستەمی رەمزیی تەبەنی دەکات. بۆیە دەبینین، هەر لە شیعری" ٢٧ جار!" کە بۆ دیوانەکەی فایەق بێکەس دەینووسێت، رۆحی" فایەق" دەکاتە "هەڵۆ" و "ئەدمۆنز"یش دەبێتە "جرجێکی رەش" و بیست و حەوت جار خۆی لەکونێکەوە دەردەکات و چاوی هەڵۆ دەیخاتەوە کوونەکەوە.

ئەم بەئاژەڵکردنە، هاندەرێکی لەپشتەوەیە، هاندەرێکی سایکۆلۆژی بەهێز، چونکە دەبینین لە دەقی "دالْ" شەخسییەتی "عاشوور" تووشی گۆڕانکاریی دیکەش دەبێت و هەرجارێک لەشێوەی ئاژەڵێک دەردەکەوێت.

**گەورە دالاْشی بیابان سەرکەچەڵە.** (دالْ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٤٥.)

دالاش + گەورە+ بیابان+سەرکەچەڵ ؛ گشت ئەم خەسڵەتانە تەنها لەپێناو یەک شت دان، ئەویش بەدزێوکردن و پووچکردنی وێنەی ئەویترە. "بیابان" وەکو جوگرافیایەکی رەتکراو رەفزکراو سەیر دەکرێت. واتە جوگرافیایەکی بەشەرییە زیاتر وەک ئەوەی سروشتی بێت. ئەم سروشتە ناهەموار و دزێوە دەبێتە لانک و هێلانەی ناحەز و نەیارانی شاعیر. هەروەها بۆ ئەوەی وێنەی "بیابان" بگاتە ئەو ئاستەی کە شاعیر دەیەوێت، دەبینین شەخسییەتی "عاشوور" لەو بیابانە دەبێتە "حوشترێکی قەڵەو ورگن و بەرازێکی شفرەئاسن...:

**ئێستە عاشوور حوشترێکە قەڵەو ورگن**

**بەرازێکە شفرەئاسن** (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٥٦٦.)

ئەم دووپاتکردنەوە و گۆڕانکارییانە، هەر جارەو "عاشوور" دەکاتە ئاژەڵ و بیچمێکی نوێی دەداتێ، ئەم بەکاریکاتوورکردنە ئامانجی خۆی ناپێکیت، چونکە"عاشوور" دەرهاوێشتەی عەقڵییەتێکی فاشییەو سیستەمێکی بیرکردنەوەی تایبەتی لەپشتە. "عاشوور" لەئەستێرەیەکی دیکەوە نەهاتووە، بەڵکو لەنێو سیستەمێکی دیاریکراودا، ئیش دەکات. ئایا ئەم بەئاژەڵکردنە داماڵینی لێپرسراوێتی ئەو کەسایەتییە ناگەیەنێت؟ چونکە هەموو دەزانین ژیانی ئاژەڵ و گیانلەبەرانی دیکە سروشتییەو غەریزە بەشێکی زۆری رەفتار و ژیانیان پیادە دەکات و بەڕێوەی دەبات. ئەمە تەواو، بەپێچەوانەی ئینسان کە کائینێکی لێپرسراوە بەرامبەر بەمێژوو و بەرامبەر بەئینسانانی دیکە. لەنێو کەلتوور و سیاقێکی تایبەت دا هەڵدەکات.

لەم شیعرەش دا جارێکی دی، رەنگی "رەش" دەبێتە ئاوەڵناوی ئەو سەربازانەی کە لە ناو پیکابێکدان. بەخشینی ئەم رەنگە لە سەرچاوەیەکی زۆر هیوابەخشەوە هەڵناقوڵێت. ئەمە دیسانەوە، لەلایەک چەمکی دوالیسمان بۆ بەیان دەکات، لەلایەکی دیش فیکرەی رەگەزی پێست دەبێتە رێگر و تەواو دژ بەیەک دەوەستن ؛ ئەمە لە حاڵەتێکدا، هەموو دەزانین کە کێشەی کورد لەگەڵ رژێمەکانی بەغدا لەسەر بناغەی رەنگی پێست نەبووەو رەنگی پێست لەو ناوچەیە بە شێوەیەکی سەیرو سەمەرە تێکهەڵکێشن. بۆیە هاوکێشەی : کورد = سپی، عەرەب = رەش، دژ بەواقیع خۆیمان لێ قوت دەکاتەوە. ئەگینا بۆچی ئەو دوو ریزە عەسکەرەی ناو پیکابەکە، دەبێت پێستیان رەش بێت، رەش وەکو قیر؟

**وا لە ژێڵاوە...پیکابێ**
**لووت بەرز ڕەنگ زەردی موغاویر**
**دوو ریزی پشت لەیەکتری**
**عەسکەری ڕەش ڕەش وەکو قیر.** (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٦٤.)

چونکە، شاعیر نەفەسێکی حەکایەتئامێز واتە گێڕانەوە دەبەخشێتە دەقەکانی، واتە لەسەر هێڵی درامی و هێڵی کرۆنۆلۆژیا داڕێژراون و ئەم ڕەگەزانە ڕۆڵی لە بەرچاویان هەیە. ئەگەر بێت کارەکتەرە و شەخسییاتی ڕژێم بەئاژەڵ، یا بە باڵندە تەشبیە کرابێتن، هەڵبەتە ڕژێم خۆشی لەسیستەمە ڕزگاری نابێت. ئەویش، واتە ڕژێمیش دەبێتە"بەراز" بەڵام هەموو بەرازێک نا، بەڵکو" بەرزایێکی مێ" واتە"ماڵۆس" ئەمە بۆ ئەوەی بەهای لێبسەنێتەوە، واتە لە پێناو بێنرخکردنی ئەویترە:

**ئێستە ڕژێم ماڵۆسێکی سەربڕاو. .** (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٦٦.)

لەم بۆچوونەی شاعیر، دەگەینە ئەوەی کە ئەو ئەنجامەی کەوامان لێدەکات بەو شێوەیە بیربکەینەوەکە"بەرازی نێر" لە" بەرزای مێ" بەهای زیاترەو بەنرخترە. ئەم فیکرەیەش هەر لە خۆڕاییەوە نایەتە ژێر باری قەڵەمی شاعیر، بەڵکو زیهنییەتی نێرسالاری لەپشتەوەیە و هەر ئەویش ئاراستەی کردووە. هەر بەم پێیە، ئەگەر"ئەویتر" لە هاوکێشە شیعرییەکە ببێتە"سەگ"، بەڵام هەر "ئەویتر" کاتێک "ئێمە" دەشوبهێنێت، لەزمانی "ئەویترەوە" "ئێمە"دەبێتە"گەماڵ" واتە "سەگێکی نێر". لەم بڕگەیەی خوارەوە ئەم دیدەنیگایە زۆر بە ڕوونی بەرجەستەکراوە: ئەمەی لای خــوارەوە، لەزمانی ئەندامێکی ڕژێمەوە دەخوێنینەوە:

**دوێنێ شەوێ**
**چوار موخەریب بەچوار چەک و**
**دووی زیادەوە**
**خویان دایەدەست مەخفەرێ**
**خۆم چووم دیمن**
**ئەتوت گەماڵی چڵکنن. .** (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٧٧.)

بەم پێیە، شاعیر کەسایەتی"عاشوور" دەهێنێت و دەیبا، دەیکاتە دەعجان و دەعبا. لەکۆتایی دا، نایەوێت هەروەها بەئاسانی بیکوژێت، بەڵکو دەیەوێت ئازاری دات. بەڵکو دەیەوێت بیخاتە بازنەی ئەو حەلەبانەی کە جاران، لەرۆمای کۆن، ئاژەڵانیان تیا گەمارۆ دەدا و پێش کوشتنیشیان، لەژێر چەپڵە و هەراو هوریای بینەراندا، کۆتاییان بەو نمایەشانە دەهێنا. یەکێک لەو یاریی و نمایشانەی کە تا رۆژی ئیمرۆشمان پراکتیزەدەکرێت، زۆرانبازی گایە کە لە وڵاتانی وەکو ئیسپانیا و پورتوغال و باشووری فەرەنسا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەمریکای ئیسپانیزمان مومارەسە دەکرێت. ئەمە بەشێکە لە چەندین زۆرانبازی و پاڵەوانبازییانەی کە کاتی خۆی ئینسان دژ بە ئاژەڵانی پەیرەوکردووەو ئازایەتی خۆی بەرامبەر بە ئاژەڵانی بەسزمان تاقیکردۆتەوە. ئەم غەریزەیە یەکێک بوو لەو غەریزە حەیوانیانەی کە لەنێو جیناتی ئینسان تا رۆژی ئیمرۆش ماوەو ئەو نمایشانەش یەکێکن لەو دەرهاویشتانە، کە تا رۆژی ئیمرۆش، لایەنگر و موردیدی هەیە.

**ئەوەتا وا عاشوور حەمدان**
**دالاشێکی رەشی باڵ شکاو.** . (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٧١.)

**پاش چەند رۆژێ داڵ ریش**
**هاتووە. پانتۆڵ دڕاو. وەک گیسکێکی لەڕ و لاواز ئەگاتەجێ** . (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٧١.)

**شەوی کڵپەو هەڵمەتەکە. عاشوور کرد**
**بەنەخۆش و نەچووەدەرێ.**
**شمشێری لەکون خزابوو. لەکەنتۆردا پشیلەبوو**
**خۆی مت دابوو.** (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، لا٤٧١.)

لەم حەلەبە بازنەییانەی کە نمایشی ئاژەڵان تیا دەکرا، بەیەکێک لەیاریی و سپێکتاکلەکانی رۆمای کۆن دەژمێردرێت، جۆرە گەمەیەکی ناقۆڵا، بۆ ئەوەی چینی دەسەڵاتدار رابوێرن. بازوو و ماسوولکەو دەمار بکەنە تاقە سنووری نێوان ئینسان و ئاژەڵ. واتە جۆرە رابوردانێک بۆ ئەوەی هێز و بازوو و

دەسەلاتی خۆیان بەسەر ئەویتردا بسەپینن. ئەویتری ئاژەڵ و بەسزمان. پێش ئەم رابواردنەو کاتبەسەربردانەش، شایانی ئاماژە پێکردنەکە رەچەڵەکی ئەم نمایشانە دەگەرێتەوە بۆ کەشی قوربانییە ئاژەڵییەکان. ئەوەی ئێستا لە حەلەبەکانی زۆرانبازی گا دا دەکرێت، تەنها هەر بۆ رابوردن و وەختبردنەسەر بەکاردێن و بەهای سپێکتاکل و نمایشیان هەیە.

ئێمە بەرەوای دەزانین پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین: ئایا مەبەست و هاندەری سەرجەم ئەم زنجیرە گۆرانکارییانە چین کاتێک شاعیر دەیەوێت ئەویتری ئینسان بخاتەژێر پێشتی ئاژەڵی جۆراوجۆرەوە؟ چ حەقیقەتێکی شارەوەو پەنهان لەژێر ئەم پرۆسە ئاڵۆزە خۆی مەلاس داوە، لەکۆتایی دا چین ئەو پەیام و موژدانەی کە شاعیر دەیەوێت بیاندرکێنێت؟ ئایا بۆ رابواردن و وەختبردنە سەرە؟ یا لە ناهۆشیاریی شاعیردا گەرانەوەیەکە بۆ کەش و ئاوهەوا قوربانییەکانی زەمانی کۆن، یا ئەوەتا خۆزاڵکردنێکی خەیاڵییە کە لە رێگەی زمانەوە دەیەوێت بیهێنێتەدی؟ ئایا بەمە کەفوکوڵی قوربانیی بەرامبەر بەجەللادەکەی هێوردەبێتەوە، ئایا هێوربوونەوەی کەفوکوڵی قوربانی مەبەستی سەرەکییە؟ یا بەم دۆناودۆنکردنە، چوونە نێو پێستی جەللادێکی دیکەیەو بەشێوەیەکی کاتیی و پەنهان، ئارەزووی هاتنەدی خەونێک قووڵە کە تەنها لەنێو لۆچەکانی زماندا دێتەدی؟ یا ئەوەتا حەقیقەتێکی جێگیر دەسەلاتی تەواوی هەیەو لەناوچە دوورەکانی خەیاڵەوە دەچرپێنێتە بناگویی شاعیر و دەگاتە لای ئێمە، ئەویش ئەم حەقیقەتە تاڵەی لای خوارەوەیەوە:

**سەگ هەر سەگە**
**کورد هەر کوردە.** . (داڵ، چیرۆکەشیعر، بەرگی ٣، ل٤٧٦.)

بەمجۆرە رەگەزی کورد لەرەگەزی خەسم و دوژمن جودا دەکرێتەوە؛ شاعیر دەیەوێت ئەو حەقیقەتەمان لەلا بدرکێنێت : "ئێمە ئینسانین و ئەوان ئاژەڵن". ئایا ئەمە ناواخن و ناوەرۆکی سەرجەم ئەو خەبات و شۆرشانەیە کە کورد لەپێناوی ئازادیدا بەرپای کردووە؟ ئایا پەیامی لەمجۆرە، چ موژدەیەکی لەبۆ ئایندە پێ هەیە، ئەمە لە کاتێکیش دا پەیامی شیعر، بەرای ئێمە، لە دەرەوەی موعالەجەو چارەسەری بابتگەلی هەند ئاڵۆز و فرەلایەنانە. با گریمانی ئەوەش بکەین کە شیعر لەتوانای دا هەبێت، تەرحی بابەتی لەمجۆرەبکات، ئایا ئەوکات هەوڵدان بۆ تەرحکردنی سیستەمێکی دیکەی بیرکردنەوەو مامەڵەکردن لەنێو

گەلان و زمانانی ناوچەکە نابێت، ببێتە پەیامە هەرە زەرووریيەکان، نەک تەنها بۆ دوێنێ و ئیمرۆ، بەڵکو بۆ چەندین دەیەی دیکە؟ بگرە لەئاستی جیهانیشدا.

***

رەنگی رەش هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد، لە کەلتووری کوردی و لەنێو عەقڵییەتی میللی دا، بە رەنگی شووم دەناسرێتەوە. چونکە بەرامبەر بەسپی دادەنرێت کەلا بواری کرۆماتیکدا، واتە رەنگسازیی، دوو جەمسەری دژ بەیەکن. لەگامی رەمزییەتیش دا، بەتاریکیی و شەوەزەنگیی سەرەتایی بەراورد دەکرێت. بەرامبەر بەرووناکی-هەتاو دادەنرێت. ئەمە رەنگە بینینێکی سەرەتایی بێت بۆ رەنگی رەش. هەروەها زمانی کوردی چەندین موفرەدەمان دەداتێ کە رەش تيایە بەم واتايە، بەکارهاتووە:"رەشبین"، "روورەش"، " رۆژی رەش"، "رەشپۆش"، "ناوچەوان رەش" هتد.







بەڵام دەبێت دان بەوەدا بێنین کە رەمزییەتی رەنگی رەش لە لای ئینسان خۆرسک نییە، بەواتایەکی دی کەلتوورییە. ئەگەر رەنگی رەش لەلای ئێمە رەنگی پرسە بێت، ئەوە لەوڵاتێکی وەکو مەغریب، بەپێچەوانەوە رەنگی سپییە. هەروها کاتێک پاشایەک لەفەرەنسا بمردایە، ئەوە ئەو کات رەنگی سپییان دەکردە پۆشاک و دەبووە رەمزی شینوشۆڕ. چونکە سپی رەمزیی بووژانەوەو زیندوو بوونەوەبوو، بۆیە کاتێک پاشایەکی فەرەنسی بمردایە، دەیانوت پاشا مرد، بژی پاشا! مردن تەنها تەعبیری لەدایکبوونەوەو بووژانەوەی پاشایەکی دیکە دەکرد.

بەڵام لەچاخەکانی ناوەند، وێنەو پەیکەری مەریەمەی عەزرای رەش باوبوو، چونکە تەعبیریی

لەپێش-سەرهەڵدان و عوزرییەت و پاکیزەیی مەریم دەکرد. بەپێچەوانەوە، لەفیکریی ئیسلامیش دا، رەنگی رەش تەعبیر لەگونا و خەتا دەکات. بەگوێرەی ئیسلام، بەردە رەشەکەی کەعبە، لەسەرەتادا، بەردێکی بەهەشت بووە، واتە سپی و بێگونا و بێگەرد، رەشبوونی ئەو بەردەپەیوەندی بەگوناه و خەتا کەڵەکەبووەکانی ئینسانەوە هەیە؛ رۆژ بەرۆژیش رەشتر دەبێت.

رەمزییەتی رەش، لەلای شێرکۆ بێکەس، لەماددەخامەکەوە سەرچاوە وەردەگرێت، واتە رەش = نێگەتیف. هەر لەنێو ئەم واتایە دا، شاعیر دێت مانا دەبەخشێتە ئەم رەنگە. واتە نەیوسیتووە سیستەمی واتاکان تێکبشکێنێت بۆ ئەوەی نیوانس و لوینات بداتە ئەم رەنگە. ئایا کردەی شیعر قەپاندنی موفرەدەیەک نییەو رۆحتێکردنێکی دیکەی پێویست نییە بۆ ئەوەی ببێتەشیعر؟

با بڕوانینە ئەم دیڕە شیعرانەی لای خوارەوە:

**ئای کەبەختێکی رەشم بوو.** ( گۆڕستانی چراکان، رۆمانەشیعر، بەرگی ٦. لا. ٧٨)

**مردن لیرەوەختێ کەدێت**
**سەگەلی رەش لەپێشەوەن.** ( گۆڕستانی چراکان، رۆمانەشیعر، بەرگی ٦. لا.٧٩)

**سەگەلی رەش**
**یەک لەدوای یەک**
**چۆن ئەمانخوات.** ( گۆڕستانی چراکان، رۆمانەشیعر، بەرگی ٦. لا. ١٠٦)

**هەموو شتێ سپی**
**فڕینی سپی، سەرنجی سپی**
**ئاکار سپی، پەیڤین سپی**
**سەروریش سپی و خۆشەویستی سپی و**
**هەر مەرگ رەش.** . ( گۆڕستانی چراکان، رۆمانەشیعر، بەرگی ٦. لا. ١٨٧-١٨٦)

ئەم بۆچوون و تێگەیشتنەی شاعیر لەمەڕ چەمک و موفرەدەو هەڵبژاردنیان بۆ نووسینەوەی دەقی شیعریی، بەرەو گریمانێک دەمانبات، ئەویش ئەمەی لای خوارەوەیە: یەکێک لە پاڵدەرە سەرەکییەکانی شیعرنووسین لەلای شێرکۆ بێکەس، لەناواخنی عەقڵییەتێکی ئایینییەوە سەرچاوەوەردەگرێت، هەر ئەویش دەبێتە هاندەر و هەر ئەویش دەیجووڵێنێت. گرینگ نییە ئەم هاندەرە لە ڕێگەی ویستەوە بووبێت یا لەڕێگەی نەویستەوە. ئەوەی گرینگە ئێمە بەرەو رووی دەرئەنجامێک دەبینەوە کە ڕەگەزەکانی لە جیهانێکی پیرۆزەوە خۆیان ڕێکخستووە. مەبەستیشمان لەعەقڵییەتی ئاینی لایەنە عەقائیدیی و پراتیکئامێزەکەی نییە، بەڵکو مەبەست ئەو هاندەرانەیە کەئیشیان لەسەر زمان کردووە و لەسەرچاوەیەکی ئاین مەشرەبیشەوە هەڵقوڵاون. لەبەشی کۆتایی هەوڵ دەدەین بزانین چۆن بتوانین بەرگری لەم گریمانەی لای سەرەوەبکەین.

**سەرچاوەو پەراوێز:**


١- Paul du Breuil

Zararhoustra et la transfiguration du monde

Ed. Payot, 1978, Paris.

٢- هەمان سەرچاوە. لا. ١٠٢.

٣- هەمان سەرچاوە، ١٠٥.

٤- لەکاتی نووسینی ئەم بابەتە (کۆتایی مانگی حەوتی ٢٠١٠) پەرلەمانی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کەتەلوونیا، لە ئیسپانیا، یاریی و نمایشەکانی زۆرانبازی گا-ی قەدەغەکرد.

٥- هەمان سەرچاوە، ١١١.

٦- ژان شوڤالێی و ئالان گێربران، فەرهەنگی ڕەمز (میت و خەون و ڕەفتار و ئاخز و فۆرم و سیما و ڕەنگ و ژمارە)، ڕۆبێر لافۆنت، پاریس، ١٩٨٢.

# لەتەک ئیمانویل کانتدا؛ خەونبینین بە ئاشتییەوە!



**ئومێد حەمە عەلی – روسیا**

**ئەوە کێیە مافی کوشتنی منی هەیە لەسەر ئەوبنچینەیەی کە لە شوێنێکی دیکەدا دەژیم و پادشاکەم لەتک پادشاکەی ئەودا دوژمنایەتی دەکات، لەکاتێکدا من لەتەک هیچ کەسێکدا دوژمنایەتیم نەکردووە؟؟!**

بلێز باسکال

**جەنگ هۆیەکە بۆ هەڵهاتن لە کێشە چارەسەرنەکراوەکانی سەردەمی ئاشتی.**

تۆماس مێن

ئیمانویل کانت لە دەستپێکی پەرتووکی "بۆ ئاشتی هەمیشەیی"دا بەم شێوەیە نووسیویەتی: رووە و چ کەسانگەلێک ئاراستەکراوە ئەم وشانە، ئایا رووە و خەڵکن یان ئاراستەیان بەرەو سەرکردە و پایەباڵاکانی دەوڵەتەکانە، کە هیچ کاتێک ناتوانن تێربن لە جەنگ، یان ئەوەتا، تەنها روویان لە فەیلەسوفەکانە، کە هەمیشە ئەم خەوە شیرینە دەبینن؟! بێگومان فەیلەسوف لێرەدا دوو رەهەندی گرنگی بەشێوەیەکی رەخنەیی گاڵتەئامێزانە خستۆتەڕوو، یەکەم پەیوەستە بە خولیای شەڕەنگێزانەی هەمیشەیی دەسەڵاتدارانی دونیا. دووەم گرێدراو بە خەونی نایابی فەیلەسوفانەوە، کە بەردەوام لە سەربیناکردنی جیهانێکی جوانتر وەستاوە. ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوەیە، کە دەسەڵاتدارانی جیهان لە دێرینەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، زۆر بە دەگمەن نەبێت، نەیانتوانیوە تەوژمی شەڕەنگێزانەیان لغاوبکەن، بەڵکو راستتر ئەو تەوژمە نزیکەی کۆی فەرمانڕەوایانی لغاوکردووە و بە شوێن رەوتی ئاگراوی خۆیدا کێشیان دەکات.

دەسەڵات و پارە، گڕوتین بەم تەوژمە دەبەخشن تاهەنوکە. ئەم تەوژمە بە گڕکانی سەرمەدی خۆیەوە، بێ پشودان جەستەی مرۆڤایەتی سوتماک دەکات، ئەو هەڕەشە و تۆقاندنەی سات بە سات بەرهەمیدەهێنێ، ناهێڵێت تەنها چرکەیەکیش مرۆڤە ئاگامەندەکان لە ئارامی و ئاسایشدا بژین، لە بەرئەوەی جیهان لە راستیدا هیچ نییە جگە لە جەنگێکی هەمیشەیی گەوجانە. هەموو ئەوانە کەشێکی وەهایان هێناوەتە گۆڕێ، کە شیاو-بوونی چەمکەکانی ئارامی و ئاشتی تاڕادەیەکی گەورە لە "نەشیان-بۆ-بوون"ەوە نزیکبوونەتەوە. تەوژمی ئەم جەنگە مرۆکردە لە هەناوی دەسەڵاتپەرستان و پەرەپێدەر و رەواپێدەرانی جەنگەوە سەرچاوە دەگرێ، وە گەمژەیی هەمیشەیی مرۆڤیش تاقانە فاکتۆری خامۆشنەبوونەوەی ئاگری ئەم جەنگەیە، کە لە جەستەی خۆی بەربووە.

*

هیچ پەیماننامەیەکی ئاشتی ناکرێت وەک پەیماننامە ناوزەدبکرێت، ئەگەر لەکاتی پێکهێنانیدا نهێنییەک بمێنێتەوە، کە ببێتە بنەما بۆ جەنگی ئایندە، گەر پێچەوانە کەوتەوە، ئەوا ئەو ئاشتییە هیچ نییە زیاتر لە راوەستانێکی کاتی کردەجەنگیەکان، نەک ئاشتی، کە بێگومان واتای کۆتایی هەموو دوژمنکارییەک دەگەیەنێ[1]، رەنگە رێککەوتنێکی ئەوها بەتاڵ لە نهێنییەکانی جەنگی داهاتوو تەنها و تەنها لە ئەندێشەی فەیلەسوفان و مرۆڤە مەزنەکاندا هەبێ، رەنگە وەک کانت هێمای پێکردووە بۆچونگەل و روئیاگەلێکی وەها، کە دونیا تێیدا دونیایەکی ئاشتیئامێزە روو لە مرۆگەل و ئاگامەندانێک بن، کە خەون بە ئاشتییەکی

هەمیشەییەوە دەبینن، چونکە وا بە هەزاران ساڵ گوزەرا، بێئەوەی رابەران و سیاسەتبازانی جیهان بەڕاستی بکارن، لە ئاشتی تێبگەن، یاوەکو بیانەوێ تێبگەن و تەقەلای بەرقەراربوونی بکەن. ئەوەی هەبووە و هەیە تەنها جەنگ و تارماییەکانییەتی، تەنانەت لە کاتگەلێکیشدا، کە ماشینی جەنگ لەکار رادەوەستێ، هەر ئاشتی لە واتا راستینەکەی خۆیدا، نەک هەر کۆششی لەهەمبەرنەکراوە، بەڵکو لەناو ئەو پرۆسێسەدا هێندەی دیسان ئامادەکارییەکانی جەنگ سیما و نەخشی راستەقینەن، هێندە سەرەتایترین غەمەکانی ئاشتی لەبەر دیدە ناگیرێن، ئەم نوقتەیە، واتە خۆئامادەکردنەوە بۆ جەنگ نوقتەی بنەڕەتییە و هەم بنچینەی ئەو ئاشتییە "تەنک" کەیە، کە تەنها توانای داپۆشینێکی کاتییانەی راستینەی جەنگێکی بەردەوامی هەیە. ئاشتی لەتەک خۆیدا هۆکارەکانی جەنگ و دوژمنکاری لەنێو دەبات، ئەو تەنها لەسایەی رێککەوتنێکدا وەدیدێت، کە کۆتایی بە ئەگەرەکانی جەنگی ئایندە بهێنێ، ئەگەر نا هیچ نییە جگە لە خۆفریواندنێکی دیکەی مرۆڤ، نابێتە دیاردەیەکی جودا بەدەر لە گەوجێتییەکی دیکە، وە ئەشێ شتێک نەبێ بەدەر لە ویستێک بۆ نوێکردنەوە و وزەی نوێ بەخشینەوە بە جەنگ، بە گوتەی کانت ئەم ئاشتییە چیدیکە نییە لە ئاگربەستێ زیاتر.

*

هیچ دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەنخۆ"بچووک یاخود گەورەبێ، جیاوازی نییە" هەرگیز نابێ ببێتە دەستکەوتی دەوڵەتێکی دیکە، نە لە رێگای میراتگرییەوە، نە لە رێگەی ئاڵوگۆڕەوە، وەنە بە شێوەی کڕین و بەخشینەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە دەوڵـەت، دەتوانین بڵێین، بە جیاواز لە زەوی، کە خودی دەوڵەتەکەی لەسەرە، سامان یان موڵک نییە. دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵانی خەڵک، کە فەرمانڕەوایکردن و رابەرایەتیکردنیان تەنها پێویستە خودی خۆیان بن، نەک هیچ ئەویترێک[1]. پرسی ئاشتی لە زەمینەیەکدا دەکرێ وەدیبێت، کە رێککەوتنێکی راستینە و روون بۆ بەرجەستەکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی بهێنرێتە گۆڕێ. هیچ پەیمانێکی دۆستایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە ناتوانێ بوونی هەبێ، ئەگەر ئەو هێز و دەوڵەتانەی، کە لە نێو خۆیاندا پێکدێن، یاوەکو گەرەکیانە پێکهاتنێکی ئاشتیانەی مکوم بینابکەن، بە پێویست هاوسەنگی لە نێوانیاندا پارێزگاری لێ نەکرێت، واتە گەورەیی و گچکەییان نەبێتە بنەما یان کاریگەر لە ناو پرۆسێسەکەدا، بە پێچەوانەوە هەر هەوڵێکی ئاشتیانە نابێتە بنچینە و پایەی رەسەنی ئاشتییەکی هەمیشەی، تەنانەت لە باری هەرەلاوازیدا، هیچ هێمایەک بۆ ئاشتییەکی درێژخایەن پیشان نادات، چونکە پەیوەندییەک، کە لەسەر بنچینە

و لەسایەی کاریگەربوونی بەهێزی و لاوازیدا وەبەرهەم بێت، تەنانەت ناشێ وەک "پەیوەندی" ناوزەد بکرێ. بەو پێیە بێت پەیوەندی و هەر پرۆسێسێکی ئاشتیانە، بەتەواوی پرۆسێسێکی ئیرادەگەریانەیە. دەوڵەتێک، یاخود هێزێک لە دۆخی دۆڕاویدا ناتوانێ بانگەشەکاری ئاشتی راستینە بێت، بەتایبەت ئەگەر هێزی بەرانبەر وەک هێزی سەرکەوتوو و بالادەست مامەڵەی لەتەکدا بکات، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە پێشنیار و تەقەلای ئاشتەوایکردن پێویستە لە پێناو خودی ئاشتیدا بێت، نەک ئامانجگەلی دیکە، لەبەرئەوەی زۆربەی کات شێوەیەکی دیکەی دژ بەم فۆرمەی ئاشتی دەبێتە وێستگەیەک، کە تێیدا سەرنشینەکانی ماشێنی جەنگ پشوویەکی تێدا وەردەگرن تاکو بەگوڕتر و پشوودرێژانەتر ئەم ماشێنی جەنگە بخەنەوەڕێ.

مەبەست لە دەوڵەت و هێزی ئیرادەگەر، یان خودان ئیرادە ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی ئازادانە هەنگاوی هەر پرۆسێسێک بهاوێژرێت. ئازادانە هەڵبژاردنی ئاشتی پێش مەرجی مانەوەی ئاشتییە، وەهەر لە بنەڕەتەوە تەنها مەرجێکە بۆ بوونی هەر شێوازێکی پەیوەندی، جا لە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتییەوە تاوەکو دەگاتە ئاستی پەیوەندی دەوڵەتان و گرێدانی پەیماننامەکان لە نێوانیاندا. بێگومان تەنها لە وەها ساتێکدا دەتوانین بڵێین پەیوەندی بوونی هەیە، کە هەم دەوڵەت، دەوڵەتێکی ئازادبێ لەناو خۆیدا، واتە بەمانا کانتیەکەی بریتی بێت لە کۆمەلانی خەڵک وە هەم ئازادبێ لە سەرزەمینی نێودەوڵەتیدا، تاکو پەیوەندی تەنها پەیوەندییەکی ساختە نەبێ لە نێوان دەزگا دەوڵەتیەکاندا، وەک لە نێوان دەوڵەتە تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا وەهایە، بەڵکو پەیوەندی بێ لەنێوان کۆمەڵگاکاندا، بەم شێوەیە دەشێ گرەنتییەکانی پارێزگاریکردن لە پرۆسێسی ئاشتی مسۆگەرتر بکرێن. شوناسی دەوڵەتی سەربەخۆ پەیوەستە بە گوزارشتکردنی ئەوەوە لە خۆیەتی خۆی، وە نەبوونە ئەوی دیکە. دەوڵەت ناتوانرێت وەک سامان مامەڵەی پێوەبکرێ، چونکە ئەو- واتە کۆمەلانی خەڵک، مەرجی رەسەنبوون و ئازادبوونی دەوڵەتێک لە سەر بەخەڵکبوونی ئەودایە، هەر بۆیە تەنها رەوایەتییەک بۆ فەرمانڕەوایکردن لە هەناوی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و وە بە پێویست دەبێ وابێ.

*

لەژێر رۆشنایی بیری کانت دا، دەوڵەت هەرچەندە هەندێجار بۆ بەڕێخستنی پرۆسەی ئاشتی و پێکهاتن لەتەک ئەوانیتردا هەنگاوبنێ، ئەو هەنگاوانە ناتوانن ئەو راستییە حەشاربدەن، کە تێیدا مەبەستی وەها هەنگاوگەلێک دەردەکەوێ،

ئەو مەبەستە پەنهانیانە خۆی لە دۆزینەوە و بەکاربردنی ڕێگەیەکی دیکەدا دەبینێتەوە، کە بەهۆیەوە بتوانرێ بەبێ بەخەرجدانی هێزێکی زۆر و لەسای دۆخیکی نا شەڕدا ئامانجگەلێک وەدەست بهێنرێ، کە دەکەونە بەرەی دژبەری ئاشتی راستەقینەوە. کاتێک ئاشتی لە کرۆکی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە، کە نەگەشتبێتە یاخود نەڕواتە ئەو ئاستەی تێیدا پاڵنەر و هەوڵی فراوانکردنی هەژموون بەکۆتا بگات، ئەمە بەتایبەت لە دیدی هێزەکاندا بۆ سەر ڕێخستنی ئاشتی راستەقینە. پەیماننامەگەلێکی زۆر و زەوەندمان لە توێی پەڕەکانی مێژوودا بەجێ هێشتووە، تەنانەت لەبیریشمان کردوون، وە تاوەکو ئەم دەمە ژێرپێ خراون و بەردەوامیش ژێرپێ دەخرێن. ئایا دەزانین ئەوانە لەپێناو چیدا پێکهێنران، بێگومان دەشێ بێژین هەر لەپێناو ئەوەشدا پێشێلکران، چونکە لە راستیەکەیدا بۆ ئامانجی مەزنی ئاشتی پێکنەهێنران. ئەو پەیماننامانە لە بوونیادیاندا هێندەی پەیامی هێزەکان هەبووە بۆ ئاگادارکردنەوەی مرۆڤایەتی لە جەنگی چاوەڕوانکراو، هێندە هەڵگری بانگێکی راستەقینە نەبووە بۆ ئاشتی.

*

هەمیشە جەنگی نێوان دەوڵەتان و گەلان سەرەتا و زەمینەیەکی لەبەرتری هەیە، وە ئاماژە و هێماگەلێکی دیاریکراوی خۆی هەیە. رەنگە سوپا و لەشکری هەمیشەیی ئەو هێما دیارانەی جەنگ بن، کە ناکرێ نادیدەیان بگرین، لەبەرئەوەی لە راستیدا هەم وەک هۆکار و هەم وەک بوونیاد و پاڵنەری بەردەوامیەتی جەنگ خۆی بەرجەستەکردووە. بۆیە کانت دەربارەی ئەم بابەتە ئەوها دەنووسێ:"سوپا هەمیشەییەکان بەپێویست دەبێ لەتەک کاتدا بزرببن و نەمێنن بەتەواوەتی، ئەگەرنا هەمیشە ئامادەی جەنگ دەبن، وە بەردەوام بەم سوپایانە هەڕەشە لە دەوڵەتانی دیکە دەکرێ"، بەم شکڵە ئەوەمان لەلا روونە، کە سوپای هەمیشەیی فاکتۆر و وەرێخەری جەنگی هەمیشەییە. گەورەکردنی سوپا و بەردەوام داهێنانی چەکوچۆڵی نوێ و پێشکەوتوو لە کارایی کوشتن و وێرانکردنی زیاتردا، لەخۆگری ئەو راستییە ئازاراوییەیە، کە دەسەڵاتداران بەناوی ئاشتییەوە، هیچیان نەکردووە جگە لە راگەیاندنی جەنگێکی تر و جەنگێکی تری وێرانکارانەتر و وێرانکارانەتر. ئەمەش سەرچاوەی گرتووە لەو تۆقاندنە بەردەوامانەی، کە سوپاکان لە میانی نمایشکردنی خۆیاندا بڵاویدەکەنەوە لەبان مرۆڤایەتیدا. هەردەم و هەموو نمایشێک، تەنانەت لە هێمنترین کاتیشدا، کە سوپاکان ئەنجامی بدەن، بریتییە لە نامەی دەسەڵاتداران بۆ مرۆڤەکان، جا چ هاوڵاتی بن، یان ئەوەتا لە نێو دەوڵەتانی دیکەدابن، دەربارەی ئەوەی، کە ئەم

هێمنییە، ئەم دۆخەی کە تێیدا جەنگێکی گەرم بوونی نییە، هیچ نییە بەدەر لە درۆیەک، تەنها ئاشتییەکی ساختەکراوە و بەس. هێمایەکی دیکەی خوێندراوە لە نامە نەنووسراوەکەی دەسەڵاتداراندا، وە پەیوەست بە کرۆکی ئامانجی نمایشکردنی سوپاوە ئەوەیە، کە دەسەڵاتبەدەستان دەیانەوێ بڵێن –ئێوە، ئەی خەڵکینە بوونتان و ژیانتان و ئازادیتان وابەستەی بوونی ئێمەیە"واتە ئەوان، دەسەڵاتداران"، ئەوان بە ئەفراندنی مەترسی، ژیان پردەکەن لە نائارامی و لە بن ئەو نائارامییەدا تەمەنی خۆیان درێژدەکەنەوە.

ڕەنگە هەنووکە جێگەی خۆی بێ ئەو پرسیارە بهێنرێتەگۆڕێ: ئایا دەتوانرێ چی بکرێ؟ ئایا بەبێ بوونی سوپایەکی هەمیشەیی، چۆن سەربەخۆیی دەوڵەت و سەروەری گەلێک پارێزگاری لێدەکرێ؟ بێگومان، ئەگەر لە داکەوتەوە بنوارینە ئەو پرسە و گەرەکمان بێ وەڵامێکی پێ بدەینەوە، لەوکاتدا بەناچاری دان بە پێویستی بوونی سوپادا دەنێین، چونکە لەم داکەوتە ترسناکەدا بەرادەیەک مرۆڤ و جەنگ، یان دەسەڵاتداران و جەنگ ئاوێزانی یەکتری بوون، هەر دەڵێی دووانەن و لە سرووشتەوە وەهابوون، ئەو نزیکی و یەکێتییەی نێوانیان رەنگی راستینەی گرتووە. واتە سوپا وەک پارێزەر و مەرجی مانەوەی دەوڵەت و گەل و نیشتمان بووەتە حەقیقەت، بووەتە دەرئەنجامێکی ئەقڵانی پێدراوەکانی داکەوت، ئەمە بەڕادەییەکە، کە یاخیبوونمان و دژبەریمان بۆ وەها راستینەیەک رەنگە رووبەڕووی رەخنەی گەمژەیی و نەزانیمان بکاتەوە. ئەوەی گرنگە هێماکردنە بە جیاوازیەکان لە نێوان داکەوت و حەقیقەتدا "راستینە"دا، چونکە مەرج نییە ئەوەی داکەوتبوو "واقعی"، راستینەش بێ، ناکۆک لەتەک گوتە بەناو دەنگەکەی هیگڵ دا "هەموو داکەوتێ ئەقڵانییە، وە هەموو ئەقڵانییەک داکەوتە"، بەو پێیەی حەقیقەت بەرئەنجامی پرۆسێسێکی ئەقڵیە بۆ هیگڵ، بۆیە رەنگە هەڵە نەبێ بگوترێ، کە دەرئەنجامێکی ئەقڵانی بۆ خۆی راستینەیە "حەقیقەت"ە. لێرەدا و بەوپێوەرە، دەشێ واتێبگەین، کە سوپا و جەنگ پێویستن، لەبەرئەوەی واقعین "داکەوتن"، کەواتە پێویستی بوونیان ئەقڵانییە. ئێمە بڕوامان وایە، کە رزگارکردنی ئەقڵانیبوون لە داکەوتبوون دەشێ وەک تێکۆشینێکی هزری مرۆڤگەراییانە مامەڵە بکەین، بەپشتبەستن بەو راستینەیەی، کە مرۆڤ تاقانەیەکە بیردەکاتەوە یان دەتوانێ بیربکاتەوە، کەواتە دەربازکردنی خودی بیرکردنەوە لە هەر رەهەندێکی نامرۆییانە، هاوکات دەبێتە بەرخودانێکی تەواو مرۆییانە. ئەقڵ وە بیرکردنەوەش وەک تاکە پیشەی ئەقڵ، کە بریتین لە بەشێکی گەورەی شوناسی مرۆڤ، سەربەستبەردانیان لە داکەوتگەرایی بەهەمان شێوە خەباتێکی

مرۆییانەیە. رەنگە بە پرسیارێکی دیکە بشێ دەربارەی ئەقڵانیبوونی پێویستی ئامادەی سوپا و جەنگ بپرسین: ئایا لە دۆخێکدا نەتەوەیەک یان دەوڵەتێک هەڕەشەی لەسەرە، وە پەلامار دەدرێ، لەوکاتدا چۆن دەکارێ بەرگری لە بوونی خۆی بکات، خۆ بەرگری بەرابەر سوپایەکی هێرشکەر بە سوپا دەکرێ یان بە شێوەیەک لە شێوەکانی جەنگ و رووبەڕووبوونەوە؟ پرسیارێکی ئەقڵانییە، بەڵام لەسەر بنەڕەتێکی کۆنینەی نائەقڵانی بیناکراوە، ئەوە واتای وانییە، کە دەشێ ئەقڵانییەت لە سەر بنەمای نائەقڵانییەت وەدی بهێنرێ، نەخێر هەرگیز، بەڵکو مانای ئەوەیە، هەر لە سەرەتا و لە سەرچاوەوە هەڵە مەزنەکە روویداوە، ئەم هەڵە- نائەقڵانییەتە بەپێی بەردەوامبوون و دووپاتبوونەوەی لە مێژوودا، بەجۆرێ لە جۆرەکان وا بەدەردەکەوێ، کە بەرگی هەڵەبوون و نائەقڵانییەتی فڕێدابێ و بەرگی داکەوت و ئەقڵانییەتی پۆشیبێ. ئەمەش رەنگە هەر ئەوە بێ، کە وەک سرووشتی مرۆڤ لێکدەدرێتەوە، کە تێیدا داکەوتی هەنوکەیی سرووشتی مرۆڤ وەک "هەرهەبوو" و "هەمیشەبوو" یەک قبوڵ دەکرێ. هەموو دەزانین، کە سرووشتی مرۆڤ داهێنراوە، واتە نە "هەرهەبوو"ە، نە "هەمیشەبوو"ە، ئەمە سەرباری ئەوەی، کە دیاردە سرووشتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بۆخۆیان رۆڵ وازیدەکەن لە نەخشکردنی سرووشتی، یان راستتر بێژین شوناسی مرۆڤدا، بەڵام رۆڵی ئەم دیاردانەش نەگۆڕنییە و رەنگە بەگوێرەی گەشەی بوون و بیر و شارستانییەتی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردابهێنرێ.

ڕەنگە هەڵە نەبین لەوەدا، کە ئەقڵانیبوونی داکەوت نائەقڵانییەتە، ئەوپەڕی نائەقڵانییەتیش نواڕینە دونیایە لە گۆشەنیگای داکەوتەوە، نەک لە گۆشەنیگای مرۆڤبوونەوە.

*

بڵندبوونی دەوڵەتەکان بەسەر یەکتریدا هاندەر و پاڵنەریانە بۆ گەورەبوون و زیاتر پڕچەککردن لە بواری هێزی سوپاییدا، ئەم هەوڵی گەورەبوونە هیچ سنوورێک نازانێ، تا چ ئاستێکیش پەیوەندی بە ئاشتییەوە هەیە، بوجەی ئەم پرۆسێسی گەورەکردنی هێزی سوپایە لە کۆتاییدا دەبێتە سەختی و ناهەمواریيەکی زیاتر بە بەراورد بە جەنگە کورتخایەنەکان. لەوکاتدا خودی سوپا هەمیشەییەکان دەبنە هۆکاری شاڵاوی جەنگی بەمەبەستی قوتاربوون لەو بارودۆخە[1]. ئەگەر تەماشای داکەوتی ئەورۆیی جیهان بکەین، بە ئاسانی پێشچاومان دەکەوێ، چۆن سوپای دەوڵەتە جیاوازەکان بەرابەر یەکدی خۆنمایش دەکەن، وە هەر چرکەیەک دەبنە مۆتیڤی ورووژاندنی ئەوانی دیکە بۆ

هاوسەنگکردنەوەی هێز. ئەم بەربەرەکانێ و پێشبڕکێیە، کانتییانە بێژین، هیچ سنوورێک ناناسێت، ئاستێک و وێستگەیەک شک نابات تاکو تێیدا پشوو بدات، بە شێوەیەکی ترسناک وەستانی گەشە و دانەهێنانی شێوازی نوێ و چەکی نوێی جەنگی لە هەر ساتێکدا وەک هەڵە و مەترسی ستراتیژی دێتە ئەژماردن. غەریزەی فراوانکردنی توانای جەنگین بووەتە پاڵنەری ناکۆتای ئەم دەوڵەتانە بەبێ گرنگ تەماشاکردن و لەبەرچاوگرتنی پرسی هەرەبالای ئاشتی هەمیشەیی، ئاشتی نەبووەتە ئامانج، بەڵکو زیاتر ئامرازێکە بۆ ئامانجەلێ، کە دەشێ بەم شێوە و بە تێچوونێکی کەمتر وەچنگ بخرێن. هێشتا لەناو دونیابینی دەسەڵاتدارانی دونیادا ئاشتی وەک ئامانج و تێکۆشینێکی هەمەلایەن دەرنەکەتووە، بۆیە ساتێک نییە لە ژیانی مرۆڤایەتی، کە سەروەری و ئاشتی هەمەلایەنەی مرۆڤەکانی تێدا بنپێ نەکرێ.

ئەو زیان و کارەساتانەی لە بەرەنجامی ئەو کێبەرکێی هێزگەورەکردنەوە سات بە سات دەکەوێتەوە، خەریکە زیاتر و قوڵتر دەبێ بە بەراورد بە جەنگە کورتماوەکان، بۆ ئەمە پێویستە سەرنجی ئەو بووجە زەبەلاحانە بدەین، کە لە وڵاتانی جیهانی ئەمڕۆدا بۆ ئەو بوارە خەسار دەکرێ، ئەوها تێدەگەین، کە لەوانەیە لەو رێگەیەوە بتوانرێ کێشەی برسیەتی و ژیانی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە و سەرجەم جیهانی پێ چارەسەر بکرێ. ئایا ئەگەر مرۆڤەکان، دەوڵەتەکان ئەو قەبارەگەورەیەی داهاتیان بۆ وێرانکردنی جیهان تەرخان نەکەن، چی روودەدا؟ ئەگەر جەنگ کۆتایی بێت چ روودەدا؟ ئەگەر هەموومان چەکەکانمان فرێدا ئەشێ چی روو بدات؟ ئەگەر بەتەواوی لەبری جەنگ ئاشتیمان هەڵبژارد چی روودەدا؟ رەنگە سیمای ئەم پرسیارانە گەمژانە و شێتانە بنوێنن، نەک لەبەرئەوەی پرسی گرنگ و قوڵ و راستەقینەنین، بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی دژن لەتەک ئەو دۆخەی، کە داکەوت بەسەرماندا سەپاندوویەتی، هەڵبەت داکەوتێک، کە گەمژەیی لەبن نەهاتووی مرۆڤ تاکە وەدیهێنەریەتی.

*

زۆرێک لەو جەنگانەی روودەدەن، ئەگەر وردبینەوە جەنگگەلێکن، کە تێیاندا مرۆڤەکان بەکرێگیراون بۆ ئەوەی بکوژن و بکوژرێن، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو مرۆڤانە لە لایەن ئەویدیکەوە بەکاردەهێنرێن وەک چۆن هەر ئامێر و چەکێکی ساکار کەڵکی لێوەردەگیرێ، وەها مامەڵەیەک بێگومان بەتوندی دژی مافی مرۆڤایەتیی و کەسیەتی ئێمەی مرۆڤە[1]. ئەمە راستینەیەکی مەزنە، ئەگەر لە گۆشەنیگای کەسیەتی مرۆڤەوە تەماشابکەین، دەبینین مرۆڤ خۆی

بزر دەكات، هێزی خۆی، كاری خۆی و ژیانی خۆی دەفرۆشێ، ئەوا هیچی لێ نامێنێتەوە بەدەر لە قاوغێكی مرۆڤی بەناوەرۆک بەتاڵ، كە ئامێر ئاسا دەخرێتە گەڕ لەپێنا و ئەوی دیكەدا یان شتێكدا، كە دەشێ بوونەوەرێكی پیرۆزكراو، رابەرێكی گیانیی، یاخود رامیاری مەزنكراو، یان هەموو ئەمانە بە گوزەركردن بە ئایدۆلۆژیایەكی دینی، یاوەكو رامیاری لە ئازادی داماڵراودا بەرجەستە دەبن، ئەم بەرجەستبوونەی ئایدۆلۆژیا دینی و رامیارییەكان وەک راستینەی رەها "حەقیقەت" لەناو مرۆڤ و بەسەر مرۆڤدا، كتومت واتە بەرجەستەبوونی كۆیلایەتی پەتی لەتەواوی رەهەندە هەمەلایەنەكانی كۆمەڵگەیەكی مرۆڤایەتیدا. بۆیە ئاشتی و ئازادی پێویستە پێكەوە هەبن، نەبوونی هەریەكێكیان، تەنانەت ئەگەر بەرەهایی نەكارین، وەک نەبوونی ئەوی دیكەیان لەقەڵەمی بدەین، ئەوە بوونیان بێ یەكتری، بێگومان بوونێكی لەرزۆكە و ئامادەی لەناوچوونە.

هەرچەندە مرۆڤ، یان نەتەوە و دەوڵەتێ بەتەواوی بەرپرسیارن لە چارەنووسی خۆیان و لە بوونیان وەک بوونێكی ئازاد، یاخود وەک كۆیلە و سەر بەوانی دیكە، بەڵام هەمان بەرپرسیارێتیشیان لەئەستۆدایە لە ئاست ئەوانی دیكەدا، مرۆڤەكانی دی، نەتەوە یان دەوڵەتانی دیكە. بۆیە دۆخی ئاشتی كاتێک بەهۆی داگیركردنی نەتەوە و وڵاتێكەوە، یان دیسپلینكردنی ئایدۆلۆژیانەی تاكەكەسەوە لەناو دەبرێ، لەهەمان ساتدا بەرپرسیاریەتی هێزی داگیركەر یان باوەڕی پیرۆزكراو لە ئاست ئازادی مرۆڤدا بنپێ دەخرێ، بن پێخەری ئاشتی و ئازادی هەمەرەهەندی مرۆڤ هەمان داگیركەر و هەمان باوەڕە بەحەقیقەتكراوەكانن. ئەوە سەرباری ئەوەی بەرپرسیارێتی ئەو دۆخە لەئەستۆی ئەوانەشدایە كە ملكەچی و بەندایەتی رەهای خۆیان بۆ ئەوی دیكەی نامۆ قبووڵدەكەن، هەر ئەم رەزامەندبوون و بێدەنگییە هێمای رادیكاڵیانەی هەبوونی مرۆڤی نائازاد و نارەسەنە.

*

هەرگیز نابێ ئەركە دەوڵەتییەكان بەكاربهێنرێن بۆ كارە رامیارییە دەرەكییەكان[1]، هەڵبەت مەبەست لەو ئەركانە، ئەو ئەركە ناوەخۆییانەیە كە پێویستە دەوڵەت لە نێو چوارچێوەی جوگرافیای رامیاری خۆیدا بەئەنجامیان بگەیەنێ. ئەو ئەركانە یەكێ لەپایە هەرە گرنگ و پتەوەكانی راگرتنی سەربەخۆیی و بەردەوامیدانە بە دڵسۆزی و ئینتمای هاوڵاتیان بۆ نیشتمان، نەتەوە یان دەوڵەت، تێكەڵاوكردنی لەتەک كاروبارە دەرەكییەكاندا نەشیاوە. دەتوانین ئەم نەشیاوییە بە دوو شێوە تێبگەین، یەكەم: ئەم ئەركانە، ئەركی هەرە سەرەكی و سەرەتایی دەوڵەتن، هەم

مافی هەرە سەرەتایی و پێویستی هاوڵاتیانن، نابێ بەهیچ بیانوویەکی رامیاری و کاروباری دەرەکییەوە گرفت و کۆسپیان بخرێتە بەردەم. دووەم: ئەم ئەرکانە بەکارهێنانیان لە کاروبارە دەرەکییەکاندا، کە رەنگە قەرزدان و هەم وەرگرتن، یان پەیوەنییە ئابووری و بازرگانییەکان بگرێتەوە لە نێوان دەوڵەتەکاندا، نابێ کەڵکی خراپ و دژەمۆڕالییان لێوەربگیرێ بۆ دەستێوەردان لە دۆخی ناوخۆی دەوڵەتانی دیکە، بە مەبەستی شێواندن، وە بۆ دەستبەسەرداگرتن و سەپاندنی سزا و هەر ئامانجێکی تر، کە بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکی تەسک و دیاریکراودا بێ، نەک بە مەبەستی خزمەتکردن بە پرۆسێسی ئازادی و شکۆدارکردنی مرۆڤ و ئەفراندن و سەقامگیرکردنی ژیانێکی دادپەروەرانە!

❋

گەڕانی دەوڵەت بۆ دۆزینەوەی رێگایەک لەناوخۆدا، یان لە دەرەوەی وڵاتدا، نابێتە هۆی ورووژاندنی گومانەکان، ئەگەر هەموو ئەوانە لە پێناو دەستەبەرکردنی پێداویستی خاوەنە راستەقینەکانی وڵاتدا بێ، وەکو چاککردنی رێگەوبان و بونیادنانی شوێنی نیشتەجێبوونی تازە و ئامادەکاری بۆ رووبەڕووبوونەوەی ساڵە نەهات و بێ بەرهەمەکان وە تەواوی خزمەتگوزاریەکانی تر[١]. لێرەدا ئەوەی گرنگە تاقیکردنەوەی دەسەڵاتە، چونکە بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی مرۆڤپەروەر لەسەر دوو بونیادی سەرەکی خۆی گرتووە، یەکەم فەلسەفەیەکی سیاسی مرۆڤدۆستانە، وە لەهەمانکاتدا پراکتیکی ئەو فەلسەفە سیاسییە کە بریتیە لە بونیادی دووەم. کەواتە بۆ ئەوەی گومان لە دڵسۆزی و سەرڕاستی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت نەکرێ، ئەوان بەپێویست دەبێ پابەندی سەلماندنی ئەوەبن، کە سەربەگەلن وە خزمەتکاری ژیانێکی دادپەروەرانە و ئاشتیانەن، نەک بە پێچەوانەوە، چونکە ئەمە رادیکاڵیانەترین مەرجی رەوابوون یان رەوانەبوونی لەبان تەختبوونی ئەوانە.

❋

توانایی و بەردەوامی جەنگ پەیوەستە بە مەیل و ویستی جەنگەوە. ئەو دەسەڵاتەی خودان مەیلی جەنگە گەورەترین کۆسپی سەر رێگەی چوون بەرەو ئاشتی هەمیشەییە[١]. بێگومان ئەوە دروستە، بەردەوام رەفتاری شەڕەنگێزانەی دەوڵەتەکان لە مەیلی ئەواندا بۆ جەنگ خۆی بەیان دەکات، کە دەشێ لە هەناوی ئەو مەیلەدا هێز و پاڵنەرە ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییە ئابورییەکان فەرمانڕەوابن وە بیانەوێ کۆنترۆڵی وڵات و ماڵی ژین و بوونی ئەوانی دیکە بکەن، ئەمەش دوژمنی سەرسەختی ئاشتی هەمیشەییە .

❋

هیچ یەکێ لە دەوڵەتەکان نابێ بە ڕێگەی توندوتیژی دەستبخاتە پێکهاتەی ڕامیاری و فەرمانڕەوایی دەوڵەتانی دیکە[1]. لێرەدا بەڕوونی ئەوە لە بیری کانتدا دەردەکەوێ، پێش هەموو ئەو یاسا نێودەوڵەتیانە کەوتووە، بەتایبەت کە لە پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتوونەتە ئاراوە، کە دەستێوەردان بە توندوتیژی و زۆرەملێ لە کاروباری دەوڵەتانی دیکە ڕێگەپێنەدراوە، فەیلەسوف لێرەدا دەرفەتی دەستتێوەردانیش دەهێڵێتەوە، تەنها بەشێوازێک بەدەر لە توندوتیژی، بەڵام هێشتا ئەم دیدە بۆ ئاشتی گرفتی خۆی هەیە، بە تایبەت کاتێ دەبینین هەندێ لە دەوڵەتان لە ناکۆکی قوڵدان لەتەک هاوڵاتیەکانیاندا، دژبەری ئازادی و دادپەروەرین و نایانەوێ ئەو خواستانە جێبەجێ بکەن، کە خەڵک خوازیارین وە ئێجگار ستەمکارانە دەکەونە سوکایەتیکردن و لەناوبردنی مرۆڤە یاخییە ئازادیخوازەکان، دەبێ بپرسین، ئایا لەوەها ساتێکدا کە ڕێگەی ئاشتیانە تاڕادەیەکی زۆر دەگاتە بنبەست، نەک تەنها لەبەر ئەوەی سیستەمی ستەمکار هەموو هەوڵێکی ئاشتیانە دەکوژێ، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە سنوورەکانی سوکایەتیکردن و کوشتن و لەناوبردنی تەواوەتی دەگەنە دوا ڕادەکانی خۆیان، ئەمە ئیدی قاتوقڕکردنی مرۆڤە بەشێوەیەکی فیزیکی، ئەوها، چ ڕێگایەکی ئاشتیانە دەکارێ بەربەم خوێنخوارییە بگرێ؟!

لێرەدا گونجاوە نموونەیەک لەبەرچاوبگرین، کاتێ دەوڵەتێک لە بەرئەنجامی ئاژاوە و ئاڵۆزی ناوخۆیی دابەشدەبێت بەسەر دوو بەشدا، وە هەریەکە لەوان وەک دەوڵەتێکی جیاواز خۆی دەردەخا، گوزارشت لە سەربەخۆیی دەکا؛ ئەگەر یەکێ لە ئەوان پێویستی بە یارمەتی هەبێ، ئەوە نابێ وەک دەستێوەردان لە پێکهاتی ڕامیاری ئەوانی دیکە تەماشابکرێ، بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی فەوزا[1]. کەواتە ئەو جۆرە بەشداریکردن یان دەستێوەردانانەی، کە بۆ ڕێگەگرتنە لە پشێوی یان بۆ بەدەمەوەچوونی ئەوانی دیکەیە بە مەبەستی دەربازکردنیان لە دۆخێکی نالەبار، ڕەوایەتی هەیە بە پێی ڕوئیای کانت، بەڵام مەترسی گەورەتر ئەشێ لێرەوە سەرهەڵبدات، چونکە لێکدانەوە بۆ "ڕەوایەتی"ی یارمەتیدان، وە تێگەیشتن لەوەی، چ کاتێ ڕەوایە پشتیوانی دەوڵەتێ یاخود گەلێک بکەیت دەمانباتەوە کن کێشەیەکی گەورەی فەلسەفی، ئەویش "کێشەی ڕاستینە-حەقیقەت"ە، واتە دەشێ بپرسین کامانەن ئەو پێوەرانەی ،کە پێویستە بڕیارەکانمان بەناویاندا تێپەڕبن؟ ئەمە گرفتێکی هەمیشە بووە، وە خۆی لە دیدی جیاواز دەربارەی ڕاستینەدا دەبینێتەوە "ڕاستینەی ژیان، ڕاستینەی ڕامیاری و دەوڵەت و ئابووری، کێشەکانی دادپەروەری و ئازادی ...هتد"، ئەگەر

ناچاربین گوزارشت لە گەڕانی خۆمان بۆ دۆزینەوەی پێوەرگەلێ بکەین، کە بتوانن بەرچاو ڕۆشنییەکمان پێ بدەن، ئەوا دەشێ هێما بە ڕاستینە یان پێوەرێ بکەین باڵاتر "بەدیدی من" لە پێوەرەکانی دیکە، ئەوەش مرۆڤبوون و ئازادیی مرۆڤە، کە هەمان کات بریتییە لە کرۆکی مرۆڤبوون. بۆیە بە لەبەر چاوگرتنی بەرپرسیاریەتی مرۆڤ لە پرۆژەی بوونی خۆی، کە لە بوونیادنانی کرۆک یان چییەتی خۆیدایە، ئەوا هەر تێکۆشینێکی مرۆڤ، دەوڵەت یان نەتەوەیەک لە پێناو سەرخستن و باڵاکردنی ئەو ڕەهەندە مرۆییانەدا ڕەوایە و نابێتە دەستتێوەردان، ئەمە تەنها کاتێ کە ئامانجی ئایدۆلۆژی و ئاینی و سیاسی تەسک لە پشت تێکۆشانەوە بوونی نەبێ، تەنها لەپێناو مرۆڤبووندا، ئاشتیانە تێکۆشین، تاقانە زەمینەخۆشکەری خودی ئاشتی خۆیەتی، ئەمەش دیاریدەیەکی مرۆڤبوونە. ئەو تاقانە ڕێگەیەی مرۆڤبوون یان مرۆڤگەرایی پێشنیاری دەکات ئاشتییە و دیالۆگە، بەدەرلەوانە ناڕەوایە، هەرچەندە ڕەنگە لە ناچاری مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێ، کە یەکلاییکردنەوەی ئەمەش سەختە.

*

هیچ دەوڵەتێ لە کاتی جەنگدا لەتەک ئەوانی تردا نابێ بگاتە ئاستی ئەنجامدانی کردەی دوژمنکارانە، کە ببێتە هۆی بێمتمانەیی تەواو لەبەرامبەر دۆخی ئاشتی ئایندەدا، بۆ نمونە کوشتنی دیلەکان و نێردراوەکان، وە پابەندنەبوون بە مەرجی پارێزگاریکردن لە ژیانی رادەستبووەکان، یان وروژاندنی خیانەتکاری لە ناو دەوڵەتی دوژمندا[1]، ئاشتی وەدینایەت تاوەکو ڕێز لە بنەما ڕەوشتییەکان "مۆراڵ" نەگیرێ تەنانەت لە میانەی جەنگدا، چونکە ئەوەی وادەکا سنورەکانی جەنگ بەرینتربێ، ئەوەی وادەکا جەنگ ببێتە دوایەمین ڕێگاچارە و بەربەستی هەمیشەیی لە ڕێی وەدیهێنانی ئاشتیدا، بەشێکی گەورەی گرێدراوە بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لە ناو خودی جەنگدا، بۆ ئەوەی ویستی ئاشتی بوونی بسەلمێنرێ و وەک تەنها چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ ڕەزامەنبوونێکی هەمولایەنەی لەسەر پێکبێ، بەپێویست کردەی دوژمنکارانە دەبێ پەرەی پێ نەدرێ. ئەوەی ئەم فەیلەسوفە ئاماژەی پێکردووە وەک کۆمەڵێک بنەما، کە دەوڵەتەکان تەنانەت لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەشیاندا دژ بەیەکتری پێویستە پابەندبن پێوەی، ڕەنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەم تا زۆر ببینرێن، بن پێ خرابن، یان پێڕەوکرابن. ئەمانە وەک ئەزمونێ کانت کەڵکی لێوەرگرتوون و لە هەناوی ئەو تێگەیشتن و ئەندێشە قوڵەی خۆیەوە دەربارەی ئاشتی هەمیشەیی جەخت لەسەر ڕەگەزەکانی ئەو ئاشتییە دەکاتەوە. سەرباری ئەوانە، ئیمانوێل کانت شێلگیرانە

هێما بەوە دەکا، کە بەبێ ئامادەگی ئەو رەگەز و بنەمایانە خودی جەنگ دەبێتە جەنگێکی ناپاکانە:"ئەوە جەنگێکی ناپاکانەیەی فێڵبازانەیە، لەبەرئەوەی لە کاتی جەنگدا پێویستە جۆرێ لە جۆرەکانی متمانە بمێنێتەوە لە کن دوژمندا، ئەگەرنا ئیدی بەپێچەوانەوە پێکهێنانی ئاشتی شیانیبوونی نابێ وە کردەی دوژمنکارانە بەتەواوی جەنگ دەکاتە جەنگێکی کاولکارانەی رەها"، بێگومان نەمانی رەهای متمانە دەمانخاتە دۆخی نامومکینبوونی رەهای ئاشتییەوە، بۆیە سەرباری هەڵایسانی جەنگ، جا ئەگەر لە ویستی جەنگەوە یان بۆ هەندێکی دیکە لە ناچارییەوە سەرهەڵبدات، بەڵام پاراستنی متمانە جا ئەگەر لانی کەمی متمانەش بێ، ئەوە لە پێویست پێویستترە، چونکە تەنها هەوێنی ئاشتی چاوەڕوانکراو ئەو کەمە متمانەیەیە، لەدژبەری ئەمەدا جەنگ وەک گەوجێتی رەهای مرۆڤ دەبێتە کۆتایی رەهای خودی ئەو بوونە.

*

جەنگ هۆیەکی زۆرەملێیانەی ئازاربەخشە لە دۆخی سرووشتیدا[١]، دۆخێکی ئەوها بەتاڵە لە حوکمی یاسایەکی باڵا، هەڵبەتە "باڵا" نەک بەمانا میتافیزیکیەکەی یاخود ئاینییەکەی، بەڵکو بەتەواوی بەواتا مرۆییەکەی، سەرباری ئەوەی تەواوی یاساکان، جا لە ژێرناونیشانی زەمینی، ئاسمانی، باڵا، یان مرۆیدا بن هیچ نین جگە لە بەرهەمی مێژوو، وەک چۆن مرۆڤ خۆی مێژووە، هەر ئەوهاش ئەوەی پەیوەستی ئەو بوونە بێ –مێژووییە، بەڵکو باڵا وەک نیشانەیەک بۆ یاساگەلێ، کە لە هەناوی گەشەکردن و پایەبەرزبوونی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن، چونکە ئەوەی لە داکەوتدا زۆرجار بە یاساوڕێسا باڵاکان ناو دەبرێ، وەک هێماکردنێ بە ئاسمانیبوونیان یان میتافیزیکبوونیان، نەیتوانیوە وە ناتوانێ ببێتە یاسایەکی "باڵا" و جیهانیانەی بوونی مرۆڤ، بەڵکو لە زۆر پنتی مێژوودا، وە لە دۆخێکدا کە پێی دەگوترێ "ئێستا"، ئەوەندەی فاکتۆری لێکترازاندنی مرۆڤەکانە، ئەوەندەی لە گەلێ بنتی جیهاندا مایەی لەناوبردن و تیرۆری فیزیکی و ئەقڵی مرۆڤەکانە، هەرگیز هێندەی ئەوە نەبووەتە سەرچاوەی گەشە و ئازادبوونی راستەقینەی مرۆڤ لە سەردانەواندن و کۆیلایەتی. بەم هۆکارانەوە مرۆڤ خەریکە بەتەواوی نەک هەر توانای هێنانەبوونی دۆخێکی ئاشتیخوازانە لەدەستدەدات، بەڵکو خەریکە ئیدی بیرکردنەوە و خەونبینینیش بەو ئاشتییەوە بە رەهایی لەبیردەکا، بەڵێ ئەمەیە دۆخی ئاشتی لە سای ئەو یاسایانەی کە فەرمانڕەوایی جیهان یاخود بەشێکی گەورەی جیهان دەیکەن، کە یاساگەلێکن لەسەر بنەڕەتی بەهێز و لاواز، یان پیرۆز و ناپیرۆز وەک لە ئاین و ئایدۆلۆژیاکاندا هەن دەیانەوێ کێشەکانی

مرۆڤ یەکلاییبکەنەوە، جا بێگوێدانە ئەوەی، کە یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بەو ڕێگایانە، نەک ڕێگەنین بۆ چارەسەر و ئاشتی هەمەلایەنە لە بوون و ژیانی مرۆڤدا، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە خۆیان بریتین لە جەوهەری کێشەی جەنگ و نارەسەنبوون و نائازادبوونی مرۆڤ وە هەر جوڵانەوەیەکی تریشیان تەنها شتێ، کە دەتوانێ بەئەنجامی بگەیەنێ ئەوەیە، کە کێشە هەبووەکان دەگەیەننە ئاستی قەیرانی قوڵ.

ئەم دۆخە مرۆڤایەتی بەئاقارێکدا ئاراستە دەکا، کە ئیمانوێل کانت بەم شێوەیە لەبارەیەوە دەنووسێ: "شایەنی گوتنە، کە جەنگی کاولکارانە ئەشێ ببێتە هۆی لەناوبردنی هەردووبەرەکە، لەتەک ئەوانیشدا هەموو مافێک، لەو کاتەدا ئاشتی هەمیشەیی تەنها مەگەر لەسەر گۆڕی گەورەی مرۆڤایەتی بێتەبوون"، بەڵێ ئەی خوێنەرانی مرۆڤدۆست، تراژیدیای گەورەی مرۆڤ، مەرگی تەواوەتی مرۆڤ تەنها بە کۆتاییەکی فیزیکی ئەم بوونە نایەتەبوون، بەڵکو ئەمە سەرەتایەکی ئەقڵی هەیە، پێش ئەوەی بگاتە ئاستی فیزیکی لە هەناوی بیرکردنەوە یان دروستتر بیرنەکردنەوەی مرۆڤەکاندا پەیدادەبێ. کاتێک کە کوشتن و جەنگ، شادمانبوون و هەڵپەڕین لەسەر تەرمی قوربانییەکانی جەنگ، جا ئەگەر دوژمنیش بن، دەبێتە بارێکی ئاسایی و جەژن و یادکردنەوە، ئەوکات تەنانەت ئومێدەکانی ئاشتی و پێکەوە ژیان روو لە نەمان دەکەن، ئەوە کاتێکە مرۆڤ رۆڵی مرۆڤبوونەکەی خۆی وازیناکات، هەر ئەوهاش رەنگە گشتمان بەرەو کۆتاییەکی رەها بچین.

*

دۆخی ئاشتی نێوان مرۆڤەکان وە ئەوانەی لە دراوسێی یەکدیدا ژیاندەکەن، لە بنەڕەتدا دۆخێکی سرووشتی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو دۆخە، دۆخی جەنگە، ئەگەر دۆخێکی لێوانلێو لە کردەی بەردەوامی دوژمنکارانەش نەبێ، ئەوا بریتییە لە مەترسییەکی بەردەوامی ئەوان لەسەریەکتری، کەواتە دۆخی ئاشتی پێویستە پێکبهێنرێ و بئەفرێنرێ[1]. لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە، کە ئاشتی لەخۆیدا بارێکی سرووشتی نییە، ئەمە دەتوانم بڵێم نزیکیەکە لە نێوان کانت و هۆبزدا، هۆبز مرۆڤ وەک گورگی مرۆڤ ناوزەد دەکات لە دۆخی سرووشتیدا، ئەمەش واتە نەبوونی ئاشتی. ئاشتی دۆخێکی ناسرووشتییە، واتە خۆرسک نییە، ئەو دەبێ پێکبهێنرێ. شوناسی دۆخی سرووشتیانە لە بەشێکیدا خۆی لە بوونی نائارامی و نائاشتیدا نمایش دەکا، ئەو کاتەی، کە هیچ ڕێککەوتنێکی قوڵ و راستەقینە لەنێوانی مرۆڤەکاندا بوونی نییە، یان پابەندبوون پێیانەوە کردەی سەرەکی مرۆڤەکان نییە، کە خۆیان لەخودی خۆشیاندا بکەونە بەردەم بەرپرسیاریەتی

ڕێزگرتن و پاراستنی، هەم خۆی وە هەم ئەوی تر. بۆیە هێز، یان خۆ بە پیرۆز زانین، یان لەبەرکردنی بەرگی حەقیقەتی ڕەها، جا بەگوزارشتی جیاوازی زمانی، ئاسمانی یان زەمینی بێ، دەبێتە بنەمای ماف و ڕەوایەتی: "بەهێزەکان پیرۆزن، خودان حەقیقەتی ڕەهان، یاخود پیرۆزەکان و خاوەنانی ڕاستینەی ڕەها، ئەگەر هەنوکە بەهێز نین، ئەوا پێویستە بەهێز بن، بە گوتەی خۆیان پێویستە باوەڕی ڕاستی ئەوان فەرمانڕەوایی دونیا بکات"، ئەمە ئەو یاسا و ڕێسایانە بن، کە بەسەر جیهاندا باڵادەستی دەنوێنن، ئیدی چۆن جیهان پڕپڕ نابێ لە نەزانی، ئیدی چۆن ژیان نابێتە جەنگێکی هەمیشەیی نەگریس، ئیدی چۆن مرۆڤ نابێتە "هیچ"!!؟

ئەو لە تەنیشت و لە نزیک یەکترەوە ژیانەی لە نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵەمرۆییە جیاوازەکاندا هەیە، هەرچەندە بارێکی سرووشتی بێ، بەتایبەت لە دۆخی دراوسێیەتی دەوڵەتەکان و نیشتمانە جیاوازەکاندا، بەڵام نەبووەتە هۆی پەیدابوونی ئارامی، بەڵکو کانگای مەترسییەکانە کە یەک بۆ سەر یەکتری دروستی دەکەن، هەتا کاتێ یاسایەک ئەو پەیوەنییە و نزیکییە ڕێکدەخا وە جۆرێک لە ئارامی دروستدەکا. هەڵبەتە پابەندبوون و دانپێدانان بە ڕەوایەتی بوونی ئەوانی دیکەدا تاقانە مەرجێکە، کە دەشێ گەرەنتی مانەوە و پاراستنی ئارامی و ئاشتی نێوان گەلان، لە ناو خودی گەلێکیشدا بکات. ویستی قوڵی مرۆڤەکان بۆ ئاشتی، ئاشتی وەک تاقانە هیوا و ئامانج، پێشمەرجی بوونی ئاشتی و بوونێکی مرۆیی ڕەسەنە، بەوپێیەی ئاشتی ڕاستەقینە دۆخێکی ئازادە، کەواتە تەنها لەوەها دۆخێکدا مرۆڤەکان دەکارن حەقیقەتی خۆیان نمایش بکەن. ئەگەر نەتوانین بێژین ئاشتی ئازادییە، ئەوا ئاشتی دەشێ ماڵی ئازادی بێ.

*

هەموو ئەو مرۆڤانەی، کە دەشێ کاریگەرییان لەسەریەکدی هەبێ پێویستە پەیوەستببن بە شێوەیەک لە شێوەکانی دامەزراوەیەکی مەدەنییەوە[1]، بێگومان ئەم دیدگایە دەشێ سەرەتا بەنیسبەتی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە سەرنجی بدەین، مرۆڤگەلێ، کە سەر بەنەتەوەیەکی دیاریکراون کاریگرییان بۆ سەریەکتر هەیە، یائەوەتا دەتوانن گاریگەری دابنێن، بۆیە گردبوونەوەیەکی بەردەوامی ئەوان لەکن دامەزراوەیەکی مەدەنی دەبێتە مەرجێکی پێویستی مانەوەی ئەوان، هەڵبەتە ئەو دامەزراوەیە ئەرکی پاراستنی گردبوونەوەکەی هەیە بەو ڕێگایانەی، کە گوزارشت لە تەواوی ئەو گەلە یاخود نەتەوەیە دەکەن، دامەزراوەیەکی ئەوها دەشێ دەوڵەت بێ، بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد بریتییە لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی، دیارە وەک ئەو پرۆسێسە مێژووییەی، کە تاکو ئێستا نەتەوەی کوردی لێوەی لە

دایکبووە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە دەکرێ پێبەپێ بڕوامان بەوە پتەوتر بێ کە گردبوونەوەی ئەم نەتەوەیە لە دەوری دامەزراوەیەکی مەدەنی-دەوڵەتی کاتی مێژوویی خۆی هاتووە.

تێگەیشتنێکی دیکە لەم روئیایەی کانت سەرنجمان وەردەسوڕێنێتە سەر رەهەندە جیهانییەکەی، واتە کاتێک مرۆڤەکان بەهۆی گەلێ فاکتۆری جیاواز و کاریگەرەوە، کە دەرهاویشتەی گەشەکردنی شارستانییەتن لە گەلێک رووەوە نزیکدەبنەوە لە یەکتر، کاریگەر دەبن بەیەکتر وە ناسین و زانینیان لەبارەی یەکدییەوە پەرەدەسێنێ، لەم کاتەدا بەپێویست دەبێ لێکنزیکببەنەوە. رەنگە هیچ کەسێ وەک کانت وەها پێشبینی و پێشنیارێکی گرنگی نەکردبێت، بەتایبەت جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیەی ئەو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە دەست پێ دەکا، دیارە مەبەستمان پێبەپێ هاتنە ناو زەمینی داکەوتی ئەم تیۆرییەی ئەوە، بۆ ئەمەش کتومت دەشێ وەک نمونە دامەزراندنی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" و دواتر "نەتەوە یەکگرتووەکان" و دواتر "یەکێتی ئەوروپا" لەبەرچاوبگرین. هەموو ئەمانە دەشێ وەک هەنگاو گەلی مەزنی مرۆڤایەتی باسی بکەین بۆ بەرجەستەبوونی ئەو تیۆریایە. تیۆریی لێکنزیکبوونەوە و گردبوونەوەی مرۆڤەکان و گەلان لە دەوری دامەزراوەیەکی مەدەنی بەردەوام بەکراوەیی دەمێنێتەوە، تاکو کاریگەری و نزیکبوونەوەکان فراوانتربن، هیوای وەدیهێنانی ئەو دۆخە پتەوتر دەبێ، ئەوە بەبێ ئەوەی ئەو گومانەمان بڕەوێنێتەوە کە گەمژەیی مرۆڤ، وە بەتایبەت دەسەڵاتدارەکان، هەمیشە هەڕەشەی جدیین لە بەردەم ئەگەری گەشەکردنی مرۆڤایەتی بۆ ئاستێکی باڵاتر لەو دۆخەی هەنوکە تێیدا دەژی.

*

دامەزراوەی مەدەنی لەهەموو دەوڵەتێکدا پێویستە کۆماریی بێت[1]، ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ سیستەم و دامـەزراوە کۆمەڵگایی و سیاسییەکان، ئەوەی لەترۆپکی ئەو دامەزراوانەدایە، دەوڵەتە، ئەو دەوڵەتەش پێویستە کۆماری بێت، بەڵام ئەم دامەزراوەی دەوڵەتە کە ویستی کانتە هەر بەکۆمارییبوونی نابێتە ئەو دامەزراوەیەی کە ئەو دەیەوێ، بەڵکو لەژێرباری چەند مەرجێکدایە و لەسەریەتی پێیانەوە پابەندبێ، ئەوجا دەتوانێ رەوایەتی لە ئیمانویل کانتەوە بەدەستبێنێ، کە خۆی بەم شێوەیە دەنووسێ: "دامەزراوەی پێکهاتوو، یەکەم، دەبێ کۆک و پابەندبێ بە پرەنسیپی ئازادی ئەندامانی کۆمەڵگەوە وەک مرۆڤ، دووەم، پابەندبوون و پشتبەستنی هەموو بە یاسایەکی گشتی و سێیەم، پابەندبوون بە یاسای یەکسانی هەموو، وەک هاوڵاتی دەوڵەت، ئەمە دەشێ دامەزراوەی کۆماری بێ"، ئەو سێ بنەما یان مەرجەی دیاری

دەکا یەکلاییکەرەوەیەکی رادیکاڵیانەن بەنیسبەت دیموکراتبوون یا نادیموکراتبوونی دەسەلاتێکەوە. دانپێدانان بە ئازادی مرۆڤ لە دەوڵەتدا، داننانە بە ئازادی تاکەکەسدا لە کۆمەڵگەدا تاکو بتوانێ خودان کەسیەتی جیاوازی خۆی بێ، جیاواز لەو شوناسەی کە زۆرجار کۆمەڵگە خواستیەتی بەسەر تاکەکەسیدا بسەپێنێ؛بێگومان هەموو ئەمە بەپێی یاسایەکی گشتی رێکدەخرێ، کە تاک، کۆمەڵگە و دەوڵەت پێویستە پابەندی بن، هەڵبەت وەها یاسایەک لە دیدگای تاک و کۆمەڵەوە لەدایک دەبێ، بەوپێیەی دەوڵەت رەنگدانەوەی هاولاتیانە، هەرواش یاساکان کە دەزگای یاسادانان دەری دەکا، گوزارشت لە ماف و ئەرکی هەموو لایەک دەکات؛ ئاشکرایە نەک تەنها ئازادی و پابەندبوون بە یاسایەکی گشتییەوە مەرجی کۆمارە وەک دامەزراوەیەکی مەدەنی، بەڵکو مافی یەکسانبوون لەسەر بنچینەی هاولاتیبوون یەکێکی دیکەیە لە خاڵ و پێشمەرجە جەوهەرییەکانی کۆمارێک، کە ژیانی رامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەڵگایەک رێکبخات.

*

ئازادی شیاو-بوونی ئەو کار و کردانەیە، کە مافی هیچ کەسێ بنپێناخەن" نەڕوشاندی مافەکان، واتە نەشیاوبوونی ئەوەی کە ناکرێ بکرێ"، ئەگەر تەنها پێشێل نەکردنی مافەکانی ئەوانی تر بێ"، ئەوا کەواتە، تەنها دووپاتکردنەوەیەکی بەتاڵە[١]، بێگومان مومکینییەتی کردەوەکان و کردەکان، هەڵبەت کردەگەلێ کە مافڕوشاندن نەبێ، واتە ئەنجامنەدانی ئەوەی، کە ناکرێ ئەنجامبدرێ. دیارە کێشەی ئەوەی: ئایا لێرەدا مافەکان بەگوێرەی کامە یاسا دیاریکراون، کانت خۆی وەلام دەداتەوە بەوە، ئەگەر ئازادی تەنها نەڕوشاندنی مافەکان بێ، ئەوە دەبێتە وشەیەکی بۆش، چونکە ئێمە ئەوە دەزانین، کە ئازادی چەندە پەیوەستی تێک نەشکاندنی مافی ئەوانی دیکەیە، هێندەی ئەوەش پابەندی ئازادی بڕیاردان و هەڵبژاردنە بەمانافراوانەکەی، هەر بۆیە ئەم بیرمەندە لەم بارەیەوە ئەوها دەنووسێ: "ئازادی واتە ماف و توانای گوێڕایەڵی نەکردن بۆ هیچ یاساگەلێکی دەرەکی، جگە لەو کاروکردانەی، کە من رەزامەندی خۆمیان لەسەر دەردەبڕم"، ئەمە پێداگیریکردنە لە ئازادبوون بەمانای شیانبوونی ملکەچ نەکردن بۆ یاساگەلێک، کە لە هەناوی رەزامەندی و هەڵبژاردەی ئازادانەی مرۆڤەوە لەدایک نەبووبێتن، ئەمە دەرخستنی راستینەیی و جەوهەرییبوونی ئازادییە وەک تاقانە مەرجێ بۆ بوونی دامەزراوەیەکی دەوڵەتی، کە بشێ وەک دامەزراوەیەکی مەدەنی و سەربەخەڵک لەقەڵەم بدرێ، لەهەمان کات ئەو دەروازە چارەنووسساز و ژیانییەیە، کە مرۆڤ دەکرێ والای بکا بەڕووی دونیایەکی ئاشتیخوازانەتردا.

*

دامــەزراوەی کۆماری سەرەتایی بوونی خۆی لە سەرچاوەیەکی پوختی مافەکانەوە وەرگرتووە. سەرباری پەتییەتی و پاکییەتی سەرچاوەی پەیدابوونی، بەشێوەیەکی بەرچاو دەرگا لەسەر خواستگەلێکی زۆر والآدەکا وە بەتایبەت بۆ ئاشتی هەمیشەیی[١]، دیارە لێرەدا لەتەک هۆی رەوابوونی رژێمی کۆماریدا پێکدەگەین، ئەم رەوایەتییە تەنها پەیوەستی چەمکەکە نییە وەک ناوێک بۆ دامەزراوەیەکی دەوڵەتی، بەڵکو پەیوەستی ئەوەیە، کە کۆماری لە سەرچاوەیەکی پوختی مافەکانەوە دێتەبوون، ئەو رەوایەتی یاسایی هەیە، هەڵبەت نابێ ئەوە لەبیر بکەین، کە کۆماری لێرەدا بە مانا کانتیەکەیەتی، کە پێشتر مەرجەکانی ئەو کۆمارەمان باسکردووە، کرانەوەیەکی بەرچاو بەڕووی خواستگەلە جیاوازەکاندا، بەتایبەت خواستی یان ویستی ئاشتی هەمیشەیی لە خۆڕا نایەتە گۆڕێ، بەبێ گۆڕانکاری گەورە لە بونیادی ئەقڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بەگشتیتر بەبێ گۆڕان لە دونیابینیدا شیانیوەدیهاتنی دۆخێکی ئەوها کراوە نەشیاوییبوونە. کانت دەربارەی ئەو پرسەی، کە بۆچی کۆمارێکی ئەوها دەبێتە کرانەوەیەک بەڕووی ئاشتی هەمیشەییدا پێیوایە لەبەرئەوەیە، کە "بۆ بڕیاردانی ئەو پرسەی، جەنگ ببێت یان نا؟ پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندی هاوڵاتیان هەیە، ئەوەش زۆر سرووشتییە، کە ئەوان "هاوڵاتیان" گەلێک باشتر بیردەکەنەوە، پێش ئەوەی یارییەکی خراپ بکەن، چونکە هەموو سەختی و ناهەموارییەکانی جەنگ ئەبێ ئەوان لە ئەستۆی بگرن، خودی خۆیان بجەنگن، پارەدان هەرخۆیان و لەگیرفانی ئەوانەوە بوجەی جەنگ دەردەچێ، بەهەمان شێوە دەبێ لە ئارەقەی نێوچاوانی خۆیان هەموو وێرانکارییەکانی جەنگ بینابکەنەوە و تەواوی بەدبەختی و کارەساتەکانی جەنگ هەر ئەوان دەبێ بیگرنە ئەستۆ". کەواتە لە دۆخێکی ئەوهادا، کە لەسەر بنچینەی رەزامەندی هاوڵاتییەکانی پێکهاتبێ، لە کات و ساتی پرسە هەستیارەکاندا هەمیشە دەگەڕێتەوە لای هاوڵاتیان، چونکە ئەم گەڕانەوەیە مەرجی بوونی خودی رژێمەکەیە. یەکێ لەو پرسە هەستیار و چارەنووسسازانە پرسی جەنگە، دەربارەی ئەمە گەل ئەشێ باشتر بیربکاتەوە، باشتر بیرکردنەوەی هاوڵاتیان لە سەربنچینەی ئابووری و مرۆییە، کە هەر لە بوجەی زەبەلاحی جەنگەوە دەیگرێتەوە تاوەکو دەگاتە ئەو دۆخە نالەبار و نائارام و ئەو کارەسات و کاولکارییانەی رووبەڕووی وڵات و تاک بە تاکی هاوڵاتیانی دەوڵەتێکی بەشداری جەنگ دەبێتەوە.

ئەو رەهەندە نامرۆییەی، کە جەنگ وەک شوناسی خۆی لە بوونی مرۆڤدا دەیورووژێنێ، مرۆڤ لە مرۆڤەوە دەکاتە بکوژ، دەیکاتە نا-مرۆڤ، ئەگەر بتوانین

وابڵێین، چونکە زۆرجار رووداوی جەنگ دەمانخاتە بەردەم هەڵوێستگەلێکی ئێجگار سەختی ئەقڵی و مۆراڵی لەبۆ بڕیاردان و خۆیەکلاییکردنەوە "جەنگین یان نەجەنگین". کاتێک، کە مرۆڤ مەحکوم دەکرێ بە رووبەڕووبوونەوە و جەنگین، کاتێکە بەرانبەرەکان یان ئەوانەی وەک دوژمن ناودەبرێن کۆتا بڕیاری خۆیان دەدەن بۆ لەناوبردن و پەلاماردان، ئەگەر لەم ساتەدا بۆ ئەوەی نەکوژین، نەجەنگین و بکوژرێین، ئەوا مرۆڤێ یان نەتەوەیە دەکوژرێ و لەناو دەبرێ وە ئەگەر بمانەوێ نەکوژرێین، دەجەنگین و دەکوژین، لێرەدا کۆتایی بەبوونی کۆمەڵێکی دیکە لە مرۆڤەکان دێ، بێگومان ئەمە هەستیارترین دۆخی مۆراڵییە، کە تێیدا بەردەوام مرۆڤ هەوڵیداوە پاساو بۆ یەکلاییبوونەوە و بڕیاردانی خۆی بهێنێتەوە، جا من و ئەوی تر بێ، یان دوژمن و منی نەتەوە بێ، یان پاساوە ئایدۆلۆژیی و ئاینییەکان بێ، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە بۆ بەردەوامی گەشەی پرۆژەکانی بوونی مرۆڤ وە بۆ مرۆڤایەتی، خۆپەروەردەکردن و قوڵبوونەوەیە لە مرۆڤبووندا، گەورەترین ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە بتوانێ زیاتر و قوڵتر مرۆڤ بێت، بەڕادەیەک ئەگەر تا دواپلە و تا بینەقاقا ناچارکرا بەبەرگری یان بەجەنگ، نەتوانێ بەئاسودەیی کردەی جەنگ ئەنجام بدات، هەرگیز ناتوانێ شادمان و شاگەشکەبێ تەنانەت بەمەرگی دوژمنەکانی، کە ئەشێ خۆی لەجەنگی ناچاریدا کوشتبێتی. ئەوانەی بەوپەڕی بەختەوەرییەوە دەجەنگن، مەحاڵە بتوانن مرۆڤێکی راستەقینەبن، ئەوانە کە لەسەر تەرمی قوربانییەکانی جەنگ سەمای شادمانی دەکەن، بەقوڵی گومان لە مرۆڤبوونیان بکەن، هەرگیز ئومێدەکانی ئاشتی و ژیانێکی سەربەرزانە لە هەناوی ئەم گەوج و شێوە دڕندانەوە پەیدانابن!



**پەراوێز:**

1– Иммануил Кант : к вечному миру.

# قامچی، لەژێر قامچی خوێندنەوەدا




**سەنگەر زراری**

رۆمانی (قامچی)[١]ی کاروان عەبدوڵڵا، دەقێکە دەکرێ بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بخوێندرێتەوە و پرسیاری زۆری لەبارەوە بکرێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین لە چەند رووێکەوە لێی بدوێین و سەرنجی خۆمانی لەبارەوە بنووسین.

**رۆمان، یان ژیاننامە:**

بە خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، بە بۆچوونی من زیاتر لەوەی هەست بە خوێندنەوەی رۆمانێک بکەین، هەست بەوە دەکەین کە ژیاننامەی کەسێک دەخوێنینەوە کە باسی مەینەتییەکانی خۆی دەکات، لەو کاتەوەی چۆتە قوتابخانە، تا ئەو کاتەی خۆی دەبێتەوە بە مامۆستا.

ئەم رۆمانە لەبەر چەند هۆکارێک وەکو ژیاننامە دەردەکەوێت کە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند خاڵێک لەو خاڵانە دەستنیشان بکەین.

هەروەها هەوڵ دەدەین قسە لەسەر چەند لایەنێکی دیکەی رۆمانەکەش بکەین.

(ستارو بنسکی) لە پێناسەیەکی سادەی ژیاننامەدا دەڵێت: "ژیاننامە: ژیاننامەی کەسێکە کە خۆی دەیگێڕێتەوە".[٢] کاروان لەم ڕۆمانەدا بەلایەنی کەم بەشێکی زۆری ژیانی خۆی تێکەڵی ئەم ڕۆمانە کردووە و ڕووداوەکانیش خۆی دەیانگێڕێتەوە، واتا حیکایەتخوانێک کە خۆشی پاڵەوانی سەرەکییە، بە شێوەی کەسی یەکەمی تاک ڕووداوەکـان دەگێڕێتەوە. شوێنی ڕووداوی ڕۆمانەکە شاری (ڕواندز)ە، کە هەمان زێدی ڕۆماننووسە و لە کاتی لە دایکبوونییەوە تا تەواوکردنی قۆناغە بەراییەکانی خوێندنیش، لەوێ ژیاوە. ئەگەر بڵێین ئەمە هەموو وردەکارییەکی ژیانی تێدا نییە و هەندێ شتی تێدایە دوورە لە ژیاننامەی کەسیی، ئەوە ئەمە لە ژیاننامەشدا بەدی دەکرێت، چونکە "ناتوانرێ ژیاننامەش بە ڕاستگۆیی تەواو بگێڕدرێتەوە، بەڵکو ئەویش تووشی لەبیرچوونەوە و لەبیرخۆبردنەوە و قرتاندن و بۆ زیادکردن و دەستکاریکردن دەبێ".[٣] هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ هەندێ شتی لە ژیاندا بەسەر هاتووە لە بیری نەماون، یان هەندێ شت هەن نایەوێ بیانگێڕێتەوە و پێی باش نییە ئاشکرا بکرێن، هەندێک شت هەن بە زیادەیان دەزانێ و... بەم هۆیەشەوە "هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ژیاننامە تێکەڵی نووسینەوەی مێژوو و یادەوەرییەکان و یادەوەری ڕۆژانە بکرێت".[٤] هەروەها ئەگەری ئەوەش زۆرە کە ژیاننامە تێکەڵی کارە ئەدەبییەکان بکرێت، لەوانەش ڕۆمان و چیرۆک.

یەکێک لە ڕەگەزە گرنگ و بەرچاوەکانی ڕۆمان بوونی (گرێ)یە، کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە هەوڵی کردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم گرێیەدا دەبێت، (گرێ) یەکێکە لەو ڕەگەزانەی ڕۆمان لە ژیاننامە جیا دەکاتەوە، مەرجە لە ڕۆماندا (گرێ)یەکی سەرەکی هەبێت تا بە هۆیەوە خوێنەر پەلکێش بکرێت و پەرۆش بێت بۆ کردنەوەی گرێیەکە و بەردەوامبوونی تاکۆتایی ڕۆمانەکە بە مەبەستی گەیشتنە ئەنجام، بەڵام مەرج نییە (گرێ) لە ژیاننامەدا هەبێت، چونکە ژیاننامە بەسەرهاتی ژیانی ڕۆژانـەی کەسێکە و خوێنەر دەیـەوێ وردەکارییەکانی ژیانی ئەو کەسە بزانێت، زیاتر لە وردەکارییەکانی ڕۆژانەی ڕووداوەکان ورد دەبێتەوە و گرێیەک لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی خوێنەر پەرۆشی کردنەوەی بێت، لە ڕۆماندا "گرێ دەستپێکردنی ئەو ململانێیەیە کە جووڵەکان دروست دەکات و ڕووداوەکانی چیرۆکی ڕۆمانەکە بەرەو پێش دەبات، ئەو دیمەن، یان ڕووداوەیە کە ژیانی پاڵەوانەکە دەگۆڕێت و بەرەو خاڵێکی دەبات بۆ چارەسەرکردن و کردنەوەی گرێیەکە".[٥]

لە ڕۆمانی (قامچی)دا، چەند گرێیەک (کە دەشێ لێرەدا من ناویان بنێم

چەند وردەگرێیەک) بوونیان هەیە، بەڵام گرێیەکی سەرەکی کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە خوێنەر رابکێشێت و ببێتە هێڵی درامی سەرەکی ڕۆمانەکە بوونی نییە، کەواتە نەبوونی گرێش، دەبێتە یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی کە ئەم دەقە زیاتر لە ژیاننامە نزیک دەکەنەوە نەک ڕۆمان، چونکە لە ڕۆماندا خوێنەر چاوەڕێی ئەنجامی کۆتایی و بوونەوەی تەواوەتی گرێیە سەرەکییەکەیە، بەڵام لە ژیاننامەدا خوێنەر چێژ لەو ڕووداوانە وەردەگرێ کە بە تێپەڕینی کاتەکان بەسەر کەسی گێڕەرەوەدا هاتووە، یان بینیوونی و دەیانگێڕێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا چەند کەسایەتییەک بەدیار دەکەون کە خوێنەر بەپەرۆش دەبێ بۆ زانینی چارەنووسیان و وەکو ئاماژەم پێدا، وەکو وردەگرێ بەدیار دەکەون، لەوانەش:

- چیرۆکی (سەبۆ سوور) لە لاپەڕە (٥٢) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (٧٠) کۆتایی دێت.
- چیرۆکی (سەلیم چوورچە)، کە لە لاپەڕە (٧٠) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (٧٧) کۆتایی دێت.
- چیرۆکی (خەلیفە حوسێن)، کە لە لاپەڕە (٩٠) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (٩٤) کۆتایی دێت.
- (فەقێ شێت) چیرۆکەکەی لە نێوان لاپەڕەکانی (٩٧) و (٩٨)دایە.
- (میرۆ سەرسپی) چیرۆکەکەی لە لاپەڕە (١١٣) دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (١٢٠) کۆتایی دێت.

هەر یەکێک لەمانە دەتوانرێ وەکو چیرۆکێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێن، چونکە لە شوێنێکی دیاریکراوی ڕۆمانەکە دەستپێدەکەن و دواتریش لە شوێنێکی دیاریکراو کۆتاییان پێ دێ، ئەگەرچی هەندێک لەو کاراکتەرانە تا کۆتایی ڕۆمانەکەش جار جار ناویان دەهێنرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕووداوی چیرۆکەکانیان بەو شێوەیەی کە خوێنەر رابکێشن دیاریکراوە و لەو شوێنە تەواو دەبێت کە ئێمە دەستنیشانمان کردووە.

ئەگەرچی بەیەکگەیشتنی پاڵەوانە حیکایەتخوانەکە لەگەڵ (ڕەیحانە)، وەکو گرێیەک بە دیار دەکەوێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەم گرێیە لەسەرەتاوە نییە و بەو جۆرە نییە کە خوێنەر تەنیا چاوەڕوانی ئەنجامی چارەسەری ئەو گرێیە بێت، بۆیە ناکرێ وەکو گرێی سەرەکی ڕۆمانەکە تەماشای بکەین. ئەگەر ڕەیحانە وەکو کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانەکە و وەکو گرێیەک پێشکەش بکرابا، دەبوو زوو ناوی بهێنرێ و وەسفی ڕووخسار و هەڵسووکەوتی بکرێت، هەروەها کەسایەتی

سەرەکی نابێ ون بێ، بەڵکو دەبێ لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بڕوا و ڕۆلی کاریگەری لە هەموو ڕۆمانەکەدا هەبێت، راستە ڕەیحانە تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەمێنێتەوە و لە سەرەتاکاندا بەدیار دەکەوێت، بەڵام چیرۆکی راستەقینەی ئەو لە لاپەڕە (٨٠)ەوە دەستپێدەکات. ((لەبەر خۆمەوە دوعام دەکرد و لە خوا دەپاڕامەوە کە ڕەیحانە لێم دوور نەکەوێتەوە، هەر دوای ئەو دیدارە گۆڕانێکی سەیر لە ژیانم ڕوویدا، شەوانە تا درەنگانێک نەدەخەوتم، ڕەیحانە لەبەرچاوم ون نەدەبوو...ل٨٠)).[٦] کەواتە بە هۆی ونبوون و ئامادەنەبوونی ڕەیحانە بە شێوەیەکی بەردەوام، ناتوانرێ وەکو گرێی سەرەکی ڕۆمانەکە لێی بڕوانرێ.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا خوێنەر وردە وردە رادەکێشێت گرێیەکی سەرەکی نییە، بەڵکو زمان و بابەت و ناوەڕۆک و ئەو وردەگرێیانەیە کە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دێنە پێش و چارەسەر دەبن و خوێنەر بەرەو خۆیان کێش دەکەن.

یەکێکی تر لەو شتانەی کە پێویستە لە ڕۆماندا هەبێ و بە بێ هەبوونی ڕۆمانەکە کەموکوڕی تێدەکـــەوێت، بەڵام مەرج نییە لە ژیاننامەدا هەبێت، (وەســف)ە. وەسفی کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە و وەسفی ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا ڕوودەدات و وەسفی ئەو کەلوپەلانەی لە ڕۆمانەکەدا بەکار دەهێنرێت، وەسف یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان و چیرۆک، بەلایەنی کەم ڕۆماننووس دەبێ وەسفی کاراکتەر و شوێنە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەی بکات. وەسف "وێنەی ئەو ڕووبەر و باکگراوندانە دەکێشێ کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدات، بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە و دەیخاتە پێش چاوی خوێنەر، ڕۆمان هونەرێکی خوێنراوە و پشت بەو ڕووداو و شتانە دەبەستێ کە بە وشە دروست دەکرێن".[٧]

لە ڕۆمانی (قامچی)دا، ڕۆماننووس وەسفی کاراکتەر و شوێن و کەلوپەلەکانی نەکردووە، ئەمەش زیاتر لە ڕۆمانبوونی دوور دەخاتەوە و لە ژیاننامەی نزیک دەکاتەوە، "کاتێ ڕۆمانی (قاهیرەی نوێ)ی (نەجیب مەخفوز) دەخوێنینەوە، وا هەست دەکەین کەسایەتی (مەحجوب عەبدولدایم) کەسێکی راستەقینەیە و لە گۆشت و خوێنە، ئەویش بە هۆی ئەم هەموو وردەکارییەی کە نووسەر وەسفی کردووە، سیمای دەموچاوی، ئەو ژوورەی تێیدا دەژی، ئەو شوقە ناوازەیەی کە تێیدایە، ئەو شەقامەی کە لەوێوە دەیگەیەنێتە کۆلیژ و پێیدا دەگەڕێتەوە، ئەو ڕێگایەی پێیدا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و لای خانەوادەکەی".[٨]

بەڵام لەم ڕۆمانەدا گرنگی بە وەسفکردن نەدراوە. تەنانەت گرنگی بە ناوهێنانی کاراکتەر و شوێنەکانیش نەدراوە، بۆ نموونە جگە لە ناوی پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە

هاوکات حیکایەتخوانی رۆمانەکەشە (سەرمەد)، ناوی کاراکتەرەکانی دیکە درەنگ دەهێنرێ و بە بێ هۆ دوا دەخرێن، ناوەکان پێشتر بە ناوی هاورێکەم، کچەکەی تەنیشتم، هاوپۆلەکەم، برا گەورەکەم، دایکم، باوکم و.. ناو دەبرێن، دواتر و دوای چەندین رووداو ئینجا ناویان دەهێنرێ، یەکەم ناوهێنانی رۆمانەکە لە لاپەڕە (٣٦)ە کە ناوی (عەزەگورو)ە لە کاتێکدا کە زوو باسی ئەو کاراکتەرە کراوە، واتا تا لاپەڕە (٣٦) جگە لە ناوی خۆی (سەرمەد) هیچ ناوێکی دی ناهێنێ، ئەمەش درەنگە، چونکە کاراکتەرەکان لەسەرەتاوە بە دیار دەکەون، تەنانەت (رەیحانە) کە دواتر رۆلێکی نیمچە سەرەکی لە رۆمانەکەدا دەگێڕێ و تا کۆتایی رۆمانەکە بەردەوام دەبێت، کەچی تا لاپەڕە (٥٢) ناوی ناهێنرێ، لە کاتێکدا رۆمانەکە (٢٠٦) لاپەڕەیە، ئەمەش دەکاتە چواریەکی رۆمانەکە، لێرەدا دیسان ئەوە دێتەپێش کە ئەگەر (رەیحانە) وەکو کەسایەتییەکی سەرەکی و گرێی سەرەکی رۆمانەکە پێشکەش بکرێت، ئەوا دەبێ زوو ناوی بهێنرێ و وەسف بکرێت. هەروەها برا گەورەی پاڵەوان و حیکایەتخوانی رۆمانەکە (خەلیل)، سەرەڕای ئەوەی لە لاپەڕەی یەکەمی رۆمانەکەوە لە ناو رووداوەکان بەدیار دەکەوێت، بەڵام نەک هەر وەسفی ناکرێت، بەڵکو ئەویش لە کۆتاییەکانی رۆمانەکەدا و لە لاپەڕە ((١٦٨)) ناوی دەهێنرێت.

"دانیال دیفۆ لە رۆمانەکەیدا، هیچ شوێنێکی لەندەنی سەدەی نۆزدە نامێنێ کە وەسفی نەکات".[٩] رووداوەکانی ئەم رۆمانە لە (رواندز) رویانداوە، بەڵام رۆماننووس هیچ وەسفی ئەم شارە ناکات، لە کاتێکدا یەکێکە لە شارە جوانەکان و یارمەتیدەرە بۆ وەسف، (خەرەندی رواندز) ئەگەر ناوبانگی لە شارەکە زیاتر نەبێ کەمتر نییە، هەندێک رووداوی رۆمانەکە لەو خەرەندە روودەدەن، بەڵام دیسان وەسفی ئەوێش ناکات، رۆماننووس دەیتوانی وەکو وێنەیەکی جوان و رەنگاورەنگ ئەم شوێنانە بخاتە بەرچاوی خوێنەر و وایان لێبکات کە خوێنەر بیانبینێ، چونکە "هەموو وردەکارییەکانی وەسف بۆ ئەوەیە باوەڕ بە خوێنەر بێنی کە ئەو لە نێو دنیایەکی راستەقینەیە نەک دروستکراوی خەیاڵی خوێنەر".[١٠] نەک وەسف، بەڵکو تەنانەت وەکو درەنگ ناوهێنانی کاراکتەرەکان، زۆر درەنگتر ناوی شارەکەش دەهێنێ و تەنیا یەکجار لە لاپەڕە (١٧٤) ناوی (رواندز) دەهێنێ، ئەویش ئەو کاتەی گفتوگۆیەک لە نێوان حیکایەتخوان و مامۆستایەک روو دەدات لەسەر مانای ناوی شارەکە.

ئەگەر ناونەهێنانی کەسەکان، یان وەسف نەکردنیان هۆکارێکی لە پشتەوە بێت، ئەوا ئاساییە، بۆ نموونە هەندێ رۆمان هەن، تەواویش دەبن ناوی هەندێ

کاراکتەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، ئەمەش مەبەستێکی تایبەتی لە پشتە، بەڵام دواخستنی ناوهێنان یان وەسف نەکردن، لەم رۆمانەدا وەکو لە خوێندنەوەی تەواوی رۆمانەکە بە دیار دەکەوێت، هیچ مەبەستێکی لەپشتەوە نییە، کەواتە ئەم رۆمانە لە وەسفکردن و شێوازی ناوهێنانی کاراکتەرەکان، کەمتەرخەمی تێدایە.

**سەرنجی زمانەوانی:**

هەڵبەت لە نووسینی رۆماندا، زۆرجار رۆماننووس بە هۆی زۆری رووداوەکانەوە، یان بە هەر هۆیەکی دیکە تووشی ئیشکالی زمانەوانی و تێکەڵبوونی هەندێ لە رووداوەکان و دووبارەکردنەوەی هەندێک رستە و دەربڕین دەبێت، ئەم رۆمانەش بەدەر نییە لەو ئیشکالانە، لێرەدا هەندێکیان دەخەمەڕوو.

- ((من کە چوومە پۆلی یەکی سەرەتایی، تەمەنم پێنج ساڵ و نیو بوو، لەبەر ئەوەی خزمی بەڕێوەبەر بووم وەرگیرام...ل١٤)). ئەم دەربڕینە بە شێوەیەکی نزیک لەمە لە شوێنێکی دیکەش دووبارە کراوەتەوە. ((من لە تەمەنی پێنج ساڵ و نیودابووم کە لە قوتابخانە وەرگیرام، ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە بۆرە خزمایەتییەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا هەبوو..ل٢٣)).

دووبارەکردنەوەی ئەم دەربڕینە و بەم شێوەیە کە تەنیا نۆ لاپەڕەیان لە نێواندایە، هیچ پێویست نییە و خزمەتی دەقەکە ناکات، ئەگەر لە جاری دووەم دووبارەش نەکرابایەوە هیچ کاریگەری لەسەر کۆنتێکستی دەقەکە نەدەبوو، بەڵکو هەر پێویستیش بوو دووبارە نەکرێتەوە. دەکرا لە جاری دووەم بۆ نموونە تەنیا بنووسرابا (بەهۆی ئەو خزمایەتییەی لەگەڵ بەڕێوەبەر هەمانبوو...) و درێژە بە دەقەکە بدرابا، یان دەربڕینێکی تری لەم شێوەیە.

- ((ئەو رۆژە دەیانگوت (سەبۆ سوور) دوو مشکی لەگەڵ خۆی هێنابوونە پۆلەکە...ل٥٢)) حیکایەتخوان ئەمە بە جێناوی کەسی سێیەمی بکەر نادیار دەگێڕێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حیکایەتخوان خۆی لەوێ ئامادە نەبووە، کەچی دواتر کە باسی بەزموڕەزمی رووداوەکە دەکات، خۆشی دەخاتە ناو رووداوەکان، ((هەر یەکێکمان لە شوێن خۆیەوە کتێبێکی بەرز دەکردەوە و توونd لە رەحلەکەی بەردەمی خۆی دەدا...ل٥٢))، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دواتر حیکایەتخوان هەر خۆی تۆمەتبار دەکرێت بەوەی مشکەکانی هێناوەتە ژوورەوە، کەواتە نەدەبوو رستەکەی سەرەتا بە بکەر نادیار بنووسرابا وەکو ئەوەی خۆی لەوێ نەبووبێ، چونکە خۆشی لەوێ ئامادەبووە.

- ((لە پشت دیواری خانووی کەسێک دانیشتم، کە نەمدەزانی هی کێیە...

ل٩٦)) خانوو هی کەسێک نییە، هی خێزان یان خانەوادەیەکە، دەشێ هی تاکە کەسێکیش بێت، بەڵام کە نەزانی هی کێیە؟ حەتمەن بە بینینی خانوو بیرت بۆ خێزانێک دەچێت نەک کەسێک، (کەسێک) لەم رستەیەدا هەڵەیە و دەکرا هەر نەشنووسرێت، رستەکە بەمجۆرە بەس بوو، (لە پشت دیواری خانوویێک دانیشتم کە نەمدەزانی هی کێیە).

- ((گوێم لێ بوو چەکدارێک بە یەکێکی دیکەی دەگوت:...ل١٩٣)). دوو رستە دواتر دەنووسێت ((کە سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد، بە غەیری ئەو چەکدارە کەسێکی دیکەم لە ژوورەکەدا نەبینی...ل١٩٣)). ئاماژە بە چوونە دەرەوەی هیچ کەسێکیش ناکات، چ بە ئاگای ئەو، یان بە بێ ئاگا، کەواتە بێ هیچ ئاماژە و هۆیەک لە رستەی یەکەم باسی دوو کەس دەکات، کەچی لە رستەی دووەم تەنیا یەک کەس بەدیار دەکەوێت و کەسی دووەم باسی نامێنێ و بزر دەبێ.

- ((پێی رابگەیەنم کە چەند رۆژێکی دیکە دایکم دەنێرمە داخوازی و...ل١٧٦))، لە هەمان جێژوان و هەمان شەو، چەند ساتێک دواتر دەنووسێت: ((ناتوانم ئەو خەبەرە خۆشەت پێ بڵێم کە بەیانی دایکم دەنێرمە داخوازیت...ل١٧٨))، لە سەرەتا باسی چەند رۆژێکی دیکەیە، دواتر دەبێتە بەیانی، لەکاتێکدا بە گوێرەی ناواخنی قسەکان، ئەو پێشتر لەگەڵ دایکی لەسەر کاتەکە رێککەوتوون و براوەتەوە، کەواتە نووسەر لێرەدا تێکەڵییەکی لا دروست دەبێت.

ئەمە بەشێکە لەو سەرنجە زمانەوانیانەی کە هەمبوون، هەڵبەت ئەم جۆرە ئیشکالانە لە رۆماندا ئاساییە و رۆماننووسانی دیکەش رووبەڕووی ئەم جۆرە ئیشکالانە دەبنەوە، بۆ نموونە، لە رۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی رۆماننووسی سودانی (تەیب سالح)دا، لە شوێنێکدا "چەند جارێک ئەوە چەند بارە دەبێتەوە کە مستەفا سەعید (پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە) چەقۆی بەدەستەوەیە و دەیەوێ جین مۆرسی ژنی پێ بکوژێت، کەچی لە کات و ساتی کوشتنی جین مۆرسدا کە هەر چەقۆی بەدەستەوەیە، دەڵێ: بە سینگم پاڵم بە خەنجەرەکەوە نا، تا هەمووی لە سینگیدا، لە نێوان مەمکۆڵانیدا ختم بوو.

(مارکیز)یش لە نۆڤلێتی (کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنێرێت)دا هەڵەیەکی زەقی لەو بابەتەی کردووە، لەسەرەتای نۆڤلێتەکەدا دەڵێت: (کوڕەکەی کۆلۆنێل بە چەقۆ کوشتیان)، کەچی لە دوا دوایی نۆڤلێتەکەدا دەڵێت: (بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا ئەو کابرایەی بینی کە تەقەی لە کوڕەکەی کرد)".[11] کەواتە ئەم هەڵەکردن و بە هەڵەداڕۆیشتنە لە نووسینی رۆماندا، چاوەڕوانکراوە.

***

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم کتێبە چ ژیاننامە بێت، یان ڕۆمان، هەروەها سەرەڕای سەرنجە زمانەوانییەکان، بەها ئەدەبییەکەی خۆی لە دەست نادات و لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەمە دەقێکی جوانی ئەدەبییە، لەوەش کەم ناکاتەوە کە ئەم کتێبە چەند کێشەیەکی جەوهەری کۆمەڵگای ئێمەی لە ژێر ناوی ڕۆمان بە جوانی و بە وردی خستۆتەڕوو. ڕۆمانیش دەقێکی ئەدەبی زۆر گرنگە و دەشێ ڕووداوەکانی ژیان بگێڕێتەوە و وردەکارییەکانی ژیان و کێشە و گرفتەکانی ژیان بخاتەڕوو، "لە ڕوانگەی هەندێ لەو ڕۆماننووسانەوە بایەخی ئەو شێوازە ڕۆمانەی کە ڕووداوەکانی ژیان دەگێڕێتەوە، لەوەدایە کە توانای توێژینەوەیەکی پراکتیکی هەیە لە هەموو وردەکاری و بابەتە دەوڵەمەندەکانی ژیان.".[١٢] ئەم کتێبەش بابەتە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگای ئێمەی بەرچاو خستووە، لێرەوە هەوڵ دەدەم قسە لەبارەی ئەو گرفتانە بکەم کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگای ئێمەوە هەیە و لەم دەقەدا بە جوانی تیشکیان خراوەتەسەر.

### وێنای پەروەردەی ناتەندروست لە کۆمەڵگا:

یەکێک لەو کێشە گرنگ و دیارانەی کۆمەڵگای ئێمە کە لەم ڕۆمانەدا باس کراوە، کێشەی ناتەندروستی پەروەردە و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێیە، بە تایبەتیش لای منداڵ و لای قوتابی لە سەرەتاکانی دەستکردنی بە خوێندن، ئەم ڕۆمانە لە ڕووی وێناکردنی ئەم پەروەردە ناتەندروستەوە، کاریگەری خۆی هەیە و وێنایەکی جوانی پێشکەش کردووە، "کاریگەری نووسینی ڕۆمان پشت بە دوو تایبەتمەندی دەبەستێت، پەتەوی ناواخن و سروشتەکەی وەکو زەرورەتێکی پێویست، ئەو چیرۆکەی ڕۆمانێک دەیگێڕێتەوە، دەبێ پەتەو بێ بۆ ئەوەی ئەو پەتەو نـــــەبوون و شاشییەی کە هەیەتی، وەکو شتێکی ڕەسەن و پڕ لە ژیان دەرکەوێ".[١٣] ناواخنی ئەم ڕۆمانە و بابەتەکەی لەمڕووەوە کاریگەرن و دەقەکەیان پەتەو کردووە.

ئاشکرایە کە کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی سیستەمی پـەروەردەوە، خاوەنی پەروەردەیەکی ناتەندروست و دواکەوتووانەیە، بەڵام "نابێ کۆمەڵگا دواکەوتنی خۆی بەسەر سیستەمی پەروەردەدا بسەپێنێ، بە پێچەوانەوە دەبێ پەروەردە گەشەی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ".[١٤] کەچی کۆمەڵگا لە وڵاتی ئێمەدا توانا و سیستەمی خۆی بەسەر بواری پەروەردە و شوێنی پەروەردەکردن کە هەنگاوی یەکەمی دوای ماڵ قوتابخانەیە، دەسەپێنێ، ئەم ڕۆمانە لەسەرەتاوە ئەم ڕاستییە بە جوانی دەخاتەڕوو ((ئەو کاتەی بۆ یەکەمینجار تخووبی ماڵەوەمانم

بڕی و بازم دایە نێو پۆلەکانی قوتابخانە، دڵم بەوە خۆشبوو، هیچ نەبێ نیوەی وەختی ڕۆژەکان، بە دوور لە شەق و زرمەی شەپازللەی باوکم و برا گەورەکەم، هەندێ جاریش دایکم، بەسەر دەبەم ...ل٥)) بەڵام کارەکە بەو جۆرە نابێ کە ئەو پێشبینی کردووە ((بینینی یەکەم دیمەنی قوتابخانە و شەپۆلی پڕ هاتوهاواری منداڵان و سیمای تووڕە و ترشی هەندێ مامۆستا، خەم و ترسێکی قووڵیان لەدەروونمدا ڕوواند...ل٥))، کەواتە قوتابخانە نەیتوانیوە خۆی لە ماڵ دابڕێ و کەشێکی لە ماڵ باشتر و گونجاوتر بۆ قوتابیان دروست بکات، هۆکاری هەموو ئەمەش ئەوەیە کە "پەروەردەی ئێمە لەسەر ئەو خورافەتە بەندە کە قوتابخانە دەبێت تەواوکەری ماڵەوە بێت، ئەم بۆچوونە کارێکی کردووە کە ئەو عەقلییەتەی ماڵ بەرهەمی دەهێنێت، قوتابخانەش هەمان عەقلیەت و ئەخلاقیات بەرهەم بهێنێتەوە".[١٥]

یەکێک لە ناتەندروستییەکانی ئەم پەروەردەیە ئەوەیە کە بە شێوازی جۆراوجۆر، هەم لە ماڵ و هەم لە قوتابخانە، لە سەرەتاوە بەناوی پەروەردە و ئامۆژگاریکردنەوە، ترس لە ناخی منداڵان دەچێنرێت. بەجۆرێک کە ئەگەر چاکەیەکیش بەرامبەر ئەو منداڵە ترسێنراوە بکرێت، منداڵەکە یان قوتابییەکە باوەڕ ناکات چاکەی بەرامبەر کراوە و ترسی لێ نارەوێتەوە، ((من زۆر ترسابووم (...) چاوەڕێ بووم زللەیەکم پێبکەوێ، کەچی زۆر بە نەرمی دەستێکی بەسەرمدا هێنا، لە خۆشیان هەردوو چاوم پڕ فرمێسک بوون...ل٢١)).

لەم جۆرە سیستەمی پەروەردەکردنەدا مامۆستاکان شانازی بە توندوتیژییەوە دەکەن ((ئەو مامۆستایانەی کە ناوبانگیان بە تۆقێنەر و زەبروەشێن دەرکردبوو، بە شانازییەوە بۆیان دەگێڕامەوە کە چۆن دەست و پەنجەی قوتابییەکانیان شین و مۆر کردووە، جاری وا هەبوو گلەییان لە یەکتر دەکرد کە چۆن مامەڵەی توندتریان لەگەڵ قوتابییە شەڕاوییەکان نەکردووە... ل١٦٧)) لەم جۆرە پەروەردەیەدا مامۆستا پێی وایە قوتابی گەرای شەیتانی لە هەناویدا هەڵگرتووە ((ل١٦٨)) و پێویستە لەم شەیتانبوونە پاک بکرێتەوە.

مامۆستایان خۆیان بەوجۆرە نابینن کە ئەوان لە دەزگایەکی باڵاتر لە کۆمەڵگان و دەبێ لەوێوە پەروەردەی تەندروست بۆ کۆمەڵگا پەخش بێتەوە، "هەندێک لە مامۆستایانی کوردستان بیرۆکەیان لەسەر پەروەردە، لەو تێگەیشتنە باوە تێنەپەڕیوە کە لە خێزانەوە دەیهێنن بۆ قوتابخانە، ئەخلاقیاتی پەروەردە لە ئەخلاقیاتی باوی کۆمەڵگا جیانەبۆتەوە".[١٦] بۆیەش ئەم کۆمەڵگایە ناتوانێ تاکی تەندروست دروست بکات، یان تاکەکان چەندە خۆیان هەوڵ بدەن، زەمانەتی

ئەوە نییە بتوانن گەرای دواکەوتنەکانی کۆمەڵگا لە هەناوی خۆیان دەربکەن. ئەم ڕۆمانە ئەم بابەتەی بە جوانی خستۆتەڕوو، (سەرمەد) هەرچەندە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی مەدەنییانەی دوور لە توندوتیژی ڕەفتار بکات، ((زۆرم هەوڵ دەدا دەست لە هیچ قوتابییەک نەوەشێنم...ل١٧٦))، بەڵام ناتوانێ تا سەر لەسەر ئەم خواستەی بەردەوام بێت، دواتر ئەویش وەک مامۆستاکانی دیکە لە قوتابیان دەدات و توندوتیژی زۆریان بەرامبەر دەکات، تەنانەت ئەو توندوتیژییە دەگوازێتەوە بۆ ماڵەوەش و بەرامبەر (ڕەیحانە)ی خێزانیشی توندوتیژی ئەنجام دەدات.

یەکێکی تر لەو بابەتە گرنگانەی ئـــەم ڕۆمانە دەیـــخاتەڕوو، کێشەی (شێت)ەکان یان ئەو کەسانەیە کە باری دەروونیان ناتەواوە، کۆمەڵگای ئێمە نەک تەنیا گرفتی ئەوانە چارەسەر ناکات و یارمەتیان نادات، بەڵکو گرفتەکانیان قووڵ دەکاتەوە و مەینەتییەکانیان زیاتر دەکات، کۆمەڵگا و تێگەیشتنی دواکەوتووی کۆمەڵگا، هۆکارێکی گرنگە لە دوورخستنەوەی زیاتری ئەم شێتانە لە مرۆڤە ئاساییەکان و ئەنجامدانی جیاکاری بەرامبەریان، لەم ڕۆمانەدا شێتەکان بە جوانی مەینەتییەکانی خۆیان دەردەبڕن و کێشەکانیان دەخەنەڕوو، بۆ نموونە بڕوانە لاپەڕە ((١٣٨)) هەروەها تەماشاکەن شێتێک چۆن باسی پەیوەندی نێوان خۆی و قوتابخانە دەکات. ((ئەم قوتابخانەی پشتمان دەبینن، ئەمە وەستا عەزیزی باوکم دروستی کرد، بۆ ئەوە نەبوو منی تێدا فەلاقە بکرێ، بۆ ئەوە نەبوو من لەناویدا زیندانی بکرێم، زۆرجار هاتۆتە سەرم ئەوەی باوکم دروستی کردبوو بیڕووخێنم...ل١٣٨)).

هەروەها ئەم ڕۆمانە بە جوانی باسی پەیوەندی نێوان ئاغا و خەڵکی ئاسایی دەکات، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن ئاغا لەناو کۆمەڵگا هەموو شتێکی لەدەست دێت، زیاتر لەوەش بە جوانی باسی ئەو پێگە و دەسەڵاتە ڕەمزییە دەکات کە ئاغا هەیەتی، بە شێوەیەک ئەگەر خودی ئاغا خۆشی کەسێکی باش بێت، یان هەڵوێستی باشی هەبێ، داروودەستە و منداڵ و خزم و کەسەکانی بە هۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتە ڕەمزییەکەی ئاغاوە، خراپەکاری ئەنجام دەدەن، بڕوانە (عەزەگوڕ)ی کوڕە گەورەی ئاغا، لە منداڵییەوە بە هۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتی باوکییەوە خراپەکاری دەکات، هەموو جارێکیش کە لێی ئاشکرا دەبێت، ئاغای باوکی سەرکۆنەی دەکات، واتا ئەم ڕۆمانە ئەوە دەخاتەڕوو کە مەرج نییە خودی ئاغا خۆی کەسێکی خراپەکار بێت، بەڵام خزم و کەس و دەوروبەرەکەی، دەسەڵاتە ڕەمزییەکەی ئەو، خراپ بەکار دەهێنن.

واتا بە گشتی ئەم ڕۆمانە جۆرێک لە لێکۆڵینەوەیە لە مەینەتی خەڵکانی جۆراوجۆری ناو کۆمەڵگای ئێمە بە گەورە و بچووکەوە.

**فەنتازیا و خەیاڵ:**

هەبوونی چەند چیرۆکێکی خەیاڵی لەم ڕۆمانەدا، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ڕۆماننووس دەستێکی باڵای هەیە لە فەنتازیا و دروستکردنی خەیاڵ، ئەمەش گرنگییەکی زیاتری بە ڕۆمانەکە داوە، بۆ نموونە بڕوانە ئەو چیرۆکەی کە هەموو کەسەکان تێیدا دەبنە سێبەر و ململانێ لە نێوان قوتابیان و مامۆستاکاندا دروست دەبێ ((ل١٠٤)). خەون بینین بە پیرەژنێکی کورتی سەر سپی، لەو کاتەی کە حیکایەتخوان لەسەربان دەکەوێتە خوارەوە و چەند ڕۆژێک کەوتۆتە نەخۆشخانە ((ل١٠٥)). خۆپیشاندانی شێتەکان و هەڵبژاردنەکانیان ((ل١٣٣)). زۆربەی ئەم چیرۆکانەش بە جۆرێک چنراون، کە خوێنەر تا تەواوبوونی چیرۆکەکە نازانێ ئەمە خەیاڵە، بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش خوێنەر ڕادەکێشن و لێزانی ڕۆماننووس پیشان دەدەن.

لە لاپەڕە ((١٧٨))دا، نزیکەی بە دوو لاپەڕە باسی گرنگی ئاوێنە دەکات لە لایەن حیکایەتخوان، بە جۆرێکی زۆر جوان ئاوێنەی تەوزیف کردووە، بەڵام ئەم باسە لەگەڵ بابەتەکەی دواتر بەیەکەوە گرێ نەدراوە و لە هیچ شوێنێکی دیکەش باسی ئاوێنە ناکات، لەکاتێکدا دەڵێت: ((بە درێژایی ژیانم ئەوەی نەختێک هێوربوونەوەی پێ دەبەخشیم و گرێکوێرەکانی دەروونمی شل دەکردەوە، ئاوێنە بوو...ل١٧٨)) ئاوێنە بەو تێڕوانینەی لەوێ باس کراوە، دەکرا ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی بگێڕێ و پێگەیەکی دیاری هەبێت، چونکە تەنیا بەم دوو لاپەڕەیەی کە باسی ئاوێنەی کردووە، وێنایەکی جیا لە وێنا باوەکانی بە ئاوێنە بەخشیوە و ڕۆڵێکی کاریگەری پێداوە، ئەگەر زیاتر و لە میانەی ڕووداوەکاندا باسی کردبا گرنگتر دەبوو.

ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی جوان نووسراوە و چەندین دەربڕین و وێنای جوانی تێدایە، ((سەیرە ئەو جادەیەی بەردەمم دەڵێی دەئاوسێ، یان دەڵێی شتێک لە ژێرەوە پفی دەدا...ل٩٥)) ئەمە وێنای کەسێکە سەری گێژ دەخوات و کە دنیا لەبەرچاوی دەشێوێ. نووسەر بە دەربڕینێکی جوان وێنای کردووە. کە باسی ئەوە دەکات لەناکاو تێکڕا قوتابیان لە پۆل دەست بە قسە دەکەن، بە دەربڕینێکی جوان دەنووسێت: ((لەو دەمە وەک سەدای ڕەهێڵە بارانێکی لەناکاو کۆمەڵە دەنگێکی تێکقژقژاو لە پۆلەکەمان بەرزبووەوە...ل١١٠)).

ئەمانە وەک نموونەن و زۆر دەربڕین و وێنای جوانی تر لەناو ئەم رۆمانە دەبینینەوە، هەروەها ئەو نامەیەی کە رەیحانە بۆ سەرمەدی دەنووسێت ((ل١٤٧)) دەربڕین و وێناکانی زۆر جوانن و سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێ.

## سەرچاوە و پەراوێز:


١- قامچی، (رۆمان)- کاروان عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠١١). لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

**٢- السيرة الذاتية- الروائية: غصن مطعم بشجرة غريبة - مثالاً. عدنان حسين أحمد.**
www.ahewar.org

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- الروايه. (ناوی نووسەری لەسەر نییە).
www.feedo.net

٦- ئەوەی لە نێوان ئەم دوو جووتکەوانەدایە ((...)) لە رۆمانەکە وەرگیراوە.

٧- الوصف الروائی، سالم الحسينی.
www.shathaaya.com

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- هەمان سەرچاوە.

١١- وەرزی کۆچ بەرەو باکوور، (رۆمان)- ئەلتەیب ساڵح. و: سەباح ئیسماعیل، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٦٨٣)، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠٠٧). ل١٨١.

١٢- رۆمان چییە؟ کۆمەڵێک نووسەر- و: جەواد مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠٠٨)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. ل١٠٥.

١٣- (١٢) نامە بۆ رۆماننووسێکی لاو- ماریۆ فارگاس یۆسا، و: شیرین. ک، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر. ل٤٤.

١٤- هەندێک سەرنج دەربارەی سیستەمی پەروەردە و ستراتیژی گۆڕانکاری لەم سیستەمەدا- بەختیار عەلی، گۆڤاری سەردەمی رەخنە، ژمارە (٥). ل٢٠٤.

١٥- هەمان سەرچاوە ل٢٠٦.

١٦- هەمان سەرچاوە ل٢٠٦.



# لەنێوان دەقی کراوە و چیرۆکی کراوەدا

## (چیرۆکی "نووسینەوەی درۆ"ی ئارام کاکەی فەلاح وەک نموونە)

**ئارام سدیق**

**سەرەتا**

یەکێک لەو زاراوە رەخنەییانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر بەکاربراوە و بەردەوامیش بەکار دەبرێت، زاراوەی (دەقی کراوە)، یان (تێکستی واڵا)یە. زۆرجار بەکاربردنی ئەم زاراوەیە گفتوگۆ و جەدەلی دروستکردووە و هەر نووسەر و لێکۆڵەرێکیش بەپێی روانینی خۆی لەم زاراوە رەخنەییە نوێیەی روانیوە و بەرگری لێکردووە. رەنگە زۆرێک لەو نووسەر و لێکۆڵەرانە هەریەکە لە ئاست خۆیەوە تێگەیشتنێکی بۆ ئەم زاراوەیە هەبێت. بەڵام ئەوەی هەیە و تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە ئەوەیە کە جیاکاری لەنێوان ئەم زاراوەیەدا نەکراوە و روون نەکراوەتەوە، ئەوەی لای نووسەری ئیتالی (ئۆمبرتۆ ئیکۆ) بەکار دەبرێت مەبەست لە چییە و ئەوەی (شێرکۆ بێکەس) لە قەسیدە درێژەکانی دەنووسێت (تێکستی واڵا) ئەمە لەکوێوە هاتووە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەی لای ئیکۆ هەیە، یان خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ (دەقی کراوە) کە لای رەخنەگرانی عەرەب بەکار دەبرێت چییە؟ ئایا ئەوەی لای (شێرکۆ بێکەس) هەڵەیە؟ ئەگەر هەڵەیە هەڵەکەی لە کوێدایە؟ چۆن راست بکرێتەوە و رێگاکانی راستکردنەوەی

کامانەن؟ هەروەها ئەوەی (ئارام کاکەی فەلاح) بەکاری دەهێنێت کام جۆرەی (تێکستی کراوە)یە، کە ئەو بە (چیرۆکی کراوە) ناوی دەبات؟ ئایا ئەوەی (ئارام) باسی دەکات تا چەند لەنێو ئەدەبی کوردییدا جێگای دەبێتەوە؟ ئایا هەوڵەکانی ئەو جێگای ئەوەن، کە ببنە بناغە بۆ دامەزراندنی زاراوەیەکی نوێی رەخنەیی، کە جیاوازبێت لەوەی لای (ئۆمبرتۆ ئیکۆ و شێرکۆ بیکەس) هەیە و ئەویش دەکرێت بناغەبێت بۆ دروستبوونی زاراوەیەکی رەخنەیی نوێ، یان ئایا ئەمە چییە؟

لەڕاستیدا دەمێکە ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تر لای من بەردەوام دووبارە و چەندبارە دەبنەوە و تا ئێستا هیچ لێکۆڵەرێک بەتایبەت ئەوانەی سەروکارییان لەگەڵ ئەم جۆرە باسەدا هەیە خۆیان لە قەرەی نەداوە. من لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم بەپێی سەرنج و تێگەیشتنی خۆم لە (دەقی کراوە) و ئەو بەرکەوتانەی من هەمبووە لەگەڵ ئەم زاراوەیەدا، لێرەدا سەرنجەکانم بخەمە روو و چیرۆکی (نووسینەوەی درۆ)ی ئارام کاکەی فەلاح وەکو فۆرمێکی نوێی دەقی کراوە بە نموونە بهێنمەوە. لەراستیشدا ئەم چیرۆکە زیاتر پاڵنەرم بوو بۆ ئەم نووسینە، چونکە هەستم کرد بەتەواوی ئەم فۆرمە نوێیەی زاراوەی دەقی کراوە لەم چیرۆکەدا خەملیوە و (ئارام) لەپاش چیرۆکی (نووسینەوەی درک) توانیویەتی بەردەوامی بەم جۆرە لە (چیرۆکی کراوە)، یان تێکستی کراوە بدات.

**دەقی کراوە چییە؟**

زاراوەی دەقی کراوە، (Open text) یان بەرهەمی کراوە بە زمانی عەرەبی (النص المفتوح) زاراوایەکی رەخنەیی نوێیە لە لێکۆڵینەوە سیمۆلۆژییەکانی نووسەری ئیتالی (ئۆمبرتۆ ئیکۆ) بەکارهێنراوە. مانای ئەم زاراوەیە پەیوەندی بە راڤەکردن و تەئویلکردنی تێکستی ئەدەبی و بەرهەمی هونەرییەوە هەیە. بەو پێیەی تێکست کراوەیە، لەوەی مانا و چەند تەئویل هەڵدەگرێت، واتە مانای زاراوەکە ئەوە نییە کە تێکستەکە تەواو نەکراوە و کۆتایی کراوەی هەیە و خوێنەر خۆی دەتوانێت تەواوی بکات. ئەم زاراوەیە تەنها لە ئەدەب و تێکستی ئەدەبیدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو دەچێتە سەر چەندین بواری دیکەی وەکو مۆسیقا و هونەری شێوەکاری و تەلارسازی و تەلەفزیۆن و چەندین بواری تری پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ.

(ئۆمبرتۆ ئیکۆ) بۆ روونکردنەوەی ئەم زاراوەیـە تەرکیز دەکاتە سەر ژمارەیەک لە کارە مۆسیقییە کلاسیکیانەی دانەرەکانیان ئازادییەک بە مۆسیقا ژەنەکان دەبەخشن، کە لە چەند بەشێکی سەمفۆنیاکەدا ئازادبن لە رێکخستنی

ئازادی ژەنیندا. هەروەها ئیکۆ لە رۆمانەکانی رۆمانووسی ئێرلەندی (جێمس جۆیس) دەکۆڵێتەوەو بەتایبەتی نموونەی رۆمانی (یۆلیسیس) دەهێنێتەوە. پاشان هەندێک لە شانۆنامەکانی برتۆڵد برێخت و نموونەی تێکستە شیعرییەکانی (فێرین و مالارمێ) وەکو دەقی کراوە پێشکەش دەکات. بەتایبەتریش دەقی (وەرزێک لە دۆزەخ)ی شاعیری تازەگەری فەرەنسی (ئارسەر رامبۆ) دەهێنێتەوە. بۆ روونکردنەوەی تەواوی مەبەستی زاراوەی (دەقی کراوە) ئیکۆ کتێبێک لەمبارەیەوە دەنووسێت و لەم کتێبەدا ئیکۆ دەڵێت: نابێت وا لە چەمکی (دەقی کراوە) تێبگەین، کە ژانرێکی جیاواز و سەربەخۆی تێکستە و لە تەنیشت ژانرە ئەدەبییەکانی ترەوە دابنرێت، بەڵکو ئەمە بریتییە لە توانای خوێندنەوەیەکی جیدی بۆ نوێکردنەوەی تێکستی خوێندراو لە میانی بەردەوامیدا بە تەئویلی ناوەرۆکی تێکستەکە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین، کە ئەم کتێبەی ئیکۆ چەمکی خوێندنەوەی لە رەخنەی ئەدەبیدا جێگیر کرد و بایەخێکی شایستەی گەڕاندەوە بۆ دوانەی (خوێنەر/وەرگر) لە جوڵاندنی تێکستدا و ئەو روانینە تەقلیدییەی گۆڕی، کە لە یەک لایەنەوە دەق راڤە دەکات. واتە ئەو خوێندنەوە تاک رەهەندەی پێشتر هەبوو، گۆڕی بە خوێندنەوەی فرەرەهەند.

ئەوەی لێرەدا خرایەڕوو تەنها کورتەی ئەو بۆچوون و پێناسانە بوون، کە (ئۆمبرتۆ ئیکۆ) لەسەر (دەقی کراوە) لە کتێبەکەیدا کە بەهەمان ناوەوەیە خستویەتییەڕوو، بەڵام من دەمەوێت لەگەڵ ئەم جۆرەی ئێرەدا، دوو جۆری تر لە (دەقی کراوە) بخەمەڕوو.

### جۆرەکانی دەقی کراوە

رەنگە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی (دەقی کراوە) کارێکی ئەستەم بێت، بەو پێیەی رەنگە ئەوەی من لێرەدا دەیخەمەڕوو هەموو جۆرەکانی (دەقی کراوە) نەبێت، چونکە دەکرێت بە چیرۆکە زۆر کورتەکانیش (مەبەست مینیماڵە) بوترێت دەقی کراوە. چونکە زۆر شت بۆ خوێنەر بەجێدێڵن و هەندێک تێکستیان هەیە، کە پرسیاری گەورە بۆ خوێنەر بەجێدێڵن، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لای من خەمڵیوە و بۆتە جێی سەرنج و تێڕامانی من، سێ جۆر دەقی کراوەیە، کە جۆری یەکەم ئەوەیە، کە (ئۆمبرتۆ ئیکۆ) باسی دەکات و پێکهاتووە لەو جۆرە دەقەی کە هەڵگری فرە راڤەیی و فرە تەئویلییە و لەم جۆرەدا خوێنەر رۆڵێکی دیاری هەیە. جۆری دووەم ئەو جۆرەیە کە (شێرکۆ بێکەس) بە (تێکستی واڵا) بەکاریهێناوە

و له چەندین دەقیدا ئەم زاراوەیەی بۆ ناسنامەکەی دایناوە. لای (شێرکۆ بێکەس) فۆرمێکی تایبەتی (تێکستی والا) بەکار هاتووە، کە من وەکو (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) لاموانییە ئەم بەکارهێنانە هەڵە بێت. بەڵکو فۆرمێکی تایبەتە بەشێوەیەک کە شێرکۆ لەو تێکستانەدا (شیعر، پەخشان، لاوک و حەیران، چیرۆک و شانۆنامە) لەیەک تێکستدا کۆکردۆتەوە. پێناچێت ئەم شاعیرە بەهەمان ئەو مانایە، کە لای ئیکۆ هەیە، زاراوەی (تێکستی والا)ی بەکارهێنابێت.

شێکۆ بێکەس لە پێشەکی (کتێبی ملوانکە)دا لەبارەی دەقی والاوە دەنوسێت:

"لە سادەترین پێناسە کردندا.ماڵێکە نە، یەک بابەت و نە، یەک فۆرمی دیاریکراوی تیا ناژی، هیچ کام لە شیعر و چیرۆک و پەخشان و پەخشانەشیعر و شانۆنامە، خاوەنی هەموو ماڵەکە نین. بەڵام لە هەمانکاتدا ماڵی هەمووشیانە. ئەشێ لە حەوشەی ئەم ماڵەدا گوێمان لە خوێندنی باڵندەکانی شیعر بێ. یان لە ژوورێکیا چاومان نەخش و نیگار و مافووری ڕەنگاڵەی پەخشان و پەخشانەشیعر بکەوێ. یان لە ڕاڕەوێکا تووشمان ببێ بە تووشی حیکایەت خوانێکەوە، چاومان بە ڕەوتی چیرۆک بکەوێ یان لە هۆڵەکەیدا درامای شانۆ ببینین، هەر جارە و ببینە میوانی یەکێکیان".

واتە ئەوەی لای شێرکۆ دەبینرێت، فۆرمێکی تری تێکستی والایە، کە جیاوازە لەوەی لای ئیکۆ هەیە و لای نووسەران و ڕەخنەگرانی عەرەب دەبینرێت و تایبەتە بە تێکستی شیعری، کە ئازادی تەواو دەدات بە شاعیر لەکاتی نووسینی شیعردا. مەرج نییە شاعیر لەسەرەتای تێکستەکەوە تا کۆتایی پەیوەست بێت بە ریتم و مۆسیقای شیعرییەوە. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێم ئەوەی ئەم دووجۆرە تێیدا هاوبەشن، تەنها ناوەکانیانە، لاموایە ئەمەش بۆیە دووبارە و چەندبارە بۆتەوە و بەهەڵە بەکاربردن باس دەکرێت، چونکە ئێمە تا ئێستا کەسانی تیۆرسینی ئەدەبیمان نییە هاوشێوەی (ڕۆلان بارت، میخائیل باختین و ئۆمبرتۆ ئیکۆ) تا ناوێکی تایبەت بۆ ئەو جۆرە لە (تێکەڵی تێکست)، کە لای شێرکۆ دەبینرێت بدۆزرێتەوە، تا لێکۆڵەران و شاعیرانی تر لەبەرهەمەکانیاندا ئەم ناوە نوێیە بەکار بهێنن. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە چەند بەرهەمێکی شێرکۆ بێکەس بکەم، کەئەو بەرهەمانە سەرجەمیان ناسنامەی تێکستی والایان هەڵگرتووە. بەڵام ئەم شاعیرە بەهۆی هەستکردن بە دوودڵی. ئەم زاراوەیەی بەهەمان شێوە لەو بەرهەمانەدا بەکار نەهێناوە. لە (کتێبی ملوانکە)دا لە ناسنامەکەیدا نووسراوە (دەقی والا). هاوکات لە کتێبی (سرودە بەردینەکان)دا لەسەر بەرگی و یەکەم لاپەڕە نووسراوە (چیرۆکە شیعر، یان تێکستی والا) هاوکات لە کتێبی (کورسی)دا نووسیویەتی شیعر، بەڵام

هەر لە لاپەڕەی بەرانبەر هەمان لاپەڕەدا نووسراوە (لە یەک تێکستی والآدا: شیعر، چیرۆک، پەخشان، شتنۆنامە!)هاوکات لە کتێبی (گۆڕستانی چراکان)دا نووسراوە (ڕۆمانە شیعر). لە کتێبی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)دا لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە (دەقی والآ) بەڵام لە ناسنامەکەدا نووسراوە (شیعر)، هاوکات لە لاپەڕەی بەرامبەردا دووبارە ئاماژە بە (دەقی والآ) کراوەتەوە.

باسکردنی ئەم نموونانە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەسدا تەنها بۆ خستنەڕووی ئەو دوودڵییەی (قلقی) شاعیرە بەرامبەر بەکارهێنانی زاراوەی (تێکستی والآ)، چونکە بەئاشکرا ئەو دوودڵییەی، ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە لە پێشەوە خستمانەڕوو. بەو پێیەی زۆرجار شاعیر ناچاربووە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا ڕوونکردنەوەی تر پێشکەش بە خوێنەر بکات.

بەگشتی لەم جۆرەی تێکستی والآدا، دەکرێت (شێرکۆ بێکەس) وەکو سەرمەشق سەیر بکرێت، چونکە زۆرترین تێکستی داهێنەرانەی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە.

جۆری سێیەمی دەقی کراوە، ئەو جۆرەیە کە چیرۆکنووس ئارام کاکەی فەلاح بە (چیرۆکی کراوە) ناوی بردووە. ئەگەرچی بە وردی سەرنجی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی بدەین پێش ئەم نووسەرە دەبینین (چیرۆکی کراوە) بوونی هەیە. بەڵام ئەوەی ئەم نووسەرە بەتەواوی دەکاتە خاوەنی ئەم زاراوەیە ئەوەیە، کە لە چەندین چیرۆکیدا پەیڕەوی (کراوەیی لە چیرۆکدا) دەکات و هاوکات لە چاوپێکەوتنەکانیشیدا بە ئاشکرا ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنێت و بەرگریشی لێدەکات.

چیرۆکی کراوە، بەو چیرۆکانە دەوترێت، کە کۆتاییەکی کراوەی هەیە و پرسیاری ئاوەڵا بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت و وەڵامی تەواوەتی هەموو ئەو پرسیارانە نادرێنەوە کە چیرۆکەکە دەیانخاتەڕوو و نموونەی ئەم جۆرە لە چیرۆکی کراوە لە چیرۆکەکانی (نووسینەوەی دڕک، ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، حوزنی میوانێک بە تەنیش ژیاندا دەڕوات) یان بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی (بلیتێک بۆ جەهەنەم) بە چیرۆکی کراوە بزانین. هاوکات دواچیرۆکی ئەم چیرۆکنووسەش چیرۆکی (نووسینەوەی درۆ)یە کە لاموایە ئەم چیرۆکە بەتەواوی دەگاتە ترۆپک لەم جۆرە لە تەکنیکدا بەو پێیەی چەندین پرسیار بە بێ وەڵامی لەم چیرۆکەدا ماوە و خوێنەر دەتوانێت خۆی وەڵامی بداتەوە، یان بۆ وەڵامەکەی بگەڕێت.

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە ناکرێت ئەم جۆرە لە (کراوەیی)ە تەنها لە چیرۆکدا قەتیس بکرێت، دەکرێت لە شانۆ و سینەماشدا بەهەمان شێوە کۆتایی کراوە پێشکەش بە بینەر بکرێت. رەنگە نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە لە (کراوەیی)ە فیلمی سینەمایی (جیابوونەوەی نادر لە سەمین) بێت. ئەم فیلمە یەکێکە لە فیلمە نوێکانی سینەمایی ئێرانی و فیلمێکی سەرنجراکێشەر و جوانە، هاوکات کۆتاییەکی کراوەی هەیە، دوا ساتەکانی فیلمەکە ئەوکاتەیە کە دادوەر لە منداڵەکەی نادر و سەمین (تێرمە) دەپرسێت پاش جیابوونەوەی دایک و باوکت دەتەوێت لای کامیان بمێنیتەوە، ئایا بیرت لەمە کردۆتەوە کامیانت هەڵبژاردووە. (تێرمە) هەندێک رامان و بیرکردنەوە و شڵەژانی پێوە دیارە و ئیتر کامێرا لەسەر (تێرمە) نامێنێت، بەڵکو دەچێتە لای نادر و سەمین و ئەوان هەر لە چاوەڕوانی بڕیاری منداڵەکەیاندان تا بزانن لای کامیان دەمێنێتەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە دەرهێنەر ئەوە بۆ بینەر ئاشکرا ناکات کە (تێرمە) لای کامیان دەمێنێتەوە و ئەم (ئیختیار)ەی بۆ خودی بینەر بەجێهێشتووە. بەهەمان شێوە لە شانۆیی (بەڕێکەوت مردنی ئانارشیستێک) نووسینی (داریۆفۆ)یە، لە وەرگێڕانی(سیروان مەحمود)و دەرهێنانی زەریا سامی بوو و لەکۆتایی ساڵی (٢٠١١)دا لە هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی نمایش کرا. لەم شانۆییەدا دەرهێنەر دوو کۆتایی پێشکەشی بینەران کرد و هاوکات بینەرانیش سەرپشککران لەوەی دەکرێت کۆتایی تریش هەڵبژێردرێت بۆ ئەم کارە شانۆییە.

واتە دەکرێت زاراوەی (چیرۆکی کراوە) بەشێوەیەکی فراوانتر لێی بڕوانرێت و وەکو فۆرمێکی نوێی (دەقی کراوە) سەیر بکرێت و تیۆرسینانی ئەم بوارە لە هەوڵی داتاشینی زاراوەیەکی تایبەتدا بن بۆ ئەم جۆرە لە دەقی کراوە.

**دەقی کراوە لە ئەدەبی کوردییدا**

ئەگەر سەرنجی بەشی هەرە زۆری تێکستی گێڕانەوەی کوردی بدەین، دەبینین بەشی هەرە زۆری تێکستی داخراون و بەشێک لەو تێکستانە بواری ئەوەشی تێدا نییە کە فرە راڤە هەڵبگرن.بەڵام بوونی (دەقی کراوە) لەنێو ئەدەبی کوردییدا من لاموایە سەرەتاکەی بەتەواوی لە دوای راپەڕینەوە دەردەکەوێت. بەشێوەیەک ئەو گۆڕانانەی چیرۆکنووسانی دوای راپەڕین لە دەقی گێڕانەوەییدا خولقاندیان (دەقی کراوە)شی بەدوای خۆیدا هێنا.

من لێرەدا دەمەوێت جیاوازی بکەم لەنێوان دوو زاراوەدا، کە یەکەمیان (دەقی تەواونەکراو)ە دووەمیشیان (دەقی کراوە)یە. یەکەمیان ئەو دەقانەن کە

نووسەر بەناتەواوی بەجێیان دەهێڵێت و ڕەنگە دوای ساڵێک تەواوی بکات، یان ڕەنگە دوای چەند ساڵێکی تر تەواوی بکات. بەڵام ئەم جۆرە لە تێکست لەلایەن نووسەرەوە بڕیاری (تەواوکردنی) دراوە، ڕەنگە بوار و دەرفەتی گونجاو نەبێت لەو زەمەنەدا نووسەر هەستێت بەتەواوکردنی. ڕەنگە باشترین نموونە لەم بوارەدا تێکستی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب بێت. ئەم چیرۆکە تەواو نەکراوە. پێدەچێت تەواوکرابێت و ئەو بەشەی بەئێمە نەگەیشتبێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو (تێکستە کراوە)یە، یان نووسەر پەیڕەوی تێکستی کراوەی کردووە. بەڵکو ئەوە (دەقی تەواونەکراوە). واتە (لەخەوما) دەکرێت لەریزی تێکستی تەواونەکراودا ئەژمار بکرێت. نەک وەکو تێکستی کراوە ناودێر بکرێت. هاوکات هەردوو ڕۆمانی (ئەمریکا، کۆشک)ی فرانتز کافکای چیکی نموونەی دوو ڕۆمانی تەواو نەکراوی ئەدەبی جیهانین.

یـەکێکی تر لەو نموونانەی دەکرێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بـــکەین ڕۆمانی (شار)ی حسێن عارفە، ئەم ڕۆمانە لە دووبەرگ پێکهاتووە و بەرگی یەکەمی لە ساڵی (١٩٨٦) چاپ و بڵاوکرایەوە و بەرگی دووەمی (٢٠٠١) بڵاوکرایەوە. دەبینین چەندین ساڵ تێدەپەڕێت ئەوسا نووسەر بەشێکی تری ڕۆمانەکە دەنوسێت. واتە ئەم تێکستەش بەهیچ شێوەیەک وەکو تێکستێکی کراوە ئەژمار ناکرێت، چونکە نووسەر بڕیاری کۆتایداوە و کۆتایی بە ڕۆمانەکە هێناوە. یان دروستتر بڵێم ئەگەر هێشتا ڕۆمانی شار بەشی تری مابێت. نووسەر لەو دوو بەشەدا لە هەر بەشەدا کۆتاییەکی بۆ خوێنەر دیاریکردووە.

بە گشتی مەرج نییە هەر ڕۆمانێک لە چەند بەرگ و بەشێکدا بێت ئەوە نموونەی (تێکستی کراوە) بێت. بەڵکو تێکستی کراوە بەپێی بۆچوونەکەی ئیکۆ، ئەو تێکستانەن کە هەڵگری ڕاڤەو تەئویلی جیاوازە و ڕەنگە لە هەر سەردەمێکدا شێوەیەک خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لەپاش ڕاپەڕین یەکێک لەو شتانەی چیرۆکنووسانە بەکاریان برد، کارکردن بوو لەنێو مێژوودا و هێنانی کەسایەتییەکانی نێو مێژوو بۆ نێو تێکست و کردنیان بە فیگۆری نێو دەقەکان. لەم بوارەدا (عەتا محەمەد) لەو چیرۆکنووسانەیە، کە چەند فیگۆرێکی چەندجار لە چیرۆکەکانیدا بەکار هێناوە و پێدەچێت هەمان ئەو فیگۆرانە لە کارەکانی داهاتووی ئەم چیرۆکنووسەدا ڕەنگبداتەوە. ڕەنگە دیارترین نموونە (مەحوی بەڵخی) بێت، لە کتێبی (پەرتووکی خەون)دا ئامادەیی هەیە و هاوکات لە چیرۆکی (وێنە و ئاوێنە) دیسان دێتەوە. بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ئەم کارکردنەی عەتا بەو شێوەیەیە، کە هیچ کام لەو دوو چیرۆکە

درێژکراوەی ئەوەی تر نییە. تەنها ئەو فیگۆرەیان هاوبەشە. واتە دەکرێت ئەمەش وەکو فۆرمێکی تری کارکردن ببینینەوە کە جۆرێک لە یاریکردنی نووسەرە لەگەڵ خوێنەر و دەرخستنی توانای ئەفراندنی ئەوە لە نێو دنیای گێڕانەوەدا و دروستکردنی حیکایەتی جیاواز و بێسنوورە لە یەک فیگۆردا. ئەم گەمەکردنەی عەتا لە رۆمانی (فەهرەست، پێڕستی کەسایەتییە ئەندێشەییەکانی جەمیل سائیب) بەتەواوی درێژ دەبێتەوە و وایلێدێت تێکستەکە توانای درێژکردنەوەی بێ ئەژماری هەبێت. واتە لێرەوە عەتا پەلکێشمان دەکات بەرەو فۆرمێکی نوێی تێکستی کراوە، کە جیایە لەو فۆرمەی ئیکۆ پێناسەی دەگات و پێی گەیشتووە و ئەم فۆرمەش دەکرێت ناوی (کراوەیی لە گێڕانەوەدا) یان (بێسنووری لە گێڕانەوەدا)ی لێبنرێت، چونکە نووسەر، تێکستەکە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بە (کراوەیی) بۆ خوێنەر بە جێهێشتووە.

ئەم نموونانەی لەسەرەوە خراونەتەڕوو بۆ زیاتر روونکردنەوەی چەمکی (دەقی کراوە) بوون، ئەوەی زیاتر بەچاوڕوونی هەبێت لەسەر بەکاربردنی ئەم چەمکە و ئەو ئەو تێکسانەی دەکرێت ئەم چەمکە ببێتە ناسنامەیان.

### ئارام کاکەی فەلاح و چیرۆکی کراوە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەم لەسەر ئەو هەوڵانەی (ئارام ئاکەی فەلاح) بوەستم، کە زیاتر زاراوەی (چیرۆکی کراوە)، یان جۆری سێیەمی دەقی کراوە دەخەملێنێت. ئەم چیرۆکنووسە لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی درک)دا گەلاڵەی جۆرێکی کامڵ و تەواوی فۆرمە نوێکەی (چیرۆکی کراوە)، یان (دەقی کراوە) دەکات، کە بەتەواوی جیاوازە لەوەی (ئیکۆ) باسی کردووە و فۆرمێکی نوێ و کامڵە و دەکرێت لێرەوە ناوێکی تازەی بۆ بدۆزرێتەوە. ئارام لە سێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی درکدا (کە لەسەرەوە ناومان بردن) بەتەواوی فۆرمی (چیرۆکی کراوە)ی بەکار بردووە، بەو پێیەی چیرۆکی یەکەم چیرۆکێکی تەواو و بەتەنها ئاماژەیەکی کورت هەیە بۆ ئەوەی رەنگە لەداهاتوودا چیرۆکی تر (بەشی تری هەمان چیرۆک) بگێڕدرێتەوە. چیرۆکی دووەم، هەر لە دەستپێکەوە خۆی بەیان دەکات بەوەی درێژکراوەی چیرۆکی یەکەمە و بەم دەستپێکە دەستپێدەکات:

(نازانم دەمناسنەوە یان نا، من غەریبم، غەریب ریکۆرد). هاوکات لە چیرۆکی دوومیشدا ئاماژەیەکی کورتی تێدایە بۆ بوونی چیرۆکی سێیەم و بەهەمان شێوە دەستپێکی چیرۆکی سێیەم دەستپێکێکی گرێدراوە بە چیرۆکی دووەمەوە. کە

بەمشێوەیە دەستپێدەکات: (ئەوە دیسانەوە منم، غەریب ریکۆرد، بێ ئەوەی پەیمان بە کەسێ بدەمەوە هاتمەوە گۆ، دەزانم چیرۆکی تەواو نەکراوی ئەو کوڕە چایچییەی نەهاتەوە بۆ لای باوکی بووە بە مەراق لاتان، کوڕێ چوو بۆ شەکر و نەهاتەوە..) ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم دەستپێکە بدەین بەتەواوی لەو مەبەستەی چیرۆکنووس تێدەگەین کە لەگەڵ ئەوەی ئەم چیرۆکەش (حوزنی میوانێک بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات). درێژکراوەی هەردوو چیرۆکی پێشوو ترە بەو پێیەی پاڵەوانەی سەرەکی (کە هاوکات گێڕەرەوەشە) هەمان کەسە، بەڵام لە هەر چیرۆکە و لایەنێکی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە. ئەوەی ئەم دەقە دەکاتە دەقی کراوە (یان وەکو ئارام ناوی دەبات چیرۆکی کراوە) ئەوەیە کە چیرۆکنووس بە وریاییەوە هەم چیرۆکەکەی تەواو کردووە و هەم چیرۆکەکەشی بەتەواو نەکراوەیی بەجێهێشتووە و دیسان هاتۆتەوە بۆمان تەواو بکات. هەر لەو چەند رستەیەی دەسپێکەکەدا ئەوە بە روونی دەخوێنرێتەوە کە دەڵێت: (دەزانم چیرۆکی تەواو نەکراوی ئەو کوڕە چایچییەی نەهاتەوە بۆ لای باوکی بووە بە مەراق لاتان، کوڕێ چوو بۆ شەکر و نەهاتەوە) واتە چیرۆکنووس حیکایەتی ئەو کوڕە چاییچییەی تەواو نەکردووە و خۆی (بەمەبەست) نەیگێڕاوەتەوە بۆیە دیسان هاتووە بۆمان تەواو بکات.

لەم ئەزموونە نوێیەوە (کە من لاموایە لە زۆر رووەوە دابڕانە لە چیرۆکەکانی پێشتری خۆی) ئارام بەتەواوی ئەو فۆرمە نوێیەی دەقی کراوەی داڕشت، کە هەم جیاوازە لەوەی (ئیکۆ) باسی دەکات و هەم جیاوازە لەوەی لای (شێرکۆ بێکەس) و چەند نووسەرێکی تر کە بەکار براوە. چونکە چیرۆکەکان (بەتایبەت مەبەست ئەو سێ چیرۆکەیە) هەم چیرۆکی تەواوکراون و لە هەموو روویەکەوە چیرۆکی کامڵن، هەم چیرۆکی کراوەشن بەو پێیەی نووسەر توانیویەتی لە گۆشەیەکی ئەو چیرۆکانەوە بپەڕێتەوە بۆ چیرۆکێکی نوێ.

### نووسینەوەی درۆ و دەقی کراوە

بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر چەمکی (دەقی کراوە) روون بێتەوە پێم باشە کەمێک باس لە چیرۆکی (نووسینەوەی درۆ) بکەم. چیرۆکەکە باس لە (کۆنە موستەشارێک) دەکات بەناوی (ئاغای قەترانی)، کە دەیەوێت نووسەرێک یاداشتەکانی بۆ بنووسێتەوە. ئەگەرچی ئەم کۆنە موستەشارە یاداشتێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام دەیەوێت ئەو نووسەرە یاداشتێکی خەیاڵی بۆ دروست بکات و چەندین چیرۆکی سەیر و پاڵەوانئامێز لە یاداشتەکانیدا هەبێت تا

وەکو (خەمخۆری نیشتیمان)، یان (سەرکردەی بەتوانا) دەربکەوێت. ئەو موستەشارە ئامادەیە پارەیەکی خەیاڵی بدات بەو کەسەی ئەو یاداشتە درۆییەی بۆ دەنوسێتەوە. نووسەرەکەش کە زۆر هەژار و دەستکورتە. لە دووڕیانێکدا دەمێنێتەوە. دووڕیانی ئەوەی ئەو یاداشتە درۆیینانە بنووسێتەوە و هەموو ژیانی بە شێوەیەکی دەوڵەمەند بژی، یان خۆی بە دوور بگرێت لە نووسینەوەی ئەو یاداشتانە و درێژە بەو ژیانە پڕ لە دەستکورتییە بدات. چیرۆکنووس ئەم هەڵبژاردن (ئیختیار)ەی بە کراوەیی بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە.

ئەوەی (بەتەواوی) ئەم چیرۆکە لە چیرۆکەکانی پێشتری ئارام جیادەکاتەوە ئەو زەمینەسازییەیە بۆ رەخساندنی فەزایەکی فراوان بۆ بیرکردنەوەی خوێنەر و رەخساندنی پانتاییەکی سەرسوڕهێنەر بۆ ئەوەی خوێنەر لەبەردەم ئەو پرسیارانەدا رابگرێت. بێگومان پێشتر ئەم جۆرە کارکردنە لای ئارام ئیشی پێکراوە، بەڵام هیچیان بە ئەندازەی ئەم چیرۆکە خاوەنی فەزایەکی فراوان نین. ئەگەر بە وردتر لەسەر ئەم فەزا فراوانە قسە بکەم دەتوانم نموونەی ئەوە بهێنمەوە ئەگەر لە هەرسێ چیرۆکەکەی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی دڕکدا کارکردن لەسەر (کراوەیی لە چیرۆکدا) وەکو کردنەوەی نیوەی دەرگایەک بێت. ئەوا لە چیرۆکی نووسینەوەی درۆدا چیرۆکنووس تەواوی دەرگای چیرۆکی کراوەی کردۆتەوە و ئەمەش لەوەدا بەتەواوی رەنگیداوەتەوە کە یەک لە چواری چیرۆکەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو مەنەلۆگەی پاڵەوانی چیرۆکەکە لەبەردەم دووڕیانێکدایە کە نازانێت درۆ بنووسێتەوە و پارە وەربگرێت، یان بەهەژاری بژی و نووسینەوەی درۆ رەتبکاتەوە. بێگومان ئەم پرسیارە تەنها پرسیارێکی سادەی راگوزەر نییە. بەڵکو ئەمە پرسیارێکی ئەخلاقییە، کە هەموو نووسەرێک پێویستە لەخۆی بکات و لەو دووڕیانەدا رێگەی خۆی هەڵبژێرێت.

ئەو خاڵەی کە ئەم چیرۆکە بەتەواوی زەقی دەکاتەوە یان وەکو (تێمایەکی درەوشاوە) لە چیرۆکەکەدا هەستی پێدەکرێت. ئەوەیە نووسەران دەخاتە بەردەم (بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی). بەو پێیەی نووسین بەرپرسیارییەکی ئەخلاقییە و رەشکردنەوەی وشە و دێڕ بەر لەوەی بۆ دەستکەوتی ماددی بێت، بۆ خزمەتی ئینسانییەتە. هەر لە بەشی کۆتایی ئەم چیرۆکەدا (پاڵەوانە سەرەکییەکە، کە هاوکات نووسەرە). پرسیارێکی تر لە خۆی دەکات و دەڵێت:

"هەر پارچە کاغەزێک ناوی منی بەسەرەوە نەبێ، با منیش نووسیبێتم، هی من نییە. ئەگەر خۆم باسی نەکەم، خۆ ئاغای قەترانی بڕوا ناکەم خۆی بشکێنێ و بڵێ فلان کەس بیرەوەرییەکانی بۆ نووسیومەتەوە.."

لێرەشدا چیرۆکنووس دیسان بەرپرسیارییەکی تری ئەخلاقی رووبەرووی نووسەران دەکاتەوە و بەو پێیەی ئایا تەنها ئەو نووسین و دێڕانە نووسەر لێی بەرپرسیارە، کە ناوی خۆی پێوەیە و بەناوی ئەوەوە بڵاو دەبنەوە، یان لەو وشە و دێڕانەش بەرپرسیارە کە ئەو نووسیونی، بەڵام ناوی ئەوی لەسەر نییە. بێگومان کۆی ئەم خاڵانە لە چیرۆکەکەدا بە کراوەی بەجێهێڵراوە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بڕیار بدات رێبواری کام رێگایانەیە. بەڵام ئەوە روونە کە نووسەر لە هەموو ئەو وشە و دێڕانە بەرپرسیارە کە لە هزری ئەوەوە دێنە دەرەوە. بەرپرسیارییەکی ئەخلاقیش بەو پێیەی رەنگە زۆرجار وشەو دێڕەکان ببنە هۆی دروستکردنی ئاشووب و لافاوی خوێن دروست بکەن. بۆیە ئەم چیرۆکە بەدەر لەوەی لە رووی تەکنیک و ئیستاتیکا و تەنز و زمانی گێڕانەوەوە چیرۆکێکی جوانی ئەم چیرۆکنووسەیە. هاوکات یەکێکی تر لە جوانییەکانی ئەم چیرۆکە وروژاندنی ئەو پرسیارە ئەخلاقیانەیە کە تا ئێستا لای نووسەرانی ئێمە رەنگدانەوەی لە ئاستی نەبووندایە. کەم نووسەری کورد هەیە ئەو پرسیارە ئەخلاقیانەی لەخۆی کردبێت و لەبەردەم چەمکی (بەرپرسیاری وشە)دا رامابێت و رێگەی خۆی دەستنیشان کردبێت. ئەم چیرۆکە دەمانخاتە بەردەم ئەوەی منی نووسەر کام رێگایەم ئیختیار کردووە. رێگای نووسین بۆ دەستکەوتی ماددی، یان رێگای نووسین بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی. هەر بۆیە ئەم چیرۆکە دەقێکە نەک نیوەی دەرگاکەی بەرووی خوێنەردا کردۆتەوە، بەڵکو هەموو دەرگاکانی بیرکردنەوە و بەرپرسیاری لەبەردەم خوێنەردا ئاوەڵا کردووە. هەر بۆیە دەکرێت وەکو نموونەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی چیرۆکی کراوە یان جۆری سێیەمی (دەقی کراوە) ناوی بەرین.

**لەبری کۆتایی**

چیرۆکی (نووسینەوەی درۆ) لەو چیرۆکانەیە کە دەکرێت خوێندنەوەی فرە رەهەند بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بکرێت، بەڵام ئەرکی ئەم نووسینەی ئێمە تەنها باسکردن بوو لەو لایەنەی تایبەت بوو بە دەقی کراوە، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد. لەم چیرۆکەدا (بەتەواوی) ئەوەی پێی دەوترێت (چیرۆکی کراوە) خەملیوە و (ئارام کاکەی فەلاح) بەم چیرۆکە توانی بناغەی جۆرێکی تری چیرۆک، کە چیرۆکی کراوەیە پتەوتر بکات و هاوکات پاڵپشت بێت بۆ سێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی درک) کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. چونکە (چیرۆکی کراوە) لای ئارام کاکەی فەلاح لە نووسینەوەی درکەوە

بناغەکەی دەدامەزرێت.

خاڵێکی تر کە دەمەوێت لێرەدا جەختی لێبکەمەوە ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە رامان دەگرێت لەبەردەم پرسیارێکی ئەخلاقیدا کە نووسین بۆچی و لەپێناو چیدایە؟ ئەگەر نووسەرێک بەر لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە ئەم پرسیارەی لەخۆی نەکردبێت، ئەوا پێویستە پاش خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە پرسیارەکە لەخۆی بکات و هەر خۆشی لەرێی وەڵامدانەوەیەوە رێگای تایبەتی خۆی هەڵبژێرێت.


**ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە:**

١- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠١١

٢-ئارام کاکەی فەلاح، نووسینەوەی درک-چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە، ٢٠٠٧

٣-شێرکۆ بێکەس، کتێبی ملوانکە-دەقی واڵا، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج ٢٠٠٧

٤-عبد علی حسن، تجربە النص المفتوح، بڕوانە ئەم لینکە:

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?ad=161758

## دەق

شیعر

ئەستێلکە روونەکانی تەنیایی — بەرزان هەستیار
کاتژمێری بێدەنگی — ناڵە حەسەن
شاعیرانە — ئیدریس عەلی
ئەی دۆست بووینە تۆزی سەرپووچی... — هیمداد شاهین
تا تاریکی خەو دەیباتەوە... وەسێتێک — بێستون حەسەن
دەستەکان — دیار لەتیف
نووسینەوەی درۆ — ئارام کاکەی فەلاح
چوار تیرۆژە چیرۆک — ئەحمەد حەقناس

دیدار لەگەڵ لەیلا سیمایی — سازدانی: گۆڤاری هەنار

# ئەستێلکە روونەکانی تەنیایی



بەرزان هەستیار

**بە تەنیا لەو دەریایە ئەپەڕمەوە**
**کە کەشتییەکانی ئێوەی...**
**بە هەموو سەرنشینەکانەوە تیا سەرنگووم بوون !!**

***

**تەنیا باڵم و**
**لە پشتی هەورەکانیشەوە دەنگی فڕینی خۆم دێتە گوێ!**

***

**تاک و تەنیایە، خودا،**
**ئەی ئێمەی سەرگەردان چی ئەوین؟!!**

***

**خودا تەنیایی لێ داگیرکردین، ...**
**وایزانی بێئاگاین لە کوێ لێی شاردووینەوە!!**

***

**خودایە بۆ تەنیا جێتهێشتم؟**
**مەسیح وای وت،**
**خودایە تەنیا جێمبێڵە،**
**من وا ئەڵێم!!**

***

سەفەرێک بە تەنیا، سەفەرێک لەگەڵ ئەو،
یەکەمیان بە تامی گێلاس و
شەربەتی گێلاس، دووەمیان!

***



دەستم لە هەموو شتێک شتووە و
لە دوا کۆنسێرتی تەنیاییدا...
لە کورسی پێشی پێشەوە...
بێدەنگترین گۆرانیی غەمگین، پەڕ و باڵم ئەکات

***

ئەوەی حەرەمی تەنیاییم بشکێنێت...
هیچ نوێژێکی قبووڵ نییە!

***

دڵێک باس لە میواندۆستیی تەنیایی ئەکات،
تەنیاییەکیش هەیە، لەو دڵە زیاتر، سەبووریی بە کەس نایەت

***

وەک ریشۆڵەیەکی دڵتەنگ...
بەسەر دارتێلی چاوەڕوانییەوە تەنیا جێمهێشتیت...
بۆ ئەوەی بە تاعوونی خۆشەویستیی داتنەڕژێنم!!!

***

ئۆتۆمبێلێک بە لاتانا تێئەپەڕێت،...
تەنیایی، وەک دووکەڵێکی سپی لێ بەرز ئەبێتەوە،...
منی تیام، من،...
بە دەماخێکی بەرزەوە

***

خۆر و زەوی،...
کامیان بە دەوری کامیاندا بخولێنەوە، کێشە نییە،
گرنگ ئەوەیە، کێ لە داڵغەلێدانی تەنیایی سەر دەر ئەکات!!

***

لە گەرمەی سەرقاڵییما...
لە کاریلەیەکی دایک مردوو تەنیاتر، غەم ئەمباتەوە

***

سەعاتەکەم، هەموو ڕۆژێک...
لە کاتژمێر سفری تەنیاییدا بەئاگام دێنێت و
خۆی ئەخەوێت!

***

لە باشووری تەنیاییەوە،
بۆ باکووری بێزاریی،...
ئەو هێڵی شەمەندەفەرە بە کەیفی خۆی ڕاکشاوە!

***



ئەترسم تەنیایی وەک گێژەڵووکە هەڵکات و
هەمووومان بکاتەوە بەیەک!!

***

ئێوارەیەک، قۆڵ لە قۆڵی تەنیاییدا
بە دەم جگەرە کێشانەوە...
هەست بە ترپەی دڵی مردن نەکەیت...
پێت ناکرێت بۆنی هەناسەکانی یار بناسیتەوە

***

رادیۆی سەر قەراغی ئەو حەوزە...
جار جار بە دووکەرتبوونی ڕۆحی کەمانێک و
تاو تاویش بە کورتەی هەواڵەکان تەشقی تەنیایی ئەشکێنێ

***

وەک ڕووخۆشترین تەنیا...
ناوم ئەچێتە کتێبی "گینس"ەوە!!

***

بەو تاقی ئاسمانەوە،
پەڕەسێلکەیەک، تەنیایی کۆلارەی ئەو منداڵە شلوێ ئەکات

***

کەڕێمان دا باران هەمووومان وەک یەک تەڕ بکات و
هەتاو وەک یەک پۆشتەمان کاتەوە...
ئیتر تەنیایی ئەبێتە بلّقی سەر ئاو!!

***

تەنیاییم، لە تاوس ڕەنگینتر خۆی گۆڕیوە!

***

هەموو شتێک ئاوسە بە تەنیایی،
تەنیاییش دووگیانە بە هەموو شت!

***

ئەوەی دوا مستەخۆڵ ئەڕێژێت بەسەرمانا و
تەنیاییمان جێناهێڵێت،...
تەنیاییە. تەنیایی!!!!

کانوونی یەکەمی ٢٠١١
ئەڵمانیا- کۆلن
bhastiar@yahoo.de



# کاتژمێری بێدەنگی



ناڵە حەسەن

دەتوانیت هیچ قسەیەکم بۆ نەکەیت
تەنها وشەیەکیش
من لە زمانی بێدەنگیت تێدەگەم
من وەک ئەو درەختانەم
کە لە بێدەنگیدا
عەشق لەگەڵ باراندا دەکەن
من وەک ئەو ماسیانەم
کە بەبێدەنگی دەچنە ژووان و
خۆیان لە ژانەکانی بێهودەیی
بەتاڵدەکەنەوە
من وەک ئەو نیگارکێشانەم
کە تابلۆکانیان
پڕاوپڕە لە کۆدەکانی بێدەنگی
من لە جنسی ئەو گەڵایانەم
کە بە بێدەنگی هەڵدەوەرن
من لە پاشماوەی ئەو کلۆبەفرانەم
کە بەبێدەنگی
خۆیان رووت دەکەنەوە بۆ با

تا ئەو زمانی بێدەنگییەت فێربووم
چەندین جار لە خاچیان دام
بەسەر هەموو هەورازەکاندا هەڵگەڕام
غروری خۆمم لەنێو مەمکەکانی
ژنێکی مەکرباز جێهێشت
بووم بە میلی کاتژمێری هەموو زەمەنەکان
زەردەخەنەی سەر رووخساری
فریشتە فاسقەکانم شیکردەوە
حیکایەتە خەمناکەکانی
نێو فرمێسکی باڵندەکانم نووسییەوە
هەموو کتێبە ئاسمانییەکانم خوێندەوە
بە نێو خەونی هەموو مەخلوقاتێکدا رەتبووم

من هەموو بەیانیانێک
پەیکەری بێدەنگی تۆ
لە سەر باڵی پەپوولەیەک دەنەخشێنم
دەینێرم
بۆ باخچە رەنگینەکەی نێو دڵی مانگ
دەینێرم بۆ
یەکە بە یەکەی
ژووری نووستنی ئەستێران
بۆ پەرستگەی ژنە راهیبەکانی بەهەشت
بۆ باغی پەرییەکانی دۆزەخ
بۆ تیاترۆخانەی
ئیبلیسە مێینەکانی عەشق
بۆ گۆڕستانەکەی نزیک ماڵی خودا
بۆ هەموو بنیادەمێک
لە هەموو شوێنێک
پەیکەری بێدەنگی تۆ دادەنێم/ ئەی گوڵەباغ!





هیچ قسەیەکم بۆ مەکە
منیش ئێستا
بوومەتە دیوێکی تری بێدەنگی
ئێستا لەلای من
بەرد جوانترین توحفەیە
وا خەریکە منیش
باوەڕ بەوە بهێنم و بڵێم
ژیان بە بێدەنگییەوە جوانە
شەقام بە بێدەنگییەوە رەنگینە
عەشق بە بێدەنگییەوە شیرینە
تکایە هیچ قسەیەکم بۆ مەکە
من بێزار بووم
لە موجامەلە و لاوژە درۆینەکانی عاشقان
لە هات و هاوارەکانی رەشەبا و
نرکە وناڵەکانی ئاگر و
لە لوورە لوورەکانی گەردەلوول...!

من لەنێو بیابانی بێدەنگی تۆ
گۆڕێکی بە کۆمەڵی عاشقانم دۆزییەوە
ئێسک و پروسکی پیاوەتی خۆشم لەنێویاندا بینی
لەسەر یەکێک لە پەراسووەکانم نووسرابوو
(بم بەخشە ئەی گوڵەباغ
کە نەمتوانی بۆ تەنها جارێکیش
تەوقی بێدەنگیت بشکێنم و
ئارەزووە ئیرۆسییەکانت بهێنمە قسە...!)

دەتوانی هیچ قسەیەکم بۆ نەکەیت
کە عەشق بوو بە هاوکێشەیەکی بێبەها
ئیدی
مۆرفیمی وشەکانت
چ رەنگێک بە بەهاری مردنم دەبەخشن؟

**وشە شەرمناوییەکانی نێو نامەکانت**
**چ چارۆگەیەک**
**بۆ بەلەمی نغرۆبوونم هەڵدەکەن؟**
**تازە هیچ شتێک نەماوە بۆ گووتن**
**لێگەڕێ،**
**با کاتژمێری بێدەنگیت**
**تا ئەبەد**
**خەونە پەرتبووەکانی**
**نێو نائومێدیم بخوێنێتەوە...!**

سەرەتای مارسی ٢٠١٢



# شاعیرانه



ئیدریس عەلی

**باران بە پێی پەتی**
**خۆشەویستی بە راکردن**
**بیرکردنەوە بە پرتاو**
**شیعر بە لێزمە دێت**
**بۆ ماڵی ئێمە.**

***

**سێو بە باوەش**
**گۆرانی بە قەڵادۆشکان**
**ماچ بە پیاسە**
**پێکەنین بە قسەی خۆش**
**دەبەمەوە**
**بۆ ماڵەوە.**



***

**ماڵم نییە**
**باخم نییە**
**خەونم نییە**
**رێگام نییە**
**چەترم نییە...**
**بۆ بینینی تۆ پەنجەرەیەک بەسە**
**دەتوانم چوار وەرزە بتبینم.**

***

ئەستێره و
ئینجانە و
گوڵدان و
مۆمدان و
باران و
خەیاڵ و
گشت وەرزەکان... بۆ تۆ
من تەنها تۆم دەوێ.

***

بۆ گەیشتن بە تۆ
لە ئێوارەدا
گۆچانم دەوێت
یەک ساڵی ماوە
بۆ سەعات پێنج
دەبێت بە گۆچانەوە بگەم.

***

سوێند دەخۆم هەزاریش
هەر (یەک)ە
پشتی بە سێ
هیچ بەستووە.

***

کورسییەکی شکاو
لە نزیک بێزاریمەوە
دادەنیشم و
پێکەوە لەم شیعرەدا
لەگەڵ خۆم
بیر لە تۆ دەکەینەوە.

***

دوو گوێچکە و
یەک زمانم هەیە
چەند باشە





زۆر دەبیستم و
کەم دەڵێم.

***

گوێیەکانم گران بوون
چەند باشە
نە شریخەی گوللە و
نە هاواری سێوفرۆش و
نە دەنگی دەرگا...
تەنها ترپەی دڵ و
نمەی دووریت
دەبیستم.

***

شاعیرانە
بە تفاقی وشەوە
بە مەغزەنی
پڕ لە گوڵەوە
بە جوعبەی
پڕ لە خەیاڵەوە
دەچم بۆ شەڕ.

***

عاشقانە
بە دڵێکی گوشراوەوە
بە ڕۆحێکی پەرتەوە
بەبێدەنگی
وەک مانگی گیراو
دەڕۆم بۆ ژووان.

# ئەی دۆست
# بووینە تۆزی سەرپووچی...

ئەی دۆست
بووینە تۆزی سەرپووچی...



**هیمداد شاهین**

**- ئەبێ کێ کوانی بەردەم تەنووره قوڕینەکەی ماڵی دایەپیرەی مەحوی تێک دابێ...**
**- ئەبێ کێ لەگەڵ ئێمە سەروسەودای بێ وەفایی نواندبێ...**
**- درووود بۆ ئەو نامەردە درووود، درووود بۆ تۆ ئەی یار،**
**- تۆ باشترین کەس بوویت لە هەنگاونان بۆ نێو کەناری ئەو هەستە شێتانەیەم و وەکو بەدبەختترین کەس بە دونیات ناساندم...**
**- وەکو ریسواترین کەس ئاشنات بە خەڵکی کردم**
**- نە چەمەن و نە گوڵزارم هەیە تا تەرکی کەم**
**- نە یار و نە شار**
**- نە هاوڕێ و نە کەسم هەیە تا تەرکی کەم**
**- بێ بەختیم هەموو کەسێک پێی زانی تۆ نەبێ**

- ئامادە بوویت دڵ بە هەموو کەس بدەیت جگە لە من
- منیش دڵم بە کەس نەدا جگە لە تۆ
تۆ ئەی بتە شکاوەکەی ماڵی تەنیاییم
- ئەی دۆست با چیتر یاری نەکەین
- نە من نە تۆ
- هەردووک فەرزەندەی دەستی رۆژگاری بێ هیوایی و بێ هودەیین
- ئەترسم ئەی دۆست ئەترسم
- ئەترسم چیتر مزراحەکانی منداڵیم نەبینمەوە،
- ئەترسم چیتر دەنگی سەنتوورە غەمبارەکەی پەروێزم
- گوێ لێ نەبێتەوە،
- ئەترسم لەوەی نەتوانم برۆمەوە بەردەم
ئەو شوێنەی کە مامۆستاکانی
منداڵیم تێیان هەڵەدام...
- زەندەقم چووە لەو رۆژگارانەی مەولانام تیایا ئەخوێندەوە
- من ناترسم لەوەی کە بمرم ئەی دۆست
- لەوە ئەترسم بەیانییەک لە ژوورە تەنیاکەم
لە خەو هەڵنەستێم و نەتوانم بۆ دواهەمین
جار نیگای ئاسمان ببینم
- هەواڵی تۆ نەزانم ئەی مینا خەوشەکەی
- نێو کتێبەکەی مەولانا،
- ئەترسم لەوێش هەر نەتبینم
- هەرچەندە لەوپەڕی یەقینی ئیلاهیام کە ئەتبینم
- ئەتبینم و ماجەرایەکی تر دەست پێ ئەکەین و بەردەوام ئەبین لەسەر تەریقەی گۆشەگیری و لە
دواجار وەکو مەولانا ئەو تەریقەی گۆشەگیرییە بەر ئەدەین بەرەو ماڵی وجوود بەرێ ئەکەوینەوە ئەی دۆست
- دەستبەرداری ئەفیوونی رۆژگاری نەفرەتی ئەبین و بەرەو لای تینووەکان ئەگەڕێینەوە،
- بەرەو لای هاوار و ناڵەی دەف و سەنتوور و نەی،
- بۆ لای ئەوانەی کافر کران، بۆ لای تینووەکان و بۆ لای حەوزەکەی بابە گەورە،

- بۆ لای سەددی بەردەم بێ شەرمی و مینبەری حەیا،
- بۆ لای عاشقان، بۆ لای موتریبان و زەربە شەرمنەکان...
- بۆ لای ڕەونەقی دڵی عاشقە کەساسەکان، بۆ لای شەوە ڕاستەقینەکانی خودا و ڕۆژە پڕ های و هویەکانی،
- تەن بەتەن و ڕۆح بە دوای ڕۆح ، فەرسەخ بە فەرسەخ ئەڕۆین ئەی دۆست،
- هەردەنگی دەفمان بیست ئەوێ خۆیەتی، نیشتمانی وەفا و شەرەف، نیشتمانی سوڵتان و نیشتمانی ئیمان و پەیمان،
- بیابان و شاخ، ئاو و ئاگر، هەموو یەکن لەوێ،
- لەوێ دوودی سینە مرۆڤ بێزار ناکات و نایفەوتێنێ، هەموو شت گەرمی و ساردی خۆی هەیە لەوێ،
- تا لێرە بین دەناڵێنین ئەی دۆست،
- لەوێ بوون بێ ئێرەییمان پێوە دیار نادات، لەوێ بە ئیمان ئەگەیت، بە یەقین و بە جوانییە بزربووەکانی نێو هەرێمی من دەگەیت،
- سوجدەبردن لەوێ بچوکبوونەوە نییە، لەوێ کە ئەچیتە ژووری ئەبێت سوجدە بۆ مەعشوق بەریت ئەی دۆست،
- لە غەمی دۆستیدا نین لەوێ و لە غەمی خەندەی مەعشوقدا نین، تۆ ئەی بوونەوەرە عاجباتییەکە داد و بێداد لە دەستت،
- هەموو یەک حیسابمان هەیە لە نەگبەتی ئێرە، ئەی کەیخوسرەوی من، وەی شەمسی من،
- چاوەڕێی خۆراک و توێشووی بەیانی مەکە تۆ، بۆ سبەینێ چاوەڕوان بە هاوڕێ،
- لێرە دۆست نیەتی زۆر خراپە و لەوێ یەک دەشت لە دوژمن هەن، بەڵام لە دۆستەکانی ئێرە گەلێک بێ قەرارترن و نا شەکیبان،
- هیچ مەڵێ ئەی دۆست، نە وتنت باشترە لە وتن، بێدەنگیت باشترە لە دەنگ و تاریکیت باشترە لە خورشید،
- نەی مەژەنە، نەی سەبووری ئێمە ناداتەوە ئەی ئاشنام،
- خوات لەگەڵ ئەی بەهاری ڕێبوار، خوات لەگەڵ ئەی مانگ و خۆر، ئەی ساقی خوات لەگەڵ، ئەی پەناهی بێ هودەییم،
- نە کۆتر بووم و نە پەپوولە و نە نەی و نە سەرشار بووم لە یەقینی ئیلاهی،
- نە پاییز بووم و نە گەڵاکانی، ناگەهان نەبووم و بەفر نەبووم، وەتەرەکەی

**دەستی درەخشانیش هەر نەبووم،**
**- ئاو نەبووم و پەناگە نەبووم، وشک نەبووم و ڕەها نەبووم، هەر لە فەزای ناکەسیدا و هەر لە خەرمەنی بێ دڵی و دۆستیدا تەواو نیهان بووم،**
**- نە پەیکەر و نە پەیکەرتاش بووم، شیعر نەبووم و شاعیر نەبووم، غەم نەبووم و بێ توانا بووم، لە گیتار ناچووم و تار نەبووم،**
**- کتێب نەبووم و جەللاد نەبووم، خاکی بەری پێی یاریش نەبووم، سینەی زووخاڵستانی شەویش نەبووم،**
**- مەحوی گەورە فەرمووی ((بۆ هەموو شەو تیرە دڵ سینەی زووخاڵستانە شەو))، شەو نەبووم و دڵ نەبووم ئەی دۆست،**
**- لە چاوەڕوانی گۆدۆدا نەبووم و غەمی ڕۆژگاریشم نەبوو،**
**- ئای کە گوڵێک دەبەستریتەوە بە تۆزی سەرپووچی و ئاسمان بۆی ناگریت، ئەبێت ئەم عیشقە چ وەختێک لەم دڵە هەڵبێت ئەی مانگە بێ سرەوتەکەی نێو سینە ڕەشەکەم،**
**- لێ ئێستا ناتوانم ماچی سەر کێلی گۆڕەکەشت بکەم و ئەم ماجەرایە بێ کۆتاییە و... هتد**



# تا تاریکی خەو دەیباتەوە... وەسیّتێک

بێستون حەسەن

(من دواجار بێ هەتاوی دەمکوژێ،
دواجار بێ هاوینیی دەست دەنێتە
بینم و دەخنکێم)

دلاوەر قەرەداغی

بەدیار خۆمەوە دانیشتووم...
تەنیا وەک تەنیایی ئەو و
شێواو وەکو
نیشتمانی ئەو قەرەجەی کە ناتوانێ
لێو بە باران موتوربەکا...
دێم و لە سەحەرێکی تەڵابیدا
ئەچمەوە نێو باخچەکانی منالێم و
بەدیار چاوشارکێیەکەوە ئەنووم،
تا ئەوەندەی شەو بە چاوانمەوە ئەلکێ،
تا قامەتی بێدەنگیم ئەچێتەوە سەر ئەسڵی خۆی،
تا ئاوێنە تورەییم تێ ئەگرێ!

**ئەو کە هات،
لە خورەمی وەسێتێکی سەوز ئەچوو
هەنێ جاریش وەک بەرسیلەی دارمێوێکی
فەسڵی ئازار، دائەگیرسا...
ئەو کە هات...،
باوەشێ بەیتی تاریک و جەننەتێکی تەماوی بوو
ئەیویست ترشیی لێوەکانی
بە هەناری ژێربارانی پیاوێکەوە بنووسێنێ
نە ئەهلی ئەم وجودە بێ و
نە ڕۆحیشی لە قەتماغەی برین بچێ...!
لە عەتری سەر پەڕەی گوڵێکەوە فێربووم،
عیشق وەچەی گەرمی باوەشی ژنێکە
مەیلی تەڕبوونیەتی هەردەم...
عیشق تۆفانی حوزنێکە، هەتا لەمسی نەکەی ناژیت.
ئاخر ئیتر لەکوێی بێنم
مەوجێ لە سوکنایی دڵ و تەرزێ لە بەخشندەیی (با)!
ئێوارەیەک ئەو دێ و
ئەڕژێ بەسەر وەرزی چۆڵی تەنیاییما و
ئەڕژێ بەسەر میناکانی مناڵیم و
ئەمباتەوە سەر دووڕیانێکی جێماو...
ئاخر خودا، ئەو کە دەستی نایە چەمی گریانێکم
بۆ ڕێنادەی عەرشی ئەم ئاوێتەبوونە
لە شەوێکا داگیرسێنین؟
عادەتی ئەم لەیەکچوونە گەلێ سەیرە،
من لە دەشتی وشکی رق و
ئەو لە مەملەکەتی وەرین،
من غیابی دەستی مەراسیمێکی باران و
ئەو کوژراوی سەعادەتی نێو گیرفانی
پیرە فەسڵێکی ئینتیزار...،
ئەها هەردوو چۆن لە بەحری فیردەوسێکا،
بۆنمان یەکە و رەنگمان یەکە؟**



ئەها هەردوو
چۆن لە باڵی فڕینێکا پیریمان پێچاوەتەوە؟
تا ئەتوانی لە غەزەلی ئەم پاییزە رۆچوونەدا
عیشقێ بنێ بە تەوێڵی شیعرێکمەوە و
لە سوێرایی هەر هەمسێکتا
دەستێک بنێ بە عەورەتی شەوێکمەوە،
چون ئەزانم
لە نەسەبی ئەم عومرە بێ سەر و بنە
جارێکی تر بەرگەی تۆراندن ناگرم...
لەوێ... لەوپەڕی فیراقەوە رێدەکەم و
شورەیی لەخۆم ئەپێچم،
دەتۆش وەرە...
تف لە عەسری زەمەنێکی بەرەڵاکە
تا سپێدەت بە نووری خواو بە نووری سەفەرێک بچێ...
کاتێ غروور لەودیو ماڵی ئەفسانەوە دانیشتبێ و
مەحرەمی ئەم هەموو خەونەم
بە مەلوولی گیان بسپێرێ،
ئیدی شەوێ لەکوێ بەشی گێڕانەوەی
ئەم هەموو عەزابەم ئەکا!
ئاوڕێک بەرەوە و بەبێ ترس
فاتیحایەک بە دوێنێما داگیرسێنە،
ئاخر کاتێ بەشی نووسینەوەی ماچێک، ژییان نەبێ
لەکوێ فریای سڵاوێکی عیبادەتی عیشقی گەڵایەک ئەکەوین!
هۆ رێحانە بابردووەکەی ماڵی دڵم، وەرە و
دەستی تەوافێکت بنێ بە دیواری تەنیاییما و
شعور دەرکە لەهیلاکی ئەم هەموو شەوە دوورانە...
ئەوەتام، وەک پەرداخێ
سەرڕێژم لە تامەزرۆیی و تۆ هەر ونی،
خوساوی بەر چاوەڕوانییەکی سوور و
ئالوودەی شکانی رۆژەکانی قیامەت و
هەلهەلەی ئینجانەیەکی بەرزەخم، کەچی هێشتاکە هەر ونی...



وەرە و بە کۆڵی ئەم بێهودەییەوە دامگرە،
من ئەزانم سەفەرێک تەڕی کردووم، تەژی بە وێسگەی بۆشایی و
پڕ پڕ لە بارانی فیراق...
ئێرە مەوسمی تێپەڕاندنی ئەو رۆژژمێرانەیە
کە لەمەودای بیرچوونەوەدا خول ئەخۆن،
وەرە و جەوهەری ئەم ماتەم بوونەم بنووسەوە
تا ئەوەندەی میقات لەسەر خەتمی لەهۆشچوونێکم دائەنێم...
وەرە و هەوەسی ئەم هەموو ساڵەتم پێ نۆشکە
منیش وەک تۆ عەدەم لە عیشقی بڕیم و
تەمموزێکیشم پێ نەبڕا خاڵیمکاتەوە لە خۆی...
ئیتر بۆنایەی سەرێ بنێی بە سنگمەوە و
لە نیشتمانی لێومەوە ژیان چێکەی... بۆ نایەی ئیتر... بۆ؟
من لەوپەڕی تۆوە دەستم پێکرد و لەودیو حوزنەوە دانیشتم،
وەک ئەوەی بەدیار هاژەی ئافاتێکەوە
چاوەڕوانی بهۆنمەوە و مەراق فێری پێکەنین کەم،
وای چەندە سەختە ئەم هەموو دوورییە خودا...!
کێ ئەتوانێ ئەم خەڵوەتەم بە سەرابێکەوە هەڵواسێ؟
کێ فەنەری ئەم قڵیشاوییەم
ئەخاتە شاهیدنامەی مێژووەوە و
ئاخر کێ؟ کێ لە بێهودەییم سەر دەرەکا؟
من ئەزانم قەدەری ئەم نەزیف بوونەم
لە قافییەی عەدەمێک ئەچێ،
نە تۆ دیوتە، نە من تا ئەبەد سوتفەی ئەکەم!
سنووری ئەم ترازانەم کوێرکەرەوە
دەنا چرپایەکیشم بۆ حەوانەوە نییە چیتر...
دەنا تائەوسەری دنیا و هەتا قوڵایی ئەم هیجرەتە
بە پێوە رائەوەستم و تەنیایی موتاڵا ئەکەم...
وەرە و ئەم بێدەنگییەم بێنەرە قسە،
وەرە و پڕ بە فەجرێک ئاسوودەیی بە لێومەوە بنووسێنە،
سەوداکردن بە هەوەسی ئەم ماڵە چۆڵەمەوە بنی نییە ئاخر...
ئاوڕێک لە رژانم بەرەوە توخوا

**ببینە چ بەستەڵەکێکە دڵم،**
**ببینە چ فەوزایەکە ئەو نیشتمانەی**
**تۆی بە رۆحمەوە گرێدا!**
**دەمێکە غیابی ئەو بەیانیانەم**
**شیعرم شانە ئەکرد و تریفەم ئەگۆڕی و**
**عیشقم ئەدا بە تەنافی چاوەڕوانییەوە...**
**ئەوکات ئاخیرەتی ئەم عیشقنامەیەم ئاوها نەبوو،**
**یەکەمین شاهیدی بەرپەنجەرەکەم باران بوو،**
**کاتێ هەتاو بە بەردەمماندا تێپەڕی.**
**ئیتر بۆ ئەبەد وەرە و ئەم پاییزە دوورییەم لەگەڵ بەشکە،**
**ئاخر تۆ نازانی چ ئاشوبێکە فیراق...**
**نازانی مەعریفەی ئەم ئاوێتەبوونەم چەند قوڵە! نازانی... نا!**
**من هێشتاکە لەژێر عەتری ئەوبارانە رووخۆشەدام**
**هەردووکمانی لە بەرامەی نارنجێکا کۆکردەوە و**
**کۆڵانێکمان نەهێشتەوە دەستی تەڕبوونمان نەیگاتێ...**
**من هێشتاکە لەوێم... لە سەفەری جادەکانی عیشق و**
**لە گەڕان بەدووی ئەو مەحاڵانەی فەرسەخێ لە رۆحتەوە دوورە،**
**ئەی نیشتمانی مناڵییم و ئەی پاییزەژنی دڵم.**
**بێهودەییم هەنێ جار بە چەشنی بێدەنگی شەوێکی شیعر ئەچێ و**
**هەنێ جاریش ناکۆتا پێمەوە ئەنووسێ و**
**هەتا دەمی سوبحێکی زەرد جێم ناهێڵێ...!**
**ئاخر بێهودەییم لە هیچ ناچێ،**
**هەرکاتێ دێ... زریکەیەک بە چاومەوە هەڵئەواسێ و**
**بینایم پڕەکا لە تەمی زمستانێکی سوور...**
**هەرکاتێ دێ... مەودای نێوان بێدەنگی و من**
**بە سڵاوێک ئەناسێنێ، کە دەمێکە بە یەک ئاشناین،...**
**کە دەمێکە لە حوزووریا گۆرانی بۆ یەک ئەڵێین و**
**بەردی بە ختێکی نەگەییو بە دیواری (با)وە ئەنێین.**
**ئەوەتا... خەریکە ئەگەمە دوا وەرینی ئەم پاییزە مەراقەی تۆ**
**ئەی بێهودەیی من، ئەی چپەچپی دڵی رەشم...**
**ئەوەتا... مردنێک لەوسەری منەوە دێتەوە**

ئەیەوێ کۆڵانەکانی تەنیایم پڕکا لە ئومێد
چاوم بە ئاوی کانییەکانی ماڵی شفا بشواتەوە و
دەستم پڕکا لە بەرسیلەی ئەو مێوانەی
لە (باخی میر)دا
چاوەڕوانی پیری کردن.
ئەیەوێ غەزەلی ئەم عومرە رووتەڵەیەم
بدا لە یەخەی نسیبێ، کە گەیاندمی بەم چۆڵەوانییەم!
ئەو کە هێشتا لە عادەتی وشکەساڵێکدا نووستبێ،
ئیدی چۆن میقاتی ئەم فەسڵە بێ بارانییەمی پێ ئەکرێ، چۆن؟
بەم دەستبەتاڵییەمەوە تۆبڵێی ئەو
لەتەنیشت تۆبەیەکییەوە ڕێم پێ نەدا
خەتمی ئەم هەموو ساڵە جێماوەمی بۆ بکەم!
تۆبڵێی لە شعوری ئەم پیاوە بێتاقەتە نەگا! تۆ بڵێی!
من ئەزانم لە جوملەی ئەم بێهودەییەما
شتێ نەماوەتەوە بۆ وتن، تا گللەییم لێداگیرسێ
ئەی توحفەترین شەرابی ناو دێڕەکانم،
ئەی هەمیشە حوزنی سوری بەرپەنجەرەی ئاوەدانیم...
کەی بۆ ئەبەد دێیت و جانتاکەت پڕەکەی لە بۆنم،
لەو نزا جاویدانیانەم کە تەنها و تەنها شیعر موتالای کردوون،
لەو هەموو خوێنەی ڕێیان لە قافییەی شەڕ ئەگرت،
لەو بارانانەش کە لە ڕۆحمەوە ئەتکان، تا دەمی قیامەتێکی ون...
وەرە و وەسێتی ئەم دڵە پیرەم
نیوە شەوێک بێنەرە دی
هەموو شتێ لە خەودا بێ، تا تاریکیی، هەتا خوداش.

(کۆتایی)



# دەستەکان

دیار لەتیف



دەستێک چەپی تاریک
لە بۆشایی رووناکیدا
بۆڵ
بۆڵ
خورمای رەش دەڕنێت
دەستێکی رۆشن
لەناو شەوە ترنگەکان
گێلاسی سپی دەچنێت
ئەی دەستە پەیمانپەروەرە بێدارەکان
ئەو دەستانە ورد و خاش بکە
کەوا بەری رۆشنایی دەگرن
خۆر دەکوژن و
گزنک سەر دەبڕن

**هاوار**

**لەم شەوە زەنگەدا**
**کێ هەیە بۆمبای شیعر بهاوێ، کێ**
**کێ هەیە بە شیعر شۆڕش بەرپا بکات، کێ**
**کێ هەیە مینای تەمگرتووی**
**ئەودیو سنووری تەم بسڕێ**
**وەکو شمشێر**
**ملی حەجاجەکان**
**لەبنەوە را ببڕێ**
**مەگەر بەم شەوە زەنگە کێ هەیە**
**کێ هەیە پەنجەرەی رامانی دانەخات**
**کێ هەیە چاوێلکەی رەش لەچاو نەکات**
**کێ هەیە تاغووتەکان تفباران بکات**
**مەگەر بەم شەوە زەنگە کێ هەیە کێ**



**رۆژەکان**

**هەموو رۆژێک نەمامی گیانم**
**لە کونجێکی ئەم شارەدا**
**دەسووتێ و هەر دەسووتێ**
**ئینجا لەناو خۆڵەمێشی خۆمدا**
**وەک گوڵێکی شەیدا دەپشکوم**



هێلکە و فیشەک

-أ-

هێلکەکان دەترووکێن

زیندەوەری پووچ

زەڕنەقووتەی مردوو هەڵدەهێنن

-ب-

دوایین فیشەک

کە دەینێم بە خۆمەوە

تاریکیشم دەپێکێ!

kawa.naly@yahoo.com

**چیرۆک**

# نووسینەوەی درۆ



**ئارام کاکەی فەلاح**

کە تەلەفۆنی بۆ کردم، زۆر ترسام و تا ماوەیەک لە شوێنی خۆم سڕ و حەپەساو نەمتوانی هیچ وەڵامێک بدەمەوە، هەر کە وتی، شێخ غەفووری قەترانیم، بەڕێزم دەمناسیت یان نا؟ یەکسەر شڵەژام و نەمتوانی هیچ بڵێم، هەر کە دەمویست شتێ بڵێم، وشەکان تا نیوەی دەهاتن و دوایی دەیانزانی بەر گوێی کێ دەکەون زوو دەگەڕانەوە. بێگومان دەمناسی، کێ هەیە شێخی قەترانیی نەناسێت، ئەو موستەشارە کۆنەی نیوەی ئەم شارە موڵکی ئەوە، بە پارە کێی بوێ دەتوانێ بیکڕێ و چ شوێنێکی حەز لێ بوو بە ئیمزایەک دەیخاتە سەر موڵکی خۆی، ئەو زانی کە من هیچ ناڵێم، بۆیە درێژەی بە قسەکانی دا: زۆرم پێ خۆشە سەردانێکم بکەیت، پرۆژەیەکی نووسینت دەخەمە بەر دەست و لە ماوەی مانگێکدا گەر بۆم تەواو بکەیت، ئەوا پارەیەکی خەیاڵیت دەدەمێ قەت خەونت پێوە نەبینیبێت، هەر ئێستا زەنگی دەرگای دەرەوەت لێ دەدرێ، برۆ بیکەرەوە و پیاوێک زەرفێکی پڕ پارەت دەداتێ، ئەوە نیوەی خەڵاتەکەتە و نیوەکەی تریش ئەو کاتە وەردەگری کە تەواوی دەکەی، من خۆم حەزم دەکرد بێم بۆ لات، بەڵام ئیشێکی کتووپڕ هاتە پێشەوە و دوو سێ وەزیر دێنە لام، تۆ دەتوانی بڵێیت نامەوێ و نایکەم، بە شەرەفی ئەم جووتە سمێڵە کە لە کۆتایی شەستەکانەوە نەمتاشیوە و لە حەفتاکانیشەوە شانەی بەرنەکەوتووە، کەس حەدی نییە دەستت تێوە بدات، یان هەڕەشەت لێ بکات، بەو گۆڕەی دایکم سوێند دەخۆم گەر ناتەوێ، بڵێ نایکەم،

بەڵام پێم خۆشە بەیانی سەعات نۆ سەرێکم لێ بدەی تا بزانی ئەو پارە خەیاڵییە بۆ چ پرۆژەیەک وەردەگری؟ هەتا بڵێی بۆ کەسێکی شارەزای وەک تۆ ئاسانە. قسەکەی تەواو نەکردبوو زەنگی دەرگای دەرەوە لێ دراو هەر بە تەلەفۆنەکەوە کە بەدەستمەوە بوو چووم کردمەوە و پیاوێک زەرفێکی پێ داوم و خواحافیزی لێ کردم، شێخی قەترانی گوێی لەوە بوو کە خواحافیزیم لێ کرا، وتی: خۆ دەزانی شوێنی ئیشەکەم لە کوێیە؟ منیش وتم بەڵێ، بەیانی دێیت بەڕێزم؟ باشە بەیانی یەکتری دەبینین.

کە تەلەفۆنەکەم داخستەوە، ئینجا هەستم کرد کە زەرفێکی گەورە و ئەستوور بەدەستمەوەیە، بەخۆم وت: باشە من ئەمەم بۆ وەرگرت، پەلەم چی بوو؟ من چووزانم پرۆژەکە چییە؟ من چی بنووسم؟ لە چیدا شارەزام؟، بەڵام لەلایەکی تریشەوە لە قەرزدا نوقم بوو بووم، هێندە بێ پارە بووم یەک ژەمم دەخوارد، پێنج ساڵیش دەبوو پێڵاوێکی کۆنم نەکڕیبوو، دوو جار ویستم ژن بێنم و بێ پارەیی پێی تێکدامەوە. چوار جار لە شوێنی خۆم هەڵکەندرام، چونکە پارەی کرێم لە کاتی خۆیدا نەبوو تا بیدەم. ئەمە بۆ من فرسەتێک بوو هەموو پارچە شکاوەکانی ژیانم پێکەوە بنێمەوە، هەر شوێنێک خوار بووەتەوە راستی بکەمەوە. کوێ دڕاوە سیکۆتینێکی لێ بدەم و بێ غەم بنووم. بیرم لەوە کردەوە هەر ئەمڕۆ، هەر ئێستا بەم پارانەوە شار و وڵات جێ بێڵم و پێی تێ نەکەمەوە، بەڵام دەمزانی دەستی درێژی ئاغای قەترانیی لە هەر شوێنێک بم دەمگاتێ، ئەو کەسێک بوو بە ئاسانیی لێی قوتار نەدەبووم، کەسانێکی هەبوو بە پارە هەموو شتێکیان بۆ دەکرد، تەنانەت دۆزینەوەی منیش، بۆیە هەر زوو وازم لەو خەیاڵە هێنا، بەڵام منی بۆ چییە؟ کەسێکی وا بۆ دەبێ رێی کەوتبێتە کۆڵانە تەسک و قوڕاوییەکانی یەکێکی وەکو منەوە. من لە هەموو ژیانمدا کێبێکم نووسیووە، رووم نایەت سڵاو لە نووسەرە باشەکان بکەم و وەک نووسەر خۆم بە خەڵک بناسێنم، ئەو رۆژە بەلای خانووی یەکێتیی نووسەراندا تێپەڕیم و هێندە شڵەژام خەریک بوو عەرەبانەیەکی دەستگێر بمکات بەژێرەوە و شووتییە گەورەکانی کە هەر یەکەیان بەقەت بەردە قارەمانێک دەبوون ورد و خاشم بکەن و بمهاڕن. لەبەر بێ پارەییش شەش جار بۆیان چاپ کردوومەتەوە، کتێبەکەشم لەسەر ئەوەیە چۆن دەتوانی یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆت بنووسیتەوە کە ئاسان بێ بۆ خوێندنەوە و بەکەڵک بێ بۆ خوێنەر و بۆ مێژوو.

بۆ بەیانی، پێنجی بوێ بۆ نۆ لەبەر دەرگای شێخی قەترانیدا کورسییەکیان بۆ دەستنیشان کردم تا دانیشم و چاوەڕێ بکەم تا بانگم دەکاتە ژوورەوە. من

ئەمشەو نەمدەزانی ئەو پارە زۆرانە چی لێ بکەم و لە کوێ بیشارمەوە، ناچار ئەم بەیانییە لەگەڵ خۆمدا هێنامن نەوەک لێم بدزن یان ڕێنەکەوین و من بیدەمەوە. من ئەمشەو گەر بڵێم نەنووستووم درۆ ناکەم، تا بەیانی خەیاڵێک، وەک من منداڵ بم دەستی دەدامە دەست خەیاڵێکی تر، تا بەیانی چاوم دەنووقاند و لە دەرگای خەوم دەدا و خەو وەک فریشتەیەکی دڵڕەق نەیدەکردمە ژوورەوە، دەیوت رۆڵە تۆ سەرت لێ تێکچووە، ئێرە ئەم شەو ماڵی تۆ نییە. بیرم لەم موستەشارە دەکردەوە کە تا حکومەتی جاران لە دەسەڵاتدا بوو شەڕی بۆ دەکرد و پیاوی بۆ دەکوشت، ئەم تا دوا هەناسە پیاوی دەکرد بە قورگی حکومەتدا و حکومەتیش تا دەیتوانی پارەی دەکرد بە قورگیدا. تا وا دەوڵەمەند دەبێ ئیتر بۆ نانخواردنێک و ئاودەستێکیش دە تا دوازدە کەسی وەک حیمایە لەگەڵدا دەبێت، تا رۆژێکیان لە ئاودەستی مزگەوتێکدا دەبێ و دەنگێکی زۆر گەورە و سەیر لە بەردەمی مزگەوتەکەوە بەرز دەبێتەوە، لە دەستی منداڵێکەوە دەمەقاچانێک دەتەقێنرێ، یان فیشەکەشێتەیەک بەرەو ئاسمان هەڵدەدرێ، کەس نازانێ چییە و کامیانە. پیاوێک لە حیمایەکانی وا دەزانێ تەقەیان لێ کردووە، دەست دەکات بە تەقە و تا هێمنی دەکەنەوە دوو کەس بریندار دەکا، شێخی قەترانیش لە ترسا لایەکی دەکەوێتە کونی ئاودەستەکەوە و هەموو گیانی پیس دەبێ و داوای سابوون و جلی تازە دەکات تا لەوێ خۆی دەگۆڕێ و بە تووڕەیی دەچێتەوە بۆ ماڵەوە و تا راپەڕینەکە نایەتە دەرەوە. لە دواچرکەدا کەس نازانێ بۆ؟ لەو کاتەدا کە پیاوەکانی دەیانتوانی دەست بکەنەوە و خەڵکێکی بێ شومار بکوژن و وەک گەڵای زەرد هەڵیانوەرێنن، پەشیمان دەبێتەوە و پشت لە حکومەتی باوک دەکات و رووش لە دایکی وەتەن، فەرمان بە پیاوەکانی دەدا بچنە ریزی گەلەوە، ئیدی دوای ئەوە بە دوو دەقیقە بینای ئەمن بە گولەی چەکە قورسەکانی وەک بێژنگ دەبێژێ و پیاو دوای پیاو بە دەستهەڵبڕین و دەستەسڕێکی سپییەوە خۆیان تەسلیم بە گەل دەکەن و شار دەکەوێتە دەستی خەڵکەوە. ئیدی شێخی قەترانی لە خۆفرۆشێکەوە کە هیچ سابوونێک لە دونیادا پاکی ناکاتەوە، بە دوو دەقیقە دەبێتە قارەمان و دڵسۆزترین و پاکترین نیشتمانپەروەر.

پێم سەیر بوو، خۆی هاتە دەرەوەو وتی فەرموو چاوەڕێتم، دەستی برد و تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم و کورسییەکی نیشان دام و منیش پێش ئەوەی دانیشم، قومە ئاوێکم خواردەوە کە لەسەر مێزەکە بۆ من دانرابوو، چونکە بە بینینی ئەو هەستم کرد من تینوومە و ساڵێکە ئاوم نەخواردۆتەوە، وتی (بەخێر بێی بەڕێزم، من کاتم زۆر نییە، بۆیە یەکسەر حەز دەکەم پێت بڵێم کە بۆچی

تۆم بۆ ئەو کارە هەڵبژاردووە)، منیش وتم (کاری چی)؟ وتی (تۆ کتێبێکت هەیە لەسەر نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەری، ئەوەی جێگای سەرنجی من بوو ئەو رستە گرنگەی سەر بەرگەکەی بوو کە نازانم هی چ نووسەرێکی بەناوبانگی جیهانییە، من زۆر ناخوێنمەوە و وەک دەزانی کاتم نییە بیدەم بە وشە، بەڵام هی پرۆست ناوێکە کە دەڵێ (ئەو کەسەی وا دەزانێ رابردوو ناگۆردرێت، تا ئێستا یاداشتەکانی خۆی نەنووسیوەتەوە). وتم (راستە، بەس بۆ ئەوە سەرنجی جەنابتی راکێشاوە) ؟ (لەوەوە بۆم دەرکەوت کە مرۆڤ دەتوانێ راستگۆ نەبێ لە یاداشتەکانیدا کە دەینووسێتەوە)، (بەڵێ وایە، من لەو بڕوایەدام زۆر درۆ دەکرێ و بە خوێنەر و مێژوو دەفرۆشرێتەوە). (تکا دەکەم ئەم قسانە تەنها بەینی خۆمان بێت)، (دڵنیا بە لەوە)، بە خەمێکەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی: (من ماوەیەک پێش ئێستا خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم بووم، دوایی کە تەواوم کرد و خوێندمەوە، زۆر ناخۆش و بێ رووداو و بێ نرخ هاتە بەر چاوم، هەستم کرد گەر ئەوە من بم، هیچ کەسێ نە لە ئێستادا، نە لە داهاتوودا رێزی من ناگرێت، رەنگە لێم بترسن، بەڵام ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕێم رێزە)؟ (بەڵێ بێگومان، رێز لە هەموو شتێ گرنگترە)، (من دەمەوێ ئەو خەڵکە رێزم بگرن، تۆ لێم تێدەگەی؟)، (جا قوربان بۆ بە من دەڵێی، خۆ من خەڵکم لە دژی تۆ هان نەداوە)؟، پێکەنی و وتی: (نا، نا مەبەستم ئەوە نەبوو، مەبەستمە بڵێم دەمەوێ تۆ راسپێرم بیرەوەرییەکانم بۆ بنووسیتەوە، بەجۆرێک وەک کەسێکی رێزدار و خۆشەویست سەیر بکرێم)، (من چۆن دەتوانم بیرەوەری بۆ تۆ بنووسمەوە، من چووزانم تۆ چۆن ژیاوی)؟ (ئەوە یاداشتەکانم ببە و بیخوێنەوە، چ پرسیارێکیشت هەبوو، دەتوانی هەموو رۆژێ لە ماوەی ئەم مانگەدا بۆ سەعاتێک بێیت بۆ لام پرسیارم لێ بکەیت و ئەوەی نووسیوتە بۆم بخوێنیتەوە، ئەوەشی دەمەوێت لای خۆت یادداشت بکەیت، لە سەعات دەوە تا یازدە زۆر باشە؟ بەڵام راستت دەوێ من بۆیە ئەو دێرە گرنگەی سەر بەرگی کێتبەکەتم بە نموونە هێنایەوە و ئەو هەموو پارەیەت دەدەمێ، تا تۆ هەندێ شت بۆ من دروست بکەی کە لە ژیانی مندا روویان نەداوە، بەڵام حەزم دەکرد روویان بایە)... منیش پرسیم (چیت دەویست رووبدا)؟ (من حەز دەکەم هەندێ شتم بۆ دروست بکەی کە لای خەڵک شوێنێکی جوان و پڕ رێز پەیدا بکەم، بۆ نموونە من حەز دەکەم بەو منداڵییە، پێش نۆزدەی حوزەیرانی ١٩٥٠ نان و کەبابێکم لەگەڵ پیرەمێردا لە چاپخانەکەی خواردبێ، ئایا ئەمە ئاسانە، شیاوە؟ شتی وا دەکرێ؟ یان لە سەرەتای شەست و دوودا دوو کەسی گەورەم پێش مردنیان بینیبێت، یەکەمیان لە بەردەرکی سەرا گۆرانی

شاعیرم بینیبێ و گلەیی لە تەندروستی خۆی کردبێ و وتبێتی کە ئەم گەدەیەی ئەو رۆژێ دەیکوژێ و پێی وتبم کە من لە داهاتوودا دەبمە نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئەم وڵاتە. دووەم کەسیش نەجمەدینی مەلایە و لە گەرەکی سەرچیمەن تووشم بوو بێ بە تووشییەوە و لەو بەری شەقامەکەوە هاتبێ بۆ ئەمبەر و منی وەستاندبێ و پێی وتبم: ئەوە رۆڵە تۆ بۆ سەرێکم لێ نادەی لە کەشتی نووح، پێم خۆشە یارمەتیم بدەی لە فێربوونی قوتابییەکانم کە تا ئێستا گەیشتوونەتە شەش هەزار و پێنجسەد کەس. کەمێک بێدەنگ بوو، چاوەڕێی کرد شتێک بڵێم و وەڵامێکم هەبێ، من لەو قسانە حەپەسابووم، ئەو بێ ئاگا درێژەی بە قسەکانی دا، بەڵام بە تۆنێکی غەمگینترەوە وەک لەپڕ هەستی کردبێ کەوتۆتە رووبەرێکی ترسناک و پڕ مینەوە کە تازە ناتوانێ بگەڕێتەوە. زۆر حەز دەکەم لە منداڵیمدا بەشداری خۆپیشاندانم کردبێ، چونکە قەت نەمکردووە، لەبەر منداڵی کەس منی نەگرتبێ و هەر سەیریشیان نەکردبم و پێیان وتبم لاچۆ نەگبەت برۆ بۆ ماڵەوە دایکت چاوەڕێت دەکات. حەز دەکەم بە دەیەها شتی وام بۆ دروست بکەیت کە نەمکردوون، بەڵام کە بۆت دروست کردم دەبێتە راستی و بڕوام پێ دەکەن و دەچێتە مێژووەوە، ویستم شتێ بڵێم، ئەو زوو فریا کەوت و وتی رەنگە ئێستا پێم بڵێی کە مێژوو هێندە گێل نییە، بەڵام بڕوام پێ بکە زۆر گێلە، هەزارەها شتی وای بەسەردا تێدەپەڕێ. دەپێم بڵێ ئێستا دەڵێی چی؟

من دەبێ بیری لێ بکەمەوە، تا بەیانی کاتم بدەرێ دوا وەڵامی خۆمت دەدەمێ، بەیانی سەعات دە دێمەوە لات. باشە وا دەکەین و خواحافیز.

ئێستا وا هاتوومەتەوە بۆ ماڵەوە و نازانم چی بکەم؟ بیر لەوە دەکەمەوە کە بە هەفتەیەک دەتوانم بیرەوەرییەکانی ئەم کەسە بنووسمەوە و تا ئەبەد دەوڵەمەند بژیم، بەڵام لەهەمان کاتدا هەست دەکەم کە من درۆ دەنووسمەوە و بە درۆ دەوڵەمەند دەبم، من دەمەوێ وشە بگۆڕمەوە بە پارە، دێڕەکانم بفرۆشم و بەختەوەریی پێ بکڕم. ئەوەش تەنها من ناگرێتەوە و خەڵکێکی زۆر ئێستا وا دەکەن و ناویان لێ ناوە بژێویی ژیان؟ ئەو هەموو دەوڵەمەندە درۆزنانە، خۆ هەر من نیم، گەر بۆ ئەوان رەوا بێ، بۆ بۆمن رەوا نییە؟ رەوا نییە، چونکە من جیاوازم، ئایا بەڕاست من جیاوازم؟ جیاوازییەکەم لە چیدایە؟ لەوەدایە کە قبووڵی ناکەم و وشەکانم نافرۆشم، جا کەی ئەوە فرۆشتنە؟ ئەی ئەوە گەر فرۆشتن نەبێ، ناوی دەنێی چی؟ بژێوی؟ ها ها ها لەم بژێوییە، لەم خۆ هەڵخەڵەتاندنە، بەڵام خۆ ناوی منی بەسەرەوە نابێ، کێ چووزانێ من نووسیوومە؟ هەر پارچە کاغزێک ناوی منی بەسەرەوە نەبێ، با منیش نووسیبێتم، هی من نییە. گەر خۆم باسی نەکەم،

خۆ ئاغای قەترانی بڕوا ناکەم خۆی بشکێنێ و بڵێ فڵان کەس بیرەوەرییەکانی بۆ نووسیومەتەوە، ئەوانە دەمێکە شکاون، دوو پێکی شەوانە دەخواتەوە و باسی منیان بۆ دەکا، بەس کەس بەڕاست لێی وەرناگرێت، وەک هەمیشە وا دەزانن نووکتەیان بۆ دەکات، ئەی ئەگەر وەریان گرت؟ ئینجا با وەریبگرن، من تا ئەوسا دەوڵەمەند دەبم و لە فەقیری رزگارم دەبێ و شار و وڵاتیان بۆ بەجێ دێڵم. جا ئەوە بەجێشم هێشت، بۆ هەر کوێ بڕۆم، ئەو درۆیە وەک سێبەرەکەم بە دوامەوە دەبێ و ژیانم دەکاتە جەهەنەم. کە بیرەوەرییەکانم نووسییەوە دەبێ ئەوەش باس بکەم، جا من با خاوەنی کتێبی بیرەوەریی بم، مەرج نییە خۆم یادداشتەکانم بنووسمەوە، بڕوا ناکەم ئەو هێزەم هەبێ باسی خۆم بکەم، کەسێ باسی خۆی دەکات هێزێکی لەبن نەهاتووی تیا بێت، من ئەو هێزەم نییە، دەتوانم باسی ئاغای قەترانیی بکەم، بەڵام باسی خۆمم بۆ ناکرێ. ئاغاش ئەو هێزەی نییە بۆیە دەیەوێ من بۆی بنووسمەوە. دەیەوێ من درۆی بۆ هەڵبەستم. ئای خوایە چی بکەم؟ ئەو پارەیەش زۆرە، هەر زۆر زۆرە بۆ نووسینەوەی درۆیەکی وا ئاسان، ئای کە نووسینەوەی درۆ ئاسانە، سەیری ئەو هەموو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارانە بکە، بە دەگمەن نەبێ، پڕن لە درۆ، پڕن لە ناشرینکردنی مێژوو، مێژوویەک کە لام جێگای گومانە کە ئەو هەموو درۆیانەی بەسەردا تێدەپەڕێ. ئای لەو هەموو نووسەرە خراپانەی ئێمە هەمانە، لەو هەموو رۆژنامەنووسە ترسنۆک و درۆزنانە، وەی لەو هەموو شاعیرە مێیازانە کە تەنها لەبەر خاتری راوکردنی کچ، نازی ژنێک شیعر دەڵێن، بەڵام خۆ من لێپرسراو نیم لە مێژوو، هیچ گرێبەستێکم لەگەڵ نەبەستووە، من مەسئوولم لە بەختەوەریی خۆم، ئەمە دەنووسم و دەوڵەمەند دەژیم و کەمێک نازی خۆم هەڵدەگرم و خانوویەک دەکڕم و سەفەر دەکەم و دنیا دەبینم، گەر ئەو درۆیە نەکەم ئەمانەم بۆ ناکرێ، جا با نەکرێ، گرنگ ئەوەیە سەربەرز بم، بەڵام کێ نرخی ئەو سەربەرزییەم دەزانێ؟ پێم بڵێ کێ دەیزانێ؟ هەموو شتێ ون دەبێ، بەڵام ئایا بەڕاست هەموو شتێ ون دەبێ، تا وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەمەوە یەک وشە نانووسم. گەر هەموو شتێ ون بێ، ئەوا هەر ئێستا دەست دەکەم بە نووسینی یادداشتەکان، بەڵام گەر ترووسکاییەک هەبێ بۆ ون نەبوونی هەموو شتێ، ئەوا هیچ نانووسم و هەر بەیانی بێت پارەکەی بۆ دەبەمەوە، با بزانم تا سبەی دەگەمە کوێ؟

جانیوەری ٢٠١٢

# چوار
# تیرۆژە
# چیرۆک

ئەحمەد حەقناس- بۆکان

## ئەختیار

بێ ئەختیار پێدەزانی کێ خوێنەرەو کێ خوێنەر نییە، من بەڕاستی مرۆڤیکی سەرسورهێنەر نیم گەرچی کتێبەکان لەدەوری خۆم بڵاو دەکەمەوە و شەوانە لە ژوور سەرمەوە دەیان خەوێنم، ساتێ وەڕسبوونی بێ تاقەتیم شڵ پێژ دەکا.

ئەو شتەی کە لە لام پیرۆزە خوێندەنەوە و بڵاوبوونەوەیە!

## راستی

هەر بۆ ئەوەی بە راست دەژیا و راستی دەگوت گرتیان، هەرچەند هاوسەرەکەی هاواری کرد کەڵکی نەبوو و گوتیان خۆت ئازار مەدە دوای ماوەیەک پێت دەڵێن کەی ئازادی دەکەین.

ئەویش هەر بەو هیوایەوە رۆژ و شەو و ساڵی تێپەڕاند. رۆژێک هەواڵیان پێدا بچێتە ئەوێ ئەویش لە خۆشیاندا هەر هەنگاوێکی دەکرد بە دووان. کە گەیشتە شوێنی مەبەست هاواری کرد کوانێ کوانێ مێردەکەم. ئەوانیش گوتیان جارێ ئەم بۆغچەیە بەرەوە دوای چەند چرکەیەکی تر خۆشی دێتەوە بە خۆشییەکی زۆرەوە دەستی دایە بۆغچەکە و بەپەلە هاتەوە بۆ ماڵ، هەر کەگەیشتەوە گوتی با تا خۆی دێتەوە جلە پیسەکانی بۆ بشۆم کە گرێپووچکەی بۆغچەکەی کردەوە بینیی لەباتی جلوبەرگ لاشەی مێردەکەیەتی بە ئەجن ئەجنکراوی بە کۆڵی خۆیدا بۆیان ناردووەتەوە.

## دادە

لەسەر شەقامەکە وەستا بوو و دەستی لە پاسەکە بەرز کردەوە، پاسەکە وەستا دەرگای پاسەکەی کردەوە، بێ ئەوەی سەیری نێو پاسەکە بکات لە پێشەوە دانیشت دوای چەند چرکەیەک لە پشتەوە نەقورچکیان لێ گرت، تەزووی داچڵەکین هەموو لەشی داگرت بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە خۆی لێ بێدەنگ کرد. لە دڵی خۆیدا وتی دەبێ کێ بێ ئەوەندە بێ ئابڕووە؟ ئەمە شوێنی ئەم کارنییە. هەر کرداری ئەم کارەی لە زاکیرەیدا تاوتووێ دەکرد.

ئەمجار لە دواوە دەنگێک کەوتە بەر گوێی ها هاوڕێ بۆ بێدەنگی ئەم دەنگەی زۆر لە لا ئاشنا بوو دیسانیش ئاوڕی نەدایەوە، گوتی دەبێ هەر کە دابەزی جوان سەرنجی بدەم بزانم ئەو دەنگە ئاشنایە کێیە. هەر لەم خەیاڵانەدا بوو خەو بردییەوە. شۆفێرەکە بانگی کرد دادە دادە هەستە دوایین شوێنە؟

## بروسکە

پێش چەند رۆژێک بروسکەیەکیان بۆ هات بروسکەی ئەمجارە جیاوازتر بوو لە هینەکانی پێشوو، بروسکەی جارانم لە شارەوە بوو هێنی ئەمجارە لە زیندانەوە. ئەوانیش بەدڵ پێشوازیان لێ کردو لەناوخۆیاندا کەوتنە وتووێژ هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە چەند کەسێکیان بگەڕێتەوەو دوێنێ ئێوارە ئەوکەسانەی هەڵیانبژاردبوو بەناو ئاپۆرەی هەواڵنێراندا هاتنە ژوورێ.



## لەیلا سیمایی:

# لای من فێمنیستبوون، مانای ژنبوونە

**سازدانی: گۆڤاری هەنار**

لەیلا سیمایی، لە شاری سەقز لە خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٥ەوە دەستی کردووە بە نووسین و یەکەم شیعری ساڵی ١٩٩٦ لە کۆڕێکدا کە بۆ یادی هەڵەبجە گیرابوو لە بانە، خوێندەوە. ساڵی ١٩٩٩ یەکەم کتێبی بە ناوی «بمناسە و بمناسێنە» بڵاوبووەتەوە، کە کتێبێکی شیعرە بۆ منداڵان نووسراوە. ساڵی ٢٠٠١ کتێبێکی تری بڵاوبووەوە کە بۆ منداڵان و مێردمنداڵان نووسرابوو، ساڵی ٢٠٠٢ چەند چیرۆکێکی تەنزی بڵاوکردەوە، ساڵی ٢٠٠٣ ئەو کاتەی لە باشووری کوردستان بوو کتێبێکی شیعری منداڵانی بڵاوبووەوە بە ناوی «خولە گیان هەستە لە خەو». ساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵە چیرۆکی «تا بەیانی» بڵاوکردەوە لە سلێمانی.

ئێستا لە وڵاتی نەرویج دەژی و لەوێ سەرقاڵی خوێندن و هاوکات کاری ئەدەبییە و چەند وتارێکی بە زمانی نەرویجی بڵاوکردووەتەوە و سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێکە بە ناوی «فەوزیە».

**ئێوە لە سێ بواری شیعر، چیرۆک و ئەدەبی منداڵاندا کارتان کردووە و بەرهەمتان هەیە. لەیلا زیاتر خۆی بە نووسەری کامە بوار دەزانێت و خۆی لە کامە ژانردا دەبینێتەوە؟**

راستە من لەم سێ بوارەدا بەرهەمم هەیە و لە هەر سێ بوارەکەشدا هەوڵی خۆم داوە، بەڵام لێرەدا ئەگەر بمانەوێت وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی کە لە کام ژانردا زیاتر خۆم دەبینمەوە، دەتوانم بێژم لە هەموویاندا. بۆ ئەوەی کە من نیم بڕیار دەدەم بۆ ئەو جۆرە نووسینانە یانی هەر کاتێک کە چیرۆکێک دەنووسم بەڕاستی هەست دەکەم کە لەو کاتانەدا کە ئەو جۆرە ژانرە هەڵدەبژێرم منم کە زیاتر پێویستم بەو چەشنە نووسینەیە تا لەوەی کە بڕیاری چۆنییەتی نووسین بدەم. بۆیە بەڕاستی ناتوانم بڕیاری لەسەر بدەم کە زیاتر نووسەری کام بوارم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە کاتێک کە چیرۆک دەنووسم چێژێکی ئێجگار زۆری لێوەردەگرم و هەموو ئاواتم ئەوەیە کە کاتم ببێت و رۆمانێک کە دەستم پێ کردووە، تەواوی بکەم.

**جیاوازی نێوان دونیای گەورەکان و دونیای منداڵان چییە و ئەوە چییە وا دەکات پەنا ببەیتە بەر دونیای منداڵان؟**

ئەدەبی منداڵان بەردەوام بۆ من پڕ لە لەزەت و خۆشی بووە. دنیای منداڵی هەمیشە تایبەت بووە بۆم. هەموومان رۆژگارێک بەم دنیایەدا تێپەڕیوین، بۆیە بەشێک لە ژیانمان ئەم دنیایەیە کە بەداخەوە کاتێک مرۆڤ پێی دەخاتە گەورە ساڵییەوە، زۆر کات فەرامۆشی دەکات، بەڵام هەرکات بتوانم و یان هەر کات لەم دنیا پڕ لە تەنگ و چەڵەمە وەڕس دەبم، روو دەکەمەوە دنیای منداڵان و پێم خۆشە تیایدا ون ببم، ئەو کاتە دەتوانم ئەدەبی منداڵان بنووسم. جیاوازی نێوان گەورە و منداڵان لای من تەنیا ئەوەیە کە منداڵ بە سرووشتی خۆی سەیری دنیا دەکات و ئەگەر لە منداڵ بگەڕێن، منداڵ بێئەوەی بیر لە توانا و مادیات یان ئازاری ئەوانی تر بکاتەوە دنیای خۆی پڕ دەکات لە جوانی. بایەخەکان لە دونیای منداڵاندا لەسەر بنەمای پێویست و سرووشتە، بەڵام دنیای گەورەکان هەروا کە بۆخۆتان باشتر دەزانن پڕە لە دڵەڕاوکێ و بایەخەکان لای گەورەکان لەسەر بنەمای سرووشت نییە و ئێستا بووەتە شتگەلێک کە لەوانەیە نەبوونیان باشتر بێت لە بوونیان.

**زۆر جار نووسەرانی ئێمە بە عەیبی دەزانن بۆ ئەدەبی منداڵان کار بکەن. یان کارکردن بۆ ئەدەبی منداڵان بە کارێکی لاوەکی دەزانن. ئەم جۆرە تێڕوانینە چۆن دەبینی و چ قسەیەکت هەیە لەمبارەوە؟**

نازانم لێرەدا چۆنە کە کەسێک پێی عەیبە بێت بۆ منداڵان بنووسێت و بەشبەحاڵی خۆم باوەڕ ناکەم کەس پێی عەیب بێت بۆ منداڵان بنووسێت. ئەو نووسەرانەی کە من لە نزیکەوە دەیانناسم دەزانم هیچ نەبێت هەرکامیان جارێک لەم بوارەدا نووسیویانە و کاریان کردووە و جاری وا هەبووە لێم بیستوون کە نەیانتوانیوە تێیدا سەرکەوتوو بن. بەڕای من نووسین بۆ منداڵان بۆ گەورە ساڵانێک کە تا سەر لە نێو کێشە جیدییەکانی ئەم دنیادا ڕۆچوون و هەزاران دڵەڕاوکێی ئینسانییان هەیە، ئاسان نییە. منداڵ وەک پەڕەی گوڵ وایە و ڕوحێکی بێ دەغدەغە دەتوانێت باشتر لەم بوارەدا بنووسێت. یا ئەوەی کەسانێک لەم بوارەدا بە تەواوی سەرکەوتوو دەبینین کە تەنیا ئەم ژانرەیان وەک -هێڵی- نووسینی خۆیان هەڵبژاردبێت و درێژەیان پێدابێت و لە دنیای شیرینی منداڵی دانەبڕابێتن.

**باسێک ئەمڕۆکە لە دونیای ئەدەب و فیکریدا هەیە. ئەویش ئەدەبی فێمنیستییە. ئەم باسە هەم لایەنگری هەیە و ئەم دژبەر. تۆ خۆت چۆن لەمبارەوە بیر دەکەیتەوە**

**باوەڕت بە شتێک هەیە بە ناوی ئەدەبی فێمنیستی، ئەگەر باوەڕت بەم ژانرە ئەدەبییە هەیە، ئەو پەرامەترانەی ئەم جۆرە ئەدەبەی پێ دەناسرێتەوە کامانەیە؟**

باس لە ئەدەبی فێمنیستی دەکرێت! فێمنیسم بە شێوەی جۆراوجۆر تەفسیر دەکرێت و بە تایبەت لای ئێمە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆی دەچێت. لای من فێمنیستبوون مانای ژنبوونە. ژن بە تەواوی فیزیکی جەستەیەوە و دەروونی ژنانەیەوە. ئەو ژنەی کە هێلانەی ژیانی و بەڕێوبردنی لەسەر سرووشتی خۆی چێ دەکات و بێ ئەوەی بیر لە ڕەگەزی یەکسانی بکاتەوە، یان لە ڕەگەزی خۆی، بێ ئەوەی شەرم لە بوونی خۆی بکات. ژن ژنە! و دەبێت وا خۆی پێناسە بکات کە هەیە. بۆ ئەم بوونە پێویست ناکات ئیزن لە کەس وەربگرێت. ئەمە دەبێت دوور لە هەموو قەزاوەتە نابەجێکان، نیازی

پیاوانە و ریکلام لەسەر لەشی ژن و روانگەی پیاوسالارانەی کۆمەڵگا بێت، بەڵام کاتێک ئەم باسە دەهێنینە سەر روانگەی ئەدەبی و ئەدەبیات شتێکی ترە. بە باوەڕی خۆم کاتێک کەسێک دەست بە نووسین دەکات، پێش هەموو شتێک خەریکە بوونی خۆی و روانگەی بە نیسبەت جیهانەوە دەنووسێتەوە. ئەدەبیات شتێکە کە باس لە واقیعەکان دەکات لە روانگەی نووسەرەوە. جا کاتێک کە ژن دەست بە نووسین دەکات پێموایە ئەگەر باس لە واقعی خۆی و روانگەی خۆی نەکات ناتوانێت نووسەرێکی راستگۆ بێت. ئەمە بەم مانا نییە کە دەبێت هەر باس لە کێشەی ژنان بکات یان نەچێتە فەزای کێشە پیاوانەکانەوە. رێک بە پێچەوانەوە ئەگەر ژن فەزای کێشەکانی پیاو کە بەشێک لە ژیانی خۆیەتی، نەناسێت، ناتوانێت روانگەی خۆشی بە وردی دەربېڕێت. جا بۆیە من شتێک بە ناوی ئەدەبی فێمنیستی یان لەو لاوە ئەدەبی پیاوانە ناناسم. ئەگەر پیاو لە ئەدەبییاتدا سەرکوتگەری ژنە هەروا کە لە مێژووی ئەدەبییاتدا کەممان نییە، ئەوە خەریکە باس لە واقیعی روانگەی خۆی دەکات. ئەگەر ئەم سەرکوتگەرییە ژن بەرامبەر بە



خۆی دەیکات، کە وایە نەفی خۆی دەکات و دەبێت پرسیاری لێ بکرێت. لەلای من ئەدەبییات وەک ژن وایە، وەک پیاو وایە، وەک کۆمەڵگا وایە و مێژووی ئینسانەکانە. من هەر بەو چێژ و لەزەتەوە کە چیرۆکێکی (لۆکزامبوورگ) دەخوێنمەوە، هەروا نووسینەکانی (چیخۆف) دەمهەژێنێت. کاتێک دەیان خوێنمەوە بیر لەوە ناکەمەوە کێ نووسیویەتی. بەو رادەیەی خۆم لە دەردی ژنان تێگەشتووم وەک ژن، پێموایە رۆمان رۆلان لە (گیانی شەیدا) هەر ئەوەندە منی بە خۆم بەخشیوەتەوە. بە تایبەت بۆ خۆم رام وایە کە بە زمانی ئەدەبییات دەتوانین لە تەک رۆحی ئینسانەکاندا بدوێن. لە تەک منداڵ، ژن، پیاو، رابردوو، داهاتوودا بدوێن، دەتوانین پێناسەی مێژوویی بوونمان، باسی جوگرافیا و ئابووری و دابونەریتێک و فەزایەک کە تێیدا گەورە بووین و هەروا و رەگەزەکان بکەین. بۆیە ناتوانم شتێک وەک ئەدەبییات لەناو فەزای داخراوی تەک جنسییەتییەوە بناسم، بەڵام پێموایە ئەو پەرامەترەی کە کەمێک لە ئەدەبی ژنانەدا جیاوازە، ئەمەش زۆر سرووشتییە و دەبێت وابێت، ئەوەیە کە ژن دەبێت بتوانێت لەسەر نیگای پیاوانە و پیاوسالاری بەرامبەر بە خۆی بدوێت و هەروا هەستی ژنانەی خۆی بەرامبەر بە خۆشەویستی و نەفرەت دەربڕێت. یان باس لە کێشەکانی لەگەڵ پیاودا و لە تەک کۆمەڵگای پیاوانەدا بێ هیچ ترسێک باس بکات، ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە سەر خانەی پێشوو کە باسم کرد، کە ئەگەر نووسراوەیەک باس لە بوونی هەردوو رەگەزەکە نەکات، یان کێشەکان دوو رەگەزەکە بە تەواوەتی نەخاتە روو، پێموایە بۆشایی لە نووسینەکانیا دەبێت، بەڵام لە لایەنێکی تریشەوە ئەگەر ئێمە بێنین باس لە دەسەڵات و توانای نووسینی پیاو بکەین بە درێژایی مێژووی ئەدەبییات، ئەوە دەتوانین ژنگەلێک ببینین کە لاسایی ئەم نووسینانەیان کردووەتەوە. یان خۆیان سانسۆر کردووە. کە دژوارە ئەمانە نووسەری راستەقینە بن، لەبەرئەوەی وەک چۆن وتم خودی خۆی ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و ببێت.

**ئێوە نووسەرێکن لە خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایک بوون و لەوێ دەستتان کرد بە کارکردن، پاشان ماوەیەک لە باشووری کوردستان بوون، ئێستاش لە ئەورووپا نیشتەجێن. وەک کەسێک کە کاری ئەدەبی دەکەن. نووسین و کاری ئەدەبی لەو سێ ژینگە ئەدەبییەدا چۆن دەبینن؟**

من له خۆرهه‌ڵات له‌دایک بووم له سه‌قز، به‌ڵام به‌هۆی جۆری ژیانمه‌وه به‌شێکی زۆری له بانه بووم. باوکم مامۆستا بوو و به‌ڕاستی خوێنه‌ر بوو. له ماڵی باوکم له ته‌ک باوکم و له ته‌ک مام و براکانمدا فێری خوێندنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بییات بووم، به‌ڵام له بانه ده‌ستم کرد به نووسین. ساڵانی کۆتایی ده‌یه‌ی ٧٠ی هه‌تاوی (١٩٩٠ی زایینی)، ده‌توانم بێژم ساڵانی گه‌شه‌ی ئه‌ده‌بی بوو له خۆرهه‌ڵاتی کوردستان. من هه‌موو خۆشی ژیانم خوێندنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بییات بوو، شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، ده‌ق، تێربوونم نه‌بوو. له‌و ساڵانه‌دا ئه‌و بزووتنه‌وه ئه‌ده‌بییه که له کوردستان سه‌ری هه‌ڵدابوو کاریگه‌ریی له‌سه‌ر منیش هه‌بوو. به هه‌موو چه‌ڵه‌مه‌یه‌که‌وه که له‌سه‌ر ڕێگه‌م بوو، ده‌ستم به نووسین کرد. شیعر بۆ هه‌ڵه‌بجه و ئه‌ده‌بی منداڵان. له یه‌که‌م هه‌نگاوه‌کانه‌وه پێشوازیم لێ کرا. به تایبه‌ت خه‌ڵکی به‌ئه‌مه‌کی بانه. من وه‌ک نووسه‌ره ژنه‌کانی تر که جاروبار باس له کۆسپه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان ده‌که‌ن ئه‌م دژوارییانه‌م له شاری بانه‌دا و له ته‌ک خه‌ڵکی ده‌ره‌وه‌ی بنه‌ماڵه‌ی خۆم ته‌جره‌به نه‌کردووه. ڕه‌نگه له ماڵی خۆم گرفتم بوبێت، به‌ڵام خه‌ڵک له ده‌ره‌وه هانیان ده‌دام بۆ نووسین له هه‌موو لایه‌که‌وه من خۆراکی ڕۆحم وه‌رده‌گرت. بۆیه له‌چاو ئه‌وه‌ی که تازه‌کار بووم، کارم کرد. ئه‌مه به سوپاسه‌وه به خه‌ڵکی خۆشه‌ویستی شاری بانه ئێژم. من پنج کتێبم بۆ منداڵان له‌وێ چاپ کرد. شه‌ش کورته‌چیرۆکم بۆ گه‌وره‌ساڵان نووسی، که دواتر له باشوور چاپ بوون به ناوی «تابه‌یانی» ده‌فته‌رێک شیعریشم هه‌ر له‌وێ نووسی، که ئێستا به هیوام چاپ بکرێن. له باشوور من زیاترین هه‌ڵسووڕانم بۆ مافی ژنان بوو و ده‌قی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تیم زیاترین نووسراوه‌کانم بوون و له ئه‌ده‌بییات دابڕام، به‌ڵام لێره، له هه‌نده‌ران ده‌ستم به نووسین کردە‌وه که به‌رهه‌می شعری فارسی و کوردیمن. چه‌ند وتارێکم نووسیوه که یه‌کێکیان به‌شێک له کتێبی ده‌رسی ئه‌ده‌بییاتی نه‌رویژییه و هه‌ر به‌و زمانه‌یه. ده‌ستم به نووسینی دوو ڕۆمان کرد هاوکات. که یه‌کێکیان له بانه ڕوو ده‌دات و دوو به‌شم لێ ته‌واو کردووه، تا ئێستا به‌داخه‌وه به‌هۆی ئه‌وه‌وه که ده‌رس ده‌خوێنم، نه‌متوانیوه ته‌واوی بکه‌م. کاریگه‌ریی کۆچ و ئاواره‌ی له‌سه‌ر مرۆڤ که‌م کارمان ده‌کات و ناتوانم نکۆڵی لێ بکه‌م، به‌ڵام ته‌جربه‌ی ژیانیش ده‌به‌خشێت و پێم وابێت پڕبارتر بنووسم.

**تاراوگە چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر ئێوە و کارە ئەدەبییەکانتان و چی پێ بەخشیون و چی لێوەرگرتوون؟**

کورت بێژم، تاراوگە کات لە خەڵکەکەی زەوت دەکات بە تایبەت پەنابەر. ئەگەر نەیتوانیوە خەمەکانم و وڵاتم لێ بستێنێت. لێرە زیاتر هان دەدرێن بۆ نووسین و بۆ هاوخەمی لە تەک خەڵکەکەماندا، بەڵام کێشەی فێربوونی زمانێکی تر و دەرس خوێندنی تر لە لایەوە بۆ ئەوەی کە کار وەرگرین کات کەم دەهێڵێتەوە بۆ فەزای نووسین. شتێک کە لێرە هەیە ئەوەیە، کە ئەو بوێرییەت پێ دەبەخشێت کە مرۆڤ خۆی بێت. واتا ژن بتوانێت وەک خۆی قسە بکات و هیچ بەرگرێک لەم بوارەدا نیە. خودی مرۆڤ بە مرۆڤ نیشان دەداتەوە. ئەمە شتێکە کە من هەموو کات هەستم کردووە کە پێویستم پێیەتی کە بزانم لەم دنیادا خەڵکی من و من چ هەڵسوکەوتێکمان دەبێت. بۆیە زۆر کەس پێیوایە لێرە خەڵک دەگۆڕێت، ئەمە بە رای من لێرە خەڵک ناگۆڕێت، بەڵکو دەمامکەکەی لا دەدات و واقیعی پیشان دەدرێت.

**هەر لە پەیوەند لەگەڵ پێوەندی نێوان ئێوە و تاراوگە، ئەوە چەند ساڵە ئێوە لە کوردستان نەماون، لەم چەند ساڵەدا، ئێمە لانیکەم بە شێوەی چاپکراو بەرهەمێکی وای ئێوە نابینین. ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە، هۆکاری چییە؟**

هەروا کە وتم لێرە کاتم ئێجگار کەم بووە و ئەمساڵ لە هەندێک لەو چەڵەمانە رزگارم بووە و ئێستا دەستم بە نووسین کردووەتەوە. ئەم رەوتەم پێ درووستە. بۆیە کە ئەگەر نووسەر تووشی گێرە و کێشە نەبێت و لە ژیانی عەمەلیدا بەشداری نەکات، تەنیا لە مێشکی خۆیدا ژیان درووست دەکات. پێموایە پێویستە کە نووسەر جاروبار وەک کرێکارێک بژیت، یان وەک ئەو گەنجەی کە لە بێکارییدا وڵات بەجێدێڵێ، یان ئەو کچەی کە مەترسی بنەماڵە راوی دەنێت و ئەوکەسەی کە حوکمی زیندانیکردنی دەدرێت جاروباریش زۆر لۆکس بژیت. نووسەر دەبێت لایەنێک لە زەینی، لە ژیانی رۆژانەدا بێت و ئەوی تریشی لە نووسینەکانیدا. دەبێت رووبەڕووی ئەو کێشانە بێتەوە کە خەڵک رۆژانە هەیانە. ئەمانە خراپ نین. شتگەلێکن کە هەن. ژنێک لە ژیانێکی بەسراوەوە تا دەکەوێتە سەر پێی خۆی، دەبێت کۆسپی زۆری هاتبێتە سەر رێگە کە من لەم رەنجانە بێبەش نەبووم و شانازیشیان

پێوە دەکەم، بەڵام من بە هەموو ئەمانەوە بێ نووسین نەژیاوم. بۆ هەر چرکەیەک پێویستم بە نووسین بووە. ئێستا بەرهەمی کتێبێکی شیعرم بە فارسی و بە کووردی ئامادەیە. هەندێک شیعرم لە زمانی نەرویژییەوە بۆ کوردی و فارسی وەرگێڕاوە. هیوادارم بتوانم ئەو وتارانەش کە بە زمانی نەرویژی نووسیومە، وەربگێڕمەوە سەر کوردی و ڕۆمانی فەوزییەش کە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی بەدەستمەوەیە، تەواو بکەم.

# وەرگێڕان

## وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| مەرگی ئیبراهیم یونسی | **حەمە قادر** |
| ئەدۆنیس: پێموایە بە ژیانم درۆم نەکردووە | **عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا** |
| دیالکتیکی تەنیایی | **محەمەد ئەحمەدی** |
| لەبارەی کتێبەوە | **بڕیار عوسمان** |
| تێرکردنی برسییەکان | **جەواد حەیدەری** |

# مەرگی ئیبراهیم یونسی
# کۆتاییەک بۆ سەردەمی درەوشاوەی وەرگێڕان



**ئامادەکردنی: نازی عەزیما**
**و. لە فارسییەوە: حەمە قادر**

(٢-٢)

**تێڕوانینی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی**

ئیبراهیم یونسی سەر بەو نەوەیەی نووسەران و رۆشنبیرانی ئێرانە کە گەشەی فیکری و داهێنانەکانیان لە داوێنی حیزبی تودەی ئێرانەوە دروستبوو و پەرەی سەندووە، چ لە بواری ئەدەب و چ لەبواری کۆمەڵایەتیدا، وانەکانی حیزب کاریگەریی لەسەر بەرهەم و کردارەکانیان داناوە. هەندێکیان دوای شکستی ٢٨ی ٨و ناکامییەکانی دوای ئەوە، نائومێد بوون و رێگەی خۆیان جیاکردەوە. حیزبی تودەیان بە خائین زانی و روویان لە دژایەتی حیزب و رەتکردنەوەی رابردووی حیزبی خۆیان کرد. هەندێکیان بیروباوەڕی خۆیان دەربارەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کە لەسەردەمی حیزبدا فێری بووبوون، وەکو خۆی پاراست، بەڵام ئیدی خۆیان بە تودەیی نەدەزانی و گرووپێکی تر بە شاراوەیی و لە زیهنی خۆیاندا، هەروەک رابردوو وەفایان بۆ حیزب مایەوە. هەرچەند لە کۆڕی هاوڕێکانیان ئەمەیان نەدەشاردەوە. چەند کەسێکی وەک سیاوەش کەسرایی و بە ئازین و سایە و هەندێکی تر. ئیبراهیم یونسی لە تاقمی سێیەم بوو. کاتێک لە کۆڕێکدا وتبووی: "ئەگەر جارێکی تر زیندووبمەوە دەبمەوە ئەندامی حیزبی تودە، چونکە حیزبێکی پاکە".

### دەربارەی نووسین

حەزی لە شێوازی ریالیزم بوو. پێی وابوو جەنگ و ئاشتی گەورەترین رۆمانی جیهانە تا ئەمڕۆ و دۆستۆیۆفسکی گەورترین نووسەرە لە رووی قوڵبوونەوە بەناو رەهەندە مرۆییەکاندا. هاتنەناوەوەی رۆماننووسینی لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بۆ جەمالزادە و بزورگ عەلەوی دەگەڕاندەوە. لە نووسەرە هاوچەرخەکان ئەحمەد مەحمود، مەحمود دەوڵەت ئابادی، رەزا بەراهەنی و لە شاعیرەکان، سیاوەش کەسرایی، محەمەد رەزا شەفیعی کەدکەنی و هوشەنگ ئیبتیهاجی خۆش دەویست. بڕوای بە چیرۆک و رۆمانی زیهنگەرا نەبوو و دەیوت: "ئەم رۆمانانەی ئەمڕۆ کە هیچ شتێکمان پێ ناڵێن و ئەگەر لە نووسەرەکانیان هۆکاری نووسینەکە بپرسی، بەخێرایی خۆیان دەخەنە پاڵ (ئۆلیسۆسی)ی جیمز جۆیس و (بەدگۆڕان)ی کافکاوە و بیر لەوە ناکەنەوە، کە ئایا ئەو شتەی کە دەینووسن لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا هەیە یان نا...". بڕوای بەجۆرێک ریالیزم و عەینییەتگەرایی و پابەندی کۆمەڵایەتی لە هونەردا هەیە: "نووسین دەبێ بە جۆرێک بنووسرێت کە خوێنەر بیر لەوە بکاتەوە خەریکە ژیانی خۆی دەخوێنێتەوە. ئەو نووسینانەش کە ئەمڕۆ دەنووسرێن دەبێت هەڵگری هەمان تایبەتمەندی بن، چونکە نووسەر بۆ خوێنەر دەنووسێت بۆئەوەی دڵی بەتاڵ بکاتەوە و بیرکردنەوەی بخاتەڕوو...".

بەڵام داهێنان و هەڵقوڵینی دەروونی بەمەرجی سەرەکی نووسین دەزانێت. پێی وایە کە بەڕۆیشتن بۆ خولی چیرۆکنووسین ناکرێت ببینە نووسەر.

### دەربارەی وەرگێڕان

وەرگێڕان بەجۆرێک لە نووسین دەزانێت: "لە وەرگێڕانیشدا دەبێت کتێبەکە بخوێنینەوە و خۆمان بخەینە جێگای نووسەر. وەرگێڕ دەبێت بەتەواوی ماناکان بگوازێتەوە: هەڵبەت ئەم تەواوەتییە پەیوەندیی بە ئاستی زانیارییەکانییەوە هەیە. کاتێ بازنەی زانینی وشەکانت فراوان نەبێت و وشەکان پڕواوپڕ نەخەیتە شوێنی خۆی، ماناکان بەهەڵە دەگوازیتەوە...". ئەو لە وەرگێڕاندا بڕوای بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نووسەر هەیە: "من بەزۆری دەستی خۆم بە خوێنەری نووسەر سوور ناکەم و تا ئەوشوێنەی بتوانم هەوڵ دەدەم مافی نووسەر نەخورێت. وەرگێڕ دەبێت بە گرنگی زمانی تایبەتی کەسەکان بدات و لە بەرهەمەکەدا بەجۆرێک بیهێنێتە ناوەوە کە خوێنەر بەباشی لە زمانی کاراکتەر تێبگات، چونکە گێڕانەوەی پزیشکێک جیاوازە لە گێڕانەوەی هونەرمەندێک".

ئەو لە هەڵبژاردنی کتێبی وەرگێڕانیشدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت: "لەبیرمە

کتێبێکم بەناوی شێری کە ٧٠٠ لاپەڕە و نووسەرەکەی شارلۆت برۆنتە بوو، وەرگێڕا، بەڵام تێگەیشتم کتێبەکە دژە کرێکارە. بڕیاربوو "علمی"یەکان چاپی بکەنەوە، بەڵام چونکە زیانی بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەبوو، دڕانـدم و بڵاونەکرایەوە. پێموایە وەرگێڕ دەبێت کتێبێک وەربگێڕێت کە بۆ کۆمەڵگاکەی بەسوود بێت و کەڵکی هەبێت".

وەرگێڕانەکانی یونسی هەڵبژێردراو بوون و بەتەواوی بیریان لێکرابووەوە و بازنەیەکی فراوانی ئەو سەردەمە (سەدەی حەڤدە و نۆزدە و بیست و بیستویەکەم) و شوێن و بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرت. ئەدەب، رۆمان، رەخنە و مێژووی ئەدەب، زمانناسی، چیرۆکنووسی لە ئێران و وڵاتانی تر، مێژووی هونەر، سیاسەت و مێژوو، فەلسەفە، ئەدەبی منداڵان و هەروەها مێژووی کۆمەڵایەت و سیاسی کوردستان.

ئیبراهیم یونسی دەمارگیر نەبوو و لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکانیدا بۆ وەرگێڕان، تەنها سەرنجی نەدەخستەسەر نەتەوەیەکی تایبەتی. بە ئیرادەیەکی بەهێز و تاقەتێکی قوڵەوە رۆژانە دە کاتژمێر کاری وەرگێڕانی دەکرد و دەینووسی. وەکو خۆی دەڵێت: "دیسپلینی زۆری سەربازیی و ئیرادەی بەهێزی لەگەڵ دیدێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کاری وەرگێڕانەکەی دانابوو. رەزا سەید حسەینی، وەرگێڕی گەورەی هاوسەردەمی خۆی لە رێزلێنانی ئەودا وتبووی: "لە کارەکانی یونسیدا جۆرە سیستمێکی فیکری هەیە کە مرۆڤ وا دەزانێت، یونسی پیلانی پێشکەوتنی کلتووری ئەم وڵاتەی داڕشتووە".

### دەربارەی سانسۆر و جیاکاری

کاتێک لە سەرەتای شۆڕشدا، کارێکی سەختی وەک پارێزگاری شۆڕشی قبووڵ کرد لە وەڵامی رۆژنامەی هیوا کە پرسیاری بارودۆخی چاپەمەنی لە کوردستانی لێ کردبوو، وتی: "بەبڕوای من دەبێت بەتەواوی ئازاد بن و هەرشتێکیان بەلاوە لۆجیکی بوو، بینووسن". (هیوا ١٣٥٨/٣/٥)

بەهەرحاڵ هیچ کات لە بەهانە و هێرشی سانسۆرچییەکانی دەوڵەت رزگاری نەبوو. ئەو کە لە بەرامبەر هەموو وشەیەکدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانی و بەوەسواس و قەلەقییەکی زۆرەوە هاوماناکانی هەڵدەبژارد، بەدەست سانسۆرەوە ئازاری دەچەشت: "کێشەی سانسۆری ئێمە ئەوەیە کە دژی شەفافبوون و راشکاوبوونە، بەڵام کاتێ وشەیەک تەنها یەک هاومانای هەیە، منی نووسەر چ وشەیەکی بۆ دابنێم کە هەمان مانا بگوازێتەوە. ئەگەر رێگە بەمە نەدەن، رۆمانەکە

کەموکورت دەبێت. کاتێکیش وابێت، خوێنەر نایخوێنێتەوە". سانسۆری بە هۆکاری دواکەوتوویی و لەمپەری پێشکەوتن و بالاًکردنی فیکر و کلتوور دەزانی: "ئەگەر دەمانەوێت بەرهەمە ئەدەبییەکانمان لە ئاستی ولاًتانی تردا بێت، نابێت سانسۆر بوونی هەبێت، نووسەر خۆی ئاگای لە چوارچێوە و هێڵە سوورەکانە". بوونی دەزگایەک بۆ سانسۆر و جیاکاری بەبێ هودە دەزانێت: "هەموو جیاکاری و سانسۆرێک هەڵەیە. باشە بۆچی جیای دەکەنەوە. پێموایە خەریکە پیرۆزییەکی وشک دەخەینەڕوو. ئێمە لە بێدەنگی و شاراوەییدا زۆر قسە دەکەین و زۆریش کاردەکەین، بەلاًم رووبەڕوو شتێکی تر روودەدات. جیاکاری نابێت بەهەندێک بیانووی پووچەوە جێبەجێ بکرێت. ئەوەی کە ئایا دەبێت چ کتێبێک بخوێنرێتەوە، چ کتێبێک نابێت بخوێنرێتەوە، دەبێت لە ماڵەوە بڕیاری لەسەر بدرێت".

سانسۆر تەنها لە کتێبی گۆڕستانی غەریبانی یونسیدا ١٣٤ لاپەڕەی لابرد.

**دەربارەی کوردستان**

ئیبراهیم یونسی پێی وابوو کە خەڵکی شار و ناوچە جیاوازەکانی ئێران بەدروستی تایبەمەندییەکانی یەکتری ناناسن. ئەو ئەم نەناسینە بە هۆکاری سەرەکی کێشەی کەمینەکان و بەتایبەت کوردەکان لەگەڵ کۆمەڵگای غەیری کوردی ئێران دەزانی. لێرەوە ناساندنی کورد و کوردستان بە ئێرانییەکان یەکێک بوو لە وەسواسە هەمیشەییەکانی: "کاتێ قسە دەکرا، چ مامۆستا و چ قوتابی وایاندەزانی ئەگەر شەو لای کورد بمێنیتەوە، سەرت دەبڕن و سبەی بە زیندوو نامێنیتەوە!... جیاوازی ئایینزاش لە ئارادا بوو و هەردوولا بە خراپی بەیەکتر ناسێنرابوون. کاتێک کەسێکیان دەنارد بۆ کوردستان، خەم دایدەگرت و هەوڵی دەدا بە واسیتە و بەرتیل لەکۆڵ خۆی بخاتەوە، بەلاًم کاتێ دەهاتن بەپێچەوانەی ئەوەی بیستبوویان دەبوو شتێکیان بدایە بۆئەوەی بڕۆن... خەڵکی ئێران بەڕاستی یەکتر ناناسن... نە تارانی ئازەربایجانی، نە ئازەربایجانی کورد و نەکورد خۆراسانی. هەمووڵایەک وێنەیەک نادیاریان لەسەریەکتر کێشاوە و من هەروەک هەموو کەسێکی تر کە پەیوەستە بە زێدی خۆیەوە، خۆم بەنووسین دەربارەی کوردستانەوە سەرقاڵ کرد".

ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی کە دەربارەی کوردستان وەریگێڕاوە و ئەوەی لە نووسین و بەرهەمەکانیدا لەسەر دیمەنی سرووشتی و کۆمەڵی کوردستاندا وەسفکراوە، دەوڵەمەندترین کۆمەڵەیە بۆ ناسینی کوردستان.

## پێگەی ئیبراهیم یونسی لە کلتووری هاوچەرخی ئێراندا

ئیبراهیم یونسی سەر بە نەوەیەک لەو وەرگێڕە ئێرانیانە بوو کە قورسایی سەرەکی دروستکردنی کلتووری وڵاتەکەیان بە سەبر و هەوڵێکی بەردەوام و بێ موچە و منەت، لەسەر شانی خۆیان دانا و هەوڵی فراوانکردنیان دا. نەوەیەک کە گەورەکانی وەک بە ئازین، محەمەد قازی، نەجەف دەریابەندەری، رەزا سەید حوسەینی، ئەبولحەسەن نەجەفی، مستەفا رەحیمی... زەمینەی ئاشنابوونی کۆمەڵگای ئێران و نەوەی گەنجیان بە دەقی کلاسیک و نوێ و نووسەر و شاعیرە گەورەکانی جیهان فەراهەم کرد. بەدەر لە هۆگرەکانی کتێب و کەسانێک کە سەرقاڵی نووسینن، تەنانەت خەڵکی ئاساییش کتێبی ئەم نووسەرانەیان بینیوە. ئەوان بە وەرگێڕانەکانی خۆیان، بواری کلتووری ئێرانیان فرەڕەنگ کرد. توانست و ئیمکانییەتی زمانی فارسییان فراوان کرد و رێگەی جۆراوجۆری هەڵبژاردنیان بۆ نەوەکانی داهاتوو ئاوەڵا کرد. واتە ئەو کێشەیەی کە خۆیان بەدەستیانەوە دەیانناڵاند. چ جای ئەوکەسانەی کەلە خۆشەویستی ئەدەبیاتدا قەرزداری یونسی و هاونەوەکانی ئەون. بێگومان دەتوانین بڵێین کە بەشێک لەم وەرگێڕانانە، هەنوکە بەشێکە لە ئەدەبی فارسی هاوچەرخ.

میراتی ئەو بۆ خەڵک و نەوەکانی داهاتوو، نەمر و بێ جێگرەوەیە. سەرمایە و پشتیوانییەک کە بەنرخی چەرمەسەری و خۆ خواردنەوەکانی یونسی و هاوقەڵەمەکانی بوو: "من زۆر بڕوام بەو نەوەیە هەیە کە بەڕێوەیە، ئەم نەوەیە پشتیوانی هەیە، پشتیوانێک کە لەجێگەی خۆیەتی. پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تاچ رادەیەک سوود لەم پاڵپشتە و چەند پشتی پێ ببەستێت. پێموایە ئیدی ناکرێت هێڵێک بگرێت و بڵێت لەسەر ئەم هێڵە دەڕۆم، چونکە ئێستا هێڵی زۆر هەیە...". رەنگە ئەم نەوانە کە یونسی باسیان دەکات، هەرگیز نەزانن کە چی لە ساتەکانی ئەو کەسانەدا گوزەراوە کە ئەم پشتیوانە و سەرمایەی بۆ دابین کردوون، بەڵام ئەگەر ئەم گەنجینە بێ بەرامبەرە بکەن بە پشتیوانی خۆیان و درێژەی پێ بدەن، هەوڵەکانیان بێ ئەنجام نابێت.

## وێنەی نووسەر دوای مردن لەچاوی ئەوانی دیکەوە

ئیبراهیم یونسی لە تەمەنی هەشتاوپێنجساڵیدا، لەدوای دووساڵ دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ نەخۆشی ئەلزایمەر لە تاران کۆچی دوایی کرد. لەدوای مردنی مەحمود دەوڵەت ئابادی، لە پرسەنامەیەکدا نووسی: "خۆم (لەبەرئەوەی سەردانم نەکرد) سەرکۆنە دەکەم، بەڵام بۆ یونسی شین ناگێڕم، شانازیی پێوە دەکەم!".

مەحمود دەوڵەت ئابادی چەندساڵێک پێشتر لە مەراسیمی ڕێزلێنانی ئەحمەد مەحموددا و بە ئامادەبوونی ئیبراهیم یونسی بەڕێوەچوو، وتبووی: "ئێمەی نووسەران، خەڵکی ئێرانمان پێکەوە ئاشتکردووەتەوە، مەبەستی ئەم قسەیە ئەو سێگۆشەیەیە، ئەحمەد مەحمود لە باشووری ئێران، ئیبراهیم یونسی لە خۆرهەڵاتی ئێران و مەحمود دەوڵەت ئابادی لە خۆرئاوای ئێران.

ڕەزا سەید حوسەینی، وەرگێڕی بەناوبانگ لە مەراسیمی شەوی ئیبراهیم یونسیدا کە لە ساڵی ١٣٨٦ بەڕێوەچوو، وتبووی: "ئەو ڕێنماییکەری میلەتی ئێمە بووە... ئەو بەڕێکەوت کاری نەکرد، بەڵکو نەخشەی بەرەوپێشبردنی کلتووری میللەتی ئێمەی هەبووە و ڕێنماییکەری کلتووری میللەتەکەمان بووە... یەکەمین ڕێگەکانی چیرۆکنووسین یەکەمجار لەلایەن ئیبراهیم یونسیەوە وەک کتێب نووسراوە، پێموایە یونسی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کاری کردووە و نووسەرانی خۆرئاوای بە ئێمە ناساندووە...".

جەمال میر سادقی دەربارەی ئیبراهیم یونسی وتی: "ئیبراهیم یونسی پیاوێکی گەورە بوو، هەم لەڕووی فەزل و هەم لەڕووی فەزیلەت. مرۆڤە گەورەکان لایەنی زۆر گەورەیان هەیە و قسەکردن لەسەریان زۆر سەختە لەبەرئەوەی دەبێت باس لە گشتیبوونیان بکەین... یونسی هەم وەک مرۆڤ، کەسێکی گەورە بوو هەم لەڕووی ئەو بەرهەمانەی کە نووسیویەتی و وەریگێڕاوە. ئەو یەکەم کەس بوو کە لە بواری چیرۆکنووسیندا هونەری چیرۆکنووسینی بڵاوکردەوە. هەروەها کتێبی ڕەهەندەکانی ڕۆمان، هەموو نووسەرانی هاونەوەی من قەرزداری ئەوین. میرسادقی وتی: "یونسی دەستی بۆ ئەو کتێبانە دەبرد کە هەموو کەسێک نەیدەتوانی لێیان نزیک بێتەوە، چەندین کتێب هەبوو کە ساڵانێکی درێژ، ناویان دەهێنا بەلام کەس دەستی بۆ نەدەبردن وەک ترسیترام شندی لارنس ئیستەرن کە ئیبراهیم یونسی وەریگێڕا".

میرسادقی وەرگێڕانەکانی یونسی بە نایاب و بێ کەموکورتی وەسف دەکات و دەڵێت: "ئەو خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگای ئێرانی کرد، نەک هەرئەمە، بەڵکو ئەو مرۆڤێکی باش، دروست، پاک و ڕەفتاری لەگەڵ نووسەرە لاوەکان بێوێنە و ناودار بوو. لە بەرامبەر گەنجتر لەخۆی فەخری نەبوو و بەخۆبردووییەکەی بێوێنە بوو".

عەلی دەهباشی، لێکۆڵەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری بوخارا کە لە کاتی ژیانی دکتۆر یونسیدا، یەکێک لە شەوەکانی بوخارای بەم نووسەر و وەرگێڕە تەرخان کردبوو، بە یەکێک لە دوا ئەڵقەکانی (زنجیرەی) گەورە پیاوانی کلتوور و

ئەدەبی ئێران لەقەڵەمی دا کە دەیان هەزار لاپەڕەی خستووەتە سەر کلتووری نووسراوی ئێرانی. عەلی دەهباشی وتی: "یونسی لە نەوەی ئەو گەورانەیە کە هەوڵەکانیان لەپێناو زیادکردنی لاپەڕەکانی زمانی ئەدەبی فارسیدا بوو... ئەوەی یونسی لە پانتایی رۆمان و ئەدەبی خۆرئاوادا بە زمانی فارسی ناساند، بێگومان لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆمان و ئەدەبی پەخشانی لە ئێراندا کاریگەرییەکی گەورەی دروستکردووە و زۆرێک لە نووسەر و چیرۆکنووسە هاوچەرخەکانمان قەرزداری ئەون". بە وتەی دەهباشی "ئیبراهیم یونسی لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوو کە کە دەربارەی تیۆرییەکانی چیرۆکنووسین، کتێبی نووسیوە و کتێبی هونەری چیرۆکنووسینی ئەو هێشتا دوای ٥٤ ساڵ دەبێت بۆی بگەڕێینەوە". ئەو هەروەها وتی: "ئیبراهیم یونسی لە بواری کۆمەڵایەتی- سیاسیدا پیاوێکی نیشتماندۆست بوو، خاکی ئێرانی لێ پیرۆز بێت".

ئیبراهیم یونسیش وەک زۆرێک لە گەورە پیاوەکانی کلتووری وڵات، هەورەک لە کلتووری ئێراندا بووە بە نەریت، نەریتێک کە لە فردەوسییەوە تا هەنووکەش بەردەوامە، لە سەردەمی ژیانیدا، نە رێزی لێنرا و نە لە پێگەی بەرز دانرا. هەموو ئەو شتەی کە بۆی کراوە رێزلێنانێک بوو لە ساڵی ٢٠٠٤ لە فێستیڤاڵی چیرۆکنووسی (عەزرا) بۆ ئەو و مەحمود دەوڵەت ئابادی سازکرا و لە ساڵی ٢٠٠٢ش ئەنجومەنی بەرهەمی و شانازییە کلتوورییەکان، رێزی لە هەوڵەکانی ناوبراو گرت.

جارێکیش لە شەوی بوخارا، عەلی دەهباشی، بەڕێوەبەری گۆڤارەکە لەناو وەرگێڕ و نووسەرەکانی تردا رێزی لێگرت. سەردەمێکیش چەند بەرپرسێکی (وەزارەتی ارشاد) سەردانیماڵەکەیان کرد و رێزیان لێنا. یونسی وتبووی کە نازانێت چۆن لە کاری ئەم بەرپرسانە تێبگات، لە لایەک رێز لە هەوڵەکانی دەگرن و لەلایەکی ترەوە کارەکانی سانسۆر دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی لە ئاست پشتگیریی دەوڵەتدا رەشبین و بێهیوا بوو. بڕوای بە خەڵاتە ئەدەبییەکان نەبوو و بە ناعادیلانەی دەزانی: "بەزۆری ئەو بەرهەمانەی کە خەڵاتەکان وەردەگرن، دەخوێنمەوە، بەڵام وەک مارک تواین دەڵێت گرنگی ئەم خەڵاتانە پەیوەستە بەوەی کە چەند کەس لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. زەوی سووتاو یەکێک بوو لە پاڵێوراوەکانی ٢٠ ساڵ ئەدەبی پەخشانی ئێران. لەبیرمە قاسمعەلی فیراسەت (بەرپرسی بەشی ئەدەبیاتی پەخشانی خەڵاتەکە) شەوێک لەگەڵ ئەحمەد مەحمود هاتنە ماڵەکەم و وتیان گۆڕستانی غەریبان پاڵێوراوی خەڵاتە. بە مەحمودم وت کە خەڵات نە بە تۆ دەدەن و نە بە من و ئەوەشم پێ وت کە نەڕوات بۆ مەراسیمەکە، بەڵام رۆیشت و خەڵاتەکەشی وەرنەگرت".

ئیبراهیم یونسی تەنها و لە گۆشەگیرییدا مرد، هەواڵی مردنەکەی لە ئاژانسە دەوڵەتییەکاندا بە کورتی باسکرا و تەنها چەند دێڕێک بوو. لەدوای مردنی چەند وتارێکی کورت و دووبارە دەربارەی ئەو لە ماڵپەڕەکاندا نووسرا... هەرئەمە و تەواو، وەسیەتی کردبوو کە لە شارەکەی خۆی (بانە) بنێژرێت. رۆژی هەینی ٢٠٠٢/٢/٢١ وەک هەواڵەکان دەڵێن: "تەرمەکەی بە ئامادەبوونێکی فراوان و گەورەی توێژە جیاوازەکانی خەڵک و هونەرمەند و نووسەر و ئەدەبییەکان، لە گۆڕستانی (سلێمان بەگ) لە زێدی خۆی بە خاک سپێردرا".

رەنگە رۆژێک وەک رێزێک لە ماندبوونی، لە بانە یان لە تاران، شوێنێک بەناوی ئەوەوە ناوبنرێت. یان بونیادێکی رۆشنبیری ناوی ئەو لە خۆی بنێت، بەڵام تا ئەمرۆ نە ناوێکی لەم شارەدا هەیە و نە نیشانێک.

بە خامۆشبوونی ئیبراهیم یونسی، دەنگی سەردەمی درەوشاوەی وەرگێڕان لە ئێرانیش خامۆش دەبێت.

**گەنجینەی بەرهەمەکانی ئیبراهیم یونسی و پرسیارێک**

بەرهەمەکانی ئیبراهیم یونسی نزیکەی هەشتا ناونیشانی وەرگێڕدراو و نووسراوە کە لەماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵ، لەنێوان دوو مردندا، خوڵقاندوویەتی: لەو حوکمی لە سێدارەدانەی کە بوو بە زیندانی تاهەتایی و مەرگێکی ئەبەدی و بێ گەڕانەوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ئەفسەرە گەنجە لەگەڵ ئەفسەرەکانی تردا لەسێدارە درابان، بواری رۆشنبیریی ئەمڕۆی ئێران لە چ گەنجینەیەک بێ بەش دەبوو؟ و بیر لە کاروانی لەسێدارەدراوەکان بکەینەوە و ئەو تەمەنانەی کە لە تاراوگە و زینداندا تیاچوون.

**سەرچاوە:**

http://www.voanews.com/persian/news/Ibrahim-Younesi-Passed-away-Translation-139239243.html



# ئەدۆنیس:
# پێموایە بە ژیانم درۆم نەکردووە

**گفتوگۆ و داڕشتنەوەی: ئیسماعیل مەروە**
**و. لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

ئەدۆنیس لەو رەمزانەیە، کە جیاواز بیت لەگەڵی یان گونجاو، بەڵام هەر رێزی دەگریت. ئەدۆنیس نە ستاتیکە نە دینامیک.... ئەدۆنیس لە چوارچێوەی ئازادییەکی دیاری نەکراو هەموو رۆژێ پێشدەکەوێت. بۆیە کە لەگەڵی دادەنیشی سەرنجت رادەکێشێ و دەبینی هەموو رۆژێ ئەدۆنیس شتی نوێ لەڕووی داهێنان و فیکر خەلق دەکات..! رەنگە لەزۆر بیروڕای فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەدۆنیس یەکنەگرمەوە، بەڕاستیش یەکناگرمەوە، بەڵام شتێکم لە دڵدا نییە، ئەوە نەبێ کە بەڕێز و ستایشەوە لە بەرانبەری رادەوەستم، بەرانبەر بیریارێک کە بە تەواوی ئەوەی کە فەردییە و ئەوەی کە دەستەجەمعییە لێکیان جیا دەکاتەوە، ئەو نموونەیەکە لە نموونەکانی فیکری ئازاد، فیکرێک کە توانای بەرەوپێشچوونی هەیە، فیکرێک کە هەرگیز قبووڵی نییە بکشێتەوە. ئەدۆنیس دووچاری زۆرێک لە نائومێدی بووە... بەڵام وازی لە توێژینەوەی بەردەوام نەهێناوە، هەمیشە لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی دیکە. بەر لەوەی قسەکانم تەواو بکەم دەڵێم ئەگەر ئەو گفتوگۆیە نەبایە زۆر شتم لە دەست دەچوو، هەموو ئەوەی کە بیستم لە بیروڕاو خاکەڕایی هەرگیز پێشتر نەمبیستبوو، پێموایە لە ئاستێکی رۆشنبیریی ئاوا و لەگەڵ داهێنەرێکی وەک ئەدۆنیس کە بێ تەگەرە وەک ئەوەی هەناسە بدا دەدوێت، بەخت بەلای مندا نییە.

لە ئەدۆنیسی مرۆڤم پرسی لەبارەی ئەدۆنیسی شاعیر و توێژەر، بەبێ دوودڵی وەرامی دامەوە، بەشێوەیەکی منداڵانە چاوی لە چاوم بڕی، ئەو چاوتێبڕینەی پڕبوو لە پاڕانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا راستگۆ بم:- ئەو وەک تازەکارێک هەوڵیدەدا شتێک بکات...! ئەو رۆژە ئەدۆنیس نەیدەزانی کە من لەگەڵیدا راستگۆم، لەوەش زێتر سەرسام بوو کاتێک زانی ئەگەر وەرامی دیکەی هەبێت سەرسامم دەکات، ئەوە خۆشەویستی گەورەکانە، هەموو ساتێک وا هەست دەکەن لە سەرەتای رێگەکەدان، بۆیە ئەو رێگەیە تاقیدەکەنەوە و سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، بەردەوام هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەهاوێژن، بێ ئەوەی بێزار بن، لە هەموو ساتێکدا شتی نوێ پێشکەش دەکەن، ئەگەرچی تۆ لەگەڵ ئەو نوێیەش هاوڕا نەبیت. ئەدۆنیس شوێنی خۆی بەباشی دەزانێت، بەهای خۆی دەناسێت و دەزانێ هەڵگری چ مەعریفەیەکە، بۆیە ملنادات و بەرگری لێدەکات. ناخوازێ شوێنگەی دیاری بکرێت، رێگە بە ئەویدیکە دەدات قسە لەبارەیەوە بکات، جا ئەگەر ئەویدیکە وەک من بێ و خاوەنی هیچ پلەوپایەیەکیش نەبێ، چونکە ئەو دڵنیایە ئەویدیکە لە شوێنگەیەک دایدەنێ، کە بۆخۆی خۆی لەوێ دانانێ، رەنگە ئەوە جۆرێ بێ لە خاکەڕایی، رەنگە لەبەر ئەوەبێ کە ئەویدیکە لە دوورەوە دەیبینێ و لە شوێنێکی بەرز و بڵندی دادەنێ. ئەدۆنیس خودی خۆی لە ناخەوە بریندار دەکات، بەڵام بە بریندارکردنی هەستی ئەویدیکە بێزار دەبێ!!

گفتوگۆ و داڕشتنەوەی: ئیسماعیل مەروە

**من وایدەبینم کە ناوی تۆ وەک پاسپۆڕت وایە؟**

بەڵام هەندێجاران دەشێ بە پێچەوانەوە بێت، تۆ ئەگەر ئەوانە بخوێنیتەوە کە ئیسلامییەکان لەبارەی منەوە دەینووسن، هەتا ئێستا لە پێشانگاکانیش کتێبەکانی من وەلا دەنێن، بەتەواوی رێگە بەهیچ کتێبێکی من نادەن و ناهێڵن بێتە نێو پێشانگاکانەوە بۆ نموونە لە "کوێت".

**ئەدۆنیس بۆ قۆناغی دواتر لەڕووی ئەدەبی و فیکرییەوە چی ئامادەکردووە؟**

دوو پرۆژەم هەیە، پرۆژەی یەکەمم شیعرییە و لەوێدا کۆتایی بە نووسینی شیعریم بە مانا بەرتەسکەکە دەهێنم، ئەو پرۆژەیەم لە تەواوبووندایە دوای ئەوە دەوەستم و بەهیچ جۆرێک شیعر بەمانا بەرتەسکەکە وەک شیعر ناڵێم، واتە من ئیتر بەشێوەیەکی ئاسایی نانووسم، لە شیعر دەوەستم،... پرۆژەی دووەمم نووسینی یادەوەرییەکانمە.

**ئایا لای تۆ، ئەوەی کە وەک شیعر دیاریکرا بوو کۆتایی پێهاتووە، یان ئەوەی دەتویست بیڵێیت گوتووتە؟**

نەخێر، بەڵام من پێموایە لای من ئەو خولە وەک شیعر بەهەموو رەنگەکانییەوە بەمانای تەواوبوون تەواو بووە، بەوەی کە دەیڵێم و بەو نووسینەش کە دەینووسم و هەموو ئەوانەی کە دەیڵێم لە چوارچێوەی ئەزموونی شیعرییمدا دەبێتە تەواوکەری نووسینەکانم.

**ئایا نیازتە هەموو ئەو شیعرانەی نووسیووتە لەگەڵ یەکتر کۆیانبکەیتەوە؟**

ئەوە بەکار و چاپکردنەوە بەندە.

**بۆچی دەزگایەک بۆ بڵاوکردنەوەکانت هەڵدەبژێریت کە نرخی بەرزە؟**

چونکە ئەو دەزگایە بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات و لە کاری چاپکردندا ورد و بەرزە، هەموو ئەو شتە دەکات کە تۆ دەتەوێت.

**ئەی خوێنەر؟**

من داوای لێبووردن دەکەم، ئەگەر توانیبام رێگە بۆ خوێنەر خۆش بکەم، ئەوە ئەو کارەم دەکرد.

**ئەدۆنیس لە یادەوەرییەکانیدا دەیەوێ چ بڵێت؟**

ئەوەی پەیوەندی بە یادەوەری منەوەیە نزیکەی سێ بەشی ئامادەیە، بەشی یەکەمی گرانە، چونکە پەیوەندی بە قۆناغی ژیان و منداڵیمەوەیە لە چیا و لەنێو ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیام، لەو پەنجا ساڵەش هەموو شتێک گۆڕاوە.

**بەرەو باشتر، یان خراپتر؟**

لە رووکار و شێوە بەرەو باشتر، بەڵام وەک قوڵایی بەرەو خراپتر، بەو مانایە ئەخلاق و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لای خەڵکی کەمبووەتەوە و لەبەر یەک هەڵوەشاوەتەوە، مەسەلەی تیرەگەری بە ئاشکرا بەرەو زیادی دەچێ، لە هەمان کاتدا هەموو پێداویستییەکانی ژیان لە ئۆتۆمبێل و رێگا و کارەبا بەرەو باشتر بووەتەوە، بەڵام لەسەر بۆش وەستاوە، مەعریفە و خۆشەویستی بۆ مەعریفە لەکەمیداوە، هەموو ئەو شتانە بە تەواوی بەسەر سوریا جێبەجێ دەبێت.

راستە رێزگرتنی ئەویدیکە و هەستکردن بە پێویستبوونی دیموکراسی و

هەموو ئەوانە لەکورتیداوە، هەموو شتێ کە قووڵ و گرنگ بێت بەرەو دواوە چووە، بەڵام هەموو ئەوانەی رووکارئامێز و بازرگانی و بەرکاربوون گەشەی سەندووە.

**شەڕە ئەدەبی و رەخنەییەکانی ئەدۆنیس لە کوێ بەهێزە و لەو شەڕەدا چیت پێشکەش کردووە؟**

وەک پێمگوتی، من لە نووسینەکانمدا وەک رەخنەگر مامەڵە ناکەم، هیچ رۆژێک خۆم وەک رەخنەگر پێشکەش نەکردووە.

**وەک شاعیر یان وەک بیریار؟**

بەشێوەیەکی گشتی هەموو شەڕەکان لەگەڵ ئەو رێبازە سیاسییانەدایە کە دیکتاتۆرن، هەروەها لەگەڵ ئەو شاعیرانەی کە سەر بەو رێبازانەن، جگە لەوانەش رێبازە ناسیونالە عەرەبییەکان بەشێوەیەکی گشتی رێبازی نیمچە ئایینین، چونکە داخراون.



**ئایا ناسیونالیزم نیمچە ئایینیە؟**

ڕێبازە داخراوەکان هەر هەموویان وا وەسف دەکرێن کە مەیلێکی ڕەگەزپەرستییان تێدایە و ڕێز لە ئەویدیکە ناگرن، بەڕاستی لەگەڵ ئەویدیکە ناجولێنەوە، بۆیە مەحاڵە دیموکراسی بن، نموونەی ئەو مەیلە ناکرێ لە بونیادنانی کۆمەڵگادا پێشڕەوی بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆمەڵگا بەرەو هەڵوەشانەوە و خراپتر دەبات، من هەمیشە لەگەڵ ئەو شاعیرانە لە جەنگدام، ئەوانەی کە دەیانەوێ شیعر بکەنە پەیامێک یان هۆیەک بۆ خزمەتکردنی ئەو مەسەلانە یان خزمەتکردنی مەسەلەی ناسیونالی عەرەبی یان هەرێمایەتی، من لەڕێگەی شیعرەوە پێیاندەڵێم کاتێک شاعیر دەیەوێت ڕاست و ئازادانە تەعبیر لە خودی خۆی بکات، ئەوە تەعبیر لە مرۆڤ دەکات، نەک وەک ئەوەی تەعبیر بە تەنها لە عەرەبێک بکات، چونکە ئەگەر نەتوانی بە تەواوی ئازادی تەعبیر لەخۆت بکەیت، ئەو کاتە تۆ ناتوانیت تەعبیر لە نەتەوەکەت و گەلەکەت و نیشتمانەکەت و دۆزەکەت بکەیت. ئەوە لە دەوروبەرم ڕوویداوە و تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی ئەوەی من بۆی چوومە ڕاسترە، بۆ نموونە کاتێک من دەمنووسی هەندێک دەیانگووت ئەدۆنیس بووەتە سۆفی و سۆفیگەر و دژ بە گەلە و بانگەشەی دوورەپەرێزی دەکات کە هیچ مانایەکی نییە، ئیتر لەو قسانە، بەڵام دوای ماوەیەک هەموو چەپەکان لەبارەی سۆفیگەرییەوە دەیاننووسی. بە تێپەڕبوونی کات لەو جەنگانەی من بەرپامکردن دەرکەوت ئەوەی لەڕاستی نزیکترە ئەوە منم، ئەگەر نەشڵێم بە تەواوی ئەوەی من ڕاستییە، هەر بەو بۆنەیەشەوە من لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بە تەنیا نیم.

**لەڕووی جوانکارییەوە ئێمە گوتمان شاعیرانی ناسیونالی نەمانگووت شاعیرانی دەسەڵات، ئایا شاعیران بە تەنیا و بەبێ خوێنەرانیان دەتوانن ئەو شەڕە لە ئەستۆ بگرن؟**

شەڕ هەمیشە هەیە، ئەگەر لەگەڵ دەرەوە بێت، ئەوە هیچ هەڵبژاردنێک لەبەردەمدا نییە، هەر چۆنێ بێت هەموو کەسێک پێویستە لەگەڵ وڵاتەکەی و دەسەڵاتەکەیدا بێت و دژ بە دوژمنە دەرەکییەکانی بوەستێ، ئەوە قسەی تێدا ناکرێت و هەر بیروڕایەکی دیکە لەئارادا بێت ئەوە دەچێتە قاڵبی ناپاکییەوە، بەڵام ئەو جەنگەی کە دەکەوێتە نێو ئەو دەسەڵات و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیت، کە شاعیرێک دێت و بە گوتەزاکانی دەسەڵات هەڵدەڵێ و بەرگری لێدەکات، ئەوە ناشێ قبوڵی بکەین.

**کەواتە ململانێی ناوەکی تۆ لەگەڵ دەسەڵاتە نەک لەگەڵ شاعیران؟**

لەگەڵ دەسەڵاتی شاعیرانە.

**نزار قەبانی رەخنەکانی لە شاعیرانی ئەو دەسەڵاتە دەگرت؟**

نەخێر، نزار قەبانی لە رەخنەگرتنی دەسەڵات ئەوەندە قووڵ نەبوو، راستە شاعیری دەسەڵات نەبوو، بەڵام بەگشتی لە رەخنەگرتن ریشەیی نەبوو، دەشێ لەبارەی ئەوەوە بڵێین: شاعیرێکی چاکساز بوو. ئەو قسەی لەسەر ئازادی ژنان دەکرد، بەڵام ئەگەر رێگە بەوە نەدرێ ئەو دەقە ئایینییە وەک خۆی بخوێنینەوە، کە لەبارەی ئافرەت و مافەکانییەوە دەدوێ، چۆن دەشێ ئافرەت رزگار بکەین! ناشێ هەموو ئەوانەش بەڵگەی خۆی هەیە، بۆ نموونە نزار قەبانی بە قووڵی لە هیچ دەقێکی بنەڕەتی ژیانی عەرەبی نەداوە، هیچ پرسیارێکی رووبەڕووی گرفتە بنەڕەتییەکان نەکردووەتەوە، بەڵکو رەخنەی لەوە گرتووە کە لە دەوروبەرماندایە، بۆیە قابیلی قبوڵ بووە، لێرەوەیە سیاسییەکان نزار دەخوێننەوە و چێژ لە شیعرەکانی وەردەگرن، بەڵام بۆ دژی دەکەونەوە؟ چونکە ناگەنە ئەو رەگوڕیشەیەی کە ئەوان گەشەیان لەسەر کردووە.

**ئایا تۆ لەگەڵ بە حیزب بوونی، هەر حیزبێک بێت؟**

هەرگیز، بەتایبەتی لە ئەزموونی خۆمدا، هەر کەسێک شتێکی تایبەتی خۆی هەبێ دەیڵێ، بەڵام بە حیزبیبوون تەواو دژی ئەو گوتنە دەکەوێتەوە.

**ئایا تۆ نەبوویتە حیزبی؟**

هەڵبەتە من لەگەڵ حیزبی ناسیونالی سوری هاتمە نـاوەوە... بێگومان هەروەها زۆری لێ فێر بووم، من قەرداری ئەو حیزبەم و لە ریزی ئەو حیزبەدا بووم، یەکێک بووم لە نازدارەکانی و بۆ نموونە بە ژیانم ئابوونەی حیزبیم نەداوە و ئامادەی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی نەبوومە، بەڕاستی نازی منیان هەڵدەگرت... من پێموایە "ئەنتوان سەعادە" گەورەترین کەسایەتی عەرەبییە لە سەدەی بیستەمدا، بەڵام لە حیزب جیابوومەوە، چونکە گومانم هەبوو لەسەر ئاستی ئەزموون بە حیزب بگەمەوە.

**تۆ لە حیزب گەورەتری؟**

نەخێر، هەرگیز مەسەلە ئەوە نەبووە، کە لە حیزب گەورەترم، بەڵکو من ماندوو بووم و بۆ خۆم کۆمەڵێک خەونم هەبوو نەدەگونجا لەگەڵ حیزب بەردەوام بم، جیابوونەوەم لە حیزب تۆمەتبارکردنی حیزب نییە، بەڵکو لەو بارەوە خۆم تومەتبار دەکەم..، چونکە نەمتوانی بەدوای کاری حیزبیدا بچم.

**بۆچی بوویتە حیزبی؟**

کاتێک هەستم کرد شتێکی تایبەتم هەیە، پێویستە بە ئازادی بیڵێم، ئیتر لە حیزب کشامەوە و وازم لە کاری سیاسی هێنا، من بڕوام بە هەندێ بیروڕا هەیە کە "ئەنتوان سەعادە" دەیخاتە روو، هەروەها هەندێ بیروڕای دیکەی (شبلی ئەلشەمیل و محەمەد عەبدۆ).

**ئەگەر خاوەنی بڕیار نەبیت دەبێ چی بکەیت؟**

کێ دەڵێ ئێمە خاوەن بڕیار نین، ئێمە بە بیروڕاکانمانەوە خاوەن بڕیاریین، بەو قسانەی کە دەیکەین، ئایا خاوەن بڕیار ئەو کەسەیە کە چەکی بە دەستە و دەچێتە مزگەوت؟ ئەو قسانە چین... مزگەوت لەڕێگەی هێز و توندوتیژییەوە بڕیاری بە دەستە، هەموو کەسێک لەڕێگەی توندوتیژییەوە خاوەن بڕیارە، جەنگیزخان دەسەڵاتی بەسەر دنیادا گرت، ئایا ئەوە هێز بوو یان مەعریفە، ئەگەر موسڵمانەکان بخوازن بە قامچی دەست بەسەر دنیادا بگرن، ئەوە دنیا ملکەچیان دەبێت، بەڵام ئایا ئەوە کۆنترۆڵکردنە.

**ئەوەی ئیسلامییەکان پێی دەڵێن بوژانەوە (ڕێنیسانس)ی ئیسلامی بە بەرپەچدانەوە و گەڕانەوە بەرەو دواوە ناو دەبرێت، ئایا لەپشت ئەوەوە دنیای ژیاری وەستاوە؟**

هەڵسانەوە چییە؟ چی پێشکەش کردووە؟ تێزێکە بۆ ژیانی مرۆڤ و گەڕانەوە بۆ ئەو تێزە گەڕانەوەیە بۆ ئوسوڵ و کەلەپوری کۆن! ئێمە دژ بەو بوژانەوەیەین و دەبێ دژی بین.

**ئایا ئەوە گشتاندن نییە؟**

ئێمە بەدژی دەوەستین و دەبێ کار بکەین و بیر لەوە بکەینەوە کە بەدژی بوەستین.

**بەڕای تۆ ئەوە کۆتایی هاتووە؟**

بەڕای من ئەو هەڵسانەوەیە بە هەموو فۆڕمەکانییەوە سەرەتایەکە نیشانی دەدات کە ئیسلام لەلای خودی ئیسلامییەکانەوە بەرەو کۆتایی دەبێتەوە، وەک مۆمێک کە لە دواساتەکانی پڕشنگێکی بەهێز دەبەخشێ و ئینجا دەکوژێتەوە، چونکە ناتوانێ پێشکەوێت.

**چۆن دەشێ پارێزگاری لە مانەوەی بکرێت؟**

بە کرانەوە و ئازادی و بە بڕوای تاکخوازانەوە، هیچ کەسێک دژ بە بڕوای تاکخوازیی نییە.

**ئایا هیوایەک دەبینرێت؟**

ئیسلامی رۆشنگەر هەیە، دەشێ لەو جۆرە بیروڕایانەی قبووڵ بێت، لە هەمان کاتدا من بە سەرژمێرییەک هەڵسام، بۆم دەرکەوتووە کە بە مانای قووڵی وشە توندڕەوەکان هەرگیز بە زۆرینەوە بەند نین.

**ئەو کەسایەتییە ئیسلامیانەی خۆزگەمان دەخواست باو بان کامانەن؟**

بەداخەوە من هیچ کەس نابینم، وەک پرنسیب هەموو موسڵمانە رۆشنگەرەکان لەوێوە دێنە ناوەوە کە پێتدەڵێن ئیسلام گەورەیە، بەڵام موسڵمانەکان هەڵەن، چونکە ئەوە وانییە و راست نییە بەو مانایەی کە موسڵمانان ناتوانن خۆیان لە ئیسلام جیا بکەنەوە.

**بەڕای تۆ هۆکاری ئەوە بۆ کاریگەرییە ناوەکییەکان دەگەڕێتەوە؟**

هۆکارەکان ناوەکی بن، یان دەرەکی، ئەگەر هۆکارەکە دەرەکی بێ ئەوە خراپتر، هیچ جیاوازی نییە، گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئاکامەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین کارەساتێکە بۆخۆی یەکەمجاریش بۆ ئیسلام، چونکە لە دنیای رۆشنبیریی و فیکری و ژیاری جیای دەکاتەوە و تەنها دەیکات بە میلیشیات.

**ئایا گرفتەکە ئەوەیە کە وێنەی ئێمە لە خۆرئاوادا نادرووستە؟**

نەخێر... مەبەستت لە وێنەی ئێمە چییە؟ خۆرئاوا هەر تەنها بارستاییەکی کەڕولاڵ نییە، خۆرئاوای جۆراوجۆر هەیە، کۆمەڵێ رۆشنبیر هەن لە بارودۆخەکە

تێدەگەن، کۆمەڵێکی دیکە هەن تێناگەن، دەستەیەک هەیە ڕەگەزپەرستن و هیدیکە هەن لێبووردەن، خۆرئاوا وەک عەرەب نییە، بۆیە وێنەی عەرەب لە خۆرئاوا جۆراوجۆرە، هەندێ بە جوانی دەبینن لای هەندێ لە ڕۆشنبیران عەرەب بە تێگەیشتنە کۆنەکەیانەوە، نەک ئێستایان جوانە، بەڵام کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئێستای عەرەبی پێیوایە کە ئێستای عەرەبی لە تاریکیدایە، وەک چۆن کۆدەنگییەک هەیە پێیوایە سیاسەتی عەرەبی هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە.

**ئایا هی وەک تۆیان بەلاوە گرنگ نییە؟**

تەنها وەک تاک، بەڵام کاتێک لە من دەپرسن: چۆن لە مەسەلەی فەڵەستین لەگەڵ ئێوە بین، ئێوە لە فەڵەستین شتێک دەکەن کە نەکراوە؟ دەبێ وەڵامی من چی بێ؟ زۆر دڵتەنگ دەبیت ئەگەر پێت بڵێم ئەوەی لە خۆرئاوا پشتی فەڵەستینییەکان دەگرێ، بە پلەی یەکەم ڕۆشنبیرانی یەهودی و یەهودییەکانن.

**ئەدۆنیس لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەویدیکەدا دەکەوێتە کوێ؟**

یەکەم من هەرگیز لە گفتوگۆکردن نیگەران نیم، لەگەڵ هەر کەسێ بێت، چونکە من دەزانم دۆزەکەم چییە و چیم دەوێ و چۆن دەمەتەقێ لەبارەیەوە دەکەم، بۆیە هەموو گفتوگۆ و مشتومڕێک کە بە دۆزی عەرەبییەوە پەیوەستە، بێ دوودڵی قبوڵی دەکەم، چونکە من بەلای کەمی ئەگەر نەشتوانم هیچ کەسێک ڕازیش بکەم ئەوە دەتوانم هەندێ لە تەمومژەکە برەوێنمەوە و لە هەندێ مەسەلەدا وێنە شێواوەکە ڕاست بکەمەوە، بەڵام ئەوە تەنها لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە، لە چوارچێوەیەکی ڕۆشنبیرییدا، بەڵام لەدووتوێی میدیایەکی بەرفرەوان و گەورەدا بەشێوەیەکی گشتی وێنەی عەرەبی ڕووکارئامێزە و بەسیاسەتکراوە و دەستی بەسەرداگیراوە و تۆ ناتوانی هەرگیز تەجاوزی بکەیت.

**ئەو ئامۆژگارییانە چین کە تۆ پێشکەشی خوێنەرانی خۆتی دەکەیت؟**

بە تێگەیشتنەوە بخوێننەوە و دووبارە و بەتەواوی و لە هەموو ئاستەکاندا چاو بە شارستانییەکی عەرەبیدا بخشێننەوە، بەتێگەیشتنەوە ڕۆشنبیریی عەرەبی نوێ و شیعری عەرەبی نوێ بونیاد بنێن.

**چۆن سەیری مەسەلەی خەڵکانێکی هەژار و سواڵکەر و لەو شێوەیە دەکەیت؟**

نەخێر، من دەزانم مەسەلەی هەژاری مەسەلەیەکی دیکەیە و هیچ پەیوەندی

به نووسینەوە نییە، نە بە سلبی و نە بە ئیجابی، بەڵکو پەیوەندی بە هەست و سۆزی مرۆڤایەتییەوە هەیە، من هاوسۆزیانم و هەوڵدەدەم بەپێی توانا یارمەتیان بدەم، بەڵام ئەوە رێگەی نووسینم لێ ناگرێ.

**کێ ئەو لێپرسراویەتییە لەئەستۆ دەگرێ؟**

هەڵبەتە دەوڵەت، چونکە پێویستە دەوڵەت لە بەرانبەر مرۆڤ و رێزگرتنی مرۆڤ بەرپرسیار بێت و دەبێ کاریان بۆ دابین بکات بەشێوەیەک کە تێیدا شکۆی مرۆڤ پارێزراو بێت، ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت.

**بەڵام دەوڵەت دەڵێت ئەوانە (مافیا)ن، ئایا لەگەڵ ئەوەدایت؟**

ئایا دەوڵەت دەیەوێ چ کارێکی بۆ بکەم، ئایا مافیا لە ئەستۆی مندایە؟ ئایا من دەتوانم بەدوای ئەواندا بچم؟ هەر لە سەرەتا تا دوایی لێپرسراوی یەکەم دەوڵەتە.

**ئەوە چییە کە ئەدۆنیس هیچ پێیخۆش نییە؟**

درۆ.

**چەند جاران درۆت کردووە؟**

پێموایە بە ژیانم درۆم نەکردووە.

**مۆلێر دەڵێت: ئەگەر جارێک خوا پێی گوتی لە گوناهەکانت دەبوورم، ئەوە دەیکا چونکە خوایە، بەڵام ئەگەر ئافرەت پێی گوتی دەتبەخشم ئەوە بەدرێژایی تەمەنت پەشیمان دەبیتەوە**

گوتەیەکی جوانە، بەڵام لە چوارچێوەیەکدا گوتوویەتی... (تێکەڵکردنی خوا بە گیروگرفتەکانی مرۆڤ بابەتێکە هەرگیز پەیوەندی بە منەوە نییە) خوا پەیوەندی بە مرۆڤ و گیروگرفتەکانی مرۆڤەوە نییە.

**ئایا بۆ جارێکیش درۆت نەکردووە؟**

ئەوەی لەبیرم بێت بەهیچ شێوەیەک بۆ جارێکیش درۆم نەکردووە.

**نه سپی و نه رەش؟**
نه سپی و نه رەش.

**ئایا درۆ رەنگی هەیە؟**
ئەگەر رەنگەکانیشی بناسم درۆم نەکردووە.

**ئەگەر برادەرێکت لەبارەی مەسەلەیەکەوە پرسیاری لێکردی کە بشێ پەیوەندی بە وێرانکردنی ژیانییەوە هەبێ، ئایا لە مەسەلەیەکی ئاوادا درۆکردن شیاوە؟**

ئەوە پرسیارێکی گرنگە، لێگەڕێ بەخێرایی وەرامت بدەمەوە، درۆکردن لەو حاڵەتەدا پێویستە بۆ ئەوەی ئەوکەسە ژیانی خۆی وێران نەکات. من بۆ ئەو مەسەلەیە بەلای درۆکردندام هەتا ئەو کەسە لە ئازاردان و وێرانکردنی ژیانی خۆی دوور بکەوێتەوە.

## سەرچاوە و تێبینی:

ئیسماعیل مەروە ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ ئەدۆنیس سازداوە و دایڕشتووەتەوە و بە دوو بەش لە گۆڤاری (الوطن) بلاو بووەتەوە، من لە ئینتەرنێت وەرمگرتووە لەژێر دوو ناونیشان (١-**في آخر حبات العقد من لقاء أدونيس** ٢- أدونيس: **أعتقد أن الدورة وبكل تنويعاتها اكتملت عندي شعرياً**) من هەندێ لە پرسیار و وەرامەکانم لابردووە، چونکە لە گفتوگۆی ئەدۆنیس لەگەڵ (ئەلیاس خوری) کۆی پرسیارەکانی لەسەر ئەلکیتاب وەڵام داوەتەوە و منیش وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بۆیە بە پێویستم نەزانی دووبارە بێتەوە، هەروەها من ناونیشانم بۆ ئەو گفتوگۆیە وەرگێردراوەی بەردەستتانم هەڵبژاردووە.

# دیالکتیکی تەنیایی



**ئۆکتاڤیۆپاز**
**و. لە ئینگلیزییەوە: محەمەد ئەحمەدی- بۆکان**

**بەکورتی:**

وتاری دیالکتیکی تەنیایی لە راستیدا دوایین بەشی کتێبی "تووناوتوونی تەنیایی"* -ە، پاز ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٥٠ و لەژێر کاریگەریی روانگەکانی بیرمەندی مێکزیکی سامۆئێل راموس (١٨٩٧-١٩٥٩)دا نووسی. راموس ساڵی ١٩٣٤ کتێبی "گەڵاڵەی گشتی مرۆڤ و فەرهەنگی مێکزیک"ی بڵاوکردۆتەوە، تێیدا ئەو بیرۆکەیەی هێناوەتە گۆڕێ کە نیزامی زاڵ بە سەر مێکزیکدا بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ چاوپۆشی لە راستییە سیاسییەکان کردووە، خەڵکی مێکزیک ناچار بە شێوەیەکی دوو لایەنە رووبەڕووی ژیان و کردەوە بوونەتەوە.

ئەو رێکارەی راموس پێشنیاری دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە تەنیا هاودڵییەو دوورکەوتنەوە لە ریاکاریی.

پازیش ئەم بیرۆکەیە دەگرێتەبەر و دەڵێت: کۆمەڵگای باوکسالاری بە میرات گەیشتوو لە "فاتیحان"[١] -ەوە باڵی بە سەر هەموو بوارەکانی ژیان لە مێکزیکدا گرتووە، تەنانەت سێبەری خستۆتە سەر بنکەی خێزانیش. ئەو دەڵێ لە سەردەمی تێکنۆلۆژیدا ئەم بارودۆخە دووبەرانبەر بووە.

رێکاری پاز عیشقی راستەقینەیەو کەڵکوەرگرتن لە خەیاڵی ئەدەبی بۆ هێرشکردنە سەر بتە دەستکرد و درۆیینەکان.

ئەم کتێبەی پاز بە گرینگترین بابەت لە بەستێنی خەسارناسیی فەرهەنگی لە سەرانسەری ئەمریکای لاتینی سەدەی بیستدا ناسراوە، نووسەرانی گەورەی وەکو "کارلۆس فۆئێنتێس" و "ویستنە لێنیرۆ" دانیان بەوەداناوە کە ئەم کتێبە کاری تێکردوون.

**دیالکتیکی تەنیایی**

تەنیایی – یانی ئەو هەست و زانستەی کە مرۆڤ تەنیایە، لە خۆی و لە جیهان جودایە – بە تەنیا تایبەتمەندیی مێکزیکیان نییە. هەموو کەسێک، لە هێندێک چرکەساتی ژیانیدا هەست بە تەنیایی دەکات و بە راستی تەنیاشە.

ژیان یانی دابڕان لە ئەوەی کە هەبووین بە مەبەستی تێکەڵاو بوون لە گەڵ ئەو شتەی کە لە داهاتوویەکی نامۆدا دەبین. تەنیایی، قووڵترین راستییە لە چارەنووسی مرۆڤدا، مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە دەزانێ بە تەنیایە و تەنیا بوونەوەرێکیشە کە بە دوای دیتنەوەی دیترانەوەیە.

سروشتی ئەو – ئەگەر بەکارهێنانی ئەم وشەیە سەبارەت بە مرۆڤ رەوابێ کە بە گوتنی «نا» بۆ سروشت، خۆی بەرهەڤکردووە – لە مگێزی بە سۆز و گەرمی ئەو بۆ سەلماندنی خۆی لە ئەوی تردا حەشاردراوە. مرۆڤ ئاوێتەیەکە لە دەردی تاراوگە و دووبارەدیتنەوەی رۆژانی پێکەوەبوون. لە بەر ئەمە هەر ئەو کاتەی کە ئاگاداری هەبوونی خۆیەتی، ئاگاشی لە نەبوونی ئەویترە، یانی ئاگاداری تەنیایی خۆیەتی.

ئاوەلمە لەگەڵ دەوروبـەری خۆی تێکەڵاوە، ژیانێکە بێگەردو خاو؛ لەخۆ بێخەبەر. کاتێک کە لە دایکدەبین ئەو پێوەندییانە دەپچڕێنین کە دەمانبەستنەوە بە ژیانێکی کوێری نەفامراو لە نێو زگی دایکدا – ئەو جێگایەی کە هیچ مەودایەک لە نێوان ویستن و رازیبووندا نییە – ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ ئێمە دابڕان و لەدەستدانە، خۆ ئەسپاردنەوەیە، دابەزینە (**هبوط**) بۆ دنیایەکی غەریب و دژ.

دواتر ئەم هەستی سەرەتایی لەدەستدان و بەخەسارچوونە، دەبێتە هەستکردن

بە تەنیایی، دواتریش دەبێتە تێگەیشتن؛ ئێمە ناچار و مەحکوومین بە تەنیا بژین، بەڵام ناچاریشین لە تەنیایی خۆمان تێپەڕبین هەتاکو بتوانین ئەو پێوەندییانە پتەوکەینەوە کە لە رابردوویەکی بەهەشتیندا لەگەڵ ژیان ئاوێتەی دەکردین. هەموو هێزەکانمان دەخەینە کار بۆ ئەوەی رزگاربین لە زیندانی تەنیایی. لەئەم رووبەرەوە هەستی بە تەنیابوونمان مانا و بایەخێکی دووانەی هەیە: خۆناسین و لەخۆ شارابوون لەلایەکەوە، لەولاشەوە ئاواتی دەربازبوون لەخۆ.

تەنیایی - یەکە ئاستی نەگۆڕی ژیانمان - لەبەرچاومان جۆرێک پاکبوونەوە و تاقیکردنەوەیە کە ئەگەر تەواوبێ رەنجو هەراسانی و نەبزێوی ئێمەش کۆتایی دێ؛ کاتی دەرچوون لە تووناوتوونی تەنیایی بە پێگگەیشتن دەگەین - کە شادیە و سەرسووکبوون -دەگەینە ئەوپەڕی ژێریوسازیاری دەگەڵ جیهان.

لە زمانی باودا ئەم دووانەییبوونە بە وەکوویەکتر ناسینی تەنیایی و رەنج دەنوێنرێ. ئازاری ئەوین هەمان دەردی تەنیاییە. تێکەڵبوون و تەنیایی دژی یەک و تەواوکەری یەکتریشن.

هێزی رزگاریدەری تەنیایی هەستی ئاڵۆز و لەهەمانکاتدا زیندوومان، لە هەڵەو خەتا روون دەکاتەوە؛ مرۆڤی لاتەریک "بە دەستی خوا ئەسپاردراوە"، تەنیایی هەم تاوان و هەم کەفارەتی تاوانە، تەنیایی سزادانە، بەڵام لەهەمانکاتدا مزگێنیشە کە سەردەمی دابڕاویمان رادەبووریێت. ئەم دیالێکتیکە دەسەڵاتداری هەموو ژیانی مرۆڤە.

مردن و لەدایکبوون ئەزموونن لە تەنیاییدا. ئێمە بەتەنیا لەدایک دەبین، بەتەنیاش دەمرین. هەر کە لەبەری دایک دەکەوینە خوارەوە دەست دەکەین بە تەقەلایەکی پڕ لە مەینەتی، کەچی ئاکامەکەشی مردنە. تۆ بڵێی مردن گەڕانەوە بێ بۆ ژیانێک بەر لە ئەم ژیانە؟ بڵێی مەرگ دیسان ژیانەوەی ژیانی ئاوەلمەیی بێ کە لەودا جووڵان و راوەستان، رۆژ و شەو، زەمان و تاهەتایی، دژی یەک نین؟ دەنا بڵێی بە مانای راوەستانی هەبوون بێ وەکو هەبوویەک و لە کۆتاییشدا گەیشتن بێ بە هەبوونێکی لەبڕان نەهاتوو؟ ئاخۆ مردن راستیترین بیچمی ژیانە؟ ئاخۆ لەدایکبوون مردنە و مردنیش لەدایکبوونە؟ ئێمە لەهیچ تێناگەین، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە تێناگەین بە تەواوی توانامانەوە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی رزگاربین لەو دژبەرانەی کە ئازارمان دەدەن.

هەموو شتەکان - شارابوون لە خۆ، مەنتق، زەمان، عەقڵ و روسم و باوەکان - دەیانەوێت دەرمان بکەن لەژیان، لە هەمان کاتیشدا هەموو شتەکان بانگمان دەکەنەوە بۆ گەڕانەوە، بۆ نیشتنەوە لە نێو پزدانی خولقێنەرێک کە لێیەوە دەرکراوین.

ئەوەی چاوەڕێی دەکەین لە ئەوین (کە هۆکەو تینویەتی جووتبوون، وازی کەوتن و مردنەو لەهەمانکاتیشدا خوازی دیسان لەدایکبوونەوە) ئەوەیە کە تۆزقاڵێک لە ژیانی راستینەو نەختێک لەمردنی راستەقینە بچێژین. ئێمە ئەوینمان بۆ ئەوە ناوێت لووزەوی شادی و حەسانەوەمان بەرداتە سەرێ، بەڵکو بۆ خواردنەوەی جورئەیەک لەئەو دەفرە پڕەی ژیانمان گەرەکە کە خاڵی دەبێتەوە لە دژبەران، کە تێیدا ژیان و مردن، زەمان و هەرمانەوە بە یەکیەتی دەگەن.

بە شێوەیەکی نامۆ تێدەگەین کە ژیان و مردن بێجگە لە دوو رواڵەتی- دژ، بەڵام تەواوکەری- راستەقینەیەک نین. لە کاری عیشقدا بەدیهێنان و رووخاندن دەبن بە یەک، مرۆڤیش لە ئەوەندەی چرکەیەک و کەمتریشدا چاو دەبڕێتە سەر دۆخێکی بێخەوشتری هەبوون.

لە دنیای ئێمەدا ئەوین ئەزموونێکی کەم تازۆر دەست پێڕانەگەیشتووە. هەموو شتەکان دژی عیشقن؛ خووخدەکان، چینەکانی کۆمەڵایەتی، یاساکان، رەگەزەکان و تەنانەت ئەوینداران خۆشیان. ژن هەمیشە بۆ پیاو «ئەویتر» بووە، دژو تەواوکەری ئەو، ئەگەر بەشێک لە هەبوونی پیاو لە کڵپەی عەشقی ژندایە، بەشەکەیتری -کە هەر بەو رادەیە پێداگرە- دووری دەخاتەوە، ژن وەکو شتوایە، جاریوایە گرانبایی و جارییواشە زیانبارە، بەڵام هەمیشە جوداوازە.

پیاو بە گۆڕینی ژن بە شت، دەیخاتە بەر تەوژمی ئەو ئاڵ و گۆڕانەوە کە هۆگری و غورور و جەزرەبە و هەراسانی و تەنانەت ئەوینی خۆی گەرەکیەتی؛ دەیکا بە کەرەسەیەک بۆ لێکگەیشتن و لەززەت، دەیکا بە رێگایەک بۆ بەدەستهێنانی هەرمانەوە.

سیمۆن دووبوار وتەنی: ژن بتە، خوالەیە، دایکە، جادووبازە، پەرییە، بەڵام هەرگیز خۆی نییە، لە بەر ئەمە پێوەندییە گراوییەکانمان هەر لە سەرەتاوە بۆگەنن، لە رەگ و ریشەوە ژاراوین. تارماییەک لە نێوانماندا پێکدێت، ئەو تارماییە وێنەی ژنە، وێنەیەک کە ئێمە بۆمان داناوەو ئەویش خۆی تێدا رازاندۆتەوە. کە دەمانەوێت بیهەنووین، ناتوانین، تەنانەت ناتوانین دەست بە لەشی بێ هزرو بیریشیدا بێنین، چونکە تەمژی لەشێکی هەمیشە کەوی و دەستەبەر دەبێت بە لەمپەر.

رووداوەکە بۆ ژنیش هەر ئەوەیە: ئەو خۆی هەر وەکوو شت دێتە بەرچاو، وەکوو شتێکیتر. ئەو قەت خاتوونی خۆی نییە. هەبوونی ئەو لە نێوان ئەو شتەدا کە بە راستی هەیەو ئەو شتەش کە خۆی پێی وایە هەیە دابەشکراوە. ئەم بۆچوونەش؛ خێزان، چینی کۆمەڵایەتی، خوێندنگا، ئاوەڵان و مەزهەب و گراوەکەی بە سەریاندا سەپاندووە.

ئەو قەت مێوەزبوونی خۆی دەرنابڕێت، چونکە ئەو مێوەزبوونە هەمیشە بە بیچمێک لەخۆ دەنوێنێت کە پیاو بۆی داهێناوە. ئەوین ڕووداوێکی سروشتی نییە.

ئەوین هەڵکەوتێکی مرۆڤانەیە، مرۆڤانەترین بنچینەیە لە کەسایەتی مرۆڤدا، ئەوین خۆمان سازیدەکەین، لە سروشتدا نییە، ئەو شتەیە کە هەموو ڕۆژێک سازیدەکەین و دەشیرۆخێنین.

ئەوانەی گوتران تاکە بەربەست نین لە نێوان ئێمەو ئەویندا، ئەوین هەڵبژاردنە، ڕەنگە هەڵبژاردنی ئازادانەی چارەنووسمان بێت: دۆزینەوەو هەڵێنانی لەکوتوپڕی شاراوەترین و بێشکترین لایەنی هەبوونمان، بەڵام هەڵبژاردنی عیشق لە کۆمەڵگای ئێمەدا کارێکی نەگونجاوە.

بڕێتۆن[٢] لەیەکێک لەباشترین کتێبەکانی بە ناوی «ئەوینی شێت»[٣] دا دەڵێ دوو لەمپەر هەر لەسەرەتاوە بەستێنی عەشقیان بەرتەسک کردووە: نەبوونی پەسنی کۆمەڵایەتی و بیرۆکەی مەسیحیانەی تاوان. ئەوین بۆ سەلماندنی خۆی دەبێت یاساکانی جیهان ببەزێنێت.

عیشق ڕووڕەشییەو بشێوی؛ تاوانی دوو ئەستێرەیە کە لادەدەن لەمەداری بەسەردا سەپاویان و لەبۆشاییدا بەرەو یەکتر دەخوشێن. بۆچوونی ڕۆمانتیکانەی ئەوین کە زامنی دابڕان و لێهەڵاتن و کارەساتە، تاکە تێڕوانینی ئەمڕۆیانەی ئێمەیە لە عیشق، چونکە هەموو شتێکی کۆمەڵگای ئێمە بەربەستە بۆ ئەوەی کە ئەوین بەربژارێکی ئازادانە بێت.

ژن لە زیندانی ئەو بیرۆکەیە دایە کە کۆمەڵی نێرەوەز بە سەریدا سەپاندووە، لە بەر ئەمە، ئەگەر بیەوێت بە ئازادی هەڵبژێرێت، وەک ئەوەیە دیواری زیندانی ڕووخاندبێ. عاشقان دەڵێن: «ئەوین ئەوی گۆڕیوە، کردوویەتی بە کەسێکیتر.»، ئەوان حەقیانە. ئەوین بە تەواوی ئاڵوگۆڕ بەسەر ژن دێنێ. ئەگەر بوێریی عاشقبوونی هەبێ، ئەگەر بوێریی خۆییبوونی هەبێت، دەبێت ئەو بۆچوونە بگۆڕێت کە دنیا ئەوی تێدا دەستبەسەر کردووە.

پیاویش بۆ هەڵبژاردن بەربەستی هەیە. سنووری تواناکانی زۆر تەنگەبەرە. لە منداڵیدا لە دایکی یان لە خوشکەکانی را هەست بە توێژی مێوەز دەکات، دوای ئەوە عەشق و بڤەو نییەلێکراوان دەبن بە یەک. ترس و کەڵکەڵەی زینا دەگەڵ مەحرەمان مەرج بۆ پێوەندیی عەشقێنیمان دادەنێ. ژیانی تازە کەفوکوڵی هۆکمان دەگەیەنێت بە لێواری زێدەڕۆیی و لە هەمانکاتیشدا بە زۆر بەربەستی حەرام ئیشتیامان لێ کوێردەکاتەوە: بەربەستی وەک ئەخلاق، کۆمەڵگا و تەنانەت پاکوخاوێنی. تاوان هەم قەمچی و هەم هەوساری هەوەسە. هەموو شتێک بەستێنی هەڵبژاردنمان لێبەرتەسکدەکات.

ناچارین قووڵترین سۆزەکانمان دەگەڵ ئەو بۆچوونە ڕێکبخەین کە چین و توێژی کۆمەڵایەتیمان بۆ ژنی پەسند دەکات. خۆشویستنی کەسێک لە ڕەگەزێکیتر، کولتوورێکیتر یان چینێکیتری کۆمەڵایەتی دژوارە. هەرچەند بە تەواوی دەگونجێت پیاوێکی سپییێست، ژنێکی ڕەشپێستی خۆشبوێت، یان ژنێک پیاوێکی چینی خۆشبوێت، یان بەگێک عاشقی کلفەتی خۆی بێ و بەپێچەوانەش، بەڵام ئەم گونجانانە سوورمان هەڵدەگێڕن لە شەرمان. لەبەر ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی ئازاد بێبەریکراوین، ژنێک لە نێو ئەوانەدا کە «لەبارن» هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی ببێ بە ژنمان. قەتیش دان بەئەوەدا نانێین کە دەگەڵ ژنێک زەماوەندمان کردووە کە خۆشمان ناوێت. ژنێک کە ڕەنگە ئەو ئێمەی خۆش بوێت، بەڵام ناتوانێت خودی ڕاستەقینەی خۆی بێ. سوان[٤] دەڵێت: «ئەو فکرەی کە باشترینساڵەکانی تەمەنم دەگەڵ ژنێک لەدەستدا کە هاولفی من نەبوو...» زۆربەی پیاوانی سەردەمی ئێمە دەکرێت لە پێخەفی مەرگیاندا ئەم ڕستەیە بڵێنەوە، زۆربەی ژنانیش دەتوانن تەنیا بە گۆڕینی وشەیەک هەر ئەمە بڵێنەوە.

کۆمەڵگا بە وێناکردنی ئەوین وەکو یەکبوونێکی پتەو بۆ زایین و پەروەردەکردنی منداڵ، سروشتی ئەوین ڕەتدەکاتەوە. یانی عیشق و هاوسەرینی بەیەک دادەنێ و هەر جۆرە لادانێکیش لەئەم ڕێسایە سزای هەیە، گوڕمی سزاکەش پێوەندی بە کات و شوێنەوە هەیە. (لە مێکزیک ئەگەر لادەرەکە ژن بێ، سزاکە مەرگە، چونکە لێرەش وەکو هەموو کۆمەڵگا ئیسپانییەکان دوو جۆر یاسای ئەخلاقی هەیە: یەکیان بۆ پیاو، ئەویتریش بۆ ژن و منداڵ و هەژاران)

ئەگەر کۆمەڵگا ئیزنی دابایە بە ئازادی هەڵبژاردن، پشتیوانیکردن لە هاوسەرینی پاساوگر دەبوو، بەڵام چونکە وا نییە، دەبێ کۆمەڵگا ئەو ڕاستییە بسەلمێنێ کە هاوسەرینی ترۆپکی عیشق نییە، بەڵکو ڕواڵەتێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە ئامانجەکانی ئەو دەگەڵ ئامانجەکانی عیشقدا دژبەرن.

پتەوبوونی خێزان پەیوەندە بە هاوسەرینییەوە، کە سوور سوور پشتیوانیکردنە لە کۆمەڵگاو چ ئامانجیشی نییە بێجگە لە دووپاتکردنەوەی هەمان کۆمەڵگا. لەئەم ڕووەوە هاوسەرینی لەخۆیدا بەقووڵی پاوانخوازانەیە. هێرشکردنیش بۆ سەری، هێرشکردنە بۆ سەر بنچینەکانی کۆمەڵایەتی. جا هەر بەم هۆیەوە عەشق ئاکارێکی دژ بە کۆمەڵایەتییە؛ هەر چەند نەشیەوێ کە بە ئانقەست وابێ. هەر کاتێک کە عەشق بتوانێت خۆی بەدیبێنێ بناغەی هاوسەرینییەک تێکدەڕوخێنێ و دەیگۆڕێ بە شتێک کە بە دڵی کۆمەڵگا نییە: سەرهەڵدانی دوو بوونەوەری تەنیا کە جیهانی تایبەتی خۆیان دەئافرێنن؛ ئەو جیهانەی کە درۆکانی کۆمەڵ ڕەتدەکاتەوە،

زەمـــان و کار تەرت و وندەکات و تەنیا خۆی بە خۆلێهاتوو دەزانێ. کە وابوو سەیر نییە کە کۆمەڵگا ئەوین و شایەدەکەی – شیعر– بە رقێکی هاوسانەوە سزابدا: بە جووتە فرێیانداتە نێو جیهانێکی ئاڵۆز و شاراوەی نییەلێکراو، پووچ و بێ پێودان . هەروەها سەیر نییە کە شێعرو ئەوین لە بیچمگەلی هەژەندو بێخەوشی وەکو – ریسوایی، تاوان و شێعر–ەوە هەڵبچن.

لە ئاکامی ئەو پشتگیرییەدا کە لە هاوسەرینی دەکرێت، عیشق دەستدرێژی لێدەکرێت و قاحبەگەریش یان چاوپۆشی لێدەکرێت یان پەسنی فەرمی وەردەگرێت. لێکدانەوەی بەتوێکڵی قاحبەگەری زۆر شت ڕووندەکاتەوە: هەندێک نەتەوە بە دامەزراوەیەکی موقەدەسی دەزانن، بەڵام لەلای ئێمە جاریوایە شەرم و عارەو جاریوایە خوازراوە. قەحبە خۆی کاریکاتۆری عیشقە، قوربانیی ئەوینە، هێمای هەموو ئەو دەسەڵاتانەیە کە جیهانی ئێمە بۆ خوێرییەتی رادەکێشن. بەڵام تەنانەت ئەم گاڵتەپێکردنەی ئەوین بەس نییە: لە هەندێک مەکوودا تانوپۆی هاوسەرینی ئەوەندە ناسکە، کە بێسەرەوبەرەیی ڕێسایەکی گشتییە. ئەو کەسەی کە هەر شەوەی لەجێوبانێک دەخزێت ئیتر بە یارمباز ناناسرێت. پیاوی گزیکار – ئەو ژنبازەی کە بادی هەوایە، چونکە ژن هەمیشە لەیستۆک و گەپچاڕی هەراسانی و خۆخۆازیی ئەوە – وەکو شاسوارێکی (شوالیە) سەرلێشێواو لەبرەو دەکەوێ. ئیتر گزیکار نامێنێ و کەس لاڕێ ناکرێ، وەکو چۆن کیژۆڵەیەک نەماوە کە رزگار بکرێت یان دێوێک کە لەکوولەکەی رۆحی بدرێت.

پێوەندییە عەشقێنییەکانی ئەمڕۆ بۆ وێنە دەگەڵ هی سەردەمی «ساد»[٥] دا جوداوازن. ساد کەسایەتییەکی تراژیک بوو؛ پیاوێک بوو ئەسیری کەلکەلەی راڕاییەک، کاری ئەو ئاشکرا کردنی تەزێنەری ئاستی مرۆڤایەتی بوو، ئیتر قارەمانی وەکو ساد نەماون هەراسان و سەربزێو بن و بیدەنە ئەوپەڕی بێ تفاقی. لەولاشەوە عەشقێنی نوێ کەم تاکورت هەمیشە دەمپاراوییە، تەمرینێکی وێژەیی و فیز لەخۆنانە. هەڵێنانی مەتەڵی مرۆڤایەتی نییە، تەنیا بەڵگەیەکیترە بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگایەک کە تاوان هاندەدات و عەشق دادەپڵۆسێ.

ئایا ڕەهابوونی هۆک و هەوەسە؟ تەڵاق ئیتر سەرکەوتن نییە. تەڵاق ئیتر ڕێگای پچڕاندنی پەیوەندییە قورس و پتەوەکان نییە، بەڵکو تەڵاق ئیزنی هەڵبژاردنێکی ئازادانەترە بۆ ژن و پیاو. لە کۆمەڵگایەکی ئارمانیدا یەکە بناغەی تەڵاق لەنێوچوونی ئەوینێکە بۆ ئەوەی عەشقێکیتر سەر هەڵبدات. لە کۆمەڵگایەکدا کە هەموو کەسێک مافی هەڵبژاردنی هەبێت ئیتر تەڵاقیش وەکو قاحبەگەری و بێسەروبەرەیی و زینا دەبێت بە ناتەبایی، دەنا هەر نامێنێت.

کۆمەڵ وادەنوێنێ کە گشتێکی خاوەن یەکێتی ژیانەو لەگەڵ خۆی و بۆخۆی دەژی، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە خۆی بە یەکەیەکی لێکاڵانەکراوە دەزانێت لەناخییەوە جۆرێک دووانەیی دابەشی دەکات. ڕەنگە ئەم دووانەییبوونە لەو کاتەوە سەرچاوەبگرێ کە مرۆڤ لە ئاژەڵایەتی دابڕا، خودی خۆی و ویژدانی خۆی و ئاکاری خۆی داهێنا. کۆمەڵگا یەکەیەکی ژیانییە لەکوێرەوەریدا باری پێداویستییەکەی قورس بە کۆڵی خۆی هەڵدەگرێت تاکو پاکانە بۆ ئاوات و ئامانجەکانی خۆی بکات. جاریوایە ئامانجەکانی کۆمەڵگا- پۆشتە و ڕازاوەی تێگەیشتنە ئاکارییەکان- دەگەڵ خوازو پێداویستییەکانی هەموو خەڵکی پێکهێنەری ئەو کۆمەڵگایە یەکدەگرنەوە، بەڵام جاریواش هەیە ئەو ئامانجانە، ئارمانی کەمایەتییەکان یان چینە گرینگەکانی کۆمەڵ دەخەنە ژێرپێ و جاریوایە تەنانەت قووڵترین خۆماکەکانی مرۆڤانە پێشێڵدەکەن. ئەگەر ئەم دواین کارەساتەیان ڕوویدات کۆمەڵ دووچاری قەیران دەبێت، یان لە بەر یەک هەڵدەوەشێ یان لە جێی خۆی چەقدەبەستێ. پەلەکانی وەها کۆمەڵگایەک ئیتر مرۆڤ نین و دەبن بە ئامرازیەلێکی بێگیان.

دووانەیی خۆیی کۆمەڵگاکان، کە هەر کۆمەڵێک تێدەکۆشی بە یەکدەست کردنەوەی خۆی ئەم دووانەییە نەهێڵێت، لەئەمڕۆدا وێنەی بەرچاوی زۆرە: خێرو شەڕ، حەڵاڵ و حەرام، ئارمان و ڕاستەقینە، هزری و ناهزری، جوانی و ناحەزی، خەو و بێداری، دارایی و نەداری، بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، نەزانی و زانایی، ئاوەزو خەیاڵپەروەری. کۆمەڵ بە جووڵەیەکی خۆڕانەگرانە لەناخی هەبوونی خۆیەوە، زۆر شێلگیرانە تێدەکۆشێت تاکو بە سەر ئەم دوانەییەدا زاڵ بێت و پەلە تاک و هاودژەکانی خۆی بکات بە گشتێکی هاونەزم. بەڵام کۆمەڵگای نوێ دەیەوێت ئەم کارە بە داپلۆسینی دیالکتیکی تەنیایی جێبەجێبکات، کە تەنیا شتێکە کە دەتوانی ئەوین بگونجێنێت. کۆمەڵگا پیشەسازییەکان بەچاوداپۆشین لەهەر جۆرە ئایدیالۆلۆژیا و سیاسەت و ئابوورییەک تێدەکۆشن کە ناکۆکییەکانی چۆنایەتی- یانی مرۆڤانە- بکەن بە لێکچوویی چەندایەتی. شێوازەکانی بەرهەمهێنانی بەلێشاو لەسەر ئاکارو هونەرو بەزەیی و هەستیش لەکاردەکرێ. ناتەباییەکان و هەڵاوێردەکان ڕاماڵ دەدرێن و ئەمەش دەبێتە ڕێگر تاکو دەستمان بە ئەو قووڵترین ئەزموونانە ڕانەگا کە ژیان دەتوانێ بیانخاتەڕوو، یانی دۆزینەوەی ڕاستەقینە وەکو یەکێتییەک کە دژەکان تێیدا سازیارو کۆ بن. هێزە نوێکان بڕیاری قەدەغەکرانی تەنیایی دەردەکەن... ئا بەم شێوەیە عەشق کە جۆرێک پەیوەندی شاراوە و پاڵەوانانەیە قەدەغەدەکرێت. پشتیوانیکردن لەعەشق هەمیشە کارێکی

دژەکۆمەڵایەتی و مەترسیداربووە. لەئەمڕۆدا ئەوین تەنانەت چالاکییەکی شۆڕشگێڕانەشە. کێشەی ئەوین لەدنیای ئێمەدا دەریدەخات کە کۆمەڵگا چلۆن دیالکتیکی تەنیایی لە قووڵترین دیمەنی خۆیدا نەزۆک دەکات. ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە ڕێگرە لەهەموو جۆرە ئەگەرێکی تێکەڵبوونی عاشقانەی ڕاستەقینە.

ئەوین یەکێک لەڕووناکترین نموونەکانە لەئەو خۆماکە دووانەییە -مردن و لەدایکبوون، تەنیایی و پێکەوەبوون- کە ناچارمان دەکات ڕۆڵی خۆمان قووڵتر بپشکنین و لەهەمانکاتدا لەخودی خۆمان بێینەدەرێ و خۆ لە ئەویتردا بەدیبێنین. بەڵام عەشق تەنیا نموونەی ئەم خۆماکە دوانەییە نییە، لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا سەردەمانێک هەیە کە هەم دوورییەو هەم تێکەڵبوون، هەم تۆرانەو هەم ئاشتبوونەوە. هەر کامێک لەئەم دەورانانە تێکۆشانێکن بۆ دەربازبوون لەتەنیایی و پاشانیش نوقمبوون لە فەزایەکی غەریبدا.

منداڵ دەبێ لەگەڵ ئەو ڕاستییە بڕاوەیە ڕووبەڕووبێتەوە، لەپێشدا بەگریان یان بە وستبوون بەرەنگاری ئەو بزوێنەرە دەبێتەوە. ئەو هەودایەی ئەوی بە ژیانەوە گرێدەدا پچڕاوەو تێدەکۆشێ بە کایەکردن یان بەسۆز گرییێداتەوە. ئەمە سەرەتای وتووێژێکە کە تەنیا بە وڕێنەی نێو پێخەفی مەرگ کۆتایی دێت. بەڵام پێوەندییەکانی ئەو دەگەڵ دنیای دەرەوە ئیتر وەکو سەردەمی ژیانی ئاوەلمەیی هەر دژداماوی نییە، چونکە جیهان خوازیاری بەرەنگاربوونەوەیە. ڕاستەقینە لەکردەوەکانی ئەوڕا بەدیدێت، بەیارمەتی کایەو خەیاڵپەروەرییەکان جیهانی نێرەمۆکی سروشتیی بەساڵاچووان - مێزو کورسی، کتێب یان هەر چییەک - لەپڕدا گیانێکی تایبەتی وەبەردێت. منداڵ بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی سێحراوی زمان یان هێما، نیشانە یان جموجۆڵ، جیهانێکی زیندوو دەئافرێنێ کە تێیدا شتەکانیش دەتوانن وەڵامی پرسیارەکانی بدەنەوە. زمان کە لەبەندی مانا هزرییەکانی دەربازبێ، ئیتر کۆمەڵێک هێما نییەو جارێکیتر دەبێتەوە بە پەیکەرێکی زیندووی ناسک و هەستیار. نواندنەوەی واتەیی بەرانبەرە دەگەڵ داڕشتنەوەی خودی شتێک. هەر وەکو چۆن کەندۆخیی بۆ مرۆڤی سەرەتایی نواندنەوەی شت نییە بەڵکو لفی شتەکەیە. وتە جارێکیتر دەبێتەوە بەچالاکییەکی داهێنەرانە کە پێوەندی بەڕاستییەکانەوە هەیە، بەواتایەکیتر دەبێت بە چالاکییەکی شاعیرانە، بەئەم سێحرەوە منداڵ لەبەرچاوی خۆیدا جیهانێک سازدەکات و لەو ڕێگایەوە تەنیایی خۆی لەنێودەبات. لەخۆشارابوون ئەو کاتە دەستپێدەکات کە ئێمە لەدەسەڵاتی سێحراوی ئامرازەکانمان وەشک دەکەوین.

دەورانی مێرمنداڵی جۆرێک دابڕانە لەدەورانی منداڵی و ڕاوێستانێکی کورتە

لەبەرەگەی دنیای گەورەساڵیدا، ئیشپرانگێر[٦] وەبیرمان دێنێتەوە کە تەنیایی یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی دەورانی مێرمنداڵی و خۆناسینە. نارسیسوس[٧] ئەو مرۆڤە تەنیایە، تاکە وێنەی وردو رێکی مرۆڤی تازەرەسیوە.

لەم سەردەمانەدایە کە بۆ یەکەمجار لە تاکبوونی خۆمان تێدەگەین، بەڵام دیالکتیکی سۆزەکان جارێکیتر خۆتێهەڵدەقورتێنێت؛ لەبەر ئەوەی کە مێرمنداڵی ئەوپەڕی لەخۆشارابوونە، تەنیا بەیارمەتی "خۆلەبیرکەری" و "خۆویڵکەری" دەتوانین لێوەی تێپەڕبین. لەبەرئەمە تەنیایی، هەر بەتەنیا زەمانی تەنیایی نییە، بەڵکو زەمانی عەشق و رۆمانس و پاڵەوانەتی و خۆبەختکردنیشە. لە خۆڕا نییە کە خەڵک پاڵەوان و عاشقیان لە رواڵەتی مێرمنداڵی تازەرەسیودا دێتە بەرچاو. وێنەی مێرمنداڵ وەکو کەسێکی تەنیا، لەخۆدا یەخسیرو سووتاو بە کڵپەی ئیشتیاو شەرم و ترس، بەردەوام لە وێنەی کۆمەڵێک لاودا کۆتایی پێدێت کە پێکەوە هەڵدەپەڕن و گۆرانی دەڵێن و لە ریزێکدا رێدەپێون، یان لە وێنەی ژنومێردێکی لاودا کە لەژێر چڵوپۆپە سەوزو تێکهاڵاوەکانی باغی گشتیدا بە لەنجەولار پیاسە دەکەن. مێرمنداڵ خۆی بە جیهان دەسپێرێ: بۆ عیشق و کارو خۆشەویستی و وەرزش و رووداوی پاڵەوانانە. ئەدەبیاتی نەتەوە نوێکان - بێجگە لە ئیسپانیا کە تێیدا مێرمنداڵ یان هەتیوە یان بەرەڵایە - پڕن لە مێرمنداڵ؛ ئەو مرۆڤە تەنیایانەی کە وەیلانی تێکەڵبوونن: کە لێورێژن لە کەمەندو خەنجێرو خولیا. مێرمنداڵیی دەوڵەتێکی کورتخایەنە هەر کە پێینایە دنیای راستییەکانەوە، تەواو دەبێ.

تەنیایی لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی گەڕانەوەو پیری نییە. ئەو کاتەی کە مرۆڤێک لەگەڵ دیتران و شتەکان دەستەویەخە دەبێ، خۆی لە کارەکەیدا لێ ون دەبێ. لەداهێنان و سازکردنی شتەکان و بیرەکان و بنکەکاندا، ویژدانی تاکی دەگەڵ ویژدانی دیتران رێکدەکەوێ: زەمان ماناو ئامانج لەخۆدەگرێت و بەم شێوەیە دەبێ بە مێژوو. دەبێت بە راڤەیەکی ماناداری گرینگ و زیندوو کە رابردوویەکی هەیەو داهاتوویەک. تاکبوونی ئێمە - کە سەرچاوەکەی لە ئەو راستیەیەرا دێ کە ئێمە لە زەماندا هەڵکەوتووین، زەمانێکی تایبەت کە لە خودی خۆمان سازکراوە، هەڵمان دەلووشێت و لەهەمانکاتیشدا بژیوو شوناسمان پێدەدا - لەڕاستیدا خاپوورنەبووە، بەڵکو تەنیا کاڵتربۆتەوە، بەواتایەکیتر رزگاری بووە. هەبوونی تاکەکەسیمان لە مێژوودا بەشداریدەکات، یانی ئیلیوت وتەنی: «دەبێتە گەڵاڵەیەک لە چرکە بێزەمانەکان». لەبەر ئەمە ئەو مرۆڤە پێگەیوەی کە لە رۆژانی داهێنەری و سازێنەری ژیانی خۆیدا لە نەخۆشی تەنیاییەوە گلابوو، وەک هەڵاوێردەیەک دێتە ئەژمار. لەئەمڕۆدا ئەو جۆرە مرۆڤە تەنیایانە هەژماریان زۆرەو ئەمەش خۆی

نیشانەی قووڵی و بارگرانیی ئازارەکانمانە. لە سەردەمی کاری بە کۆمەڵ و گۆرانی هاوئاواز و رابواردنی بەیەکەوەدا، مرۆڤ زیاتر لە هەمیشە بەتەنیایە. مرۆڤی سەردەمی نوێ هەرگیز بە تەواوی خۆی بە دەستکارەکەیەوە نادا. بەشێکی ئەو مرۆڤە – قووڵترین بەشی ئەو – بەردەوام دابڕاوەو لەدڵەڕاوکە دایە. مرۆڤ دەبێت بە سیخوڕی خۆی. کار، یەکە خوای نوێ، ئیتر داهێنەر نییە. بێپایانە، بێسنوورە، ڕێک وەکو ژیانی سەردەمی نوێ، بێ ئاکامە. ئەو تەنیاییەش کە لێی دەکەوێتەوە – تەنیایی جاربەجارو بێ ئامانجی نێو هۆتێل و ئیدارەو دووکان و سینەماکان – نە ئەزموونێکی وزەبەخشی ڕۆحەو نە کوڵ و دڵگرانییەکی پێویستیشە. نزا ئەنگاوتەیەکی رووتە و شوێنەواری دنیایەکی دەرکوکون لێتەنراو.

ماناو گرینگایەتی دوانەی تەنیایی – دابڕان لە دنیایەک و تێکۆشان بۆ ئافراندنی جیهانێکیتر– دەکرێت لە تێڕوانیمان بۆ پاڵەوانان و چاکان و رزگاریدەرانەوە دەرکەوێت. ئوستوورەو ژیاننامەو شیعرو مێژوو باسی سەردەمێکی کونجخوازی و تەنیایی سەرەتاکانی مێرمنداڵی دەگێڕنەوە بەر لە ئاشتبوونەوە دەگەڵ جیهان و گەڕانەوە بۆ کار. ئەمانە ساڵانی خۆڕاهێنان و وردبوونەوەن، هەروەها ساڵانی خۆبەختکردن و تۆبە، خۆئەزموون و کەفارەت و پاککردنەوەی دڵ و دەروونیشن. ئارنۆڵدتۆین بی، نموونەی زۆر بۆ ئەم بیرۆکەیە دێنێتەوە: ئوستوورەی غاری ئەفلاتوون، ژیانی پیرپۆلووس، بوودا، محەمەد، ماکیاولی و دانتە؛ هەموومان لە ژیانی خۆمانداو لە چوارچێوەی دەرفەتی خۆماندا لە تەنیایی و کونجنشینیدا ژیاوین، بۆ ئەوەی دەروونمان خاوێن کەینەوەو دیسان بگەڕێینەوە نێو ژیان.

دیالکتیکی تەنیایی – تۆین بی وتەنی: «ڕەوتی دووانەی تەرەیی و گەڕانەوە» لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا بەرچاوە. ڕەنگە کۆمەڵگا کەوناراکان کە بەقەدەر کۆمەڵگاکانی ئەمرۆیی پێچەڵاوپێچ نەبوون، نموونەو وێنەگەلی باشتریان بۆ ئەم ڕەوتە دووانەیە تێدا بێ.

تێڕوانیی لەم بابەتەی کە تەنیایی بۆ ئەو کەسانەی کە ئێمە – بەهەڵەو لەخۆباییانە – بە سەرەتاییان دەزانین، ئاستێکی چەندە ترسێنەرو بزدینۆکە، دژوار نییە. لە کۆمەڵگا کەوناراکاندا ڕێسای ڕەقوتەق و پێچەڵاوپێچی نییەلێکراوان، یاساو ئایینگەل، تاک لە بەرانبەر تەنیاییدا دەپارێزن. کۆ تاکە سەرچاوەی تەندروستییە؛ مرۆڤی تەنیا نەخۆشە، پۆپەیەکی ویشکە کە دەبێ ببڕدرێت و بسوتێنرێ، چونکە ئەگەر تاکێکی کۆمەڵ نەخۆش بکەوێ، ژیانی کۆ دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. دووپاتکردنەوەی بڕوا و نەریتە نادینییەکان، زامنی بەردەوامیی ژیانی کۆیەو تەنانەت پەیوەندی و یەکێتی دەروونیی کۆ دەستەبەر دەکات؛ بەڵام

نەریتە مەزهەبییەکان و حوزووری بەردەوامی مردووان ناوەندی پێوەندی گەلێک سازدەکات کە هەنگاوی سەربەخۆ بەرتەنگ دەکاتەوەو لەو ڕێگایەوە تاک لەتەنیایی و کۆ لەهەڵوەشانەوە دەپارێزێت.

به بۆچوونی مرۆڤی سەرەتایی سلامەت و کۆمەڵ- هەر وەکو مردن و چەندبەرەکی- دوو وشەی هاوواتاو هاوڕیزن. لۆی برۆڵ دەڵێت: ئەو کەسەی زێدی لەدایکبوونی بەجێ دێڵێ «ئیتر پێوەندی بە گروپەوە نییە. دەمرێ و ڕێورەسمی باوی ناشتنی بۆ جێبەجێدەکرێ»[۸] لەبەر ئەمە تارانی هەمیشەیی هاوسەنگە دەگەڵ حوکمی مەرگ. بەهاوخۆ زانینی گرووپی کۆمەڵایەتی دەگەڵ ڕۆحی باوباپیران و لکاندنی هەردووکی ئەمانە بە زێدەوە لەئەم ئایینە نیشانەییەی ئافریقادا بەرچاوە: «کاتێک کە پیاوێکی خۆماڵی ژنێک لە کیمبێرلی[۹] ڕا دێنێ، نەختێک لە خۆڵی ناوچەیی پیاوە دەگەڵ خۆ دێنن. ژنە لەسەریەتی ڕۆژانە کەمێک لە ئەو خۆڵە بخوات... بۆ ئەوەی کە دەگەڵ ئاڵوگۆڕی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی ڕابێ.» یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی ئەم خەڵکە خاوەنی «چۆنییەتییەکی گیانی و زیندووە، تاک بە تەواوی مانا بەشێکە لە یەک پەیکەرە.» هەر بۆیەشە کەمتر وایە کەسێک مەزهەب بگۆڕێ. «هیچکەس بەتەنیاو هەر لەبەر کردەوەکانی خۆی ڕزگار یان گومڕا نابێ.» کردەوەی هەر تاکێک چارەنووسی هەموو لایەکە.

سەرەڕای هەمووی ئەم خۆپارێزیانە،گرووپ لە بەرانبەر چەندبەرەکیدا پارێزراو نییە. هەر شتێک دەتوانی تێکی بشکێنێ: شەڕ، نالێکیی مەزهەبی، ئاڵوگۆڕی ڕێسای بەرهەمهێنان، داگیرکاری... هەر کە گروپ تێکشکا، هەر تاک و پەلێکی ڕووبەڕووی ئاستێکی تازە و مەترسیدار دەبێتەوە. ئەو کاتەی کە سەرچاوەی سەلامەتی- کۆمەڵگای داخراوی کۆن - دەڕووخێت تەنیایی ئیتر کارەسات و هەڕەشە نییە: ئاستێکە، ئاستێکی بناغەیی و کۆتایی. ئەم ئاستە دەبێتە هەستکردن بە تاوان - نەک هەستکردن بە تاوان لە بەر ژێر پێخستنی یاسایەک، بەڵکو هەستکردن بە تاوانێک کە ئیتر بەشێکە لە سروشتی ناخی ئەوان، بە واتایەکی ڕوونتر تاوانێک کە ئیتر بۆتە ناخیان. تەنیایی و یەکەم تاوان دەبن بە یەک و یەکچەشن. دیسان سەلامەتی و پێکەوە لکانەوە دەبنەوە بە هاوواتا، بەڵام جێگایان لە رابردوویەکی دووردایە. سەلامەتی و پێکەوەلکانەوە دەورانێکی زێڕین وەبیر دێننەوە. ئەو دەورانەی کە دەگاتەوە بە بەر لەمێژوو، تاکە ڕێگای گەڕانەوەش بۆ ئەوێ ڕووخاندنی زیندانی زەمانە. کاتێک کە هەست بە تاوان دەکەین هەست بەوەش دەکەین کە نیازمان بە لێخۆشبوون و ڕزگاریدەر هەیە.

ئەوسا ئوستوورەگەلی نوێ و مەزهەبی تازە دەئافرێنەوە. کۆمەڵگای نوێ - بە

پێچەوانەی کۆمەڵگای کۆن - کۆمەڵگایەکی کراوە و پرجووڵەیە، چونکە لە تاراوان پێکهاتووە. ئەو راستییەی کە کەسێک لە گروپێکدا لەدایکبووە نابێتە دڵنیایی لە بەسراوەیی بە ئەو گرووپەوە: ئەو دەبێت شایانی ئەو بەندیوارییە بێ. وردەوردە دۆعاو نزا جێگای دابونەریتە جادووییەکان دەگرێتەوە، لە رێورەسمی وەرگیرانی تاک لە نێو کۆدا پترۆپتر پێداگری لە پاکژیی ناخی تاک دەکرێت. تێڕوانیی رزگاری؛ بۆچوونی مەزهەبی، خواناسی، ئازارچێژی و عێرفان بەرینتر دەکات. رێورەسمی قوربانیی و شێوانگای رەببانی ئیتر جێژنی ئایینی نین (ئەگەرچی پێشتر وابووبێتن)، بەڵکو رێگاو ئامرازی چوونە نێو کۆمەڵگای تازەن. خودایەک - یەکێک لە کۆنە خودایانی سەردەمی وەدیهاتن- لە زەمانێکی دیاردا دەمرێت و لەزەمانێکی دیاریشدا زیندوودەبێتەوە. ئەو خودای زاوزۆ و بەرهێنەرییە، بەڵام رزگاری دەریشەو قوربانیکردن بۆ ئەو بارمتەی ئەوەیە کە کۆ، وێنەری بەرێی خاکیبوونی کۆمەڵگایەکی بێکەمایەسییە کە پاش مردن، چاوەڕوانیان دەکات. ئەو ئارەزووانە بۆ ژیانی پاش مردن تا رادەیەک ئاخوداخی ئێمە بۆ کۆمەڵگای کۆن نیشان دەدەن. مزگێنی رزگاری زامنی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی زێڕین.

هەڵبەت دۆزینەوەی هەمووی ئەم هۆکارانە لە مێژووی کۆمەڵگایەکی یەکەدا کارێکی دژوارە. سەرەڕای ئەوانە دەشێت کۆمەڵگای جۆراوجۆر بدۆزییەوە کە لە هەموو بارێکەوە دەگەڵ ئەم گەلاڵەیەدا کۆک بن. بۆ وێنە ئایینی ئۆرفێئۆسیمان لەبیر بێت. ئەم ئایینە لە تێکرووخانی شارستانییەتی ئاکاییەوە[١٠] بەدیهات. ئەم رووخانە بوو بە هۆی دابڕان و پەرەوازەبوونی جیهانی یۆنانی و نیشتەجێبوونەوەی نەتەوەکان و کولتوورگەلی یۆنانی بە رادەیەکی بەربڵاو لە زۆر شوێنیتر. پێویستیی رێکخستنەوەی پێوەندییە کۆنە کۆمەڵایەتی و مەزهەبیەکان بوو بە هۆی بەدیهاتنی چەندین ئایینی شاراوە کە بەشداربووانیان «بوونەوەر گەلی ئاوارە و دابڕاو لەڕیشە و رەگەز بوون.... بیریان لە پێکهێنانی رێکخراوەیەک دەکردەوە کە نەیاندەتوانی لێی جودا ببنەوە. ناوی کۆی ئەوان هەتیوان (Orphans) بوو». (پێویستە ئاماژەی پێبکەم کە واتای Orphans هەم بە مانای «هەتیو»-ە و هەم بە مانای «خاڵی»یە. تەنیایی و هەتیوی رواڵەتگەلی وێکچووی خاڵی بوونن.)

ئایینگەلی ئۆرفێئۆسی و دینۆسووسی، وەکو مەزهەبگەلی پرولیتاریایی کە بە دوای رووخانی دنیای کۆندا سەریان هەڵدا، بە روونی نیشانەی ئەوەن کە چلۆن کۆمەڵگایەکی داخراو دەبێ بە کۆمەڵگایەکی کراوە. هەستکردن بە تاوان و تەنیایی و کەفارەت لێرەدا هەمان رۆڵی دوانەی هەیە کە لە ژیانی تاکدا هەیەتی.

هەستی تەنیایی کە ئۆگرەتی و دڵتەنگییە بۆ ئەو تاقمەی کە لێی جودا بووینەتەوە، خوازێکە بۆ دیتنەوەی شوێن. بەپێی باوەڕێکی کۆن، کە بە کردەوە باوەڕی هەمووانە، ئەو شوێنە چەقی دنیایە، نێوکی جیهانە. جاریوایە ئەوی دەگەڵ بەهەشت بەیەک زانراوە، جاریواش هەیە ئەم دووانە پێکەوە دەگەڵ شوێنی راستەقینەو ئوستوورەیی گروپ وەکو یەک ناسراوە. لە نێو خەڵکانی «ئازتەک»دا[١١] مردووەکان دەگەڕێنەوە بۆ «میکتێلان[١٢]»؛ شوێنێک لە باکوور، کە خۆیان لە وێڕا کۆچبەر ببوون. تاڕادەیەک هەموو ئەو ئایینانەی کە پێوەندییان بە بناغە داڕشتنی شارەکان و بیناکانەوە هەیە، نیشانەی گەڕانن بە دوای ئەو ناوەندە پیرۆزەدا کە لێی وەدەر نراوین. شوێنە پیرۆزە گەورەکان - رۆم، ئۆرشەلیم و مەککە- لە چەقی جیهاندا هەڵکەوتوون یان نوێنگەی ناوەندی جیهانن. زیارەتی ئەو شوێنە پیرۆزانە دووپاتکردنەوەی ئایینیی ئەو کارانەیە کە هەر تاقمێک لەڕابردووی ئوستوورەیی خۆیدا بەر لە نیشتەجێبوونی لە «وڵاتی بەڵێندراو»[١٣] بەجێیهێناون. نەریتی تەوافی ماڵ یان شار بەر لە چوونە نێوی، هەر لە ئێرەوە سەرچاوەدەگرێت.

ئوستوورەی «تووناتوون» پێوەندی بەئەم دەستە بیر و باوەڕەوە هەیە، زۆر ئەندێشەی لێکبەستراو، دەبن بە هۆی ئەوەی کە «تووناوتوون» ببێتە یەکێک لە هێما ئوستوورەییە بەهرەدارو مانادارەکان: تەلیسم یان شتێکیتر کە دەتوانێت سەلامەتی و ئازادی بە خەڵکی بداتەوە. دەنا لەناوەندی شوێنێکی پیرۆزدا؛ پاڵەوان یان پیرێک کە دوای تۆبەکردن و بەجێهێنانی ئایینەکانی «کەفارەت» پێدەنێتە نێو "تووناوتوون". دەنا کۆشکی ئەفسوون کراو؛ گەڕانەوەی پاڵەوان بۆ رزگارکردنی شار، یان بۆ داڕشتنی بناغەی شارێکی تازە. لە ئوستوورەی پێرسێئووس[١٤]دا توخمەکانی ئوستوورەیی و عیرفانی تاڕادەیەک نادیارن، بەڵام لە ئوستوورەی «جامی پیرۆز»[١٥] دا ئازارچێژی و تەرکەدنیایی و عیرفان پێوەندی نزیکیان پێکەوە هەیە: تاوان، کە بۆتە هۆی ویشکەرووبی زەوی و نەزۆکیی خەڵک لە هەرێمی «شای ماسیگر»دا؛ رێورەسمەکانی پاکژی، ململانێی مەعنەوی و لە کۆتاییشدا رەحمەت- کە هەمان پێکگەیشتنە.

ئێمە لە ناوەندی جیهان دەرکراوین و مەحکومین کە لە دارستان و چۆڵ و سارادا یان لە رێگا پێچەڵاوپێچەکانی «تووناوتوون» لەژێر زەویدا بۆیبگەڕێین. هەروەها زەمانێک هەبووە کە زەمان دوابەدوایی و تێپەڕینی نەبووە، بەڵکو سەرچاوەی ئێستایەکی چەسپاوی هەرماو بووە کە هەموو زەمانەکان، رابردوو و داهاتووشی گرتۆتەوە. زەمانێک کە مرۆڤ، لەئە و هەتاهەتایی و هەرمانەوەیەی کە تێیدا هەموو زەمانەکان یەک بوون تارکرا، پێی نایە نێو زەمانێکەوە کە

پێودانی هەبوو، بوو بە کۆیلەی کاتژمێر و ڕۆژژمێر. هەر کە زەمان بە سەر دوێنێ و ئەمڕۆو سبەینێ و ساعەت و دەقیقەو سانییەدا دابەشکرا، مرۆڤ ئیتر لە هاوڕێی زەمان کەوت، ئیتر نەیتوانی لە گەڵ گەڕیانی راستەقینەدا هاوپێ بێ. کاتێک کە کەسێک دەڵێت «لەم کاتەدا» ئەو کاتە ئیتر بەکردەوە رابووریوە. ئەم پێوان و هەڵسەنگاندنە شوێنانەیە لە زەمان مرۆڤ لە راستەقینە – کە ئێستایەکی بەردەوامە – دادەبڕی. برێگسۆن وتەنی: هەموو ئەو هەنتەشانەی کە راستەقینە خۆیان تێیدا دەنوێنێ دەکات بە وەهم.

ئەگەر لە سروشتی ئەم دوو بیرۆکە دژبەرە بکۆڵینەوە، بۆمان رووندەبێتەوە کە زەمان پێودانی جۆرێک دوابەدوایی هاوچەشن و بێ تایبەتمەندییە. هەمیشە هەر ئەوەیە، بەردەوام نە گوێ بەشادی دەدا نە بەدەرد. بە پێچەوانەش، زەمانی ئوستوورەیی پڕە لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئێمە: یان بە درێژایی هەرمانە یان بە کورتیی چرکەیەک، یان بێنەشەمەیە یان پیرۆز، یان بەزاوزووە یان قسرو نەزۆک. ئەم بیرۆکەیە شیانی چەندین زەمانی جوداواز دەرەخسێنێ. ژیان و زەمان تێکەڵ دەبن تاکو گشتێکی یەکە، یەکێتییەکی لێکدانەبڕاو سازبکەن. لەلای تیرەکانی ئازتەک زەمان و شوێن هاونشینبوون، هەر رۆژێکیش دەگەڵ لایەک لە چوارلای سەرەکیدا هاونشین بوو، راستەوخۆ دەکرێت ئەم قسەیە لە بارەی رۆژژمێری مەزهەبیشەوە بگوترێت. هەموو جێژنێک شتێکی پترە لە رێکەوتێک یان ساڵوەگەڕێک. جێژن هەر بەرزڕاگرتنی رووداوێک نییە، بەڵکو داهێنانەوەیەتی. زەمانی خاوەن پێودان لە نێو دەچێ و ئێستای هەتاهەتایی – بۆ سەردەمێکی کورت، بەڵام پێورانهەڵنەگر – دیسان دەژێتەوە، جێژن دەبێ بە داهێنەری زەمان: دووپاتبوونە دەبێ بە چەمک، سەردەمی زێڕین دەگەڕێتەوە. هەرجارێک کە قەشە رێوڕەسمی دۆعاو شێوانگای رەببانی بەجێدێنێ، مەسیح دەگەڕێتەوە، خۆی بە مرۆڤ دەسپێرێ و دنیا رزگاردەکات. هەر وەکو کییەرکێگۆر ئارەزووی بوو خاوەن باوەڕان و پیاوچاکانی راستەقینە «هاوچاخی مەسیحن». ئوستوورەکان و جێژنە مەزهەبییەکان تاکە بارودۆخ نین بۆ ئەوەی کە زەمانی ئێستا بتوانێ دوابەدوایی و بەردەوامی رابگرێ. عیشق و شیعریش چرکەیەکی کورت لە دۆزینەوەی ئەم زەمانە رەسەنەمان پێدەسپێرن. خوان راموونخیمینز[١٦] بۆ ئاماژە بە هەرمانی چرکەی شاعیرانە دەنووسێ: «زەمانی زیاتر بە مانای هەرمانی زیاتر نییە». بێشک تێڕوانیی زەمان وەکو زەمانی ئێستایەکی نەبزێوو کردارییەکی بێخەوش زۆر کۆنترە لە تێڕوانی بۆ زەمانی خاوەن پێودان، کە تێگەیشتنی خێرای گەڕیانی راستەقینە نییە، بەڵکو بە جۆرێک هۆ هێنانەوەیە بۆ تێپەڕبوونی ئەو.

ئەم دووانەییە لە دژایەتی نێوان مێژوو و ئوستوورە یان مێژوو و شیعردا دێتە بەرباس. لە ئوستوورەدا – هەر وەکو جێژنە مەزهەبییەکان یان چیرۆکی منداڵان – زەمان مێژووی نییە: «یەکێ بوو ... یەکێ نەبوو... » ، «لە رۆژگارێکدا کە ئاژەڵ قسەی دەکرد...» ، «لەسەرەتادا ... » کە ئەو سەرەتایە فلان ساڵ یان فلان رۆژ نییە، هەموو سەرەتاکانە و دەمانباتە زەمانێکەوە کە زیندووەو تێیدا هەموو شتێک بە راستی لە هەموو چرکەیەکدا دەست پێدەکات.

لە رێگای رێورەسمی ئاینییەوە کە رووداوێکی ئوستوورەیی بەدیدێنێ و لەسەررا دەیژییەنێتەوە، هەروەها لە رێگای شیعرو چیرۆکی پەریانەوە، مرۆڤ دنیایەک دەبینێتەوە کە تێیدا دژبەرەکان ئاشتدەبنەوەو یەکێتی پێکدێنن. وان دێرلیئۆ[١٧] وتەنی: «هەموو رێورەسمێکی ئایینی تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە لە ئێستاداو هەر لەم چرکەیەدا روو بدات.» خوێندنەوەی هەر شێعرێک دارشتنەوەیەکە، یانی جۆرێک رێورەسمی ئایینییە، جۆرێک جێژنی مەزهەبییە.

شانۆو حەماسەش هەر جێژنن، لە بەرێوەبردنی شانۆیەکداو لە خوێندنەوەی شیعرێکدا زەمانی ئاسایی لەکاردەکەوێت و زەمانی رەسەن و سەرەکی جێگای دەگرێتەوە. بە سۆنگەی بەشداریکردنەوە، ئەم زەمانە ئوستوورەییە – باوکی هەموو ئەو زەمانانەی کە رووبەندی راستەقینەن – دەگەڵ زەمانی زەین و ناخی ئێمە هاودەق و بەرانبەرە. مرۆڤ کە زیندانیی بەردەوامییە، ئەو زیندانە نادیارە دەرووخێنێ و دەچێتە نێو زەمانی زیندووەوە: ژیانی زەینیی ئەو لە گەڵ زەمانی دەرەکی دەبن بەیەک، چونکە ئیتر زەمان پێودانێکی شوێنانە نییەو بووە بە سەرچاوە، بووە بە سەرچاوەیەک لە زەمانی ئێستای رەهادا، کە بەردەوام خۆی دادەرێژێتەوە. ئوستوورەکان و جێژنەکان، مەزهەبی بن یان نەبن رێگە بۆ مرۆڤ خۆشدەکەن کە لە تەنیایی خۆیرا سەرهەڵبرێ و دەگەڵ بەدیهاتندا ببێ بە یەک. کەواتە ئوستووورە – داپۆشراو، ون، شاراوە – لە تەواوی کردەوەکانی ئێمەدا دیسان خۆی دەنوێنێتەوەو بە شێوەیەکی شێلگیر لە مێژوومانددا خۆهەڵدەقوتێنێ: ئوستووورە درگاکانی پێکگەیشتن دەخاتە سەر پشت.

مرۆڤی هاوچەرخ ئوستورەکانی کردۆتە بەرهزر، بەڵام نەیتوانیوە لەنێویان بەرێت. زۆربەی راستییە زانستییەکانی ئێمە، هەر وەکوو زۆربەی تێروانییە ئەخلاقی و سیاسی و فەلسەفییەکانمان، تەنیا رێگاگەلێکی تازەن بۆ دەربرینی ئەو هۆگریانەی کە پێشتر لە رواڵەتی ئوستوورەدا دەبیندران. زەمانی بەرهزری هاوچەرخی ئێمە ناتوانێ ئوستووورە کۆنەکان لە ناخی خۆیدا بشارێتەوە. ئارمانشارەکان (یۆتۆپیا) بەتایبەت ئارمانشارە سیاسییە نوێکان (سەرەرای

ڕواڵەتی گۆڕاوی هزرخوازیان) وێنەگەلێکی زۆر تێکسمراو لە خوازێکن کە وادەکات هەموو کۆمەڵگایەک سەردەمێکی زێڕین بۆ خۆی دابنێ و پێیوابێ کە گرووپی کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەڕا تاراون و مرۆڤ ئاخرییەکەی لە ڕۆژی پیرۆزی بەڵێندراودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. جێژنە نوێکان - کۆبوونەوە سیاسیەکان، ڕێژەکان، خۆپیشاندانەکان و کردەوە ئایینییەکانیتر - هەموویان بەرگەلاڵەی گەیشتنی ئەو ڕۆژی ڕزگاریەن. هەموو کەسێک هیوادارە کە کۆمەڵگا ڕۆژێک بگاتەوە بە ئازادییە ڕەسەنەکەی خۆی و مرۆڤ پاکژیی سەرەتایی خۆی وەچنگ بکەوێتەوە.

ئەوسا ئیتر زەمان بە دڕدۆنگییەکان، بە زەبروزۆری هەڵبژاردنی نێوان خێرو شەڕ، ڕەواو ناڕەوا، ڕاستی و ناڕاستی ئازارمان نادات. هەرێمی زەمانی ئێستای نەبزێو، پێکگەیشتنی بەردەوام، لە سەرڕا بنیات دەنرێتەوە. ڕاستی ڕووبەندەکانی لەڕوو لادەداو ئاخری دەتوانین هەم لە ڕاستەقینە و هەم لە مرۆڤ تێبگەین.

هەر کۆمەڵگایەکی سەرەمەرگ و نەزۆک حەول دەدات کە بە ئافراندنی ئوستوورەیەکی ڕزگاری، کە لە هەمانکاتدا ئوستوورەی زاوزۆ و ئوستوورەی بەدیهاتنە، خۆی دەربازبکات. تەنیایی و تاوان لە پێکگەیشتن و بەرەوەریدا دەفەوتێن. ئەو کۆمەڵگایەش کە ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین ئوستوورەی خۆی داهێناوە. نەزۆکیی جیهانی بورژوایی یان خۆی دەکووژێت یان بە ڕواڵەتێکی تازەتری بەشداریی داهێنەرانە کۆتایی پێدێت. ئۆرتێگائیگاست[١٨] وتەنی: «ئەوە هەوێنی ناخی ڕۆژگاری ئێمەیە» ئەوە گەوهەری خولیاکانی ئێمەیەو مانای کردەوەکانی ئێمەیە. مرۆڤی مۆدێرن پێیخۆشە وابنوێنێ کە هزرو بیری ئەو تەواو بەخەبەرو زیندووە، بەڵام ئەم هزرە بەخەبەرە ئێمەی ڕاداوە بۆ نێو تووناوتوونی کامووسێک کە تێیدا ژوورەکانی ئەشکەنجە لە ئاوێنەی هزردا بەبێ کۆتایی دووپاتدەبنەوە. کاتێک کە بێینەدەرێ و سەرهەڵبڕین ڕەنگە تێبگەین کە بە سەری زیندوویی خەونمان دیوە، هەروەها تێبگەین کە خولیاکانی هزر لە تاقەت بەدەرن. ئەوسا ڕەنگە جارێکیتر بمانەوێت چاو لە سەریەک دانێین و خەونێکیتر ببینینەوە.

**ژێدەر:**

ئەم وتارە وەرگێڕدراوی دوایین بەشی ئەم کتێبەیە:

The labyrinth of solitude, life and thought in Mexico, by Octaviopaz, Tr: by Lysander kemp, by Grove press, Inc. New york ١٩٦١.

## پەراوێز:

* "the labyrinth": تووناوتوون.

١- مەبەست ئەوانەیە کە بە زۆر خۆ بەسەر کۆمەڵگایەکدا دەسەپێنن.

٢- Breton (١٩٦٦- ١٨٩٦) نووسەری فەڕانسەیی و یەکێ لە ئاڵاهەڵگرانی بزووتنەوەی سووریالیزم.

٣- l, Amour fou ئەوینی شێت (١٩٣٧)

٤- Swann

٥- Marquis de sa'de(١٨١٤-١٧٤٠) نووسەری فەڕانسەیی.

٦- Spranger

٧- Narcissus (لاوێکی جوان بوو ئەوەندە حەزی لە وێنەی خۆی دەکرد لە ئاودا. هەتا پووکایەوە و بوو بە نێرگز.)؛ «فەرهەنگی ئازادی، د. حەمە رەشید قەرەداغی.»

٨- L.Lêvy–Bruhl: La mentalitê primitive (paris :١٩٢٢)

٩- Kimberlry

١٠- Achaean یۆنانی بە گشتی. ئەو گەلەی کە بە بڕوای هەندێک کەس دەوروبەری ساڵی ١٣٠٠ی پێش زایین لە ناوچەگەلی باکووری دانووبەوە بەرەو یۆنان کۆچبەربوون.

١١- Aztecs ـ دانیشتووانی کۆنی مێکزیک

١٢- Mictlán

١٣- وڵاتی بەڵێندراو (ارض موعود)

١٤- Perseus

١٥- Holy Grail

١٦- Jua Ramōn Jiménez(١٩٨٥-١٨٨١)شاعیری ئیسپانیایی.

١٧- Van derleeuw l,homme primitifet la religion (Paris :١٩٤٠)

١٨- Ortega y Gasset(١٩٥٥-١٨٨٣) نووسەر و بیرمەندی ئیسپانیایی.



# لەبارەی کتێبەوە

لەبارەی کتێبەوە

لەبارەی کتێبەوە

و. لە ئینگلیزییەوە: **بڕیار عوسمان**

## وتەی هەندێ لە کەسایەتییە گەورەکانی دونیا لەبارەی کتێبەوە

"هەمیشە وەها خەیاڵی بەهەشتم کردووە کە جۆرە کتێبخانەیەکی گەورەیە". **خۆرخێ لویس بۆرخیس**

"ژوورێک بە بێ کتێب وەک جەستەیەکی بێ رۆح وایە". **مارکۆس تولیس سسیرۆ**

"یەک دنیا کتێب و کاتێکی زۆر کەم". **فرانک زاپا**

"کتێب بەوەفاترین هاوڕێی مرۆڤە". **ئیرنست هەمنگوای**

"هەرگیز وەکو منداڵێک مەخوێننەوە بۆ دڵخۆشکردنی خۆتان. یا وەکو خولیا و ئارەزوویەک، بەڵکو بخوێننەوە بۆ ئەوەی بژین".
**گۆستاڤ فلۆبێر**

"ئەگەر پارەیەکی کەمیشم هەبێ، کتێبی پێ دەکڕم. ئەگەر لەو پارەیەش مایەوە ئەوکات خـواردن و پۆشاکی پێ دەکـڕم".
**دیسدیرس ئیراسمس رۆتیردامس**

"بێ کتێب ناژیم". **سۆماس جێفرسۆن**

"کتێبی مەزن ئەو کتێبەیە لەگەڵ چەندەها ئەزموون بەجێت دەهێڵا و لە کۆتایشدا کەمێک شەکەتکەرە. کە دەخوێنیتەوە دڵنیابە زیاد لە ژیانێک دەژیت". **ولیام ستیرۆن**

"ماڵێکی بێ کتێب، وەکو ژوورێکی بێ پەنجەرە وایە". **هۆراس مان**

"دەبێ کتێب وەک تەورێ بێت بۆ دەریای سەهۆڵبەندانی ناخمان".
**فرانز کافکا**

"کتێبەکان ئاوێنەی رۆحەکانن". **ڤیرجینا وۆڵف**

"داپیرەم هەموو جار پێی ئەوتم، خودا کتێبخانەی دروست کردووە تاوەکو خەڵکی هیچ پاساوێکیان نەبێت بۆ گەمژەیی و گێلییان".
**جۆن بایر**

"لە هەرشوێنێک کتێب سووتێنرا، ئەوە بە سووتانی مرۆڤ کۆتایی دێت". **هیرنیچ هاینە**

"کتێب ماددەی هۆشبەرە". **فرانز کافکا**

"کتێبێکی باش هاوتای ڕووداوێکی گرنگی ژیانمە". **ستاندالْ**

"کتێبەکان یەکتری تەواو دەکەن، پێچەوانەی خووی ئێمە بە حوکمدانمان بەسەر کتێبەکاندا بە جیاجیا". **ڤیرجینا وۆلف**

"کتێب ئامرازێکە بۆ داگیرساندنی خەیالْ". **ئالان بینێت**

"بێ کتێبخانەکان چیمان دەبێت؟ نە رابردوومان دەبێت و نە ئایندە".
**رەی برادبیری**

**سەرچاوە:**

ئینتەرنێت

# تێرکردنی برسییەکان



**نووسەر: ڕۆلان توپور**
**و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری**

ڕەنگە پێت وا بێت من درۆزنم، بەڵام درۆزن نیم . هەرگیزهەستم بە برسێتی نەکردووە، بەڕاستی هەر نازانم برسێتی چ مانا و واتایەکی هەیە. تا ئەو جێگایەی لەبیرم بێت قەت نەمزانیوە کە برسێتی لە چی دەچێت. هەڵبەتە نان دەخۆم، بەڵام بەبێ هیچ حەز و مەیل و ئیشتیایەک. بەڕاستی هەست بەهیچ شتێک ناکەم، تەنانەت هەست بە مەیل و ئیشتیاش ناکەم، تەنیا هەر خواردن دەخۆم، بێ ئەوەی هەست بە هیچ شتێک بکەم.

زۆربەی خەڵک لێم دەپرسن؛ تۆ چۆن خواردن دەخۆی؟ بەڕاستی دەبێ دان بەوەدا بنێم کە خۆشم نازانم چۆن خواردن دەخۆم. زۆرجار ڕێدەکەوێت من لەسەر کورسی و مێزێک دادەنیشم و قاپەکەم پڕ دەکەم لە چێشت. ماوەیەکە تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووم لەبیرم دەچێت کە چیم خواردووە، کاتێک دەبینم قاپەکەی بەردەمم بەتاڵ بووە، ڕەنگە بڕوام پێ نەکەن.

ئایا ئەمە بەو مانایە نییە؛ کە من و خواردن پێکەوە هیپنۆتیزم کرابێتین. یانی لەسەر شوێنی خۆمان نەماوین، بەڕاستی نا! وتم: زۆر جار شتی وا دێتە پێشەوە، بەڵام نەک هەمیشە، هەندێ جار خواردنەکەی ناو قاپەکەم دێتەوە بیر

کە لەبەردەمم بووە، بەڵام بەهەر حاڵ فەرق ناکات کە من هەمووم خواردبێت.

هەوڵمداوە بـەڕۆژوو بم، بەڵام سوودی نەبووە، زۆر لاواز بووم، تەنها ئەوەندە بەس بوو کە بەردەوام بم هەتا لەبرسان بمرم، بێ ئەوەی خۆم بزانم. ئەم ئەزموونە وای لێکردووم کە بە بەردەوامی دەمم بجوڵێنم. ئیتر نیگەران نابم، باڵام بەرزە و جەستەم بەهێزە و دەتوانم لەسەر پێی خۆم راوەستم. برسێتی بۆ کەسانی تر زەنگێکی مەترسیدارە، بەڵام بۆ من وا نییە و دەبێ تەرکیزم هەبێ. پێشتریش وتوومە کە زۆرجار تەرکیزم ناتەواوە، نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بۆ من وەکو مردن وایە. حەز دەکەم هەمیشە خواردن بخۆم، دڵنیام ئەوە باشترین شتە. هەر کاتێک کە برسیم دەبێ تێکدەچم و توڕە دەبم و نازانم چ بکەم؟ ئەوکاتە وەبیر جگەرەکێشان و ئارەق خواردنەوە دەکەم، ئێستا نەکێشم و نەخۆمەوە، ئەدی کەی؟ زۆرخراپە.

لەناو شەقامەکاندا زۆرجار کەسانێکی لاوازو جلشڕ دەبینم کە خەریکن دەمرن، کە بە چاوێکی زەق و دەرپەڕیو سەیرم دەکەن و پێم دەڵێن: "ئێمە برسیمانە". بە نەفرەتەوە سەیریان دەکەم. ئەوان مانگی جارێک نانێکی وشکی رەقهەڵاتوو ببینن لەزەت دەبینن، من بە لاساریییەوە پێیان دەڵێم: ئێوە بەختەوەرن لەوەی کە برسین.

دەنگی گریان لەناو قورگیاندا قەتیس دەبێت و جەستەیان دەلەرزێت، بە بێ هێزیی هەنگاو دەنێن و جەستەی لەڕیان بەدوای خۆیاندا دەکێشن، بەڵام من بە بینی یەکەم خواردنگە دەچمە ژوورەوە؛ ئایا ئەمە موعجیزەیە؟ دەست دەکەم بە خواردنی کەللە پشیلەیەک، کاتێک یەکەم پاروو دەخۆم، دڵم دەست دەکات بە لێدان، نائومێدییەک سەرتاپای لەشم دادەگرێت. هیچ... هیچ... هیچ... هیچ حەزم ناچێتە سەر هیچ، هەست دەکەم تۆڵەم لێدەکەنەوە، وەک کەسێک کە خەفەتی خۆی لەناو بتڵێکدا دەشارێتەوە. خواردنگەکە جێ دەهێڵم لەگەڵ ئەو نەفرەتەی کە خەریکە دەمخنکێنێت. هەڵسوکەوتم دەگۆڕدرێت، بە بینی خەڵک تێکدەچم، چاوم توانای ئەوەی نییە کە مرۆڤە برسییەکان ببینیم. لەوان بێزارم، برسین بە جەهەننەم، خوای دەکرد لە برسان دەمردن. خەفەتیان بۆ ناخۆم، بۆ من تەنیا لەزەتێک کە ماوە ئەوەیە؛ لە کاتی نانخواردندا بیر لەو کەسانە بکەمەوە کە برسین.

**سەرچاوە:**

داستان بهترین بچە عالم.

# هونەر

هونەر


پیانۆ هێلانەی پڕ ئەفسوونی جریوە... — سازدانی: سیروان رەحیم

سەرەتای رێبازە نوێخوازەکان لە هونەردا — و. تەها ئەحمەد رەسوڵ

مۆلێر و تەنزی رەش — و. ئازاد بەهین

فرێد شێپیزی: خۆم بە فیلمسازێکی جیهانی دەزانم — و. سۆران خدری پوور

پۆل گووگێن دەربارەی جیهانە رەمزییەکانی — و. سەعیدە سائێب



# پیانۆ
# هێلانەی پڕ ئەفسوونی جریوە...

**سازدانی: سیروان رەحیم**

**ئامێری پیانۆژ، یەکێکە لە ئامێرە گرنگەکانی جیهانی موزیک.**
**پیانۆ ئامێرێکە سەدان ساڵە خەڵکی بە ئەفسوونی خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.**
**ئەوانەی کە دەیانەوێت ببن بە پیانۆژەن ژمارەیان کەم نییە.**
**پیانۆ هێلانەی ئەڤینێکی گەورەیە.**
**یەکێک لە مارکە هەرە گرنگەکانی پیانۆ لە سەرانسەری جیهاندا، مارکەی بێکشتاین-ە.**
**بە تایبەتی لە ئەڵەمانیا ئەم مارکەیەی پیانۆ باشترین و پڕحەزترین جۆری پیانۆیە.**

***



کارل بێکشتاین ساڵی ١٨٢٦ لە هەرێمی تیورینگن-ی ئەڵەمانیا لە دایکبووە، ساڵی ١٩٠٠ کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ١٨٥٣ لە بەرلین کارگەکە دادەمەزرێنێت. کارگەیەک تا ئێستا بەردەوامە لە بەرهەمهێنان.

کارگەی بێکشتاین، پاش مردنی خاوەنەکەیشی ئەوەندە نەوای رەنگین و ئەوەندە نەغمەی نەمر بە ژیان دەبەخشێت کە ناوی بێکشتاین دەخەنە ئامێزی نەمرییەوە.

***

لە زمانی ئەڵەمانیدا ئەم وشانە بۆ چەند جۆرێکی ئامێر پیانۆ بەکاردەهێندرێت: (پیانۆ، کلافییر، فلویگەل، ئەمەی دواییان واتای باڵ دەگەیەنێت). بە راستییش ئەو جۆرەی پیانۆ لە شێوەی باڵێکی گەورەدا دروست کراوە.

***

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت، نرخی پیانۆیە، پیانۆی وەها لە نێو بەرهەمی کارگەی بێشکشتایندا هەیە، نرخی شتێک لە نەوەد هەزار یۆرۆ زۆرترە.

لە وەڵاتێکی وەکو ئەڵەمانیا ژمارەی ئەو کەسانەی کە بوونی پیانۆ لەماڵەوە بە پێویستییەکی گەورە دەزانن و دەیانەوێت منداڵەکانیان پیانۆ بژەنن، زۆرن.

***

رۆژێک لە شاری کۆڵن-ئەڵەمانیا چوومە بەشی فرۆشتنی مارکەی بێکشتاین بۆ بەسەرکردنەوە و ئاشنابوون بە مامەڵەکردن بە ئامێری پڕ ئەفسوونی پیانۆ. لەو مەڵبەندی فرۆشتنەی پیانۆ، نزیکەی ٥ کەس کار دەکەن. جگە لەوەی ئەو کەسانە بە روویەکی خۆش و هەڵسوکەوتێکی نوژەنانە پێشوازی لە مرۆڤ دەکەن، هەروەها هەر هەموویان بە شێوەیەکی وەستایانە دەزانن پیانۆ بژەنن.

پاش پێشوازیکردن یەکسەر دەستمان بە وتووێژەکەمان کرد. وتووێژێک پێشتر لەسەری رێککەوتبووین.

**پرسیار: دەمەوێت بزانم لە کەیەوە ئەم دوکانە لە کۆڵن هەیە و لە کەیەوە ئێوە لێرە کار دەکەن؟**

وەڵام: ئەم دوکانە ماوەی چل ساڵە لەم شارە کراوەتەوە. هەمیشە لەم شوێنەدا بووە، بەرانبەر بە ئۆپێرای شارەکە. خۆیشم لە ساڵی ١٩٧٧-دا لێرە

دەستم بە کار کرد. ئەو دەمە ئێمە وەکو بەشێک لە مارکەی بێکشتاین کارمان دەکرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ بە دواوەوە بووین بە بەشێکی تەواوی بێکشتاین. لەو ساڵەدا ئیتر بێکشتاین ناوی خۆی لێرەیش دا و ئیتر لێرە لە سەدا سەد بەرهەمی مارکەی بێکشتاین دێتە فرۆشتن. واتە ئەم ئامێرانەی لێرە هەن، هەمووی مارکەی بێکشتاینن.

***

یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم مەڵبەندەی فرۆشتنی پیانۆ، بەڕێز (هێربێرت تیلتگێس)ە. ناوبراو دەڵێت:

من لە ساڵی ١٩٧٧ لێرە دەستم بە کار کرد. ئەو دەمە تەمەنم ٢١ ساڵ بوو. بۆ من ئێرە شوێنێکی نایابی کارکردنە. شوێنێک نییە بۆ من لێرە جوانتر و خۆشتر بێت بۆ کارکردن.

**پرسیار: چل ساڵ کار لەم شوێنە؟ بۆ ئێوە چ واتایەک دەگەیەنێت؟**

وەڵام: وەکو گوتم ئەم مەڵبەندی پیانۆیە شوێنێکی تایبەتە. لە ئەڵەمانیا ١٤ لقی مارکەی بێکشتاین هەیە، ئێرە یەکێکە لە شوێنە سەرکەوتووەکانی ئەو مارکەیە.

**پرسیار: لێرە ئێوە بە گەورەیی ناوی مارکەی بێکشتاین دەنووسن، بەڵام بەرهەمی مارکەی هۆفمان و یاماها-یشتان هەیە؟**

وەڵام: یاماها لە لای ئێمە ئامێری بەکارهاتووە. بۆ نموونە کەسانێک هەن، یاماهایان هەیە و حەز دەکەن بێکشتاین بکڕن، ئێمە لێیان وەردەگرین، پاش ئەوەی حیسابی ئەوەی خۆیان بۆ دەکەین، بێکشتاینی نوێیان پێ دەفرۆشین. بێگومان بێکشتاین مارکەیەکی باشترە، بەڵام ئێمە یارمەتی ئەو کەسە دەدەین یاماهاکەی دەگۆڕێت بە بێکشتاین و داشکانی بۆ دەکەین. بەرهەمەکانی مارکەی بێکشتاین لە ئەڵەمانیا بەرهەم دێن. لە فێلەرسدۆرف، نزیکی شاری درێسدن. لە ساڵی ١٩٩٢ بە دواوە لەو شوێنە دروست دەکرێت. دیارە پێشتر لە بەرلین بوو، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی بێکشتاین لە بەرلین ماوەتەوە، بەڵام بەرهەمهێنان لە ساڵی ١٩٩٢ بە دواوە چۆتە ئەو شوێنە لە هەرێمی زاکسن. مارکەی هۆفامان لە چیک دروست دەکرێت. لە ساڵی ٢٠٠٨ بە دواوە. مارکەیەکی باش و ستاندارتە. پیانۆمان هەیە هی ئەو مارکەیە نرخەکەی لە چوار هەزار یۆرۆوە دەست پێدەکات. بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تردا زۆر باشە. ئامێرێکە لە ئەوروپا دروست دەکرێت و لە ئاسیاوە نایەت. کولتوری

زرنگاندنەوەی ئەوروپایی جیاوازە و مرۆڤ بە نرخێکی گونجاویش دەستی دەکەوێت. دەتوانم بڵێم کوالیتی باشە و بەشێکی گرنگی بێکشتاینە.

**پرسیار: دەتوانن چی لەسەر ئەو پیانۆیانە بڵێن کە لە چینەوە دێن؟**

وەڵام: لە ئێستەدا لە سەدا هەشتای ئەو بەرهەمانەی لە بازاڕدا هەن لە چینەوە دێن، بەڵام بەرهەمێکن نامێننەوە بۆ نەوەکان. کاتێکیش دەیکڕیت کێشەت بۆ دروست دەکات. ماوەیەکی زۆر ئێمە بەرهەمی چینیشمان دەفرۆشت لێرە. نەک مارکەی بێکشتاین، بەڵکو تەواوی پیانۆکەماڵی چین بوو، بەڵام کێشەی زۆری بۆمان دروست کرد. لە باری ژەنینەوە، لە باری زرنگاندنەوە و دەنگەوە، بە هەرحاڵ خۆشحاڵی نەکردین و بە پەلە دەستمان لێ بەردا. بەرهەمی چین شایستەی بەراورد نییە لەگەڵ بەرهەمی بێکشتاین کە لە ئەوروپا بەرهەم دەهێندرێت.

**پرسیار: بەر لەوەی بێم هەندێ شتم لەسەر پیانۆ دەخوێندەوە بە پێی سەرچاوەکانی تایبەت بەو بوارە لە سەدەی ١٧-ەوە پیانۆ لە ئەوروپا هەیە؟**

وەڵام: بەڵێ، راستە و هونەری پیانۆ دروستکردن و ژەنین چەند سەد ساڵێکە لە ئەوروپا هەیە. بێگومان، ئەو پیانۆیانە سەرەتا بوون. بێکشتاین لە ١٨٥٣ دەستی بەکار کردووە. کارل بێکشتاین لەو ساڵەدا کۆمپانیاکەی دامەزراندووە. هەمان ساڵ مارکەکانی تری پیانۆ، وەکو "بۆخ ستاینڤێ و بۆیزندۆرفەر" دەستیان بە بەرهەمهێنان کردووە. بۆیە ئەو ساڵە ١٨٥٣ لە مێژووی پیانۆدا زۆر گرنگە، سێ مارکە کە ئێستایش باشترین و بە نێوبانگن لەو ساڵەدا سەریان هەڵداوە، بەڵام بەر لەوانیش پیانۆ دروست کراوە.

**پرسیار: لەم شوێنەی ئێوە پیانۆ دەبینین تەمەنی سەد ساڵە یان زۆرتر، سەبارەت بە تەمەنی پیانۆ چی دەڵێن؟**

وەڵام: بەڵێ وایە. پێوەندی بە باشی مارکەکەوە هەیە. بۆ نموونە ئەو پیانۆیە توانای ئەوەی هەیە چاک بکرێتەوە، بەڵام پیانۆیەکی چینی توانای ئەوەیە نییە پاش ٥٠ ساڵ دەستکاری بکرێت و چاکبکرێتەوە. ئەوەیش ناهێنێت. بابەتەکە پەیوەندی بە مادەکەوە هەیە. ئەگەر بیهێنێت و مادەکە باش بێت، ئەوا پاش هەشتا ساڵ مرۆڤ دەبێت سەرتاسەر چاکی بکاتەوە و نوژەنی بکاتەوە. ئێمە پیانۆمان هەیە، کە بە شێوەیەکی سەرتاسەری نوێی دەکەینەوە، لە ناوەوە تا رووکەشی

پیانۆکە. بێگومان بۆ مارکەی وەکو بێکشتاین ئەم کارە دەیهێنێت بیکەیت. هەڵبەتە نرخەکەیشی گرنگە. پیانۆیەکی تەمەن هەشتا ساڵەی مارکەی بێکشتاین، پاش نوێکردنەوە، نرخی ٢٠ بۆ ٣٠ هەزار یۆرۆیە. پاش ئەو چاککردنەوەیە گەرەنتی ٥٠ ساڵ ژەنینی هەیە. ئەمەیش شایانی چاککردنەوە و مامەڵە پێوەکردنە.

**پرسیار: ئەو پیانۆیەی تەمەنی سەد ساڵە لە کاتی ژەنیندا چۆنە؟**

وەڵام: بێگومان نەک هەر بە کەڵکی ژەنین دێت، بەڵکو لە کاتی ژەنیندا زۆر تایبەتە و دەنگ و زەنگی نایابە. دەنگەکانی جودایە. مرۆڤ دەبێت بە دەستی خۆی تاقی بکاتەوە. دیارە بە داخەوە ئێمە نازانین لە سەرەتادا چۆن بووە، واتە بەر لە هەشتا ساڵ. ئاشکرایە چاککردنەوە و نوێکردنەوە کاری هەموو کەس نییە، ریسک و سەرکێشییە. دەبێت بە ئاگاداری تەواوەوە بکرێت. کەس ناتوانێت بە تەنیا خۆی ئەو کارە بکات. هەروەها ئەگەر نوێکردنەوەکە نەیهێنێت مرۆڤ دەبێت باش بیربکاتەوە کە ئایا بیکات یان نا؟



**پرسیار: لێرە ئێمە نرخی جیاواز دەبینین. لە ٤ هەزار یۆرۆوە تا ٤٠ هەزار و هەندێک پیانۆیش هەن تا ٩٠ هەزار یۆرۆ نرخەکانیان هەڵدەکشێن. ئایا ئەم پیانۆیانە لە لایەن کێوە دێنە کڕین؟ دامەزراوەکانی موزیک؟ ئۆرکسترا و ئۆپێراکان یان کەسی تایبەت هەن دەیانکڕن؟**

وەڵام: بە زۆری کڕیارەکانمان کەسانی تایبەتن. ئەوانەی منداڵەکانیان لە تەمەنی ٧ بۆ ١٠ دا، ساڵاندان دەیانەوێت پیانۆ بژەنن. پێشتر منداڵ هەبوون پیانۆیان بە دایک و باوک دەکڕی و بەڵام فێری نەدەبوون، ئەوانیش دەیانگوت با پیانۆکە لەماڵەکەدا بمێنێتەوە. بەڵام ئێستا منداڵان دەیانەوێت فێر ببن و ئەوەیش بە کارێکی ژیرانە دەزانم. کاتێک منداڵەکان بیانەوێ ژەنین فێر بن، با بۆیان بکڕن، دەنا بە پێچەوانەوە نا، با نەیکڕن. بەڵێ ئەو خێزانانە کڕیاری سەرەکی ئێمەن. هەروەها کڕیاریشمان هەن، کە پێشتر پیانۆژەن بوون، بەڵام بە هۆی جۆراوجۆرەوە لێی دابڕاون و ئێستە دەچنەوە سەری. لەوەیە پەیوەندی بە باشبوونی باری ئابورییانەوە هەبێت یان کاتیان زۆرتر بێت بۆ پیانۆ ژەنین. کەمتر دامەزراوەی موزیک کڕیاری لای ئێمەن. جاران ئەو کڕیارانەمان هەبوو، بەڵام ئێستە لە سەدا ٩٥ی کڕیاری ئێمە خەڵکن، کڕیاری تایبەتن. واتە کەمتر شوێنە فەرمییەکانی موزیک روومان تێدەکەن. بەداخەوە ئەوان کەمتر کڕیارن لە لامان.

**پرسیار: لێرە وەکو ئێمە دەبینین، نزیکەی هەموو کەسێک پیانۆ دەژەنێت یان شتێکی لێ دەزانێت، ئەوەیان چۆنە؟**

وەڵام: بە دڵنیایی ئەو کڕیارەی روو لە ئێمە دەکات و دێتە ژوورەوە پیانۆ دەژەنێت. دیارە کەسانێک هەن لە دەسپێکی کارەکەدان. دەتوانن پیانۆ لێبدەن، بەڵام تەواو لە خۆیان دڵنیا نین. ئێمە بۆ ئەو کەسانە بوارێکی باشمان هەیە. دەتوانن وەکو ئەزموونکردن پیانۆیەک ببەن و ساڵێک لە لایان بێت، ئەگەر لە کارەکەدا سەرکەوتن، ئەوا لە لایان دەمێنێتەوە و بە پێچەوانەوە ئەوا حیسابی ئەو ساڵە دەکەین و پیانۆکە دەگەڕێنێتەوە بۆمان. ئەمە بوارێکە بۆ ئەوەی ئەو کەسە منداڵەکانی یان خۆی تاقی بکاتەوە کە ئایا دەتوانێت پیانۆ بژەنێت یاخود خۆشحاڵی دەکات. ئەو دەمە دەتوانێت بیکڕێت و کرێی ئەو ساڵەیشی لەگەڵدا حیساب دەکرێت. ئەمەیش بەشێکە لە سیاسەتی فرۆشتنی کۆمپانیاکەی ئێمە. بێگومان زۆربەی ئەو کەسانەی پیانۆیەک بە کرێ دەبەن، پاشان حەزی لێدەکەن و دەیکڕن.

**پرسیار: لێرە وەکو دەبینین شوێنێکی چاککردنەوەتان هەیە، دەتوانن شتێک سەبارەت بەو وەرشەیە بڵێن؟**

وەڵام: بەڵێ ئەوە شوێنێکی بچووکی چاککردنەوە و نوێکردنەوەی پیانۆیە. هەروەها شوێنی تاقیکردنەوەی پیانۆکانە. کە ئایا دەنگیان باشە، زرنگەیان چۆنە و ئاستی ژەنینیان تا چەند گونجاوە. هەروەها لەو وەرشەیە بواری نوێکردنەوە و خاوێنکردنەوەی پیانۆ هەیە. وەکو رومالّی نوێ، یان جۆرە بۆیەکردنێکی تایبەت، بەڵام شوێنی گەورەی چاککردن و نوێکردنەوەمان لە دەرەوەیە. لەوێ هەموو جۆرەکانی پیانۆ بە شێوەیەکی سەرتاسەری نوێ دەکرێنەوە، کە نوێکردنەوە و چاککردنی هەر پیانۆیەک چەندین مانگ دەخایەنێت. ئەوەیان لێرە ناکرێت، چونکە کارێکی قورسە و لە دەرەوەی ئەم شوێنەمانە.

**پرسیار: لێرە ئێوە هاوسێی نزیکی ماڵی ئۆپێرای شارەکەن. ئایا ئەمە رێکەوت بووە یان بە پلان ئێرەتان هەڵبژاردووە؟**

وەڵام: بێگومان پلان بوو، بۆ کارەکەی ئێمە ئەم شوێنە گرنگە. بەرانبەر بە ئۆپێرای شاری کۆڵن. لێرەوە کاتێک هەر کەسێک تەماشا دەکات ماڵی ئۆپێرا و مارکەی بێکشتاین-ی پیانۆ بەرانبەر بە یەکتر دەبینێت، ئەوە بۆ ئێمە شتێکی باشە. بۆیە ئێمە ئەم شوێنە بە شوێنێکی لەبار دەزانین بۆ کارەکەمان. هەروەها لێرە ئێمە لە نزیکی شەقامە گرنگەکانی شارەکە و نزیکی وێستگەی شەمەندەفەر و کەنیسەی گەورەی دۆم-ین. لە دڵی شاری کۆڵنداین. پێم وایە شوێنێکی تەواو باشمان هەیە.

**پرسیار: چل ساڵ زیاترە ئێوە لەگەڵ پیانۆدا هاورێی رۆژانەن، شتێکی تایبەت چییە ئەگەر سەبارەت بەو دەنگە، سەبارەت بەو ئامێرە تایبەتەی موزیک بیڵێن؟**

وەڵام: بێگومان دنیایەکی تایبەتە ئەم کارە. کارێکە هەرگیز لێی وەرس نابیت. دەمەوێ ئەوەیش بڵێم کە هەر مارکەیەک سیاسەتی لەرینەوە و زرنگەی خۆی هەیە. پیانۆ هەیە بە دەنگی خۆی، بە زرنگەی خۆی ئۆرکسترایەک ناچار دەکات خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن. سیاسەتی موزیکی بێکشتاین جیاوازە و تایبەتە بە خۆی. پیانۆی بێکشتاین لە کەسێکی ئاساییەوە بۆ موزیکڤانێکی گرنگی ناو ئۆرکسترایەک دەتوانن بیژەنن. بە شێوەیەکی لەبار. مارکەی بێکشتاین وێنەیەکی تایبەتی لەرینەوە و دەنگی لە لای خەڵک دروست کردووە. ئەوەی پیانۆی

بێکشتاین بکرێت و پێی ئاشنا بێت، ئیتر مارکەیەکی تر ناکرێت. دەتوانین بێگومان پێکەوە گوێ لە دەنگ و لەرینەوە و ئاوازی پیانۆی بێکشتاین بگرین..

**پرسیار: نرخی ئەم ئامێرە ٢٥ هەزار یۆرۆیە. نزیکەی ٣٢ هەزار دۆلاری ئەمەریکایی، ئەمە ناوی پیانۆ نییە، ئەگەر دەقاودەق بکرێت بە کوردی، واتاکەی دەبێت بە باڵ یان باسک. چونکە لە باڵێکی گەورە دەچێت. ئەم ئامێرە نایابە ساڵی ١٩٠٤ دروست کراوە. چۆن ئامێرێکی موزیک دەتوانێت سەد ساڵ زیاتر لە کاردا بێت؟**

وەڵام: ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی مارکەی بێکشتاین. بە شێوەیەک بەرهەم هێندراوە کە دەکرێت پاش ئەو هەموو ساڵەیش نوێ بکرێتەوە. پارچە جیاوازەکانی بکرێتەوە و خاوێن و چاکبکرێنەوە. کە ئەمە لە لای هەموو مارکەیەک کاری کردە نییە.

ئاشکرایە کاتێک نوێی دەکەینەوە سەرتاسەر نوێ دەکەینەوە، چونکە بە تەنها بەشێکی یان چەند بەشێکی ئەوە ناهێنێت. بۆیە سەرجەم ئامێرەکە نوێ دەکەینەوە و باشتریشە، لەبەرئەوەی ئامێرێکە شایانی ئەوەیە بەردەوام بێت. ئەم ئامێرە ئێستا گرەنتی ئەوەی هەیە ٥٠ ساڵی تریش کار بکات. ئامێرەکە زۆرتر لە سەد ساڵی تەمەنە، بەڵام وەکو دەبینن نرخی ٢٥ هەزار یۆرۆیە. جگە لەوەیش ئامێرەکە شکۆ و سەنگینی خۆی هەیە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی مارکەی بێکشتاین کە بەر لە سەد ساڵ چ بەرهەمێکی بەخشیوە. چەند بە شکۆیە و چەندیش دڵگیرە.

**پرسیار: رووکاری ئەم ئامێرە دێرینە چ کەرەستەیەکە؟**

وەڵام: شێلاک-ە، بەڵام ئێستا لە نوێکردنەوەدا مادەی پۆلییەستەر بەکاردێنین. ئەو مادەیە لە کۆندا باو بوو، بەڵام ئێستا ئیتر بەکار نایەت.

**پرسیار: جیاوازی چییە لە نێوان پیانۆ و باڵ-دا؟**

وەڵام: راستییەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە. یەکێک لە جیاوازییەکان شێوەکەیەتی. ئەمەیان بەرز دەبێتەوە و شێوەی باڵێکی وەرگرتووە. پیانۆیش بەرزییەکەی لە نێوان ١١٠-١٣٠ دایە، بەڵام باڵ پان دەبێتەوە، پانییەکەی هەتا ٢٨٠ دەڕوات. ئەگەر لە شێوەی پیانۆدا بوبا، بەرەو ٤ مەتر بەرزی دەچوو، دیارە ئەوە بێ واتا دەبوو، بەڵام لایەنێکی تری باڵ ئەوەیە کە زۆرتر دەسەڵات

دەشکێت بەسەریدا، چونکە چەنگەکانی ئاسۆیی نین و بڵاوبوونەتەوە. بۆیە لە ژەنینیدا خۆشدەستترە. دەکرێت باڵ بە ناسکی بێتە ژەنین، بەڵام هاوکات بە شکۆیەکی تایبەت. باڵ لەبارە بۆ ژەنین و بۆ دەنگ دەرخستن. لێرە، لەسەر باڵ، دەکرێت باشتر پلان جێبەجێ بکەیت. فراوانبوونەکەی هۆکارە بۆ ئەوەی لە پیانۆ خۆشدەستر و گونجاوتر بێت بۆ ژەنین. لە لای پیانۆ دەبێت مرۆڤ خۆی بکێشێتەوە بۆ پاشەوە و جۆرێک لە ئاستەنگی هەیە، بەڵام لە لای باڵ بە هۆی فراوانییەوە مرۆڤ بواری جوڵە و کشانی زۆرترە. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت باشتر لە جوڵەدا بێت. بێگومان لەرینەوە و دەنگدەرخستنیشی بە دڵنیایی لە پیانۆ باشترە. پێویستە ئەوەیش بڵێم کە باڵ هەمیشە سێ ئەوەندەی پیانۆ نرخی بەرزترە. لەبەر گرانی نرخی باڵ، هەروەها لەبەرئەوەی شوێن زۆر دەگرێت، ئێمە لە سەدا نەوەدی فرۆشمان پیانۆیە و تەنها لە سەدا دەی فرۆشمان باڵە.

**پرسیار: دەتوانن بەراوردێک لە نێوان هەردوو دەنگی باڵێکی نوێ و باڵێکی کۆندا پێشان بدەن؟**

وەڵام: بەڵێ ئەوەی کە بینیمان نوێکرابووە. ئەو جۆرەمان هەیە لەو لاتریش (ئاماژەی بۆ دەکات)، بەڵام ئەم باڵە کە مارکەی بێکشتاینە تەواو نوێیە. ئەم باڵانە هەموویان نوێن و درێژییان ١مەتر و ٦٠ سانتیمە. هەیشیانە ٢,٣٢ درێژە. جەستەیەکی گەورەی هەیە و تەنها بۆ ساڵۆنە گەورە و زەبەلاحەکانی کۆنسێرت گونجاوە، بۆیە بە داخەوە کڕیاری ئەم جۆرە کەمە.

پاشان هێربێرت تیلتگێس دەست بە ژەنین دەکات، دەنگی باڵە نوێیەکە تاقی دەکاتەوە و ئێمەیش دەیبیستین. دواتریش دەست پە ژەنینی باڵە کۆنەکە دەکات و مەبەستییەتی هەردوو دەنگەکە بێنە بیستن و بتواندرێت بێنە بەراوردکردن.



# سەرەتای ڕێبازە نوێخوازەکان لە هونەردا





و. لە عەرەبییەوە: تەها ئەحمەد ڕەسوڵ

**سیمبۆلیزمی هێربرت رید و سیمبۆلیزمی پۆل گۆگان**

هێربرت رید لەگەڵ زۆرینەی توێژەرەوانی هونەری هاوچەرخدا هەماهەنگ دەبێتەوە کە یەکێک لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی هونەری نوێ، دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی جیابوونەوە لە کلاسیزم و ئەکادیمیەت کە ئەمەیان لە شێوازەکەی (ژاک لوی داڤید) دا بەرجەستە بوو. رید، بەلای ئەو بۆچوونەدا دەیشکێنێتەوە کە پێیوایە بنەچەی هونەری نوێ تەواوێ روون و ئاشکرا نییە، بەڵکو وەک ئەو رەگانە وایە کە پەل بۆ ئاست و ئاراستەی جۆراوجۆر دەبات، ئەمە هەڵهێنجانێک دەدات بەدەستەوە کە چەندەها گۆڕانکاریی بەسەر هونەردا هاتووە، هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم و بەگشتی نۆزدەیەمدا، وەک کلاسیزمی شۆڕشگێڕیی داڤید و رۆمانسیزمی شۆڕشگێڕانەی (بلێک) و ناچرالیزمی زانستیی (کۆنستابڵ) و رۆمانسیزمی (دێلاکڕوا) کە رید بە ئایدیاڵی مێژوویی ناویدەبات، ریالیزمی (کۆربێ) و هەستەوەریی (مانێ) و دەربڕینخوازیی (ڤانکوخ) و (مۆنش)، هەروەها

سیمبۆلیزمی (بیرنار) و (گۆگان)، هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی هونەر ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ هاتنەئارای فۆڤیزم و کۆبیزم و سوریالیزم.

میتۆدەکەی رید لە گەوهەردا زمانحاڵی بنەمای سەرەکی ڕۆمانسیزمە کە کۆنترۆڵی ئەقڵ و سیستەم ڕەتدەکاتەوە، دەبێتە دەستپێکی هونەری نوێ و ڕۆحی نوێ کە پەیوەستە بە خەباتی ڕۆمانسییەکانەوە دژ بە چەمکەکانی ئەکادیمیەت، بەتایبەتیش دژ بە چەمکەکانی ( جۆشا رینۆڵدس) لە ئینگلتەرا. رید گرنگی تایبەتی ئەو گورزانە دەردەبڕێ کە دراونەتە هونەری سرووشتی وەک هونەرێک، یاخود پێی دەڵێت (تەکنیکی سرووشتییانە، کە بەدرێژایی مێژوو هونەرێکی دانسقە بووە و بەرفراوانی نەبینیوە، گەر بشێت شرۆڤەی هونەر بکرێت هەر لە چاخە دێرینەکانەوە دەبینین ئەم چەشنە هونەرە زۆر دەگمەنە، هەروەها دەبینین هونەرمەندەکانیش لە کاتێکەوە بۆ وەختی دیکە و لە سەردەمانی خاپووربووندا هەوڵیانداوە ئەوە جێبەجێ بکەن لە نیگار و پەیکەرەکانیاندا کە چاو دەیبینێت، بەڵام ئێستا و سەرباری ئەوەی فۆتۆگرافمان داهێناوە، تەنانەت فۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگیش، ئەمە دەوڵەمەندمان دەکات بە نەمرکردنی ڕواڵەتی شتەکان، کە ئەوەش تاقە ئەرکی هونەرمەندان بووە لە رابردوودا).

کەواتە لە خاڵەکانی کودەتای سەرەکییەوە لە پێشکەوتنی هونەردا دۆزینەوەی کامێرای فۆتۆگرافی و چاپکردنی وێنەکان، وایکردووە جیاوازییەکان دروست بکات لەنێوان نیگارکێشان و شرۆڤەکاریدا، کە ئەمەش لە یەکەمجاردا بەشێوەیەکە هەستی پێ ناکرێت، بەبڕوای رید مەسەلەی نیگارکێشان و لێکدانەوە (شرۆڤەکردن) بەهۆی سرووشتە شۆڕشگێڕانەکەیەوە بووە هۆی بەرجەستەکردنی گرفتێکی دیکە، کە ئەویش گرفتی جیاوازییە لەنێوان وێنە و هێماکەیدا، ئەمە لای رید جێی بایەخی ئەوتۆیە و وا لە مرۆ دەکات ئامانجی تێگەیشتنێکی قووڵ بێت لە ڕێبازە تازەکانی هونەردا.

رید پێی وایە، هونەری نوێ وازی لەوە هێناوە تەنها وێنەیەک بێت، بەڵکو سەرەکیترین ئەرک و وەزیفەی تازەی هێما و ئاماژە و سیمبۆلە، وێنە سودمەندە وەک فۆرمێک لە نمایشکردنی ڕاستییەکاندا، لەکاتێکدا سیمبۆل ئەرکی شرۆڤەکردنی لە ئەستۆ دەگرێت، لەم شیمانەیەوە دەبینین هونەری سەردەمی ڕێنیسانس و خولقاندنی وەهمی گشتی پەیوەستە بە هونەری وێنەوە، لەکاتێکدا هونەری نوێ تەواوێ هونەری هێما و ئاماژەیە، هەروەک چۆن بەر لە شارستانییەتی هیلینی و دواتریش لە چاخەکانی ناوەڕاستدا هونەر وەها بوو.

چەمکەکەی رید کە وابەستەیە بە سیمبۆلەوە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی

چەندین بۆچوونی هونەریی و هزرییەوە، وەکو فەلسەفەکەی (ئارنست کاسیرێر) و فەلسەفەی هونەری رۆژهەلاتی و سیمبۆلیزمی بێرنار و گۆگان، لە لایەنی فەلسەفیشدا پشت ئەستوورە بە نووسینەکانی (وایتهید)، کە پێناسەی هونەر بەوە دەکات پرۆسەیەکی نمایشکاریی هێما و ئاماژەی هەستەکانە. لەراستیشدا بیرۆکەکەی رید لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بوونی مرۆڤ و تەنیاییەکەی لەگەڵ سرووشتدا پێویستی بە تەنها وێنە بووە تاوەکو هەستەکانی لێوە دەرببڕێت، وەلێ بەهۆی جیاوازییەکانی لەگەڵ بوونەوەرانی تردا و لەرێی هۆشمەندییەوە زمان و هێمای دیکەی خوڵقاندووە بۆ گوزارشتکردن لە هەست و لێکدانەوە و خودی خۆیدا.

هێما بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ وێنەدا ژیاوە و بابەتی هونەری نوێش تەواو گرێدراوە بە بابەتی شرۆڤەکردنی ئەو ژیان و لەگەڵدابوونە، بە یاریدەی وایتهید، رید شیکاریی سرووشتی سیمبۆل و وێنە دەکات و ئەو جیاوازییە سەرەکییە لەنێوانیاندا دەخاتە روو، ئاکام دەگاتە ئەوەی کە ئەزموونی هەستکردن و پێزانین دەرککردنی راستەوخۆی وێنەیە، بەلام هێما و سیمبۆل وێنەیەکی دیکەیە وەک ئەوەی رەگەزێکی ئەقڵیی پێ ببەخشێت، رید لەو نزیکییەی هێماخوازیی وایتهید و پێناسەکانی کۆمەڵەی پێکهاتەخوازان دەکۆڵێتەوە کە (ئەمیل بێرنار) لە ساڵی (١٨٨٨) دا دایرشتووە و لەمیانی شێوازەکەی گۆگانەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی جێهێشتووە لە تەواوی پێشکەوتنی هونەری نوێدا... بەبڕوای رید، ئەو هێڵە سیمبۆلییە وەک دژ بەو رەگەزی سرووشتی و ئەقلانییەی ئەودەمەوە کێشراوە، هەروەها سەخت و گرانیی ئەو دیاریکردنەش لەبەرچاو دەگرێت بۆ سەرەتاکان و بنەماکانی هونەری نوێ و جیاوازیی رایەڵەکانی هونەری ئەمڕۆش بە هونەری سەردەمەکانی رابردووەوە.

رید پێی وایە، پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ و ناوەکیی هەیە لەنێوان هونەرەکاندا و بەڕوونیی جیاوازیی بەخۆوە دەبینن، دەڵێت: (لە تابلۆکانی گۆگاندا هیچ شتێک بوونی نییە بۆئەوەی پاساو بێت بۆ ئەبستراکتی کاندینسکی و مۆندریان)، بەلام سەرباری ئەوەش شتێک هەیە وایتهید ناوی دەنێت بە زنجیرەیەک هێمای لەدایکبوو لە سیمبۆلەکانەوە، کە پەیوەندی راستەوخۆ دروست دەکەن لەگەڵ هێما و مانایەکی دیکەدا... رید وایدەبینێت کە ئەو پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیانە رێگەمان بۆ خۆش دەکەن تاوەکو پەیوەندی سیمبۆلەکان نەک پەیوەندیی رواڵەتییان پێکەوە دیاریی بکەین، هەروەک لە دوو تابلۆی (مەسیحی زەرد)ی گۆگان و (بووگی- وگی) مۆندریاندا بوونیان هەیە بۆ نموونە.

لە بەرنامەکەی ریددا ئەوە دەدۆزینەوە کە ئەوەی پێی دەوترێت سیمبۆلیزم

خەسڵەتێکی هەنوکەیی هونەر نییە، بەڵکو لە سرووشتەکەیەوە هەڵدەقوڵێت، هونەر زمانێکە لە سەرەتادا هەست بە پێداویستی هێماخوازییەکەی دەکەین بۆ سەر زمانی نووسراومان تاوەکو نهێنییەکانی کەشف بکەین، وەلێ لە بنەڕەتدا زمانێکی تەواوە بە هەموو هێما تایبەتییەکانییەوە و ناکرێت زانراو بن گەر فێرنەبین چۆن ئاماژە راستەوخۆکانی هەڵبوەشێنینەوە لەڕێگەی بینینەوە، بەڵام بە چ ڕێگەیەک دەکرێت ئەو سیمبۆلانە نمایش و جێبەجێ بکرێن لە هونەردا؟!

رید روونیدەکاتەوە سیمبۆلیزم بەها و واتاکەی لەدەست دەدات وەختێ بەشێوەیەکی ئاگاییانە بەکارهێنرێت لە هونەردا، یان بە یاریدەی هزر و ئەقڵ، ئەوەی لێرەدا دەتوانین بیکەین و بۆئەوەی هونەریش ئامانجەکەی بەدی بهێنێت، دەبێت پاڵ بدەین بە هەستەکان و چالاکییەکانی رەمەکەوە، بێگومان ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی بڵێین هونەری نوێ زۆر قەرزارباری سیمبۆلیزمی گۆگانە کە سروش بەخشە بۆ خولیای دیکۆر و نەخشەسازیی ئەمڕۆکەمان، هەروەها سیمبۆلییەکەی گۆگانیش قەرداری هونەری رۆژهەڵاتییە لە نموونەی نیگاری سەر تەختەی ژاپۆنییەکان، هونەری ژاپۆنی وەک زانراوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو لەسەر سەرنجخواکان ( ئیمپریشێنیزم و دوای ئیمپریشێنیزمەکان).

هونەری ژاپۆنی لە دیدی ریدەوە چاوی رۆژئاواییەکانی کردەوە لەسەر ئەو راستییەی کە دەشێت هونەر ئەرکێکی دیکەی هەبێت جگە لەو ئەرکەی هەیەتی بۆ خولقاندنی شێوە واقیعییەکان، ئەرکێکی دیکەی هەیە ئەویش جێبەجێکردنی شتێکی دوورترە لە وێنەیەکی راستەقینە و زانستیی، بەڕای ئەو هونەرمەندی هێماخواز لە رواڵەتە دەرەکییەکاندا بەدوای سیمبۆلێکی هونەرییانەدا دەگەڕێت کە زامنی راستەقینەیی شتەکانە، نەک خولقاندنەوەی دڵسۆزانەی ئەو راستییانە، رید دەڵێت: (کۆی جیاوازییەکە لەنێوان بزافی نوێخوازیی هونەر و نیگارکێشانی باودا کە پێنج سەدەی خایاندووە لە بەدواهاتنی هونەری سیمبۆلیزمەوەیە پاش هونەرێکی وەسفی). گۆگان جارێکیان شتێکی لەو بارەیەوە نووسیووە بۆ پێداویستی گەڕانێک بۆ ئاماژە و هێمای نیگارکێشان، نەک نیگارکێشانێکی وەسفسازیی.

بەبۆچوونی رید ریالیزم و هونەری خولقاندنی وەهم و سانایی روانین بوونەتە بەربەستی هێماخوازیی، وەلێ زەرورەت و گەڕانەوە بۆ هێزی سەرەتایی رێگەخۆشکەر بوو بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بیرۆکەیە، هەمان رەخنەش رووبەڕووی مانیریزم و ئەکادیمییەت دەبێتەوە کە هێماکانیان شێواندووە، تەنانەت رۆمانسیزمیش وەک قوتابخانەیەکی مێژوویی و رێبازێکی هونەریی نەیتوانیووە پاڵ بە سیمبۆلیزمەوە بنێت بۆ پێشەوە، ئێمە دەبینین (دێلاکرۆا) و (ئەنگەر)

تەکنیک و توانستی خۆیان ملکەچی بەرهەمهێنانی جۆرێک لە هونەری خوڵقاندنی وەهمی پەیوەست بە ریالیزمی مێژوویی کردووە، هەرچی (کۆربێ)یە پێشەنگی ریالیزمییەکان، سیمبۆلی لە کارەکانی خۆی داماڵیووە، لەکاتێکدا (مانێ) و (دیگاس) قوربانییان بە هەموو شتێک دا لەپێناوی ئاساییکردنەوەدا، ئەوەی پێی دەوترێت روانین و هەستکردنی راسەوخۆ.

گۆگان کە زۆر شت فێر ببوو لە ئیمپریشێنیزمەکانەوە، بەتایبەتیش لە (دیگاس) و (پیسارۆ)وە لە ساڵی (١٨٨٦)دا جەختی لە سەربەخۆبوونی هونەریی خۆی کرد و بە وتەی پیسارۆ رووەو (تایەفەگەریی رەگەزپەرست) رۆیشت، سیمای سیمبۆلیزم لە هونەری نوێ و بەرنامەکەی ریددا ئیدی روون و ئاشکرایە و بینینی بابەتییانە و سرووشتییانەی جیهانی دەرەکی رەتدەکاتەوە و بەرەو داماڵینێکی ماتریالییانەی وێنە پەلدەکێشێت، لەلای رید ریالیزم و سیمبۆلیزم ناکرێک پێک بگەن، ئەوەی دووەم چنینەوەی زۆین روونیی و هەست و روانینی خودییانەیە بۆ واقیع کە هزری شیکاریی ئاوێتەی نابێت.

رید پێی وایە، کە هونەری نوێ بە چاکەی گۆگان و سیزانەوە سەقامگیر بووە، ئەو دووانەی کە تەکنیکە ئیمپریشێنیزمەکەیان رازیبوونیان نەخوڵقاند، سیزان بەخششی سەرنجخواکانی رەتدەکردەوە وەختێ جیاوازییان دەخستە نێوان رەنگ و فۆرمەوە و جەختیان لەو گۆڕانکارییە هەنوکەییانە دەکردەوە کە روویاندەدا لە رووبەری نیگارکێشراوەکاندا، نەک جەختکردنەوە لە سرووشت و گەوهەریاندا.

### رۆڵی ئیمپریشێنیزم لە تیۆریزەی هێربرت ریددا

رید وایدەبینێت ئیمپریشێنیزم گومانی هەبووە لە دروستیی بنەمای زانستی بینینی ئاساییدا، لەبەرئەوەشە هەوڵی خستووەتە گەڕ لە بەخشینی سرووشتێکی زۆر وردتر و شیاوتردا، لە روانینی ئەودا ریالیزمیش ئیدی بەپێودانگی ئیمپریشێنیزم زێدەڕۆیی کردووە و گۆڕاوەتە سەر جۆرێک لە بێهودەیی.

هەموو کەسێک بکەوێتە لێکۆڵینەوەی میتۆدەکەی رید دەبینێت بونیادێکی فەلسەفی هەیە، نەک شیکردنەوەی فۆرمی هونەریی، هەروەها پشت دەبەستێت بە بڕیاردانی خودیی لە گەڕان بەدوای خوڵقاندنی هونەریدا، لەو بڕوایەدام نووسینەکەی رید دەربارەی (رۆجەر فرای) سودمەندە بۆ روونکردنەوەی ئەو گومانانەی لە ناخماندا رەگی داکوتیووە لەمیانی توێژینەوەکەیدا و دەگەینە گەوهەری میتۆدەکەی، رید دەنووسێت: (فرای لە بنەڕەتدا رەخنەگرێکی ئیمپریشێنییە و پشتی بەستووە بە هەستکردنی راستەوخۆی بەرامبەر بە کاری هونەریی نەک لێکدانەوەی پێشوەخت

سەبارەت بە مەبەست و ئامانجەکانی هونەر)، رید لەو بڕوایەدایە فرای یەکەم رەخنەگرە لە ئینگلتەرادا رێگەی شیکاری شێوەی پەیڕەوکردبێت، دەنووسێت: (فرای زیاد لە پێویست گرنگی داوە بە سایکۆلۆژیای هونەریی، بەڵام هەموو شێوەیەک لە هونەری سایکۆلۆژیی رەت دەکاتەوە).

رید وەک ئەوانی تر بڕیار دەدات، کە ئیمپریشێنیزم وەک هونەرێک لە بەرەنجامی کاردانەوەی هەستکردندا بەرامبەر بە رواڵەتی دەرەکی شتەکان پەرەی سەندووە، لەبەرئەوە گوێ ناداتە گرفتی کاریگەریی هۆکارە سایکۆلۆژییەکان لە خوڵقاندنی هونەردا، رید وایدەبینێت کە ئیمپریشێنیزم هێشتاکە پەیوەستە بە هونەری وێنەی باوەوە لە تۆمارکردنی سرووشتدا وەک خۆی کە هەیە بەبێ پەنابردنە بەر هەر جۆرە هێما و سیمبۆلێک، ئێستا دەپرسین: ئەی (سیزان) کە رید بە زەبەلاحی هونەری نوێ ناوی دەبات ئامانجی بەخشینی بابەتییانە نەبوو بۆ سرووشت تەواو بەبێ هیچ جۆرە سیمبۆلێکیش هەروەک ئەوەی سەرنجخواکان دەیانکرد؟! بێگومان رید پاساوی هەیە بۆ کارەکانی سیزان کە خۆی لە نمایشکردنی (وەهم)ی جیهانی دەرەکی لاداوە، کە هونەری ئیمپریشێنیزم خۆی تێدا قەتیس کردووە لە چنینەوەی گۆڕانکارییەکاندا کە لەسەر رووبەری شتەکان روودەدەن، ئامانج و مەبەستی سیزان گەیشتنە بە گەوهەری شتەکان بەبێ ساختەکاریی ئەقڵ و هەستەکان، بەبێ لێکدانەوەی سۆزێکی رۆمانسییانە، ئەمەش بەدوور لە جەختکردنەوە لە رۆڵی فاکتەرەکانی وەک کەشوهەوا و تیشک و رووناکی لە پرۆسەی خەملاندنی



هونەریدا، بەمانایەکی تر سیزان بەرامبەر بە سرووشت نێگەتیڤ نەبووە، بەڵکو خۆی وتەنی شێوەی کارکردنی کۆنستراکتە لە ڕەوتی سرووشتدا.

### هەڵوێستی رید بەرامبەر هونەرەکەی سیزان

بەمەبەستی دانانی سنوورێک لەنێوان ریالیزم و ناچرالیزمدا، رید بە پێودانگی سایکۆلۆژیی پۆلێنکاریی هونەر دەکات و رایدەگەیەنێت کە سروشخوازیی و سەرنجخوایی (الگبیعیە و الانگباعیە) خەسڵەتی ریالیزمیان هەیە و ئەوەش خاڵی هاوبەشیانە، ئامانجی ئەو ریالیزمییەش لاساییکردنەوە و کۆپیکردنەوەی جیهانی دەرەکییە، ئەوەش بە هاوشانی پرۆسەیەک کە توانستی لێکدانەوەی مرۆڤە، ریالیزم لە هونەرمەند دەخوازێت ملکەچی یەک مەبەست بێت، ئەویش زاڵبوونە بەسەر چالاکییە دەروونییەکەیدا و خۆ تەرخانکردنە بۆ چاودێریکردنێکی وردی شتەکان، فاکتەرەکانی نائاگایی کە لە دەروونی هونەرمەنددا بوونیان هەیە، لێرەدا لە دەربڕینی پێکهاتە و ڕەنگدا بەیان دەبێت، هەرچی پەیوەندی بە ئیمپریشێنیزمەوە هەیە رید بەو ریالیزمییەوە گرێیدەداتەوە، وەلێ ریالیزمییەک کە ئامرازی خودیی هەیە و هونەرمەندەکانی هێشتاکە بایەخ دەدەنە بابەتی کارەکانیان وەک ئەوەی درەختێک بێت، بەڵام ئەم بابەتە وەک دیاردەیەکی بەردەوام نەماوەتەوە یاخود واقیعێکی دەرکپێکراو لە بیرکردنەوە و سەرنجداندا، بەڵکو دیاردەیەکی کاتییە و پێویستە بلکێتەوە بەو ڕەوشانەوە کە هەستەکانی هونەرمەند تۆماری کردوون، ئیمپریشێنیزم پەرچەکردار و ڕەنگدانەوەیەکی ناوەکییە بۆ واقیعێکی دەرەکی.

بەمەبەستی پـەردەلادان لە ڕەوشی تایبەتی ئەو هونەرمەندەی پشتی بە روانین بەستووە، رید پەنا دەباتە بەر دەقێکی وایتهید لە کتێبەکەیدا (سیمبۆلیزم و واتا و کاریگەرییەکانی) تیایدا هاتووە: سەرنج دەدەین و دەبینین لەبەر دەممماندا شتێکی ڕەنگین هەیە و دەڵێین ئەوە کورسییە، بەڵام ئەوەی دەیبینین لەڕاستیدا لە شتێکی ڕەنگین زیاتر شتێکی دیکە نییە، وەها نایەت بە خەیاڵی هونەرمەنددا کە ئەو شتە کورسییە، بەڵکو ڕەنگە هونەرمەند لە سنووری تێڕاماندا بێت بۆ ئەو شتە جوان و ڕەنگینە، ئەوانەی کە هونەرمەند نیین زۆر مەیلیان بەلای ئەوەدا دەڕوات کە دەرککردنی شێوەیەکی ڕەنگین بگاتە خۆشنودی لەو شتە، وەک کورسییەک و شتێکی بەسوود، نموونەکەی وایتهید رید دوای دەکەوێت بۆ ڕوونکردنەوەی مەرامی سیزان لە هەستکردنی ئاگاییدا.

بێگومان هونەرەکەی سیزان هەوڵدانێکی جدی مەزنە بۆ پشکنینی جیهانی دەرەکی بەبێ دەخالەتی ئەقڵ و هەستەکان و ئەو شێوازەی سەرنجخواکانی ڕەت

دەکردەوە کە رواڵەتی شتەکانیان دەپشکنی و خۆیان لە گەوهەر و بوونیان لادەدا، کە ئەوانە شتە نەگۆڕەکانن (واتە کانزاکانیان... وەرگێڕی کوردی) سیزان بە خولیا و مەیلە کلاسیکییەکانی ئامانجی خوڵقاندنی شێوازێک بوو رۆبچێتە ناو گەوهەر و بایەخدان بە سرووشتی شتەکانەوە، ئەوەش نەک بە پاڵپشتی هەستکردنی خودیی و کەسێتیی، ئەو شێوازە رشێگەی خۆشکرد کە سیزان شێوەی ئەندازەیی دیاریکراوی جیهانی دەرەکی بدۆزێتەوە، پرۆسەی بەئەندازەکردنی جیهانی دەرەکی وەک (لیۆنلیلو ڤینتۆری) لەبارەیەوە نووسیویەتی، بووەتە خەسڵەتی بنەڕەتی هونەری سەدەی بیستەم، ئەوەی کە سەدەی نۆزدەیەم لەکیسی دابوو، دێتە ئاراوە هەروەک ئەوەی تۆوێکی سیزانی بێت بۆ هەموو ئەو شۆڕشانەی هونەری نوێ بەدەستی هێناون، رید سەرنج دەدات لە هونەرەکەی سیزان، نەک بەخششی بونیادە ئەندازەییەکەی، خەسڵەت و دەستکەوتێکی گرنگتر هەیە ئەویش دەکرێت ناوی بهێنین بە هارمۆنی و میلۆدیی، بەواتای ناوچەیەکی رەنگین بگونجێت لەگەڵ ناوچەکانی بەرامبەردا، بەمانایەکی دیکە خوڵقاندنی پرۆسەیەکی هەمیشەیی کە ئامانجی ملکەچبوونی هەمەچەشنی مۆتیڤە بۆ یەکێتی و گشتێک کە پێویستە رێبەریی بکات، سیزان ئەوەی بینییەوە کە گەنجاندن و هەماهەنگی لە نیگارکێشاندا تا رادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە گشتاندنی چەمکی ئەندازیاریی، بە زمانی هونەریش بە مانای نوێکردنەوەی ئاستەکانی رەنگ لەپێناوی خوڵقاندنی مۆزایکی رەنگەکان لێیەوە، سیزان ئەم شێوازە بەوە ناودەبات کە سەرکەوتووە بۆ (پرۆسەی هێنانەدی رێگەیەکی باش بۆ خەملاندن)، کە گوێ ناداتە یەکەکان، بەڵکو هەموویان دەبنە یەکێتییەکی گشتگیر و هاوبەش، رید لەژێر کاریگەریی هەڵهێنجانی برگسۆنیدا وەها وەسفی سیزان دەکات کە خوڵقێنەری هونەرێکە بەشێوەیەکی باو و سواو نارِوانێتە جیهان و جیاوازە لە روانینی سەرنجخواکان کە خودیی تەماشای سرووشتیان کردووە.

### ئەو فاکتەرانەی کاریگەربوون لە سەرهەڵدان و پێشکەوتنی هونەری نوێدا

رید هەمیشە رایدەگەیەنێت کە هونەری نوێ لە بەرەنجامی جیابوونەوەی ریشەیی نێوان ناچرالیزم و ریالیزمدا سەریهەڵداوە و لەرێگەی دانانی سنوورێکی ئاشکراوە لەنێوان (هێما) و (وێنە)دا هاتووەتە مەیدان... بە بۆچوونی ئەو هەموو بزووتنەوە گرنگەکانی هونەریی لە سەدەی نۆزدەیەمدا رێگەخۆشکەر بوون بۆ هاتنەکایەی چەمک و شێوازی هونەری نوێ بە یاریدەی نۆژەنکردنەوە و کاریگەرییەکانی ئەکادیمییەت و کەمکردنەوەی رۆڵی ئەقڵ و ئاوەز لە خوڵقاندنی

هونەردا، وەلێ هەموو ئەو بزووتنەوانە نەبوونە نوێنەری ئامانجە سەرەکییەکانی هونەر، رید دەنووسێت: (هەموو قۆناغەکانی هونەر زیندوو بوون و بزوێنەریان هەست و روانین بوون، هەموو کارە هونەرییە خودییەکانی ئەو قۆناغانە خاوەنی شێواز بوون وەلێ لە قۆناغی دارمان و ئەکادیمیدا زیندوویێتی هونەر ملکەچی پێوەر و بنەماکان بوون کە مامەڵەیەکی خراپ دەرهەق بە بوونی کەسێتیی و خودیی تێدا کراوە، نوێخوازیی لە زیاتر لە سەد ساڵەوە بەردەوامی هەیە، ئەو هەوڵ و کۆششی مەزن بوون بە ئاقاری هێنانەوەی هونەر بەرەو بایەخە زیندووەکەی کە سەرلەنوێ بووەوە بەشێوەیەکی ئەندامیی لە دەرککردن و بەردەوامبوونیدا، کۆنستابڵ و تێرنەر و دێلاکرۆوا و کۆربێ و دیگاس و سیزان و ماتیس و پیکاسۆ و گابۆ و مۆر بەو هونەرمەندانە دەژمێردرێن کە وردە وردە هونەریان ئازاد کرد لە رەهەندە ئەکادیمییەکەی و وایان لێکرد ببێتە گوزارشتێک بۆ تێگەیشتنێکی بەرفراوان لە واقیع.

بەپێچەوانەی هونەری نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە کە کۆپیکردنەوەی سرووشتی ئایدیڵی پیرۆز دەکرد، چەمکی گشتی سرووشت لەماوەی ساڵانی (١٧٨٠- ١٨٣٠) رووەو گۆڕانێکی گەوهەری پەلی کێشا، مەیلەکان زۆرتربوون بەرەو چاوەدێرییەکی زانستییانەی ورد و پڕ چێژ و چەشە کە تەنها خۆیان لە شێوە و فۆرمدا نەدەبینییەوە، بەڵکو بەرەو گرنگیدان بە مەسەلە هەنوکەییەکان و وردەکارییە ئاساییەکان و بیرۆکەی هونەر گۆڕانی بەسەردا دەهات، ئیدی لاسایی سرووشتی ئایدیاڵی نەدەکردەوە وەک شتێکی هەستپێکراو، ئەو شێوە تازەیە لە کۆپیکردنەوەی سرووشت بووە نانەوەی لەرزینێکی قووڵ، بۆ بەڵگەهێنانەوە هێندە بەسە ئەو کاریگەرییەی تابلۆی (خەرمان)ی کۆنستابڵ بهێنینە بەر باس کە لە هۆڵی پاریس ساڵی (١٨٢٤) نمایشکرا و کاریگەریی زۆری هەبوو لە هونەرمەندانی وەک چیریکۆ و دێلاکرۆوا و کۆربێ.

لە نووسینەکانی ریددا، هونەری نوێ خاوەنی دوو ئاراستەیە: یەکەم: ئەندازە و گرنگیدان بە سرووشت وەک شێوازێک و رێگەچارەیەک سیزان دەستی پێ کرد، دووەم: پێگەیشتنی رۆحی نەخشەسازیی کە سیزان لێی دوورکەوتەوە و سیمبۆلیزمی گۆگان هاتە کایەوە پاشان کۆمەڵەی پێکهاتەخوازان و شێوازی هونەری نوێ. ئەوە دوو ئاراستە بوون بۆ پەرەسەندن و جگە لەوانیش چەندین فاکتەر هەن بۆ برەودان بە چەمکەکانی هونەری نوێ، وەک گۆڕینی روانینی واقیعییانە بۆ ریتمێکی دەربڕینخوازیی لەلای (مۆنش) و گەڕانەکانی (جۆرج سورا) لەمیانی دۆزینەوەی بونیادی ئەندازەییدا لەبەر تیشکی تەکنیکێکی زانستییانەی رەنگی خاڵخاڵدا، لەڕاستیشدا مردنی سورای ناوادە بووە بەربەست لە پەرەسەندنی

لێکدانەوەکانی و کاریگەریی بەرچاوی هەبوو بۆ زۆر ڕێبازی نوێی هونەریی لەوانەش کۆبیزم.

رید رایدەگەیەنێ کە شێوازی خاڵخاڵی ئامانجی هونەریی سورا نەبوو ئەوەندەی خولڵقاندنی چەمکی هارمۆنییەتی شێوازێکی نەمر، رید پێی وایە ئەگەر سورا زیاتر بژیایە دەتوانی ببێتە مەزنترین هونەرمەند تەنانەت زیاتر لە سیزان، باشترین ڕەگەزەکانی نیگارکێشانی ئەمڕۆ زیاتر پەیوەستە بە سوراوە وەک لە سیزان.

مەسەلەی هاتنە ئارای چەمکەکانی نوێخوازیی، رید لە یەکگرتنی هونەرەکەی گۆگان و ڤانکوخ و تۆلۆز لۆتریک و مۆنش و سورادا دەیبینێتەوە کە تیایاندا ڕەگەزی دیکۆرئامێز و نەخشەسازیی بەرجەستە دەبێت... ئەوەی پێی دەوترێت هونەری نوێ لە ئینگلتەرا سەریهەڵدا کە (ولیەم مۆرس) ساڵی (١٨٧٠) خولڵقاندی کە دەرژایە نێو هونەر و پیشەوەرییەوە لە یەک کاتدا، رید پێی وایە ئەو جموجۆڵە سەرچاوەی هەڵقولاَنی ڕەگەزی دیکۆر بوو کە لە کارەکانی ئەو قۆناغەدا ڕەگیدایەوە، لە نموونەی کارەکانی تۆلۆز لۆتریک و هۆدلەر و هەروەها دوشاڤان و چەندانی تردا، رید دەنووسێت: (زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین لە نیگارکێشانی گۆگان و ڤانکوخدا، بە دڵنیاییش لە کارەکانی ڤولار و بوناردا ڕەگەزە دیکۆرییەکان ئاشکرا دەبن کە بەشێوەیەکی نائاگاییانە و لەژێر کاریگەریی ئەو شێوازەدا لە هەموو شوێنێکەوە بەربڵاوییان لەخۆگرت).

لەڕاستیدا قوتابخانەکەی (مۆرس) زۆر کاریگەریی ڕاستەوخۆی نەخستە سەر هونەری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، بەڵام وا پێویست دەکات دەرک بە سەختیی ئەو کاریگەرییانە بکەین کە پەرتوبڵاو بوون و ناکرێت بەڕوونی لەماوەی بیست یان سی ساڵدا دەرکی پێ بکرێت، پرۆسەی کارلێکی کاریگەرییە هەمەچەشنەکان ئەگەر لاوەکیش بن، ڕەنگە زیاتر جێی بایەخ بن وەک لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکان، بەڵام لێرەدا ناکرێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە بەهێزترین ئەو کاریگەرییانەی شۆڕشی نوێخوازییان لە هونەردا بەرپا کرد زۆر جار لەو شوێنانەوە دەهاتن کە چاوەڕوانکراو نەبوون، بۆ نموونە لە قوتابخانەی مۆرس و هونەری ڕۆژهەڵاتی و ژاپۆنی و چەندانی ترەوە.

**سەرچاوە:**

بەشێک لە کتێبی (الاتجاهات الرئیسیە فی الفن الحدیپ علی چوو نڤریە هربرت رید)، نووسینی: عدنان المبارک، بغداد ١٩٧٣.



# مۆلیێر و تەنزی رەش

**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

ساڵی (٦٦٤)ی زایینی مۆلیێر شانۆنامەیەکی لە ژێرناوی "تارتوف" (Tartuffe) نووسیبوو. بابەتی ئەم شانۆنامەیە کە یەکەمینجار رێکەوتی (١٢)ی مەی ساڵی (١٦٦٤) نمایشکرا، دەستبڕی قەشەکان و فێڵبازی ئەوانە لە چوارچێوەی ئاییندا.

ئەم شانۆنامەیە بووە هۆی توورەی کڵێسە و مۆلێر لە ترسی کڵێسە ناچاربوو هانا بۆ لوویی چواردەیەم بەرێت کە پاشایەکی سەرەڕۆ و ستەمکار بوو. لە راستیدا مۆلێر بەهۆی ئەو تەنزە رەخنەگرانەیەی کە هەیبوو، نەخوازراو لە ناکاو خۆی تێکەڵ بە دەسەڵاتی ستەمکاریی ئاسمانیی کڵێسە و دەسەڵاتی ستەمکاریی زەوینیی پاشا کردبوو. نووسەرێکی سەرلێشێواو لە نێوان ئاسمان و زەوی کە پەنایەکی نییە و تەنیا تاوانی ئەو باسکردنی دەستبڕییەکان و راستییە تاڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمەکەیەتی.

بەهەر حاڵ لویی چواردەیەم بڕیاریدا کە شانۆی "تارتوف" (Tartuffe) دووبارە لەسەر پەردە نمایش بکرێتەوە. لەو کاتە بەدواوە بوو کە "کۆمێدی رەش" وەک جۆرێک لە ئەدەبیاتی نمایشی بە جۆرەکانی ئەدەبی لە جیهان زیادکرا.

بە واتایەکی تر مێژووی دەرکەوتنی "کۆمێدی رەش" یان "تەنزی رەش" کە لە شانۆنامەکانی مەشرووتییەت و لە هەندێک چیرۆکەکانی کۆمەڵەی ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسیدا دەبیندرێ و لایەن و رەگە شاراوەکانی دواتر لە شانۆی ئابسۆرد، هەڵبەت بەشێوەیەکی تەواو جیاواز دەبینینەوە، لەگەڵ ناوی شانۆی ""تارتوف"، لە نووسینی مۆلێر گرێدراوە.

مۆلێر لەو سەردەمەدا بەرپرسیارێتی سەرگەرمکردنی لویی چواردەیەمی لە کۆشکی ڤۆرسای وەئەستۆ گرتبوو. مۆلێر بە بۆنەی درووستکردنی پارکی ڤۆرسای جەژنێکی گەورەی وەرێخست کە سێ شەو و رۆژ بەردەوام بوو و هەموو ساڵێک دوو شانۆی نوێی لە "پالە رۆیال"ی پاریس کە لەو سەردەمەدا بە گەورەترین و گرینگترین شوێنی سەیرکردنی جیهان دەژمێردرا، دێنایە سەر پەردەی نمایش. مۆلێر کە سەرەتا لە ترسی کڵێسە هانای بۆ لوویی چواردەیەم بردبوو، بەم جۆرە ١٤ ساڵ خزمەتی کرد و لەم ماوەیەدا لە ئاسایش و ئارامی پێویست و لە جۆرێک پارێزراوی سیاسیدا بوو و توانی کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخ و گرینگ پێشکەش بە کۆمەڵەی ئەدەبیاتی نمایشی جیهان بکات. گرینگترین شانۆنامەکانی مۆلێر بریتین لە "دەست رژد"، "فێڵەکانی سکاپەن"، "نەخۆشی خەیاڵی" و "پزیشکی زۆرەملێ".



مۆلێر تازە "نەخۆشی خەیاڵی" نمایش کردبوو و بۆ خۆشی رۆڵی یەکەم واتە رۆڵی نەخۆشێکی خەیاڵی یان کەسێک کە خۆی داوەتە نەخۆشی، دەگێرا کە بەهۆی نەخۆشی سیل لە سەر پەردەی نمایش تووشی کۆخین هات و ئەوەندە کۆخا کە بێ هۆش بوو. مۆلێریان گەڕاندەوە بۆ ماڵەوەو چەند سەعات دواتر ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

مەرگی شانۆنامەنووس و کارئەکتەرێک کە لە رۆڵی نەخۆشێکی خەیاڵیدا رۆڵ دەگێڕێ و بۆ خۆی بە دەست نەخۆشیی سیلەوە دەناڵێنێ و ئەوەندە نەخۆشە کە لە سەر پەردەی نمایش دەمرێ، لە مێژووی شانۆی جیهاندا رووداوێکی بێ وێنەیە. مەرگی مۆلێر لە هەر روانگەیەکەوە دەرخەری ژیان و کەسایەتی خۆیەتی.

جێی سەرسوڕمان نییە کە کڵێسە رێگەی نەدا مۆلێر لە گۆڕستانی رەسمی پاریس بنێژن و دەنگی زەنگوڵەی بۆ لێبدەن. مۆلێریان لە گۆڕستانی سێنت

زوزێف ناشت کە تایبەت بە منداڵانی بێناو و نیشان بوو. ساڵی ١٨١٧ بوو کە پاشماوەی تەرمەکەیان بۆ گۆڕستانی پرلاشز گواستەوە و لە پاڵ جین دۆلافۆنتین، ناسراوترین و پڕخوێنەرترین نووسەری فەرانسە و نووسەری ئەفسانەکانی لێکچواندن، ناشتیان. هەر دووکیان هەم لافۆنتین و هەم مۆلێر لە فەرانسا یەگجار زۆر خۆشەویستن. لە فەرانسا کتێبێک نییە کە بە رادەی کۆمەڵەی ئەفسانەکانی لێکچواندنی لۆفونتین فرۆشترا بێت و خوێندرابێتەوە.

لەسەر ژیانی مۆلێریش فیلمێک درووستکراوە. ئاریان نوکین دەرهێنەری ئەو فیلمە بوو کە بۆ خۆی لە راستیدا دەرهێنەری شانۆیە و یەکەمینجار ساڵی ١٩٧٨ هاتە سەر پەردە و نیشاندرا. ئەو فیلمە باسکردنێکی تەواوە لە ژیانی مۆلێر و لە منداڵییەوە تا مەرگی ئەو لە خۆدەگرێت. ئەو فیلمە بە دیمەنێک دەستپێدەکات کە مۆلێر حەزدەکات کارەکتەری شانۆ بێت، بەڵام باوکی زۆر بە توندی دژایەتی دەکات. مۆلێر لە دوای مەرگی دایکی شانۆیەکی پرسەی بینی کە لە لایەن سەربازانی کڵێسەوە سەرکوتکرا و خوێنی تیا ڕژاو و لەوێ هەستی بە هێزی شانۆ لەو سەردەمەدا کرد. لە ئۆرلێئان کارئەکتەرێکی بە ناوی مادلێن بوژاری ناسی، هاوسەرگیری لەگەڵ کرد و گرووپێکی شانۆی گەڕیدەی دامەزراند. لەو فیلمەدا ئێمە ئەندێشەکانی مۆلێر لە بواری شانۆنامەنووسین دەزانین و لێی ئاگادار دەبینەوە. ئەو لە هەولی بینەر و بەرگۆی زیاتردا بوو و زۆر بە زوویی تێگەیشت کە کۆمێدی دێلارتە زیاتر لە تراژدی لایەنگری شێوازی راسینە. ورەشی زیاتر لەگەڵ کۆمێدی دێلارتە دەگونجا.

لەو فیلمەدا ژیانی هونەرمەندانی گەڕیدەی شانۆ لە فەرەنسا لە سەدەی حەڤدەهەم و کێشەکانیان بە باشی نیشان دەدرێت. ئەو هونەرمەندانە ناچارن بۆ بەسەربردنی ژیانیان، شانۆکانیان لە کۆشکی فیودالەکان نمایش بکەن و سەرگەرمیان بکەن. لە رێگەی حاکمی ئۆرلێئان بوو کە لە ئاکامدا مۆلێر رێی کەوتە لای لوویی چواردەیەم و رێگای سەرکەوتن و ناوبانگی بۆ خۆشکرا.

کە گوێ لە دیمەنێکی ئەو فیلمە ئەگرین، زۆر سەرنجمان رائەکێشێ. لەو دیمەنەدا مۆلێر نایەوێ تراژیدییەکان بە شێوازی راسین جێبەجێ بکات و لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە بەرەوڕوو دەبێتەوە تا ئەوەی لە ئاکامدا حاکمانی ئۆرلێئان ئەو توانایە بەو دەدەن کە یەکێک لە کۆمێدییەکانی نمایش بکات. مۆلێر لە پەیوەندی فیودالی بێزار بوو و سەرەڕای ئەوە توانی بەشێک لە پێداویستییەکانی فیودالە دەست رۆیشتووەکان بەدەست بێنێت و هەر بەو پێداویستیانە، ساختەکاری و درۆکردن و دەست رژدییە کۆمەڵایەتییەکانی قەشە و فیودالەکان ئاشکرا بکات

و لە قاویان بدات.

یەکێک لە دیمەنە لە بیرنەچووەکان لە فیلمی مۆلێردا بەرهەمی ئاریان نۆکین، دیمەنی مەرگی مۆلێرە. لەو دیمەنەدا، لە گەڵ مۆسیقای تراژیک بەڵام لە هەمان کاتدا پڕ دڵەراوکێی کلاوس نۆمی، مۆلێر بە جلێکەوە دەبینین کە بە تەواوی بەخوێن سوور بووە. ئەندامانی گرووپ کە زۆر پەرێشان دێنە بەرچاو، بن هەنگڵی مۆلێریان گرتووە و لە کاتێکدا کە بێ هۆش بووە، راکێش راکێش لە سەر پەردەی شانۆ بۆ نوێنی مەرگی دەبەن. کەس تەنانەت وشەیەکیش قسە ناکات و جوڵەی کارئەکتەرەکان وەک ئەوە وایە کە هەموویان لە لای پەردەیەکی شێوەکارین و وەک ئەوە وایە کە لە دیمەنێکی سەمای مەرگ سەما دەکەن و لە هەمان کاتدا جەستەی نیوە گیانی هونەرمەندی گەورە پێشکەش بە فریشتەی مەرگ دەکەن.

لە داوی مەرگی مۆلێر بە بڕیاری لوویی چواردەیەم پاشماوەی گرووپی شانۆکەی ئەو لەگەڵ گرووپێکی شانۆی رەقیب تێکەڵ بوون و شانۆی نیشتمانی فەرەنسایان لە نزیکییەکانی لۆر لە پاریس بنیاتنا. هێشتاش ئەو سەیرانخانە دەوڵەتییە کە گەورەترین سەیرانخانەی فەرەنسایە، بە ناوی "ماڵی مۆلێر" دەیناسن. لە سەدەی هەڤدەهەمدا کۆمەڵێک چرای گەورە و جوان هەڵاوەسران و شوێنی نمایشیان بەرینتر کردەوە، بە جۆرێک کە ئەسپە راستییەکان دەیانتوانی لەو شوێنە گەورەیە دەربکەون و بینەران تووشی سەرسوڕمان بکەن.




**سەرچاوە:**

http://www.radiozamaneh.com/culture/khaak/20115321/11/07/

## فرێد شێپیزی:
# خۆم بە فیلمسازێکی جیهانی دەزانم



**و. لەفارسییەوە: سۆران خدری پوور**

فرێد شێپیزی (Fred Schepisi) لە ناسراوترین و بەناوبانگترین سینەماکارانی ئوسترالیاییە کە لە ساڵانی دەیەی ١٩٧٠ەوە تا ئەمڕۆکە فیلم درووست دەکات و زۆرتریش ئەستێرەکانی سینەما لە فیلمەکانیدا بەشدارن. شێپیزی لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا بە نوێترین فیلمی خۆی، "چاوی لافاو" بە بەشداری شارلۆت ڕێمپلینگ، جێفری ڕاش و جوودی دیویس لەم دواییانەدا لە بەشی کێبڕکێی فێستیڤاڵی ڕۆم بەشداری کرد و خەڵاتی لیژنەی داوەرانی بەدەست هێنا.

یەکەمین فیلمی فرێد شێپیزی، "زەوی یاریی شەیتان" (١٩٧٦) کە حاڵەتی نیوە ئۆتووبوگرافی هەبوو، بووە هۆی ناودەرکردنی لە جیهاندا تا ئەو جێیەی کە ئەو فیلمە لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی تارانیشدا نمایش کرا.

فیلمی "ماڵی رووسی" (١٩٩١) بە ڕۆڵ گێڕانی شوون کانری و میشێل فایفەر لە ناودارترین بەرهەمەکانی ئەوە کە لە فێستیڤاڵی بەرلین پێشوازییەکی باشی لێکرا.

**"بەهرەی هۆشی" (١٩٩٤) ئەستێرەکانی سینەمای وەکوو تیم رابینز و مەگ رایان بەشداریان تێدا کرد و هەروەها والتێر ماتئۆ لە رۆڵی ئالبێرت ئەنیشتاین رۆڵی گێڕا و "دوایین فەرمانەکان" (٢٠٠١) بە رۆڵگێڕانی مایکێل کین و هێلەن میرەن، فیلمێکی پڕ هەراوهوریا بوو لەسەر بنەمای رۆمانێکی جاناتان سوئیفت.**

**ئێستا دوایین بەرهەمی شێپیزی، "چاوی لافاو"، چیرۆکی پیرێژنێکی سەرەڕۆ و سەربزێو دەگێڕێتەوە کە بەو جۆرەی پێی خۆشبووە ژیاوە و ئێستا لە دوایین تەمەنەکانی ژیانیدا، کاتێک کە ناتوانێ لەسەر قەرەوێڵە هەستێت، دوای ساڵانێک دووبارە کچ و کوڕەکەی دەبینێتەوە و بیرەوەرییە تاڵەکان دووبارە زیندوو دەبنەوە. ئەو فیلمە دەیهەوێ بچێتە ناو کەسایەتییە ئاڵۆزەکانی و لە فەزایەکی ساردا رخنەیەک بێ لە ئەشرافییەتی روو لە لەناچوون و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی جوان دەیهەوێ ژنێک لە نەخۆشیدا زۆر بەهێز و کاریگەر نیشان بدات.**

**لە پەراوێزی فێستیڤاڵی رۆمدا رادیۆ زەمانە وتووێژێکی تایبەتی کردووە لەگەڵ فرێد شێپیزی سەبارەت بە نوێترین بەرهەمەکەی خۆی.**

**لە دوای ساڵانێک ئەمە یەکەمین فیلمی تۆیە...**

فرێد شێپیزی: بەڵێ، هەربەوجۆرەیە. من "دوایین فەرمانەکان"م کاتێک درووست کرد کە ١١ی سێپتامبر رویدا. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەگەڵ هەموو داگلاسەکان واتە کێرک داگلاس و مایکێل داگلاس و کوڕی مایکێل داگلاس، "لە خێزاندا وەلام دەداتەوە"م درووست کرد و دواتر دەرهێنەریی "هێزی ئیمپراتۆری"م کرد بۆ تەلەفزیۆن لە ساڵی ٢٠٠٥دا و ئێستاش ئەوە یەکەمین فیلمی منە لەدوای ئەوە. هەڵبەت لەسەر چوار فیلمی دیکەش ئیشم دەکرد. هەر کاتێک کە پارە دەست دەخەم، دەست بەکار دەبم و ئیش دەکەم!

**بۆچی ئەم رۆمانەت بۆ درووستکردنی فیلم هەڵبژارد؟ چ شتێکی ئەو چیرۆکە سەرنجی راکێشایت؟**

سەرەتا کەسێک ئەو رۆمانەی پێ پێشنیار کردم. رۆمانێکی ٦٠٠ لاپەڕەییە کە زۆر ئاڵۆزە و کەسایەتی جۆراوجۆر و پڕ زانیاری هەیە. لەو فیلمەدا بەڵام سەبارەت بە کەسایەتییەکان هەر ئەوەندە دەزانین کە پێویستە و تا ئەو جێیەی دەکرێ کورتمان کردوونەتەوە. لە هەمان کاتدا لە دەیەی ١٩٧٠ رووی دەدا، لە دەیەیەکدا کە هەموو شتێک خەریک بوو دەگۆڕدرا. چیرۆکێکی سەرنج راکێش

بوو بۆ من. پێم وابوو کە زۆریش سەرگەرمی دەهێنێ. هەر لەبەر ئەوە درووستم کرد.

**سەبارەت بەم ژنە، کەسایەتی سەرەکی فیلمەکەتان واتە ئەلیزابێت، چی دەڵێی؟**

ئەو ژنە هەر بەو جۆرەی کە ویستوویەتی ژیاوە و زۆر خۆویست بووە و بێ لەبەرچاوگرتنی داوەرییەکان سەبارەت بە کەسانیتر هەڵسووکەوتی کردووە. ئەو پێی وایە کە دەیەوێ ژیانی خۆی هەبێ و شایەنی ئەوەیە بەو جۆرە بژی کە خۆی دەیەوێ. هەر چەند ئەم تێڕوانینە کارەساتێکی بۆ منداڵەکانی خوڵقاندووە، بەڵام بەهەر حاڵ دڵێری دەوێ کە کەسێک بەمجۆرە بژی. رەنگە ئەم کێشانەش بەهایەکە کە بۆ ئەم ئازادی و ئەم جۆرە ژیانە دەیدات.

**تێڕوانینێکی فێمینیستیت بۆ چیرکەکە هەبوو؟**

ئەگەر ئەو پیاو بوایە کەمتر رەخنەی لێدەگیرا، هەر لەبەر ئەوە دەرکرێ هەر لەم روانگەیەوە سەیری ئەو چیرۆکە بکرێ.

**کارکردن لەگەڵ شارلۆت رێمپلینگ چۆن بوو؟**

ئەو سەرسوڕهێنەر بوو. لەسەرەتای کارکردنەوە پێم وابوو کە ئەو ژنە دەبێ زۆر راستەوخۆ و توند هەڵسووکەوت بکات، بەڵام شارلۆت وتی ئەگەر ئەم ژنە توانیویەتی زۆرێک لە پیاوەکان لە ژیانیدا شەیدا بکات، کەواتە سەرنج راکێشە. هەر لەبەر ئەوە دەستمان کرد بەم شێوەیە نزیک بوونەوە لەگەڵ ئەو ژنە. شارلۆت لە جێبەجێ کردنی ئەم رۆڵە زۆر باش بوو.

**تۆ ماوەیەکی دوور و درێژە کارت کردووە. ئەم فیلمە لە درێژەی فیلمەکانی دیکەتدا دەبینی؟**

پێم وابێ سەر بە هەمان دونیایە کە من پێم خۆشە، واتە پرژانە سەر مرۆڤ و ئەو کەسایەتیانەی کە کۆمەڵێک شت سەبارەت بە خۆیان فێر دەبن. من هەمیشە پێم خۆشە کارێک ئەنجام بدەم کە زۆر زانیاریم لەسەری نییە و پێم خۆشە کە سەبارەت بەو شت فێر بم و ئەم کارەش تووشی کێشەم دەکات. لە هەمان کاتدا هەوڵمدا کاتێک بەرهەمەکە لە رۆمانەوە دەکەمە فیلم، سەرەنج راکێشی و سەرگەرمیی ناوی بپارێزم.

**نیشانەکانی ئوسترالیایی بوون دەکرێ لە ئیشەکانی تۆدا بەدی بکرێ. پێم وابێ زۆر شت لە کولتوور و فەزای وڵاتەکەتان سەرچاوە دەگرن. پێت وایە فیلمسازێکی ئوسترالیایت؟**

وەک ئوسترالیاییەک، فیلم درووست کردن لە ئوسترالیا باشە و ئەگەر پارە دەست بخەم زۆرتر لەوێ فیلم درووست دەکەم. بەڵام خۆم بە فیلمسازێکی نێونەتەوەیی دەزانم. هەر فیلمێک دەبێ بە جۆرێکی تایبەت بەرەورووی بیتەوە و هەر بابەتێکیش لە گۆشە نیگایەوە دەبێ سەیری بکرێ و بەوەوە بەستراوەتەوە کە لە کوێ روو دەدات. ئەو فیلمانەی لە ئوسترالیا روو دەدەن هەندێ جار یارمەتیم دەکەن کە شتەکان بە روونی ببینم کە رەنگە کەسێکی دیکە لە دەرەوە نەتوانێ بەو شێوەیە ببینێ.

**فێستیڤاڵی رۆم چۆن بوو؟**

زۆر باش بوو. فیلمی باشم دیت و خۆراکی زۆر باشم خوارد و خەریکە قەڵەو دەبم.

**ئیشی دواترت چییە؟**

ئیشێکم هەیە لەسەر بنەمای فیلمنامەیەکی وەرنەگیراو بۆ "ڤێرجین پیکچێرز" لە ئەمریکا. کلایۆ ئوون لەم فیلمەدا رۆڵ دەگێڕێ. کارئەکتەرێکی ژنیش بڕیار بوو رۆڵ بگێڕێ کە بەداخەوە بەرنامە و پڕۆژەکان تێک دران و ئێستا دەبێ کارئەکتەرێکی ژنی دیکە بدۆزمەوە.



**سەرچاوە:**

http://www.radiozamaneh.com/culture/silver-screen/20118245/12/11/



# پۆل گووگێن
# دەربارەی جیهانە ڕەمزییەکانی

**نووسینی: هێربێرت ڕێید**
**و. لە فارسییەوە: سەعیدە سائێب**

لە سەرەتادا دەبێت لە نێوان هونەر و ئەفسانەدا جیاوازی دابنێین. ناوی پۆل گووگێن لە ڕوانگەی هەزاران بەڵکو ملوێنان کەس، لە شتێکی تایبەت و تەنانەت پاڵەوانئاسا دەلالەت دەکات. ئەو دەلالی پشک و فەرمانبەری چینی ناوەندییە، واز لەم ئیشە پڕداهاتەی دەهێنێت بۆ ئەوەی هەموو کاتی خۆی بۆ هونەر تەرخان بکات. بێجگە لەمە، هونەرمەندێکە کە لە بەرامبەر ناشیرینی و خەڵەتاندنی شارستانییەتی نوێ، شۆڕشی کرد و پەنای بردەبەر، گەرمی و جوانیی، پاکیی و ساکاریی دەریاکانی باشوور. ئەوەندەیان حەکایەت و ژیاننامەی داستانئامێز دەربارەی چیرۆکی خەیاڵ دەورووژێنی، ژیانی نووسیوە کە لە کۆتایدا ڕاستییەکان -کە تا ئەو ڕادەیە خەیاڵ ورووژێن نەبوون - فەرامۆش کران. ئەم ئەفسانانە وەها لە هەموو جێگەیەکدا ئامادەن و بە ئاواتە شاراوەکانی سینگمان وەڵام دەدەنەوە، وا دێتە بەرچاو هونەر و تابلۆیەک کە گووگێن تەواو هێز و بیری لە ڕێگەیاندا بەکارهێنا، سەربەخۆبوونیان لەدەست داوە و بوون بە بەشێک لە سیما ئەفسانەییەکان.

ئێمە دەبێت لەپێناو گەڕاندنەوەی ڕاستییەکان یان بە واتایەکی تر، لە پێناو هەڵەچن کردن و ڕێنمایی کە لە خەیاڵی خەڵکدا بە ڕاستییەکان دراون، تێ بکۆشین. ڕاستییەکان شاراوە نین، چونکە هەموویان لە دوو کۆمەڵە نامەدا و هەروەها لە ژیاننامەکەیدا کە کوڕەکەی پۆلا بۆی نووسیوە و دەیان نامەی دیکە، کە هاودەورەکانی دەربارەی نووسیویانە، کۆکراونەتەوە. ئەم ڕاستی و زانستانە تا ئەو ڕادەیەی کە پێوەندییان بە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی گووگێنەوە هەیە، لەوانەیە وەسوەسەمان بکات، کە داوەری ئەخلاقی خۆمانی تێوەربدەین. گووگێن بە ئانقەست ژن و چوار منداڵەکەی بەجێهێشت، تا خۆیان لە خۆیان پارێزگاری بکەن، بیستساڵی تەواو لە چارەنووسیان بێ ئاگا بوو. ئەمە لایەنێکی دڕندانەیە کە لە ڕاستییەکاندا دۆزراونەتەوە، بەڵام لایەنێکی دیکەی هەیە. گووگێن هەرکات بڕیارێکی دەدا، چیدی لە بڕیارەکەی پاشگەز نەدەبووەوە. هەمووی دارایییەکانی، لەوانە داهاتێک کە لە فرۆشتنی کۆمەڵێک لە تابلۆ هەڵبژێردراوەکانی دەستی دەکەوت، بەخشییە هاوسەرەکەی. عاشقی منداڵەکانی بوو، تا ڕادەیەک کە کوڕە گەورەکەی کلوویسی لەگەڵ خۆی برد بۆ پاریس. تاکو لەگەڵ هەژاریی باوکی بەشدار بێت - ڕەنگە لە ڕوانگەی کلوویسەوە ئەمە، سۆزدارترین کارێک نەبوو کە لە گووگێن دەوەشایەوە. لە تاهیتیدا، دەفتەرێکی یادەوەری تایبەتی کچەکەی پێبوو، کاتێک کە ئەو مرد، لە دەربڕینی خەمی خۆیدا دوو نامەی بۆ هاوسەرەکەی نووسی؛ یەکێک لە نامەکان بارگاوی بوو بە تاڵییەوە کە هاوسەرەکەی لە ناوی برد، بەڵام ئەوی دیکەیان بە تەواوی هەڵگری هەستی بوو و لە ناو نەچوو. «کچەکەم لەدەست داوە، چیتر خودام خۆش ناوێت. ئەویش وەکو دایکم ،کە ناوی ئالین بوو- هەرکەس بە جۆرێک گیرۆدەی کەسێک دەبێت؛ بۆ هەندێک کەس عەشق بە بوونی مەرگ شکۆدارتر دەبێت، بۆ کەسانێکیتر... نازانم، گۆڕی ئەو لەوێدا، یەک پارچە خەیاڵە. گۆڕەکەی لێرەدا لە تەنیشت مندایە؛ دەنکە ئەسرینەکانم، گوڵەکانی زیندووی ئەم گۆڕەن». ئەم نامانە دوایین نامەکانی گووگێن بوون بۆ هاوسەرەکەی و لە وتەکانی هاوسەرەکەی دەتوانین نائومێدی ژیانی ئەم ژنە بەدی بکەین: «هەرکات دەکەومە بیری خۆپەرستییە ستەمکارانەکەی، وام پێدیت شۆڕش بکەم».

بێگومان ئەم کارەی گووگێن خۆپەرستی بوو، هیچ کەرەسەیەک نەیدەتوانی ئەو لە فیداکردنی ژیانی لە ڕێگەی ئامانجەکەیدا بە گوتەی خۆی پچڕان لە هەموو گرێدراوە مرۆییەکان پاساو بداتەوە و بیگەڕێنێتەوە. ئەم شێوە دەمارگرژییانەیان لە کەمەرەیەکدا پیرۆز دەکرد. هەروەها لە ڕوانگەی ئایینییەوە، بونیادنانێکی لەمە

گەورەتر بوونی نییە، گووگێن عەشق بە جوانی خستە پێش عەشق بە خوداوە، بە رای خۆشی، ژیان کاتێک مانادار دەبوو کە ئەم ویستەی جێبەجێ بێت، بەڵام ئەوکاتەی دوایین بڕیاری دەرکرد، هیوادار بوو کە دوای بەکارهێنانی کات و هێز و توانای بۆ شێوەکاری، ناوبانگ دەردەکات و تابلۆکانی دەفرۆشێت و دەتوانێت (لەم ڕێگەیەوە) ئاگاداری بنەماڵەکەی بێت، بەڵام تابلۆکانی بە پێچەوانەی ویستی، نەفرۆشران- ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تابلۆکانی زیادیان دەکرد، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی باشتر فرۆشتنیان. ئەو پارەیەی پێی بوو، دوای هەشت مانگ کۆتاییهات. گووگێن چوو بۆ کۆپێنهاگن تا هەژدە مانگی تر (مشەخۆر ئاسا) سەرباری بنەماڵەی ژنەکەی بێت. لەوێش ئەوندە بەدڕەوشتی کرد کە پاشان ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ پاریس و شەش مانگی تر لە تەمەنی هەژاری و داماویدا بەرێتە سەر. پاشماوەی تەمەنی نەک لە هەڵاتن لە شارستانییەت، بەڵکو خەریکی چەرمەسەر بوو بۆ بە دەستهێنانی بژێویی ژیانی. گووگێن ڕۆیشت بۆ (بریتنی)، نەک لەبەرئەوەی عاشقی ئەوێ یاخود قەراخی دەریا بێت، بەڵکو بیستبوویی کە لە پانسیونی ماری ژان گلوانک لە پۆنت- ئاوێن هەر مانگ دەتوانێت بە دراوێ بەرامبەری ٢یا٣ پۆندی ئەوسەردەمە ژیان بەرێتەسەر، بەڵام کاتێک کە زانی ئەم پارە کەمەیش ناتوانێت لە ڕێگەی شێوەکارییەوە بەدەستبهێنێت، کەوتە بیری ئەو دوورگە گەرمانەی کە خواردەمەنی لە سەر چڵ و پۆپەی درەختەکان بەرهەمدێت و جلوبەرگێکی ئەو تۆشی پێویست نییە. گووگێن بەم جورە بۆ هاوسەرەکەی نووسی: «هیوادارم ئەو ڕۆژە بێت کە من لێرە بڕۆم و لە نێوان دارستانە دوورگەییەکان لە ئۆقیانووسدا ون بم و بە خۆشی و ئاسوودەیی لەگەڵ هونەرەکەمدا بژیم. بەدوور لە خێزانەکەم و دوور لە شەڕی ئەورووپییەکان بۆ بەدەستهێنانی پارە. لە تاهیتی، لە بێدەنگی ئەو شەوە خۆشانەی گەرمەسێردا، دەتوانم گوێ لە ورتەورتی ئارامی مووزیک و جووڵەی دڵم بگرم کە هاوئاهەنگییەکی عاشقانەی لەگەڵ بوونەوەرە ڕەمزاوییەکانی دەوروبەم هەیە. لە کۆتایدا، لەوێدا، بێ ئەوەی لە بیری پارەدا بم، دەتوانم عەشق ببەخشم، گۆرانی بڵێم و بمرم ...».

ئێمە کە دەزانین دوو بۆمبی ئەتۆمی دراوە لە «دوورگەیەک لە ئۆقیانووسییەدا» ، ئەوندە عەقڵمان هەیە کە وەکو گووگێن بیرنەکەینەوە. بۆمان ڕوونە کە چیتر هەڵاتنێک «لە ململانێی ئەورووپییەکان بۆ بەدەستهێنانی دراودا» نییە؛ ئەگەر لەچەندەها ڕێگەوە بە دوای هونەرەوە بین، دەتوانین ببینین کەوتووینەتە ناو داوێکەوە کە ڕێی دەربازبوونی نییە. ئێمە یا هونەرەکەمان فیدای کڕین و فرۆشی پشک یا ئیشێک نزیک بەوە دەکەین و خۆمان و بنەماڵەکەمان لە ئاسوودەییدا

رادەگرین؛ یا هەڵەکەی گووگێن لە دونیایەکدا دووپاتدەکەینەوە کە چیدی نیشانەیەک لە پاکی و ساکاری تێدا نەماوە و سنووردار بوونی پارە و رووداوی چوونەدەرەوە لە وڵات، ئێمە لە گەیشتن بە خولیای ئازادی گووگێن دەوەستێنێت. بێ جووڵەیی ئێمە لە راستی داوەرییەکەماندایە، بە گومانی من ئەمە بنەمایەکی لەبار نییە بۆ رەخنە لە سستی ئەخلاقی گووگێن. بڕوانینە هونەرێک کە گووگێن لەپێناویدا بەرگەی هەمووشتێکی گرت و هەموو شت و هەموو کەسی فیداکرد. وا نایەتە بەرچاو کە گووگێن بەر لە بیستوسێساڵەیی، واتە پێش چوون بۆ ئۆفیس دەڵاڵێکی پشک و ئاشنایی لەگەڵ یەکێک لە فەرمانبەران بە ناوی ئێمیل شۆفێنگێر کە لە لایەنگرانی پیشاندانی هونەری شێوەکاریی بوو، هۆگری شێوەکاری بێت. شۆفێنگێر «باش» بوو کە ئیلهامی پێدەبەخشی و هاندەری بوو. قوتابی شۆفێنگێر، لە ماوەیەکی کورتدا توانا دەروونییەکانی دەرخست و زوو پێشکەوت. پاش چوار ساڵ، یەکێک لە تابلۆکانی لە پێشانگای پاریس وەرگیرا. ئەمە لە ساڵی ١٨٧٦ زاینیدا بوو، یەکەمین پێشانگای ئێمپێرسیونیستەکان لە ساڵی ١٨٧٤ زاینیدا بەڕێوەچووبوو، کە تێیدا جگەلە بەرهەمی هونەمەندانێک کە ناویان لە بیرچووبووەوە،تابلۆکانی دێگا، سێزان، مۆنە، بێرت مۆریز، پیسار، رێنوار و سیسیلی نمایش دەکران .گووگێن، هۆگری ئەم شێوازە



نوێیەی هونەر بوو. دەستیدایە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم شێوەکارانە و خوێندنەوەی بۆچوونەکانیان، کە ئیلهامبەخشی ئەوان بوون. ئەو لەگەڵ پیسارۆدا کە بانگەشەی دانمارکی بوونی دەکرد- چونکە لە دوورگەکانی هێندی رۆژئاوای دانیمارک لەدایک ببوو. بەم پێیە لەگەڵ هاوسەری گووگێن دەبوونە هاوڵاتی- دۆستایەتییەکی پتەوی دروستکرد. پیسارۆ ئیمپێرسینیستەکانی دیکەی بە گووگێن ناساند و گووگێن بەرەبەرە پێیان پەیوەست بوو، یەکەمجار لە ساڵی ١٨٨٠ زاینیدا تابلۆکانی لە لای تەبلۆی شێوەکارانی ئێمپرسیۆنیست نمایش کرا. دواجار گووگێن وازی لە ئێمپێرسیۆنیسم هێنا و لەگەڵ زۆرینەی ئێمپێرسینیسەکاندا کەوتە مشتومڕ و گفتوگۆوە، بەڵام جێگەی گومان نییە کە نزیک بە دە ساڵ، پێڕەوی لە بۆچوون و کاری شێوەکارانی ئەم شێوازە کرد. لە روانگەی ئەوەوە هێشتا دێگا مامۆستایەک بوو کە کارەکانی ستایش دەکرا و ئیلهام بەخش بوون. (وەڵامی دێگا بۆ گووگێن، باوەڕی ئەو بەم شێوەکارە بوو کە بە پێچەوانەی باوەڕی زۆرێک لە دۆستەکانی، سست نەبوو)، بەڵام کاریگەری راستەوخۆی پیسارو لەسەری، لە هەمووان زۆرتربوو. گووگێن لە ساڵی ١٨٨٣ دا چووە رۆئەن (لە باکووری فەڕەنسا، لە تەنیشت رووباری سێن) تاکو لەگەڵ پیسارۆ بێت و ببێت بە درێژەدەری رێبازەکەی، لە تەنیشت پیسارۆ دادەنیشت و لە رووی بابەتی تابلۆکەی پیسارۆوە شێوەکاریی دەکرد. زۆرجار کەسانیتر ئەم تابلۆ ئێمپێرسینیستییانەی گووگێنیان نەدەدیت، چونکە زۆربەیان لە کۆمەڵەکانی ئیسکاندەناڤی پارێزگاریان لێدەکرێت، بەڵام تابلۆکان زۆر بەنرخن و لەم رووەوە بۆچوونەکەی پیسارۆ پەسەند دەکەن، کە دواتر گووگێن بە قبووڵکردنی بۆچوونە نادرووستە هونەرییەکان بەلاڕێدا چوو. لە ساڵی ١٨٨٠زایینیدا تابلۆیەکی لە ژنێکی رووت کێشا و ئێستایش لە مووزەی پەیکەرتاشی کارلسبرگی کۆپێنهاگن پارێزگاری لێدەکرێت، هۆیزمانس (رۆماننووسی فەرەنسی) وا لێکرد بڵێت هیچ کام لە شێوەکارانی رۆژگار، تەنانەت کووربە، نەیانتوانیوە پەیکەرێک رووت بە شێوەی ریالیزمی رەسەن بکێشنەوە. وەسفکردنی هۆیز مانس لەم تابلۆیە لە جێگەی خۆیدا پارچەیەکە پڕ لە ریالیزمی رەسەن. گۆڕانی شێلگیرانە لە شێوازی گووگێندا -ئەوندە زۆر نین بتوانرێت رۆیشتن لە قۆناغێک و بۆ قۆناغێکی تر ناوزەد بکەین- لەناکاو لە ساڵی ١٨٨٨ زاینیدا روویدا و دەبێت ئەمانە لە ئەنجامی دیدارێکی گووگێن لەگەڵ شێوەکارێک بە ناوی ئێمیل بۆنار بزانین کە لە دۆستانی ڤانگۆخ و پیاوێک جوانچاک، هەستیار و بیرتیژ بوو. ئێمیل کە لەو سەردەمەدا بیست ساڵ تەمەنی بوو، بیرۆکەیەکی نوێی لە دنیای هونەردا پێکهێنا. کە بنەماکەی

پێوەندی توندی ئەو بە شووشە نەخشکراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەبوو، وێنا تۆمارییەکان (لەپەڕە گەورە ڕەنگییەکان)، پێکهاتبوو لە هونەری وەرزێری و وردەکاری رووی چێوی ژاپۆنییەکان. ئەو ئەم شێوەیەی ناونابوو «سەتێزیسم »یان تێکەڵە. بەپێی ئەم بۆچوونە، خەیاڵاندن فۆرمی بنەڕەتی شتەکان لەخۆ دەگرێت و ئەم فۆرمە بنچینەییە، فۆرمی ئاسانکراوەی ئەم وێنەیە تێگەیشتنی هەستیارانەیە، یادەوەریی تەنیا شتێک لە خۆدا رادەگرێت کە گرنگییە بە واتایەکی تر، هێمایین بێت. ئەوەی کە بەجێدەمێنێت «گەڵاڵە» یان چوارچێوەیەکی هێڵی ساکارە، کە ڕەنگەکان لە ناویدا بەشێوەی تۆخ ڕەنگ دەدەنەوە. مووریس دێنی کە یەکێک لە پسپۆڕانی ئەم بیرۆکەیەیە، ئەم لێکدانەوە باشەی پێ زیاد دەکات: «تێکەڵاوکردن، بەواتای ساکارکردن یان شاردنەوەی بڕێک لە بەشەکانی شتەکان نییە، بەڵکو سادەکردنەوە، بەمانای ئامادەی فامکردنیانە لە بنەڕەتدا... بە مانای سپاردنی هەر وێنەیە بە ریتمێکی زاڵ، بە مانای فیداکردن، گشتاندن و پۆلێنکردنە».

دەڵێن گووگێن بەر لەوەی بچێتە ژێرکاریگەری (بۆنار)، بەم پرەنسیپە گەیشتبوو. بە دڵنیاییەوە لە بڕێک لە تابلۆکانی کە لە ساڵی ١٨٨٧ زاینیدا لە مارتینیک کێشای، بۆچوونی نوێی لە گەڵاڵەی هێڵی، ساکارکردنەوەی کۆمپوزیسیون و دەوڵەمەندکردنی ڕەنگەکان دەبیندران، بەڵام ئەم کارانە هێشتا «گیرۆدەبوون بە سرووشت» نیشاندەدات- شتێکی گەڵاڵەئاسا هێمایە بۆ جۆرێک لە هێمادارشتن کە لەناکاو هاوڕێ لەگەڵ بەرهەمەکانی بۆ وێنە عیسای زەرد و یەعقوب، لەگەڵ فریشتە زۆران دەگرن (کە لە ساڵەکانی ١٨٨٨و ١٨٨٩ز خولقێندراون) روون دەبێتەوە، تیایاندا نابینرێت. جێی گومان نییە کە بۆنار کاریگەرییەکی قووڵ و چارەنووسازی لەسەر گووگێن هەبووە، ئەم کاریگەرییەیش بوو، کە بەتەواوی کاریگەری ئیمپێرسیونیستەکانی لەناوبرد. دەربڕینی بیرۆکەیەکی پیسارۆ کە لە نامەیەکدا بۆ لووسینی کوڕی گووگێن نووسیویەتی، نیگەرانییەکانی ئەو لە قبووڵکردنی ئەم واقیعە دەردەخات؛ «بە وتەی ئەو (ئالبێرت ئوورییە، کە لە گۆڤاری مێرکوردوفرانس وتارێکی لەسەر گووگێن نووسیبوو) مومکینە ئەوەی لەدوا چرکەکاندا لە کاری هونەریدا وەلابنرێت، کێشان یان ڕەنگکردنە؛ تەنیا بیرۆکەکان یان تێڕامانەکان و بیرکردنەوەکان پێویستن و دەتوانن بە چەند هێمایەک نیشانیان بدەین- ئێستا گریمانە دەکەین هونەر هەمان ئەو شتەیە کە ئەو جەستەیی دەکات، بەم ستایلە کە «چەند هێما» دەبێت بە هەر شێوەیەک بێت بکێشرێن؛ جگە لەمە، دەبێ بیرۆکەکان بە یارمەتی ڕەنگ دەرببڕدرێن،

لێرەدایە کە دەڵێن کەسێک خاوەن بیروبۆچوونە کە هۆشی پاکیزە و تەندروستی هەبێت... ژاپۆنییەکان ئەم هونەرەیان وەک چینییەکان نمایش دەدا و هێماکانیان بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر، سرووشتییە، بەڵام ئەوان کاسۆلیک نەبوون و گووگێن کاسولیکە- بەم هۆیەوە رەخنە لە گۆگین ناگرم، بەکگراوندێکی بە رەنگی خۆڵەمێشی کێشاوە و بە بوونی دوو جەنگاوەر و وەزیرانی بێرتونی لەپێش زەمینەی تابلۆکەیدا نارەزایەتییەکم نییە؛ شتێک کە دەمرەنجێنێت ئەوەیە کە ئەو ئەم تۆخمانەی لە شێوەکاری ژاپۆنی، بیزانسی لاساییکردووەتەوە، من لەبەر ئەوە رەخنەی لێدەگرم کە بنچینەی سەنتز یا تێکڵاوی بۆ فەلسەفەی هاوچەرخی ئێمە بە تەواوی کۆمەڵایەتی، دژی تاکرەویی و عیرفانی بوون بەکار نەهێناوە. - لێرەدایە پرسەکە جیدی دەبێتەوە. ئەمە، هەنگاوێکە بەرەو دواوە؛ گووگێن پێغەمبەر نییە، بەڵکو دەسیسەگەرێکە بەوەی زانیوە بۆرژوازی بە راست (گەرایی) لایداوە و لە بەرامبەر فیکری گەورەیی یەکگرتوویی و (یەکریزیدا) کە لە نێوان خەڵکدا چرۆی داوە، پاشەکشێ دەکات - ئەم فیکرەی خەڵک، فیکرێکی غەریزەی، بەڵام بەهرەبەخش و تاکانە و فیکری قبووڵکراوە».



پیسارۆ ئەم نامەی لە ئاوریلی ١٨٩١ز، واتە لە کاتێکدا نووسی کە گووگێن سواری کەشتی دەبوو تابچێتە تاهیتی- و ئەمەش پێش خولقاندنی تابلۆیەکی تایبەت بوو کە وەها رەخنەیەکی بەدواوە بوو، بەڵام گووگێن ستایلەکەی بەپێی تیۆری نوێ لە تابلۆکانی بۆ نموونە سیمای دۆستێکی بە ناوی (مەیێر دووهان) (نیروانا ١٨٩٠ ز - هەیەکە لە کتێبخانەی وادزوێرت درهاردفێرد ویلایەتە یەکگرتووەکان) و فریشتە جوانەکان (١٨٩٨زاینی-هەیە کە لە مووزەی لووڤر) نیشاندرابوو و لا تاهیتیدا تەنیا بابەتی نەناسراو و رەنگینی پێزیاد کرد. نیروانای ١٨٩٠ وێکچوونی سەرسوورهێنەری هەیە لەگەڵ کۆنت باراباس ١٩٠٢ (مووزەی فولکوانگئین) کاتێک گووگێن لەگەڵ برنار ئاشنا بوو، تەنیا پازدە ساڵ لە کۆتایی ژیانی مابوو:

خولەکێک پەڕاوپڕ لە خۆڕاگری و هاوئاهەنگی و ئەو ئامانجەی بەشێوەیەکی بنەبڕانە بێچمیان گرتووە و بە هێزێکی لەبن نەهاتوویی ئیرادە تا کۆتایی ڕێگا هاتن.

ڕەخنەی پیسارۆ لە گووگێن خاوەنی دوو لایەنی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی بوو، لە ئێستایشدا تەنیا لەم دوو لایەنەوە دەتوانین لە بەرهەمەکانی گووگێن ڕەخنە بگرین. لەمڕۆدا بۆ ئێمە ئەو دوو لایەنە تا چ رادەیەک جێگەی متمانەیە؟ گومانی تێدا نییە کە ئاخرین بەرهەمەکانی گووگێن لە روانگەی رەخنەگرێکی «ریالیستییێکی سۆسیالیستی»دا هێمای هەڵاتنی لە واقیعە؛ هونەرەکەی لادانە لە واقیع، بەڵام بەگومانی من ئەگەر لە روانگەیەکی بەفراوانتر بڕوانینە مێژوو و رەوتی پێشکەوتنی هونەر، یەکێک لە ئەرکەکانی هونەر ئەوەیە کە «دوورەپەرێزی بکات لە واقیع». دنیا وەهایە و وادیارە «هەتاهەتاییە لەگەڵماندا دەمێنێت» بەم هۆیەوە ئێمە وەک پرچەکردارێکی سرووشتی لە بەرامبەریدا پەنا بە خەون و خەیاڵ دەبەین. ئەم جۆرە پرچەکردارە بایەخی دەرمانی و ئەرکێکی بایۆلۆجییان هەیە؛ بەم پێیە بەشێک لە رەوتی دیالێکتیکی خودی ژیان دێتە ئەژمار. بەم واتایە دیمەنەکانی پیسارۆی میهرەبان بە رادەی کۆمپۆزیسیۆنە هێماییەکانی گووگێن «لە واقیع دوورەپەرێزی بکات». گووگێنیش کۆمەڵگای نوێی تارادەی شێلگیری پیسارۆ و تەنانەت بێڕەحمتر لەو مەحکووم دەکرد. «خولێک ناخۆشی بۆ بەرەی داهاتوو لە ئەوروپادا بەڕێوەبوو؛ دەورانی دەسەڵاتی پیر. هەمووشتێک، تەنانەت ئینسان و هونەر رزاوە. لێرەدا مرۆڤ بەردەوام تووشی ئاڵۆزی دەبێت». وەها بوو هۆکارەکانی ئەو (لە نامەیەکدا بۆ ویلمیس شێوەکاری دانیمارکی)بۆ رۆیشتن بۆ تاهیتی. هەڵەی گووگێن ئەوە بوو گومانی دەکرد «لەوێدا»، واتە لە تاهیتیدا دەتوانێت لە ئاڵۆزییەکانی شارستانییەتی نوێ بە دوور بێت. بەداخەوە خراپییەکانی ئەم شارستانیەتییە لە هەموو جێگەیەکدا ئامادەیە. راستییەکەی لای پیسارۆ بوو کە دەیگوت لەگەڵ ئەم شارستانییەتەدا دەبێت لە سەنتەرەکەی، بەیارمەتی و یەکگرتوویی، لە بەرامبەریدا خەبات بکەین.

بەڵام رەخنەی جیدیتر، رەخنەی تەکنیکییە. پیسارۆ ئامادە بوو باوەڕپێکراوی هونەریی هێمایین قبووڵ بکات، بەڵام هێمادارێژی دەبێت رەسەن بێت (لە شارستانییەتە کۆنەکانەوە نەگیرابن)، چونکە تەنیا هێمادارشتنی رەسەنە دەتوانێت «هەستە» پێویستەکان لە شێوەکارێکدا بەرهەمبهێنێت – و شێوەکاری بەبێ ئەم هەستانە شتێک نییە بتوانیت هەستی هاوبەشت هەبێت لە گەڵی؛ بە گوتەیەکی تر، قەبەو ناشیرین و ناحەز دەبێت. بێگومان گووگێن بە رادەی پیسارۆ یان سێزان

توێژینەوە لە سەر وردەکاری هەستەکان ناکات. ئانجامەکەی ئەوە نەبوو. بەم پێیە هەرکەسێک کە لەژێر کەریگەریی گشتاندنی بەربڵاوی رەخنەی هونەر بێت، بە ساکاری، چۆنییەتییەکانی پەتی شێوەکار بەرهەمی گووگێن بێبایەخ نیشان دەدات، سێر چالز هۆلمز کە بە گومانم سەختگیرترین رەخنەگرێک بوو، کە تاکو ئێستا لەم پانتایا ناسیومە، رۆژێک نووسی کە لە باشترین کارەکانی گووگێندا «تەنیا شایەتی تێکەڵاوی رەنگی سامدار، لەگەڵ تەرحێکی گیراو ورووژێنەر نیم. ئەم کارانە هەڵگری کاکڵی واقیعین. مرۆڤەکان بەشێوەیەکی ستایش ورووژێن لە قاڵبی کۆمەڵێک بەرجەستەگی کوڵدا دراون و سەر نموونەی دەرەکی شێوەکارییەکان گرێیەکی دەرەکییە. وا دێتە بەرچاو کە تەلیسم، راز یا رۆحێک تێیدا حەشاردراوە کە لەم سەردەمەدا رەشبینی و مادەگەرایی، سرووشتییە، جێگەی گومان بێت... رەنگی تەبلۆکەی ئەو جۆرە کە دێتە بەر چاو، ساکار نییە. گەر لە نزیکەوە ئەرکی لێکدانەوەی بدەینە خۆمان، دەبینین لەژێر هێزی رواڵەتی کاڵی ئەو رەنگانە، وردەکاریی سەرسوڕهێنەری پلەبەندی رەنگەکان شاراوەیە و ئەمە ئەنجامی پاڵاوتنێکی ئانقەستە کە لە سەرەتاییترین تاقیکاری و پەروەردەکانی ئیمپێرسیونیستییەکەی، گووگێنەوە سەرچاوەی دەگرێت. بۆ نموونە پارچە رەنگێک کە بە رواڵەت زەردی رۆشن دێتە بەرچاو، لە یەکەوە، بە ئاماژەکانی قەڵەم وردە وردە بەرەو شین، یاخود کەسک دەڕوات- لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە ببێتە سوور یان نارنجی. ئەم تێکچنینی رەنگانە و گۆڕانی بەردەوامی بەکگراوندی تابلۆ، جوانییەکی تایبەت دەبەخشنە باشترین بەرهەکانی گووگێن، کە وێڕای زیندووبوون و بەرفراوانی روانگەی خۆی، ئەو لە ئاستی هونەرمەندانێکدا دادەنێت کە بەپێچەوانەی ئەوەوە کە بۆ بێمتمانەکردنی دەڵێن، دەبێت شێلگیرانە توێژینەوەی لەسەر بکرێت».

ناتوانین شتێکی تایبەت زیاد بکەین بەم وەسف و ستایش کردنە، بەڵام دەکرێت بڵێین کە لە رەنگەکانی گووگێندا ماهییەت و چۆنییەتییەک بوونی هەیە کە لەوانەیە وشەی «هاوسازی» بتوانێت (مانای) بیگەیەنێت: ئەم چۆنییەتییە ئەو لە هاوچەرخەکانی جیادەکاتەوە. کاتێک گووگێن لە برتینی بوو بۆ دۆستەکەی شۆفێنگێر وەهای نووسی: «هەرکات کورسییە دارەکانم بەم عەرزە سەختەدا دەدرێت، دەنگێکی قورس و شەپۆلداری لێدەکەوێتەوە و هەوڵدەدەم لە شێوەکارییەکەمدا بیبیستم». هاوئاهەنگی کورتنەکراوەتەوە بۆ داخراویی گۆڕەپانێکی پلەبەندیکراوی رەنگەکان، بە رەنگێکی زاڵ و توندیش «هێورتر نابێتەوە»- دەتوانرێت ئەو بە هاوئاهەنگی شەپۆلداری رەنگە سەرەکییەکان کە

لە زۆربەی خۆیان (یا خود لێوڕێژی خۆیان) چێژ دەبەن نەک لە جوانکاری لە پەردەیەک بۆ پەردەیەکی دیکە بورووژێنێت. لەئەنجامدا، ڕەنگەکە شتێکی هێماینە (یا دەتوانێت ببێت)- و ئەمە خاڵێک بوو کە گووگێن لێی تێگەیشتبوو (چونکە ڕەنگ، لە خۆیدا دەبێت بە هۆی ڕووژانی هەستەکانی ئێمە. (کەواتە ناکرێت جگە لەفۆڕمی جوانکاری بەکار بهێنرێت). ڕەنگ زیاتر لە فۆرم لە نەستی ئێمەدا گرنگی هەیە و ئێمە بە چاودێرییەکی زۆر هوشیارانەوە (سەرپەرشتییەکی «زانستی» بەجۆرێک کە ئێمپێرسیونیستەکان لە بەرچاویان گرتبوو) دەتوانین هێزی واقیعی لەناوبەرین.

لەوانەیە کوالێتی هاوئاهەنگی کۆمپۆزیسیونەکانی گووگێن بە ڕادەی پێویست ئاشکرا بێت، بەڵام ئەمە دەسکەوتێکی تەکنیکی دیکەیە و هاوڕێ لەگەڵ ئەو دەستکەوتانە کە باسمان کرد، ئەم گریمانە ساویلکانە ڕەت دەکاتەوە کە چما گووگێن تەنیا شێوەکارێکی «ئەدەبی» بووە. بێگومان ئەدیب بوو- یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوە بوو ناوەڕۆکی شانۆیی سەرلەنوێ بە مانای شانۆیی تێکلاو بکات، بەڵام هیچ کات لە بیری نەبرد کە دراما یان شانۆ دەبێت فۆرم و ناوەرۆکی هەبێت. هەروەها دەبێت قبووڵی بکەین کە ئەو شێوەکارێکی «وردەکاریی» بوو، گومانی تێدا نییە بڕێک لە تایبەتمەندی بەرهەمەکانی لە هونەرە مێژوویییەکان باشتر دەتوانین بەکاری بهێنین تاکو لە کەشێکی سنووورداری تابلۆی ژوورێکدا. دۆستەکەی ئالبێرت ئوورییە هاوار دەکات: «دیوارەکان، دیوارەکان، دیوارەکانی پێبدەن». ئەگەر گووگێن و زۆربەی شێوەکارانی ڕۆژگاری ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژیــان کە خوازیاری کەڵکوەرگرتن لە ئامادەیی بەرفراوانی ئەو بوو، هونەرمەندێکی مەزنتری لێدەردەچوو، بەڵام چارەنووسی وەها نەبوو، بەڵام ئەو لە سەردەمێکدا ناچارکرابوو بژی، کە خراپترین کەرەسەکانی لە جبەخانەی هەژاریی و بێخەبەریی بۆ هونەرمەندەکانی عەمبار کردبوو.

**سەرچاوە:**

فلسفه هنر معاصر، هربرت رید، محمد تقی فرامرزی، نگاه.

دەتوانیت گۆڤاری

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.hanar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە